مەکتوباتی

کاک ئەحمەدی شێخ

ڕەحمەتی خوای لێ بێ

بەرگی دووەم

مەلا عبدالکریمی مدرس

لە فارسی یەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی

چاپخانەی (الحوادث) لە بەغدا

١٤٠٤ ـ ١٩٨٤

نامەی یازدەهەم

باسی ویردەکانە

بسم الله الرحمن الرحیم

بسم الله ، الحمد لله ، والصلاة والسلام علی رسول الله •

پاش ئەمە ، ئەی برادەرینە ! لەناو خەڵکدا ئاشکرایە کە دەڵێن : «من عرف نفسه فقد عرف ربه» واتە هەرکەس خۆی بناسێ بەوصیفەتەی کە (حادث)ە ، واتە : لەخۆیدا نەبوەو خودا دروستی کردوە ، وە (ممکن)ە ، واتە : بوونو نەبوونی لەخۆیا وەك یەك وایەو ، خۆی لە لە ذاتی خۆیدا نە بوونی واجبەو نە نەبوونی واجبەو ، ئەگەر ئیرادەو خواستی خودا لەسەر بوونی بێ دەبێتو ، ئەگەر ئیرادەو خواستی خودا لەسەر نەبوونی بێ نابێت • هەروەها (محتاج)ە ، واتە : لە ذاتو صیفاتو لە هەموو پێویستی‌یەکیدا موحتاجی خودای باڵایەو ، ئەو چاودێری ئەکات ، ئەوە ئەوکەسە بەهۆی ناسینی خۆیەوە خودای بەرزو باڵا دەناسێتو ئەوە دەزانێت کە خودای گەورە دروستکەرو ، پەروەردگارو واجب‌الوجودەو ، بێ ئیحتیاجو بێ‌نیازە لە جیهان • بەکورتی کە ئادەمزاد خۆی ناسی خودای خۆیشی ئەناسێت •

ئەی برایینە !

ئەو ناسینە ئەمەیە کە ئادەمیزاد بەراستی بڵێت : من جیسمو لەشمو ، بەهۆی ئیسقانو ڕەگ و گوشتو خوێنو ئەندامەکانی تری لەشەوە هەمو گیانم بەبەردا کراوەو ، خاوەن گیانو خاوەن دڵو هۆشمو ، هێـزی تووڕەبوونو رقهەڵگرتنم هەیەو ، هێزی ئارەزووکردنم هەیە ،کە دیارە ئارەزووی خواردنو خواردنەوەو شتی‌ترم هەیەو ، هێزی زانستم هەیە. ئەمانەش هەموویان هیچیان لەخۆمەوە نینو ، هەمووم لە پەروەردگـارەوە وەرگرتوە ، کەوابێ دەبێ من حقوقی ئەو پەروەردگارەی خۆم بناسمو ئەو حقوقەی جێبەجێ بکەمو ، خۆم لە گیانلەبەرانـی بێ‌عەقـڵو هۆشـ جیابکەمەوەو ، دان بەوەدابنێم کە ئەو خودایە بە بێ‌حیکمەت دروستـی نەکردووم ، بەڵکو ئەمپایەی وجوودو هۆشو عەقڵەی پێداوم بۆئەوەی کە لەپێش هەموو شتێکدا ئەو بناسمو ، لەسەر ئەو یاسا ە بڕۆم کە لەگەڵ ڕەهبەرانو پێغەمبەراندا ناردوویەو ، لەدوای هەموویان بەهۆی فریشتەی ئەمین (جوبرەئیل) ناردوویەتی بۆ حەزرەتـی فەخـری عالـەم (محمـد) درووودی خوای لێ‌بێ ، ئەویش گـەیاندوویەتـی بـە ئادەمـزادو ، دەست‌بەدەستو دەم‌بەدەم لەوانەوە بـەئێمە گەیشتوەو ، ئێمـەش دەبـێ پەرستیاریی خودا بەجێ‌بێنین هەتا لـە گیانلەبەرە بێ‌هۆشەکان جیابینەوە .

پێویستە بزانین کە بەختیاری ئادەمزاد بە خواپەرستی‌یە ، واتـە : پیرۆزیو بەهرەمەندیو بەختەوەریی ئادەمزاد لە زانسـتی بیـروباوەڕی باشو خووڕەوشتی باشەوەیەو ، لەوەدایـە کـە بیرو بـاوەڕو کـردارو ڕەفتارو خووڕەوشتی لەسەر ئەو یاسایانـە بـێ کەپێغەمبـەری گـەورەو ڕەهبەری جیهان بۆی هێناوینو ، نەگبەتیو بەدبەختیشی بەوە دەبێـت کە لەم یاسا پیرۆزە لابداتو ، خۆی لە گیانلەبەرانی بێ‌هۆش جیانەکاتەوە.

پێویستە ئادەمزاد بزانێ لە کوێوە هاتووەو بۆ کوێ ئەڕوات • پێویستە بزانێ بە بێ خالیق دروستنەکراوە ، بەڵکو خالق بە حکیمەتی خۆی دروستی کردوە • کەوابێ لە ئەساسەکەیدا خواستی خودا لەسەر بوونی بودو ، ئەنجامەکەی مردنو ڕۆیشتنە بۆ جیهانی دووەم ، کە لەوێدا حیسابی بیروباوەڕو کردەوەو خووڕەوشتی لەگەڵ دەکرێو ،جەزاو پاداشی خۆی لە خودا وەردەگرێ ، یا بەوە کە لە دۆزەخدا ئازار دەدرێت ، یا لە بەهەشتدا بەنیعمەتو ئاسایش هەتاهەتایە دەمێنێتەوە •

پێویستە بزانێ هەروەکو لە ژیاندا لەگەڵ باقی گیانلەبەران هاوبەشەو دەخواو دەخواتەوەو لەززەتو ئارەزوو وەردەگرێتو قەڵەو دەبێت ، لەگەڵ فریشتەکانیشدا هاوبەشە ، واتە : خاوەن زانستەو دەتوانێ خەریکی خوداپەرستی بێتو ، یادی خودا بکاتەوەو ، بە ذیکرو تەسبیحاتەوە بەجۆرێ خەریك بێ کە گیانی لە ژەنگی گوناەو تاوانباری دوور بێتو ، هەمیشە دەروونی پڕ لە نوور بێت •

کە مادام وابێ ئەگەر ئادەمزاد لەسەر یاسای حەیوانات هەمیشە خەریکی خواردنو خواردنەوەو نووستنو ڕابواردن بێو ، وەختەکانی لەماندا تەواو بکات ، ئەوە لەکاتی ژیانی خۆیدا ئاسایشی گیانیی دەس ناکەوێو ، دڵو گیانی وەك دڵو گیانی حەیوانات ئەبێو ، لەسەر ئەم شێوەیە ئەمرێتو کاتێکیش لەگۆڕدا گیانی بەبەراکرایەوەو فریشتە پرسیاریان لێ کرد ، هەر لەسەر ئەوحاڵە کە لەسەری ژیاوە وەها وەڵامیان ئەداتەوەو ، باسی کردەوەی وەختی ژیانی خۆی ئەکات •

خۆ ئەگەر لەماوەی ژیانیدا لەسەر یاسای فریشتە ڕۆیشت،واتە ڕێگەی خواپەرستیو بەختیاری گرتەبەرو بیروباوەڕو کردەوەو خووڕەوشتی باش بوو ئەوە کاتێ کە مردو لە گۆڕا پرسیاری لێکرا ، لەسەر

ئەو شێوە کـە بووە وەڵامی فریشتەگان ئەداتەوە • هەر لەبەر ئەمەیـە دەگێڕنەوە کاتێ شێخ یەعقووبی چەرخی وەفاتی کردو ، فریشتـەکـان پرسیاری خودایان لێ کرد ، چونکە کاتی خۆی خەریکی خوێندنی قورئان بوو ، وا وەڵامی دانەوە وتی :«انی آمنت بربکم فاسمعون» • هەروەهـا دەگێڕنەوە کـە هەندێ کەس لـەکاتی سەرەمەرگدا کـە هۆشی لای خۆی نەبوو خەڵکی شەهادەتەکەیان دەخستە سەر زمانی کەچی ئەو خەریکی قسەکردن بوو دەربارەی ئەو ئیشانەی کـە لەکاتـی ساغـی‌دا کردبوونی‌و ، بانگی ئەو گیانلەبەرانەی دەکرد کـە لەگەڵیاندا ژیابوو • ئەم وەزعە موافیقی فەرموودەی پێغەمبەرە (د • خ) کە فەرموویەتی : «کما تحیون تموتون ، و کما تموتون تبعثون» واتە : لەسەر ئەوحاڵە ئەمرن کە لە دنیادا ئەژین‌و ، لەسـەر ئەو حاڵـە زینـدوو دەکرێنـەوە لە ڕۆژانی قیامەتدا کە لەسەری ئەمرن ، واتە : حاڵی مردن تابیعی حاڵی ژیانە •

بۆیە ئەم پێشەکی‌یەم لەپێشەوەی نامەی بیروبـاوەڕو نامـەی عیبادەت‌و نامەی مزگەوت‌و ئەورادەوە نووسی ؛ چونکە عیبادەت کـردن بۆ خودا سێ جۆرە ، یەکەم : بەدڵ باوەڕکردن ، کە نامەی بیروباوەڕ باسی دەکات • دووەم : ئیقرارو وتن‌و دانپیانانە بە زمان ، کە نامەی ذیکر بۆ هاندان‌و پەیداکردنی ڕەغبەتی خەڵکی‌یە بۆ ئـەم جـۆرە عیـادەتە • سێ‌هەم : کارو کردەوەیە بە ئەندامەکانی لەش ، کـە نامەی ویردەکان‌و عیبادەت بۆ ئەمەیە •

ئەی برادەرینە! بەپێی فەرمودەی بێ گەردی پێغەمبەر (د • خ)ئەم جۆرە نامانە کە دەیاننووسم‌و بۆتانی دەنێرم ، باشترین دیاری‌و سەوقاتێکن کـە دۆست بۆ دۆستی خۆی بنێرێ • (عبدالله)ی کـوڕی (عمـر) (ر • خ) دەگێڕێتەوە : « ما اهدی مسلم لاخیه هدیة افضل من کلمـة

حکمة یزیده الله بها هدی او یرده عن ردی » • واته هەرگیز موسوڵمانی دیارییەکی وەهای تەناردوه بۆ برای موسوڵمانی خۆی گەورەترو باشتر بێ لە وشەیەکی زانستی بەرز کە بەو وشەیە خودا زیاتر شارەزای رێگای راستی بکات ، یان لە خراپەیەکی مایەنەگبەت لای بدات و دووری بخاتەوە •

تکاتان لێئەکەم ئەم دیارییەم وەربگرن و بیخوێننەوەو ، گوێبدەنە ئەوانەی کە نەتانزانیون ، با خەمبارو ماندوو نەبن ؛ چونکە فەرموودەی پێغەمبەرە (د • خ) گەورەترین خووڕەوشتی موسوڵمان ئەوەیە هەرگیز لە بیستنی وشەی چاکەو خێر تێر نەبێت • کەوابێ پێویستە گوێبدەنە خوێندنەوەو تێگەیشتنی نامەی دۆستی دڵسۆزی خۆتان ، چونکە زوربەیان توێشووی سەفەری پاشەرۆژتان بۆ ئامادە ئەکات ، شتێکی ئاشکرایە کە ئاغەریدگاری جیهان ئەمجیهانەی ئەمرۆی کردوەتە مەنزڵگای ئەوانەی بەرەو قیامەت ئەڕۆن ، بەردەبازی رێڕەوی ئەوانەیە کە بەختیاریی نەبڕاوەیان ئەوێت ، هەتا لەم کاروانسەرایەدا کە هەڵەو ماوە فراوانەو ، لەمدنیایەدا ، کە مەزرەعەی رۆژی قیامەتە ، تۆشەی تەواو بۆ خۆمان هەڵبگرین و ، بە سەربەرزی بکەوینە رێگا بۆ پاشەرۆژمان و ، بەبێ توێشوو قەسدی سەفەری سارای قیامەت نەکەین •

ئەم نامەی ئەورادە یەکێکە لە زادو توێشووەکانی ڕێگەی دوورو سەفەری قیامەت •

سوپاس بۆخودا برادەران حەز لە خوداپەرستی و فەرمانبەرداریی خودای گەورە ئەکەن ، بەڵام بەداخەوە نەخوێندەوارن • بیستومە موریدەکان حەز لە ئەورادو ئەحزابی ئەولیاکان دەکەن ، بەڵام لەبەر ئەوەی مەعنایان نازانن ، گریمان مەعنایشیان بزانن ، چونکە لە ئەهلی

غەفڵەتن بە غافڵیو بێئاگایی ئەیانخوێننەوەو ئەواب‌و پاداشیان دەست‌ناکەوێ‌و ماندووبوونەکەیان بێ‌سوود ئەبێ •

براینە ! پێویستە پێتان بڵێم : ئەوەی بۆ ئێوە بەکاردێت‌و سوودی لێ وەردەگرن هەر بە خوێندنەوەی ئەوەوە مەشغوول‌بن • لە هەموو ئەورادێ بەسوودتر بۆ ئێوە قورئانی‌پایەبەرزو گەورەیە : ئەواب‌و پاداشی خوێندنی قورئانی پیرۆز گەلێك زۆرە ، بۆنموونە شێخ ئەحمەدی (ابن حجر) ڕەحمەتی خودای لێ‌بێ ، فەرموویەتی : پاداشی خوێندنی سوورەتی (فاتحە) لە پاداشی خوێندنی سوورەتی (بقرە) زۆرترە ، ئەگەرچی سوورتی بەقەرە لە دوو(جوزء) زیاترە ؟ بە دەلیلی فەرموودەی پێغەمبەر (د • خ) کە فەرموویە : « الا اخبرك بخير سورة في القرآن : الحمد لله رب العالمين ••• » • واتە : ئاگادارتان ئەکەم‌و پێتان‌ئەڵێم : کە چاکترین سوورەتەکانی قورئان سوورەتی (الحمد)ە • هەروەها لە فەرموودەیەکی‌تردا هاتوە کە سوورەتی (فاتیحە) بەقەدەر سێ‌یەکی قورئانە ، واتە : خوێندنی سوورەتی (فاتیحە) بەقەدەر خوێندنی دە جوزئی قورئان خێرو پاداشی هەیە •

دەگێڕنەوە شەیتانی مەلعوون سێ‌جار لەداخ‌و خەفەتدا هاواری لێ هەستاوە هاوارێکی وەها کە لە هاواری هەمووکاتێکی بەهێزتربوە ، یەکەم : لەکاتی نازڵ‌بوونی (فاتیحە)دا ، چونکە ئەو دەیزانی کە ئەم سوورەتە ساماتێکی گەورەیە بۆ ئوممەتی (محمد) ـ د • خ ـ • هەر لەبەر گەورەیی‌یەتی کە کراوە بە روکنێ لە ئەر کانی نوێژ ؟ هەتا موسوڵمانان بیخوێنن‌و پاداشی زۆریان بەنصیب بێ‌و ، لەو پیرۆزی‌و بەختیاری‌یە ناهومێدو بێ‌بەش نەبن •

ئیمام (محمد)ی غەزالی (ر • خ)خوێندنی (فاتیحە)ی بەم‌جۆرەی

خوارەوە ریز کردوە : بەیانی‌یان (٢٥) جار ، نیوەڕۆ (٢٥)جار ، عەصر (٢٥) جار • مەغریب (١٠) جار • عیشا (١٥)جار ، کە هەمووی دەکاتە(١٠٠)جار • وە گەلێ ئەسراری عەجایبی لەم صەدجار خوێندنەی فاتیحەدا باس کردوە ، گەلێ سوودی تێدا هەیە بۆ دین‌و بۆ دنیا • جا لەبەر ئەوەی کە جارێك (فاتیحە) لە سووورەتی (بەقەرە) گەورەترە ـ وەك لەپێشەوە وتمان ـ ئەم صەدجار فاتیحەیە لە دووصەدو سی‌وپێنج جوزئی قورئان گەورەترە ، کە دەکاتە حەوت خەتم‌و بیست‌وپێنج جوزء واتە لە دووهەزارو چوارصەد پەڕە قورئان کە بیخوێنی گەورەترە•

هەروەها ریوایەت‌کراوە کە (فاتحة الکتاب) واتە : سوورەتی «الحمد لله •••» شیفای هەموو دەردێکە ، واتە چ بە نووسراوی هەڵیگرێت‌و ، چ نووسراوەکە بە ئاو بکوژێنێتەوەو ئەو ئاوە بخواتەوەو ، چ بیخوێنێ بەسەر نەخۆشدا ، یا نەخۆشەکە خۆی بیخوێنێ •

لە (جواهر التفسیر)دا ئەگێڕێتەوە لە کتێبی خواصی تەمیمی‌یەوە : ئەگەر سوورەتی فاتیحە بە ئاوی میسك‌و زەعفەران لەسەر کاسەیەکی بلووری بنووسرێ‌و بە ئاوگوڵاو بشۆرێتەوەو ، حەوت رۆژ بە ناشتا بیخواتەوە ، ئەوە قووەتی حافیظەی وەها زیاد ئەبێ هەرچی بکاتەبەر لەبیری ناچێتەوە •

سوورەتی فاتیحە گەلێ ناوی وەهای هەیە کە دەلالەت لە سەر گەورەیی پایەی دەکەن ، یەکێکیان (ام القرآن)ە ، حەزرەتی عائیشە ، خودای لێ رازی بێت ، گێڕاویەتی‌یەوە کە (ام القرآن) لای خودای گەورە پایەی لە عەرش تا زەوی بەرزترە ، واتە لە هەموو ئەوشتانە بەرزترە کە لە مابەینی عەرش‌و زەوی‌دایە • بۆیەش بەم‌ناوەوە ناونراوە•

چونکە سوورەتی یەکەمی قورئانەو ، ئەصڵە بۆ هەموو ئەوکتێبانە کە خودا نازلی کردوون •

ناوێکی تری (فاتحة الکتاب)ە واتە : دەرگاکردنەوەی قورئان بەم سوورەتەیەو ، قورئان خوێن یەکەمجار ئەم سوورەتە ئەخوێنێ • هەروەها دوو ناوی تری هەیە (کافیە)و (شافیە) • لەنێو ناوەکانی ئەم سوورەتەدا بیست‌وشەش ناوی مەشهوور هەیە :

یەکەم (فاتحە) واتە : گوشایندە ، کە بەراستی ئەم سوورەتە گوشایندەی دەرگای رەحمەتە بەسەر بەندەگانی خودادا ، چ بۆ کاروباری ئایین‌و چ بۆ کاروباری دنیاو پەیداکردنی بەرژەوەندو ژیوارو کاسبی • دووەم : (فاتحةالکتاب)ە ، چونکە ئەم سوورەتە سەرەتاو کلیلی قورئانەو ، ئەوکەسانە کە قورئان ئەخوێنن دەست بە فاتیحە ئەکەن • هەروها سوورەتی (الحمد)یشی پێ‌ئەڵێن ؛ چونکە لەفظی (الحمد)ی تیایە ، وەکو چۆن سوورەتی (البقره)و (ئال‌عمران) ئەولەفظانەیان تێدایە •• سێهەم: (سورة الشکر)ە ، لەبەر ئەوە کە ئەم سوورەتە سوپاس‌و ستایشی خودای گەورەی تێدایە ، وە لەبارێکی‌ترەوە لەبەرئەوەی کە ئەم سوورەتە پەرستنی خودای تێدایەو ، بە راستگۆدانان‌و پاوەرپێکردنی تێدایە بە فەرمانەکانی خواو ئەوانەی کە نەهیی‌لێ‌کردون ، وەلە ئەوەدیە کە هەمووی شوکرکردن‌و سوپاس بێت بۆ یەزدانی پاڵا لەسەر نیعمەتەکانی ، کە هەرگیز لە ژمارە نایەن ، بوونی (حەمد) لەمسوورتەدا لایەنگری ئەم ناوەی دەکات •

چوارەم (امالقرآن)ە • لە تەفسیری (مفاتیح‌الغیب)ی فەخری رازی‌دا باس‌دەکات کە پوختەی مەبەست لە قورئان چوارشتە : (١) باسی ذات‌و صیفەتەکانی‌خودا • (٢) باسی نبووەت واتە ناردنی

پێغەمبەران • (٣) باسی (مەعاد)زیندووبوونەوەی دوازۆژ • (٤) باسی قەزاو قەدەر ، واتــە دروســت کردنو تصرفاتی خــودا لە هەموو شــتێکدا ، چ لــە دنیاو چ لە دوارۆژدا • ئایەتەکانــی ســوورەتی فاتیحە هەموو ئــەم چوار باسانەیان تێدایە چونکە ئایەتی یەکەمو دووەم ئیلاهیات دەگەیەنن ، واتــە : باســی ذاتو صیفەتەکــانی خــودان • ئایەتــی سـێهەم دوارۆژ دەگەیەنێ • ئایەتــی چوارەم دەلالەت لــە قەزاو قەدەر دەکــاتو مەنعــی (جەبری)و (قەدەری)یە • ئایەتــەکانی‌تر نبووەتو هیدایەت دەگــەیەنەن لەگەڵ باسی ئەوانەی کە سەرکەش‌و گومڕاهن ، جا لەبەئەوە کە مەبەست لــە قورئانی پیرۆز ئــەو چوار باسەیەو، ئــەوانەش هەموو لــە سوورەتی فاتیحەدا هەن ، ناوبراوە بــە (ام القرآن) •

حەزرەتــی عائیشــە (ر • خ) گێڕاویەتیەوە کــە (أم‌القرآن) بــەلای خواوە لــە عەرشــەوە تا ژێر خاك گەورەترە ، هۆی ناونانــی بەم‌ناوە ئەوەیە کە فاتیحە سەرەتای قورئانــەو ئەصڵە بۆ هــەموو ئەو کتێبانەی کە خــودا ناردوونــی بۆ پێغەمبەران • پێنجەم : (ام‌الکتاب)ە ، یانی هەموو واتای ئەو نامەو کتێبانە کــە خــودا بۆ پێغەمبەرانــی ناردوە (د • خ)لە ســوورەتــی فاتیحەدایەو ، خودای گەورە ئەم حەوت ئایەتــە کورتەی نازڵ کردوەو ، بەکورتــی مەعناو واتای هەموو کتێبەکانی تێدایە ، وەکو حەوت صیفەتەکەی خودا کە مەعنای هەموو صیفەتێکی ذاتی‌و فیعلــی‌ی خودایــان تێدایــە • شەشەم : (سورة المنه)یە ؛ چونکە خودای گەورە بە ناردنی ئەم ســوورەتە منەتی بەسەر حەزرەتی پێغەمبەردا کردوە کە فەرموویەتی : «ولقدآتیناك سبعا من المثانی والقرآن العظیم» واتە : ئەی پێغەمبەر ئێمە میهرەبانیمان لەگــەڵ تۆ کرد کــە حەوت ئایەتمــان بــۆ تۆ نارد لەو ئایەتانەی کــە بەدرێژایی کات ئەخوێنرێنەوە ، لەگەڵ قورئانی مەزندا کــە ئەویشمان بۆ ناردی •

دیاره حەوت ئایەتەکـە فاتیحەیـەو ، بۆیـە بە (سبع المثانـی) ناوبـراوە چونکـە حەوت ئایەتـن‌و لـە هەموو نوێژێکدا دووبارە دەکرێنـەوە ، یا لـەبەرئەوەی دووجار نازل بووە ، جاری یەکەم لـە شاری (مەککە) لەپاش میعـراج‌و ، جاری دووەم لـە (مەدینە) لـەوکاتەدا کـە قیبلـە گۆڕرا • دیارە لـە سەرەتای سـەرهەڵدانی ئاینـی پیرۆزی ئیسـلامدا حەزرەت (د • خ) لـە نوێژا رووی لە (مسـجد الاقصـی) ئەکرد کـە لـەشاری قودسدایە ، پاشـ‌ئەوە کـە هەژدە مانگ بەسـەر کۆچیدا لـە مەککەوە بۆ مەدینە تێپەڕی ، لەکاتـی نوێژی عەصـردا قیبلـە گۆڕراو لـە نوێژدا رووکرایە کەعبەی مەزن کـە لـە شاری مەککەیـە ، خودای گەورە پایەو شـەرەفی زیاد بکـات •

لە کتێبـی (موجز)دا ئەڵێت : «مثاني» لە «ثنـی»وە وەرگیـراوەو ، واتاکەی وەچەرخاندنی دەستەلەغاوی ئەسپە لەلایـەکەوە بۆ لایەکی‌ترو : موناسـەبەی لەگەڵ «فاتحە»دا ئەمەیـە کـە ئەم سوورەتـە رووی ئینسان ئەگۆڕێ لـە غـەیری خواوە بۆ لای خواو راستیی پایەی ئەم سوورەتە ئەوەیە کە ئینسان لە ناحەقەوە هەڵئەسووڕێنێ بـۆ حەق •

باشتر ئەوەیە بڵێین لەسەر مەعنای ئەساسی هەر ئایەتێك لە سوورەتی فاتیحە مەیدانێکی کـە سوارانی مەیدانی خوداناسی هـەر لەحقلەیەك لـە پایەیەك لـە پایەکانـی شهوودو خوداناسینەوە جڵەوی هیممەتـی خۆیان بۆ پایەیەکی بەرزتر دەگـۆڕن‌و ، بەهیـچ پایەیەکـەوە خۆیـان ماتـڵ ناکەن‌و تا ماوەی تەوفیق بێ سەردەکەون •

ناوی هەشـتەمی سوورەتـی فاتیحە (القرآن العظیم)ە و ، بەڵـگە لەسـەر ئەمەش هەر ئایەتـە پێشووەکەیەو ، تەفسیری «القرآن العظیـم»

به سوورەتـی فاتیحە کراوەتەوە ، لـەبەرئەوە کـە ئـەو حـەوت ئایەتـە بەکورتی هەموو علوومی قورئانی تێدایە •

ناوی نۆهـــەم (وافیـە)یە ، واتـە : ئـەم سوورەتە بەســـە بـۆ هیدایەت‌و شارەزاکردنی ئینسان ، واتـە : دەبێتە هـۆی لابردنـی داماوی‌و رزگاربوونی ئینسان لـە سزای قیامەت‌و ئازاری دنیا •

ناوی دەهەم : (کافیە)یە ، واتـە بەشی کاروباری هەموو ئینسانێکـی وەها دەکات رەفتاری پێبکات، وەکو لـە تەفسیری (ینابیع)دا بە سەنەدی صەحیح دەگێڕێتەوە کە حەزرەت (د • خ)فەرموویەتـی : هەرکەسـێ بـە نیەتـی هەر کارێکی خێر سوورەتـی بخوێنێ خودا بـە میهرەبانیی خۆی چاری کاری ئەوکەسـە دەکات‌و بۆی ئاسان دەکات •

ناوی یازدەهەم : (مجزیە)یە ، بەبۆزی(میم)و زەنەی(جیم)و ژێری (زێ)و سـەری یێ • لـە ئەبودەردائەوە دەگێڕنەوە (ر • خ)کە حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : «فاتحة الكتاب تجزي مالايجزي شيء من القرآن ، ولو أن فاتحة الكتاب جعلت في كفة ميزان وجعل القرآن في كفته الاخرى لفضلته فاتحة الكتاب سبع مرات» واتـە : سوورەتـی فاتیحـە بەکـاری شتی وەها دێت کە هیچ بەشێکی‌تری قورئان بەکـاری ئەوشتە نایەت‌و ، ئەگـەر فاتیحـە بخرێتـە تای ترازوویـەکو ، باقـی قورئان بخرێتـە تاکەی‌تریەوە فاتیحـە حەوت ئەوەندەی ئەو قورس دەبێت •

ناوی دوانزەهەم : (منجیە)یە ، واتە : نەجات‌دەرو لە سزا رزگارکەر • ناوی سیانزەهـــەم : (اساس) ؛ لـــە شەعبی‌یەوە دەگێڕنـەوە کـــە عبداللەی کوڕی عباس فەرمـوویەتی : هـــەرشتێ بناخەیەکی هـەیە ؛ بناخەی زەوی عەردی مەککەیـە ، لەوێوە عەرد راخـراوە ، ئەساس‌و

بناخـەی ئاسـمانەکانیش ئاسمانی حەوتەمە ، بناخـەو ئەسـاسی زەوی طەبەقەی حەوتەمیەتـی ، کـە طەبەقەی مەرکەزی‌یەتی ، بناخەو ئەساسی بەهەشـت (جنة العدن) ە کە باقی دەرەجەکانـی بەهەشت لەسـەر ئەو بیناکراون ، ئەساس‌و بناخەی دۆزەخ (هاویە)یـە ، کە باقـی چاڵەکانـی دۆزەخ لەسەر ئەوەوە دروسـت کراون • هەروەها ئەسـاس‌و بناخـەی ئادەمزاد حەزرەتی ئادەمە ، دروودی خـوا لەسـەر ئـەوو لەسـەر پێغەمبەری خۆمان بێت • ئەساس‌و بناخەی ئەنبیای (أولوالعزم) حەزرەتی نووحە ، کـە پێغەمبەرانی دوای ئەو لە نەتەوەی ئەون • بناخەی «بنـي اسرائیل» حەزرەتی (یعقوب)ە ، کە دوانزە ئەسباط ئـەولادی ئـەون • ئەساس‌و بناخەی کتێبەکان ، کە بۆ پێغەمبەران نێرراون ، قورئانە کـە هەموو نوقطەیەکی تیاکۆبوەتەوەو ، ئەساس‌و بناخەی قورئانیش سوورەتی فاتیحەیە کە هەموو بابەتەکانـی قورئانـی تێدا کۆبوەتەوە ، جا ئەگەر ببی بـە یاری قورئان‌و هاوڕێ‌و هاودەمی ، واتـە : باوەڕت بەوە هـەبێ کـە کەلامی خودایەو ، بیخوێنیتەوە ، قورئانت بۆ ئەبێ بـە شیفاو دەوای هەموو دەردو نەخۆشی‌یەك ، چ نەخۆشی‌ی لەش‌و ، چ نەخۆشی‌ی رۆحـانی‌و ، دەبێتە دەرمـانی هەموو دەردێکی دڵ‌و بەدەن • دەگێڕنەوە کە(فاتحـة الـکتاب) شیفایە بۆ هەموو دەردێ چ بەهۆی هەڵگرتنیەوەو ، چ بەهۆی خوێنـدنەوەی‌و چ بەهۆی نووسین‌و شۆردنەوەی ، وەکـو لەمەوپێش باسمان کرد •

چواردەهەم ناو «الرقیـە»یە ـ بە بۆری(ڕێ)و ژێری (قاف)و سەری (یێ)ی گیرەدار ، واتـە : دوعـای نووسراو یا خـوێنراوە بەسـەر برینداروبیماردا •

لە (مسلم)و (بخاری)دا ریوایەت کراوە:جارێك حەزرەت(دەخ)چەند

کەسێکی لە یارەکانی ناردبوو بۆ سەفەر ، ئەوانە لە گەڕانەوەدا بە خێڵە عەرەبێك گەیشتن‌و ، لە نزیکی ئەواندا دابەزین‌و داوای میوانداری‌یان لێ‌کردن ، بەڵام ئەوان گوێیان پێ‌نەدان ، تا بە قەزاو قەدەری خوا مار دای بە سەرۆکەکەیانەوەو زۆر ئازاری پێ‌گەیشت‌و ، هەرچی هەوڵیان‌دا بۆ رزگاربوونی کابرا لەو ئازارە سوودی نەبوو ، ناهومێد بوون ، لەدوایدا هات بەدڵی یەکێکیاندا کە بڕۆن بۆ لای ئەو کۆمەڵی میوانانە کە لەنزیکی ئەوانا بارگەو بنەیان خستوەو ، داوای دەرمانێ یا دوعایێکیان لێ‌بکەن ، کە هاتن بۆ لایان‌و داوای دەرمان یا دوعایان لێ‌کردن یەکێك لەو کۆمەڵە کە ناوی (ابوسعیدي خدری) بوو (ر • خ) فەرمووی : من دوعای رزگاریی ئەو مارگەزە ئەزانم ، بەڵام ، لەبەر ئەوەی شێوەی میهرەبانی‌و میوانداری‌و پیاوەتیتان لەگەڵ ئێمەدا بەجێ‌نەهێنا ، هەتا شتێکی باشمان نەدەنێ ، ئەو دوعایەتان بۆ ناکەم ، ئەنجام لەسەر (۳۰)سەر مەڕ رێ‌کەوتن‌و ، ئەبوسەعید رۆیشتە سەر کابرای مارگەستوو حەوت‌جار سوورەتی فاتیحەی بەسەردا خوێندەوەو فووی بە شوێنە گەزراوەکەدا کرد ، بە فەرمان‌و خواستی خودای گەورە کابرا رزگاربوو شیفای بۆهات‌و ، هەستاو بە سەلامەتی هات‌وچۆی کرد • ئەنجا یارانی حەزرەت (د • خ)(۳۰)سەرە مەڕەکەیان لێ‌وەرگرتن‌و بەرەو مەدینەی نوورانی کەوتنە رێ‌و ، بڕیاریان‌دا کە تا رەزامەندی‌ی پێغەمبەری لەسەر نەبێ نەیخۆن ؛ جا کاتێ کە گەیشتنە مەدینەو بە حضووری حەزرەت گەیشتن (د • خ)و ، سەرگوزەشتەکەیان بۆ گێڕایەوە ، بە ئەبووسەعیدی فەرمووی : تۆ بە چ دەلیلێ زانیت کە خوێندنی سوورەتی فاتیحە سوودی بۆ ئەو بیمارە هەیە؟ ئەبووسەعید عەرزی‌کرد : (یارسول الله ! شيء ألقي في روعي) واتە : ئەی پێغەمبەری خودا شتێ بوو خودا خستیە دڵم ، لەپاشا پێغەمبەر (د • خ)فەرمووی : ـ «لقد أصبتم ،

اقتسموا ، واضربوا لي معكم سهما ، وضحك النبي (ص)» واته : ئیشێکی باشتان کردوه ، بەشی بکەن لەناو خۆتانداو ، پشکێکیش بۆ من دابنێن •• هەروەها حەزرەتی پێغەمبەر (د • خ) پێکەنی لە خۆشی ئەوەی کە لەناو یارانی ئەوا ئینسانیوا هەیە ئیجتیهادی راست بکاتو بڕیاری خوێندنی بەرامبەر ماڵ بدات بۆ شیفاو چاكبوونەوەی نەخۆشو ، بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە خوێندنی سوورەتی فاتیحە سوودی بۆ بیماران تێدایە •

پازدەهەم (سورة تعليم السؤال) ە ؛ لەراستیدا خودای مەزن بەمسوورەتە بەندەگانی خۆی فێرکردوە کە لەپێش نزاو دوعادا ستایشی خودا بکەنو ، پاش ئەوە بە داماویو ملکەچییەوە داوای ئیحتیاجیی خۆیان لە خودا بکەنو ، تکای ئەوە بکەن کە خودای گەورە بە میهرەبانیی خۆی بۆ رێگای راست شارەزایان بکات کە رێگەی پێغەمبەرانو شەهیدانو راستگۆیانو پیاوچاکانەو ، تکای ئەوە بکەن کە لەسەر ئەو رێگایە پایەداریان بکات •

ناوی شازدەهەم (سورة الدعا)یە دیارە ئەم سوورەتە دوعای تێدایە وەك «اهدنا الصراط المستقيم» •

ناوی حەفدەهەم (سورة السؤال)ە ، چونکە لەم سوورەتەدا پاڕانەوەو ملکەچی هەیە •

ناوی هەژدەهەم : (سورة التلقين)ە ، چونکە لەم سوورەتەدا خودای گەورە تلقینی بەندەگانی خۆی کردوە ـ واتە : فێری کردوونو خستوویەتیە سەر زمانیان ـ چۆن داوای یارمەتی لە خودای خۆیان بکەن ، خودایش لەوە گەورەترە کە لەپێشدا فێری دوعاو پاڕانەوەیان

بکـــاتو ، دوایی بەشیان نەدات ، واتــە : پاوەڕی موسوڵمانان ئەوەیە کە خودای گەورە نزاو پاڕانەوەیان لێ قبووڵ دەکـــاتو ، بە داخـــوازیی خۆیان دەگەن لە دنیا بێ یا لە قیامەتدا •

ناوی نوزدەهەم (سورة الصلاة)ە لەبەرئەوەی کــە ئەم ســوورەتە لەگەڵ نوێژدا پــەیوەندی‌یەکی تــەواوی هــەیە ؛ چــونکە لە پەیڕەوی ئیمامان : شافیعیو مالیكو ئەحمەددا خوێندنـــی ئەو ســـوورەتە فەرزی نەبینە •

ناوی بیســـتەم : (سورة مكافأة القوافل السبع)ە واتە : پاداشی حەوت قافلەی بازرگانـــی کە هاتوون بۆ شاری مەککەی موکەڕڕەمە • بناخـــەی ئـــەم حیـــکایەتە ئەوەیە : ڕۆژێ حـــەزرەت (د • خ) لـــــە ناوگەلێ لە یارانـــی خۆیدا دانیشتبوو ئامۆژگاری ئەکردن ، لەوکاتەدا دەنگی شادیو دەفونەی بەرز بوویەوەو ئەوانیش بیستیان ، کاتێ کــە پرسیاریان لە هۆی ئەوەکرد ، دەرکەوت کە قافڵەی قورەیش لە وڵاتی شامەوە گەڕاوەتەوە • کۆمەڵێك لە یارانی حەزرەت (د•خ) ڕۆیشتنو ، لەسەر شوێنێکی بەرز تەماشای قافڵەکەیان دەکرد ، دیـــــان ئەوا حەوت قافڵەی بە ماڵو سامان ڕازاوە هاتنەوە • قافڵەیەك لەوانە هی(بني مخزوم)و قافڵەیەك هی (بني زهره) و قافڵەیەك هی (بني امية) بوو ، هەروەهـــــا قافڵەکانی‌تریش هەر یەکەی هی لایەك بوو • هەرقافڵەیەك لـــەوانە هەزار وشتر بوو ، بارەکەیان گەنمو هەنگوینو هەمەجۆری خـــواردن بـــوو • هەندێ لەویارانەی حەزرەتیش چەند ڕۆژێ بوو بە برسێتیو موحتاجی مابوونەوەو ، بە چاوپێکەوتنی ئەم وەزعــە دڵتەنگ بوونو ، ســـەریان سووڕ ئەما لەوەی ئەمان برسیو تینو بنو ، کافرەکانیش خاوەنـــی ئەو هەموو نازو نیعمەتو داراییـــە بن • حەزرەت (د • خ) لەم وەزعـــە

خەبەردار بوو ، ئەویش هەر دڵی زویر بوو ؛ جا حەزرەتی جوبرەئیل هاتەخوارەوەو ئەم ئایەتەی هێنا « ولقد آتيناك سبعا من المثاني والقرآن العظيم » واتە : ئەی خۆشەویستی بەڕێز ! بەڕاستی حەوت ئایەتمان داوە بەتۆ کە بە درێژیی زەمان ئەخوێنرێنەوە ، ئەم حەوت ئایەتە گەلێ بەسوودترن لەو حەوت قافڵەیە کە لە شامەوە گەڕاونەتەوە ؛ چونکە ئەو قافڵانە مایەی بژیویی‌و هێزی لەشی ئیسانن ، بەڵام ئەم ئایەتانە هۆی هێزی گیان‌و هێزی باوەڕن ؛ ئەو قافڵانە خزمەتی ژینی بڕاوەی جیهان دەکەن ، بەڵام ئەم حەوت ئایەتە خزمەتی ژینی نەبڕاوەی ڕۆژی دوایی ئەکەن‌و شوێنەواریان هەتا هەتایە دەمێنێتەوە (١) • هەروەها قورئانی گەورەمان بۆنازڵ کردووی کە مایەی پیرۆزیی ئەهلی جیهانەو ، مایەی بەختیاریی ئەو کەسانەیە کە ڕەفتاری پێ‌ئەکەن‌و ، ئەوانە بە سەربەرزیی دنیاو قیامەت ئەژین•«ولا تمدن عينيك الى ما متعنا به ازواجا منهم » واتە : مەڕوانەو چاومەبڕە ئەو ڕۆزی‌و سامان‌و دارایی‌یەی کە بە هەندێ لە بێ‌ئاینەکانمان داوەو ، لەزەتی لێ دەبینن ؛ چونکە سامانی دنیا بە بێ باوەڕو خواناسی نرخی نیەو مایەیەکی بێ‌بەهاو بێ‌بەقایە •

لەم‌بەیانەوە دەرئەکەوێ کە ئەم سوورەتە لە پاداش‌و بەرامبەریی ئەو حەوت قافڵەدا وارد بوەو ، خوێندنەوەی بوە بەهۆی جەزای نەبڕاوە بۆ ئوممەتی پێغەمبەر (د • خ) •

ناوی بیست‌و یەکەم : سوورەتی (الواقية) یە ، واتە : نیگادارو پارێزگەر ، سیرڕی ئەمەیش ئەوەیە کە خوێندنەوەی ئەم سوورەتە

---

(١) لە ڕیوایەتێکی‌ترا ئەڵێ : حەزرەت (د•خ) لە (اذرعات) لە سنووری شامدا حەوت کاروانی جوولەکەکانی (بنی قريظه)و (بنی نضيری)ی تەسادوف کردو ، موسوڵمانەکان دڵگران بوون • جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو •

خوێنەرەوەکەی لە ئاگری دۆزەخ ئەپارێزیو ، مرۆڤ دەتوانێ ئەم سوورەتە بە قەڵغانێ بزانێ کە خاوەنەکەی لە ئازارو بڕشتی دەمی شمشیری تیژ ئەپارێزێو ، لە وەیو ناهەمواری‌یەکانی‌تریش پەنای ئەدات •

ناوی بیستو دووهەم : سوورەتی (مجمع الاسماء) ە ، چونکە لەم سوورەتەدا بە (تصریح) و بە (کنایە) گەلێ ناوی پیرۆزی خودای گەورە هەیە ؛ بە تەصریح (اللـه) ، (رب) ، (رحمان) ، (رحیم) ، (مالـك) • بە کینایەش (مەعبوود) ، (مستعان) ، (هادي) ، (منعم) ، (منتقم) هەیە •

ناوی بیستو سێهەم : (سورة الثناء)ە ؛ چونکە لەم سوورەتەدا وەصفی خوداو ستایشو پیاهەڵدان هەیە ، بەوەی کە دەفەرموێ : میهرەبانو بەخشندەیەو پەروەردگاری هەموو جیهانەو فەرمانداری رۆژی پاداشی گەورەیە ، کە پاداشی هەموو کردەوەکان دەدرێتەوە ، چاكو خراپیان •

ناوی بیستەو چوارەم (سورة الکنز)ە • لە (عبدالله)ی کوڕی (عباس) ەوە دەگێرڕێتەوە کە بیستوویەتی لە پێغەمبەر (د • خ) فەرموویەتی : لە شاری مەککەی موبارەك جوبرەئیل هاتە لامو ، فەرمووی : ئەی (محمد) گەنجێکم لە گەنجەکانی خودای گەورە بۆهێناوی ، منیش لێم‌پرسی ئەو گەنجە کامەیە ؟ فەرمووی (ام القرآن) ە واتە : سوورەتی (فاتحە) ، بێ‌گومان ئەم سوورەتە گەنجێکە پڕ لە زانیاریو گەنجێکە کە خودای تەعالا لەناو هەموو پەهبەراندا بە خەڵات بۆ تۆی ناردوە •

خۆشەویستەکان ! جەوهەری مەعنای صەدوچوار کتێبی خـودای گەورە ، کە لە ئاسمانەوە نازڵ بوون بۆ رەهبەران ، وا لـە صـــەدو چواردە ســوورەتی قورئاندا کە بۆ پێغەمبەری ئێمە حەزرەتی (محمـد المصطفى) د•خ هاتوەو ، هەرچی واتاو حەقایقێ کە لەم سوورەتانەدا هەن هەموویان بەکورتی لە سوورەتی فاتیحەدا هەن‌و ، بە رستەی « بسم اللـه الرحمن الرحیم » مۆرکراوەو ، بۆ پێغەمبەر (د • خ) رەوانە کراون • روونالـکردنەوەی ئەم باسە ئەوەیە کە ئەو صەحیفانەی بۆ حەزرەتی ئادەم هاتوون ، پڕن لە ئەسراری علووم‌و مەعاریفی (لدني)و ، فیرکردنی ئادەم بە ناوەکان‌و دەرخستنی پایەو شەرەفی بەســەر فریشتەکانــا • صەحیفەکانی حەزرەتی شیث [د • خ] باسی بەخشش‌و چاکەکـردن‌و نیعمەتەکانی خودایە ، کە بڕانەوەیان نیەو ، دوایی‌یان نایەت‌و ، ناوی حەزرەتی (شیث) بە مەعنا (هبة الله) یە ، واتە : بەخششـیخـودا ، لەبەرئەوە کە زۆر لە نیعمەتەکانی خودای پێدراوە • صەحیفەکانـی حەزرەتی (ادریس) ـ د • خ ـ بەیانی بەرزی‌ی پایەی زانست ئەکات ، کە پایەی ئیدریس لە سەر زانست‌و هوشیاری دامـەزراوەو ، خـودای گەورە لە باسی ئەودا فەرموویەتی « ورفعناه مکانا علیا » • لە صەحیفەکانی حەزرەتی ئیبراهیمدا باسی مەعاد ، واتە : زیندووبوونەوەی مردوەکـان‌و رۆژی حەشرو ، لێ پرسینەوەی ئادەمـزادو پەری‌یان ئەکـات ، هــەر بەوبۆنەوە بوو کە حەزرەتی ئیبراهیم داوای لە خودای گەورە کـرد پیشانی بدات چون مردوو زیندوو دەکاتەوە ؟ وەکو ئایەتی (رب ارني کیف تحیي الموتی) باسی ئەمە ئەکات • هەر وەها لە تەوراتی حەزرەتی موسادا باسی ئەحکامی عیبادەت‌و تەکلیفاتـی خودایی ئەکـات کە بـۆ بەنی‌ئیسرائیل هاتووە • لە زەبووری حەزرەتی داوودا (د•خ) وەعظو ئیرشادو ئەورادو ذیکرو تەسبیحی ذاتی خودای گـەورە هەیـە • لـە

ئینجیلی حەزرەتی عیسادا ئەحکامو ئەزکارو ئامۆژگاری هەیە بۆ بەنی ئیسرائیلەکان لەسەر تەرکی دنیاو ئارەزووی نەفس • هەروەها موژدەی تیایە بەوەی کە خودای مەزن لەپاش ئەو پێغەمبەرێکی رەهبەرو خاوەن پایە بۆ بەرەی ئادەمزاد رەوانە دەکات کە ناوی ئەحمەدەو ، هەرلەو ئینجیلەدا بە پەیڕەوانی ئەحمەددا هەڵدەداو زەمی دوژمنەکانو ناحەزەکانی ئەکات • ئەو زانایانە کە دڵیان بە تیشکی خوداناسوی راستەقینە رووناك بوەتەوەو ، خودای گەورە راستی خستوەتە دڵیانەوە ، لە واتای سوورەتی فاتیحەدا لە کۆمەڵێك لە واتای ئەوکتێبانە تێگەیشتوون کە بۆ پێغەمبەرانی رابووردوو نێرراون : —

بۆ نموونە : لە « بسم الله » دا پەنامەکی یەکانی زانستی حەزرەتی ئادەمیان وەرگرتوە • لە « الحمد لله » دا چەشنەکانی نازو نیعمەتو بەخششی خودایان بۆ دەرکەوتوە • لە « الرحمن الرحيم » دا پایەی میهرەبانیی خوداو پیرۆزیی ئەو کتێبانەو ئەو بەشوبارەیە کە بە حەزرەتی « ئیدریس » دراوە تێگەیشتوون • لە « مالك يوم الدين » دا باسی رۆژی قیامەتو زیندووبوونەوەی ئینسانو پەرییو داوەرییو پاداشت وەگرتنو سزادان تێگەیشتوون ، وکو لە صەحیفەکانی ئیبراهیمدا نووسراوە • لە « اياك نعبد واياك نستعين » دا باسی عیباداتو ئەحکامی خوا ئەکات بۆ ئوممەتی پێغەمبەرانی پێشوو ، بەتایبەتی تەکالیفی ئوممەتی حەزرەتی مووسا • لە « اهدنا الصراط المستقيم » دا پەنامەکی یەکانی خوابەیەك زانینو ئەورادو ئەذکاری حەزرەتی داوودیانوەرگرتوە • لە « صراط الذين انعمت عليهم » دا پەنامەکی یەکانی دڵی لەخواترسانو دۆستانو هاوڕێ تایبەتی یەکانی حەزرەتی عیسایان دیوەتەوە • لە « غير المغضوب عليهم ولا الضالين » دا خراپیی بارو دۆخو تێکچوونی

بیروباوەڕو کردەوەی پیاوخراپ دۆزراوەتەوە •

هەروەها بە شێوەی باسکراو جوانکاریو پەنامەکی یەکانی هەموو نامە ئاسمانی یەکان لەم سوورەتە پیرۆزەدا دانراوە ؛ بۆیە (محمد) ی کوری (حنفیـــە) خوای لێ رازی بێ لە ستایشی سوورەتی فاتیحـەدا فەرموویەتی : سەرەتاکەی پیاهەڵدانو سوپاسو ستایشی خودایەو ، ناوەڕاستەکەی بەندەگیو خوداپەرستی یەو ، لە نیوەی دوایـدا داوای ڕێبەدێ یی کردنو سەرامەدبوون دەکات لە خوداو ، لە دوادوایی یەکەیدا لەخـودا پاڕانەوەیە بۆئەوەی لـــە رقو قینی خۆیو لە گومڕاهی بمانپارێزێت • بێ گومان زۆریی ناو نیشانەی بەرزیی پایەیە •

هەروەها بۆ پاراستنی ئیمان ویردێ کە لە قورئان وەرگیرابێ بۆ هەمووکەس سوودمەندە • دەگێڕنەوە حەزرەتی (خضر) ـ د • خ ـ لە حەزرەتی (محمد) ی پرسی (د • خ) : چ ویردێك بۆ پاراستنی ئیمان سوودی هەیە ؟ ئەویش فەرمووی : لە جیبرەئیلم پرسیوە ، ئەویش فەرموویەتی : لە خوای گەورەم بیستوە فەرموویەتی : هەرکەسێ ئەم ئایەتانەو ئەم سوورەتانە لەپاش هەموو نوێژێك بخوێنێ ئەوە ئیمانی پارێزراو دەبێت : سوورەتی فاتیحە و ، (آیة الكرسی) و ، دوادوایی سوورتی «بقرة» لە «•• لله ما فی السماوات والارض ••»ەوە هەتا دوایی سوورتەکە ، هەروەها ئایەتی «شهد الله انه لا الاه الا هو والملائكة واولوا العلم قائما بالقسط لا الاه الا هو العزيز الحكيم » و ، لەبەینی ئەم ئایەتەو ئایەتی دوایدا ئەو حەدیثەش بخوێنێ کە وارید بوە « وانا اشهد بما شهد الله به واستودع الله هذه الشهادة ، وهی لی عند الله وديعة » جا تەواوی ئایەتی «ان الدين عند الله الاسلام»و ، ئایەتی «قل اللهم مالك الملك •• » تا دەگاتە «بغير حساب» هەروەها سوورەتی «ئیخلاص»و

هەردوو «معوذە»کان بخوێنێ • سوودی تێکڕای هەموو ئەمانە پاراستنی ئیمانەو ، وا سوودی یەکەیەکەیشیان بەتایبەتی بە برادەرانی خۆشەویستم زادەگەیەنم :ـ

لەحەدیثی شەریفدا هەیە کە «آیة الكرسی» گەورەترین ئایەتی قورئانە • هەروەها لە حەدیثێکدا هەیە : هەرکەس لە پاش هەموو نوێژێك (آیة الكرسی) بخوێنێ هیچ شتێ رێگای بەهەشتی لێ ناگرێ مەرگ نەبێ ، واتە : هەر ئەوەندە کە مرد بە ئەهلی بەهەشت ئەژمێردرێ ئیتر نازانم ئاخۆ ئەم حەدیثەو واتای ئەم حەدیثە تەنها بۆ ئەوکەسانەیە کە مەعنای (آیة الكرسی)یەکە بزانن ، یاخۆ بۆ هەموو کەسێکە کە بەئاگاداریی دڵەوە بیخوێنێ ، یا هەرچۆنێ هەبێ ؟• لە فەرموودەی پێغەمبەردا هەیە کە ئایەتەکانی دوادوایی سوورەتی (بقرة) شیفای نەخۆشن ، لەفەرموودەیترا هەیە کە خودای گەورە ئایەتەکانی دوادوایی بەقەرەی خۆشئەوێت ، کەواتە بیانخوێننەوەو ، ژنو منداڵتان فێربکەن ؛ چونکە ئەمانە هەموو قورئانن‌و دوعان •

تایبەتی‌یەتی‌ی ئایەتی [شهد الله •• الآية] لەگەڵ ئایەتەکانی دوادوایی سوورەتی بەقەرە ئەوەیە کە هەرکەسێ ئەم ئایەتە لەگەڵ نەواندا ، پاش هەموو نوێژێ ، بخوێنێ لە رۆژی قیامەتدا ئەو ئینسانە بانگئەکرێت‌و ، خودای گەورە دەفەرموێ : ئەم بەندەی منە لەگەڵ مندا پەیمانی بەستوەو ، من لە هەموو پەیمانداری راستترم بۆ بەجێهێنانی پەیمانی خۆم ، پێویستە ببەن بۆ بەهەشت ، ئیتر کوتوپڕ فریشتەکان دەیبەن بۆ بەهەشت •

ئەی‌برانە ! پایەی پاداشی ئەم ویردە بەجۆرێکە کە لە عەرشدا دەنووسرێت‌و دەمێنێتەوە هەتا رۆژی قیامەت • لە رۆژی قیامەتا فریشتە

بانگ‌ده‌کـا : گێ ئه‌مانه‌تی له‌لای خودا هـــه‌یه‌ با بێت ئه‌مانه‌ته‌کـــه‌ی وه‌ربگرێته‌وه‌و ، له‌وکاته‌دا ویردخوینه‌که پاداشه‌که‌ی ده‌درێته‌ده‌ست • شایانی باســه کـــه هیچ گوناهێك ئاثاری ئه‌و شه‌هاده‌ته لانابات ، به‌لام خواپه‌رستیی‌ترو چاکه‌کردن به‌هۆی گوناه‌کردنه‌وه ئه‌فه‌وتێن ، بۆوێنه : که‌سێ که هه‌ندێ ئیطاعه‌و خواپه‌رستی هه‌بێ ، وه‌کو صه‌ده‌قه‌و چاکــه له‌گه‌ڵ خه‌ڵك کردن ، ئه‌گه‌ر منه‌ت بنێته سه‌ر ئه‌و که‌سه که چاکه‌که‌ی له‌گه‌ڵ کردوه خێره‌که‌ی به‌تاڵده‌بێته‌وه ، هه‌روه‌ها به‌هۆی غه‌یبه‌ت‌کردنو، له‌پاش‌مله به‌خراپی باس‌کردنه‌وه ، گــه‌لێك لـه خێراتی ئه‌و که‌ســه غه‌یبه‌تـکه‌ره ئه‌کوژێته‌وه • ته‌نانه‌ت ده‌گێرنه‌وه کــه لـــه مـــه‌یدانی پاداش‌وه‌رگرتندا خاوه‌ن خێرات شکات ئه‌کات‌و ئه‌ڵێت : من گه‌لێ خێراتم کردوه‌و ، فریشته نووسه‌ره‌کان نه‌یاننوسیوه ! ئه‌نجا وه‌ڵامی ده‌درێته‌وه : به‌ڵێ راسته ئه‌و خێرانه‌ت بوه ، به‌لام به‌هۆی غه‌یبه‌ت‌کردنه‌وه خێره‌کانت لـه نامـه‌ی کرده‌وه‌ت هه‌ڵگیراون‌و له نامـــه‌ی کرده‌وه‌ی کـــابرای غه‌یبه‌تکراودا نووسراون‌و بوون به خێری ئــه‌و • هه‌روه‌ها گــه‌لێ گوناهی گه‌وره هه‌یه ، وه‌کو به‌خیلی به‌خه‌ڵك بردن‌و بوختان بۆ خه‌ڵك هه‌ڵبه‌ستن ، ده‌بنه هۆی کوژانه‌وه‌ی کرده‌وه‌ی خێر له نامه‌ی کرده‌وی ئه‌و موسوڵمانه‌دا ، به‌لام باوه‌ڕ به‌خوا کردن‌و شه‌هاده‌ت‌دان به‌وه‌ی کـــه خودا تاق‌و ته‌نیایه ئه‌وه‌نده گه‌وره‌یه هیچ گوناهێ نایشۆرێته‌وه‌و ، وه‌کو ئه‌مانه‌ت بۆی هه‌ڵده‌گیرێ «لان الله تعالى لا يضيع ودائعه» ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر چاکه‌و کرده‌وه‌ی باشی کابرا ئه‌وه‌نده‌ش نه‌بێ که ببێ به‌هۆی رزگاریی ، ئه‌و شه‌هاده‌ته ده‌بێته هۆی رزگار بوونی له رۆژی قیامه‌ت‌داو ، له‌ئه‌نجامدا ده‌ڕواته به‌هه‌شت •

ریوایه‌ت‌کراوه که (اسمی اعظم) له ئایه‌تی «شهد الله انـه لا الاه

الا هو »دایه • هەروەها دەگێڕنەوە کە یەکێ لە هاوڕێکانی پێغەمبەر (د • خ) کە ناوی (معاذ)ی کوڕی (جبل) بوو لەلای پێغەمبەر (د • خ) سکالای قەرزاری‌و نەداراییی خۆی کرد ، حەزرەت(د • خ) فەرمووی : ئایەتێکت تەسلیم ئەکەم بیخوێنەو دوعای لەگەڵدا بکە ، ئەگەر بەقەدەر کێوی (احد) قەرزت لەسەر بێ خودای گەورە بۆت ئەداتەوە : هەموو رۆژی بڵێ : »قل اللهم مالك الملك تؤتي الملك من تشاء ، وتمنع الملك ممن تشاء ، وتعز من تشاء وتذل من تشاء ،بيدك الخير انك على كل شيء قدير، تولج الليل في النهار وتولج النهار في الليل ، وتخرج الحي من الميت ، وتخرج الميت من الحي ، وترزق من تشاء بغير حساب » وە بەشوێنی ئەم ئایەتەدا بڵێ :ــ «رحمن الدنيا والآخرة ورحيمهما تعطى من تشاء وتمنع من تشاء » وە لە ریوایەتێکی‌تردا «تعطيهما من تشاء وتمنع منهما من تشاء ، فارحمني رحمة تغنيني بها عن رحمة من سواك ، اللهم اغنني من الفقر ، واقض عني الدين ، وقوني في عبادتك وجهاد في سبيلك يا ارحم الراحمين » •

لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتوە سوورەتی « اخلاص » واتە : « قل هو الله احد • الآية » بەقەدەر سێ‌یەکی قورئان پاداشی هەیە • هەروەها لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتوە : کە هەرکەس هەزار جار ئەم سوورەتە بخوێنێ نامرێ هەتا جێگای خۆی نەبینێ لەبەهەشتدا ، بەتایبەتی ئەگەر لە رۆژی « عەرەفە » دا هەزار جار ئەم سوورەتەی خوێند دوعاو نزای لای خودا وەردەگیرێت • هەروەها لە ریوایەتێکی‌تردا دەڵێت : ئەوکەسە نەفسی خۆی لەخودا کڕیوە • لە ریواتەتێکی‌تردا دەڵێت : خوێندنی سوورەتی ئیخلاص بۆ خۆی‌و ئەهل‌و ئەولادی قازانجی هەیەو ، بەرەکەتی زۆرە • لە فەرموودەیەکی‌تردا هەیە کە هەرکەس

لەپاش هەموو نوێژێك دوانزە جار سوورەتی ئیخلاص بخوێنێ گوناهی عەفو ئەکرێتو ڕەزای خودا دەبارێتە سەری • لە فەرموودەیەکی تردا هاتوە کە خوێندنی ئەم سوورەتە ئەبێتە هۆی ئەوەی لە بەلای هاوبەش بۆ خوا دانان دوور بکەوێتەوەو ، فریشتەی بەزەیی لێی نزیك ببێتەوەو ، ئەهریمەنەکان لێی دووربکەونەوە ، ئەو سوورتە بەدەوری عەرشدا دەسوورێتەوەو لە خودای گەورە دەپاڕێتەوەو ، ئەلێ : خودایا ڕەحم بەو کەسە بکە کە بە خوێندنەوەی منەوە خەریك بوە •

لە حەدیثێکی تردا هەیە کە هەرکەس ئەڕواتەوە بۆ ماڵی خۆی لەو کاتەدا بە مەنزڵەکەی ئەگات سەلام بکاتو یەکجار سوورەتی (قل هو الله) بخوێنێ هەتا دوایی سوورەتەکە ، ئەوە شوێنەکەی لە هەژاری پاك دەبێتەوەو خودای گەورە رزقو ڕۆزییان بۆ زیادئەکات • هەروەها دەگێڕنەوە : کە هاوڕێی پێغەمبەر (مەعاذ) (ر • خ) لە خزمەتی پێغەمبەردا (د • خ) سکاڵای دەردی هەژاریی خۆی کرد ، ئەویش پێی فەرموو : هەرکاتێ چوویتەوە ماڵی خۆت ئەگەر کەس لەوێ بوو سلاوی لێ بکەو ، ئەگەر کەس نەبوو سلاو لە نەفسی خۆت بکە بە لەفظی (السلام علینا وعلی عباد الله الصالحین) ، ئەنجا سوورەتی ئیخلاص بخوێنە • (معاذ) خودای لێ ڕازی بێت ئەم ئاموژگارییەی وەرگرتو ، پەیڕەوی کرد ؛ ئەوەندەی پێ نەچوو کە خودای گەورە دەرووی لێ کردوەو ڕۆزیی زیاد کرد بەجۆرێ کە مەعاذ (ر • خ) خزمەتی دراوسێکانی خۆیشی ئەکرد •

دەگێڕدرێتەوە کە حەزرەتی جوبرەئیل هات بۆلای حەزرەت بە شێوەو هەیبەتێك کە دەشتو کێوی داگرتو ، فەرمووی ئەی محمد ! ئەتەوێ حازری نوێژی جەنازەی (معاویە)ی کوڕی (معاویە)ی مەزەنی بیت ؟• حەزرەت (د • خ) ئەفەرمووێ : منیش حازری جەنازەکەی

بووم‌و ، نوێژەکەیم کرد ، دیم دوو ڕیز لە فریشتەکانیش نوێژی بەسەرەوە ئەکەن •• پرسیم ئەی جوبرەئیل ! موعاویە بەهۆی کام کردەوەیەوە بەم‌پایەیە گەیشتوە ؟ ، ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی : لەبەرئەوە کە سوورەتی (ئیخلاص)ی خۆش ئەویست‌و ، لە هەستان‌و دانیشتن‌و هاتوچۆدا ، واتە : لە هەموو کاتێکدا خوێندوویەتی • لە فەرموودەیەکی تری پێغەمبەردا هاتوە : ئەگەر کەسێ ویستی بۆ سەفەر بڕوات هەردوو دەستی بە هەردوو لای دەرگای خانووەکەیەوە بگرێت‌و ، پانزەجار سوورەتی ئیخلاص بخوێنێ ، خودای گەورە ئەو ماڵ‌و حاڵەی بۆ ئەپارێزێت هەتا لەسەفەر دەگەڕێتەوە •

لە حەدیثێ‌تردا فەرموویە : خوێندنی (قل هو الله احد)و (معوذتین) سێ‌جار سێ‌جار بەستە بۆ پاراستنت لە هەموو شتێ ، بۆ هەموو کەسێ لە خەواص‌و عەوام‌و ، تێکرای ئەمانە کە باسمان‌کردن بۆ پاراستنی ئیمان بەسوودەو ، خوێندنی ئەمانە لەگەڵ تێگەیشتنی مەعناکەیاندا پاداشیان زۆرە • لە هەندێ ریوایەتدا دەڵێت : دەبنە هۆی پاراستنی ئیمان ، هەرچەند بە بێ تێگەیشتنی مەعناکەشیان خێرو پاداشیان گەورەیە • لە حەدیثێکی‌تردا دەفەرموێت : (معوذتین)زۆر بخوێنن ؛ لەپاش مردن خودا ئێوە بە (معوذتین)دەگەیەنێت‌و ، ئەم دوو سوورەتە قەبرەکانتان بۆ رووناك ئەکاتەوەو ئەهریمەنتان لێ دوورئەخاتەوەو ، خێرو پاداشتان بۆ زۆر ئەکات‌و سەنگی چاکەتان لە رۆژی پاداشدا سەنگین ئەکات‌و شارەزاتان ئەکا بۆ بەهەشت‌و لە بەهەشتا هەتاهەتایە دەوام‌ئەکات •

شێخ (جلال الدین)ی سیوطی (ر • خ)لە (عقبەی) کوڕی (عامر)ەوە دەگێڕێتەوە کە حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی :ــ « لن تقرأ سورة احب الی الله ولا ابلغ من (قل اعوذ برب الفلق)و (قل اعوذ برب الناس) فـان

استطعت ان لا تدعهما في صــــلاة فافعل»واته : هـــەرگیز سوورەتێك ناخوێنیتەوە کە لای خوا خۆشەویستتر بێت لــە سوورەتی (قل اعوذ برب الفلق) و (قل اعوذ برب الناس)و ، ئەگەر ئەتوانیت لـــە هیچ نوێژێـکدا تەرکیان نەکەیت تەرکیان مەکە •

برابنە ! (منجیاتی سبعە) واتە : حەوت‌رزگارکەرەکە ، بـکەن بـــە ویردی سبەینی‌و ئێوارەتان ، ئەوانەش حـــەوت سوورەتن دەبنە هـۆی رزگاربوونی ئەوکەسانەی ئەیانخوێننەوە لە بەڵای جیهان‌و سزای رۆژی قیامـــــەت :ـ

یەکەم : سوورەتی ئەلیف‌لام میمی سوجدە • دووەم : ســـوورەتی یاسین • سێیەم : سوورەتی حامیمی دوخـــان • چـــوارەم : سوورەتی «اذا وقعت» • پێنجەم : سوورەتی (تبارك الذی بیـــدە الملك) • شەشــەم سوورەتی «هـل اتی» • حـــەوتەم : سوورەتی (الم نشرح) • تایبەتیەتی ئەم‌سوورەتانە بەتێـــکڕایی ئەوەبوو کـــە وتمـــان ، وا تایبەتی‌یەتی‌ی یەکەیەکەیشیانتان بۆ باس‌ئەکەم :

ریوایەت‌کراوە : هـەرکەس ســوورەتی ئەلیف‌لام‌میمی سوجـدەو (تبارك الذی بیـــدە الملك) لەنێوان مەغریب‌و عیشـــادا بخـوێنێ ، لـــە ریوایەتێکی‌تردا : لە پاش عیشاو پێش نووستنا بیانخوێنێ لە فیتنەی پرسیاری (نەکیرو مونکەر)ۆ ، لـــە سزای گۆڕ پارێزراو دەبێت • مەبەس لـــەم فەرموودەیە ئەوەیە هەر پرسیاری لێ ناکرێ لە قەبردا ، یا بەئاسانی وەڵامی ئـەو دوو فریشتانە دەداتەوە بەجۆرێ کە خودای گەورە بـــە میهرەبانی‌ی خۆی دوو فریشتەی بۆ دەنێرێ کە وەڵامی پرسیارەکانی فێربکەن •

ریوایەت‌کراوە : هەرکەس هەموو شەوێ سوورەتی (یاسین) بخوێنێ،

کاتێ کە مرد پایەی شەهیدی دەبێتو ، لە کاتی سەرەمەرگدا تینووی نابێتو ، ئەهریمەنی بەد لەو کاتە نالەبارەدا بەسەریا زاڵ نابێت •

ریوایەت کراوە کە هەموو شت دڵی هەیەو ، دڵی قورئانیش سوورەتی یاسینە ، چونکە پوختەی قورئان کە خوابەیەکزانینەو بەڵگەو دەلیلەکانی ئەم یەکیەتی یەو ، بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی ی حەزرەتی محمد (د • خ)و ، رێزگرتن لە قورئانو ، گەلێ پەندو ئامۆژگاریو بەڵێنو هەڕەشەی تێدا کۆبوەتەوە •

ریوایەت کراوە کە سوورەتی (یاسین) بەقەدەر دە جار خوێندنی قورئان ، کە سوورەتی (یاسین)ی تێدا نەبێ خێرو پاداشی هەیە • هەروەها لە حەدیثێکی درێژدا باس کراوە کە ئەگەر یەکێ خواردەمەنیەکی کەمی هەبێو ترسی ئەوەی بێ کە بەش نەکات ، ئەگەر سوورەتی یاسینی بەسەردا بخوێنێ خودای گەورە بەرەکەتی تێئەخاتو ئەو خواردەمەنیە کیفایەت ئەکات • گێڕراوەتەوە کە ئەگەر سوورەتی (یاسین) بنوسرێتەوەو لەئاوا بشۆرزێتەوە ، هەرکەس ئەو ئاوە بخواتەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نووری رەحمەت بچێتە دەروونیو رەحمەتو ناساغی لە لەشی دەربچێتو ، گومانو خەیاڵی نابازی لێ دوورکەوێتەوە •

لە ریوایەتێکی تردا باس کراوە : هەرکەس ناساغ بێو سوورەتی (یاسین)ی بەسەرا بخوێنرێتەوە خودا حاڵی نەخۆشی یەکەی سووك دەکاتو ، ئەگەر بمرێ گیاندەرچوونی ئاسان دەبێ • زانایانی ئایین فەرموویانە : هەرکاتێ ترست لە شتێ پەیدا کرد ، دوژمن بێ یا غەیری دوژمن سوورەتی (یاسین) بخوێنە بەنیازی لادانو نەهێشتنی شەڕو زیانی ئەو شتە خودا رزگارت ئەکات • ریوایەت کراوە کە لە

تەوراتدا مەدحی سوورەتی یاسین هەیەو ، ناوی یاسینی بردوە بە چوار ناو :

١ ـ (صعودە) کە دەبێتە هۆی بەرزەوەبوونی بەڵا لەو کەسەی کە ئەیخوێنێتەوە • ٢ ـ (دافعە) چونکە دەفعی بەڵا ئەکات لەو کەسەی کە ئەیخوێنێتەوە • ٣ ـ (عزیزە) چونکە لای فریشتەکان زۆر بەعیززەتو حورمەتەو ، عەزیزەی پێئەڵێن • ٤ ـ (قاضیە) چونکە دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی پێویستیو لابردنی داماوی‌ی ئەوکەسەی ئەیخوێنێتەوە •

ریوایەت کراوە : هەرکەس لە بەیانی‌دا ئەم سوورەتە بەنیازی چاری داماوی‌و جێبەجێکردنی پێویستی بخوێنێ خودای گەورە پێویستی‌ی ئەو رۆژەی جێبەجێ ئەکات ، هەروەها هەر کەسێ لە شەودا بیخوێنێ خوا پێویستیەکانی ئەو شەوەی بۆ جێبەجێ دەکات •

هەروەها ریوایەت کراوە هەرکەسێ سبەینان حامیمی دوخان بخوێنێ هەفتا هەزار فریشتە دوعای خێری بۆ ئەکەن ، ئەگەر لە رۆژا بیخوێنێ تا شەو دوعای خێری بۆئەکەنو ، ئەگەر لە شەوا بیخوێنێ هەتا رۆژئەبێتەوە دوعای خێری بۆ ئەکەن •

ریوایەت کراوە هەرکەس هەمووشەوێ سوورەتی [اذا وقعت الواقعة] بخوێنێ و ، تەرکی نەکات ، هەرگیز فەقیری‌و بێنەوایی بەسەرا نایەت • هەروەها ریوایەت کراوە کە حەزرەت (د • خ) فەرمووی بە هاوڕێکانی : سوورەتی دەوڵەمەندی فێری خێزانەکانتان بکەن • عەرزیان‌کرد : سوورەتی دەوڵەمەندی کامەیە ؟ فەرمووی : سوورەتی [اذا وقعت الواقعة]یە •

ئەی براینە لەو حەدیثانەدا کە بەیان‌کراوە ئەم سوورەتە قازانجی

بۆ رزق‌و رۆزی هه‌یه ، مانای وایـــه هه‌رچۆن بۆ رزق‌و رۆزی دنیـــا به‌سووده ، هه‌روه‌ها بۆ رزقی قیامه‌تیش کـه بریتی‌یه له زیاده عـه‌فوی خواو پایه‌به‌رزی لـــه به‌هه‌شتدا به‌سووده ، رزقی دنیا ئه‌بڕێته‌وه ، به‌ڵام رزقی قیامه‌ت نابڕێتـه‌وه • وه ئه‌گه‌ر موسوڵمان زۆرتر مه‌به‌ستی رزق‌و رۆزی قیامه‌ت بێ له‌وکاته‌دا کارکردنی ئه‌م سووره‌ته بۆ رزق‌و رۆزی دنیا زۆرتر ئه‌بێ • من خۆم حسێبم کردوه که خێرو پاداشی خوێندنی سووره‌تی (اذا وقعت) له یه‌ك‌جاردا ئه‌گاته هه‌ژده‌هه‌زارو نه‌وه‌د حه‌سه‌نه •• به‌خ •• به‌خ ئه‌م حه‌سه‌ناته بۆ ئینسان چه‌ندێ لـــه حه‌سه‌ناتی دنیا به‌سوودتره • ئه‌مثالی ئه‌مانه که بۆ زیاده‌ی رزق‌و رۆزی ئه‌خوێنرێن وه‌کو سبحان الله کردنی مه‌ئمومی‌یه که ئیمامه‌که‌ی له سه‌هو پێ ئاگادار ده‌کاته‌وه ؛ ئـه‌وه ئه‌گه‌ر ئه‌و (سبحان الله)یه ئه‌یخوێنێ به‌نییه‌تی ذیکرو ئاگادارکردن یا هه‌ر به نییه‌تی ذیکر بێت ئـه‌وا دوو فائیده‌ی تیـــایه : پاداشی ته‌سبیح‌و پاداشی ئاگادارکردنه‌وه‌ی ئیمام ، خۆ ئه‌گه‌ر هه‌ر به نییه‌تی ئاگادارکردنه‌وه‌ی ئیمام بێ ئه‌وا نوێژه‌که‌ی به‌تاڵ‌ئه‌بێته‌وه ، ئه‌وکه‌سه‌یش ئه‌م سووره‌تانه بخوێنێ ئه‌گه‌ر هه‌ر له‌به‌ر ره‌زامه‌ندی‌ی خودا بێت ، یا له‌به‌ر ره‌زامه‌ندی‌ی خوداو به‌جێ‌هاتنی هیواکه‌ی خۆی بێت ، ئه‌وا ره‌زامه‌ندی‌ی خـوداو مه‌به‌سته خارجی‌یه‌که‌شی بۆ ئه‌بێت • به‌ڵام ئه‌گـــه‌ر هـــه‌ر به‌نیازی هاتنـه‌دی‌ی مه‌به‌سته‌که‌ی خۆی بێ ئه‌وه بێ‌سوود ئه‌بێ ، نـه سوودی ئایینی‌و نـــه سوودی دنیایی هیچیانی ده‌س‌ناکه‌وێ ، کـه‌وابوو ده‌رده‌که‌وێت ئـــه‌و که‌سانه‌ی ئه‌م سووره‌تانه ئه‌خوێنن‌و هیچ‌شتێ نابینن ئه‌وه له‌به‌رئه‌وه‌یه که به‌نیازی گه‌یشتن به ئاره‌زووی دنیایی خوێندوویانه ، بۆیه لـــه پاداشی قیامه‌ت‌و له سوودی دنیاش بێ‌به‌ش بوون • پێویسته ئاگاداربن له‌م باسه•

چه‌ند حه‌دیث ده‌رباره‌ی گه‌وره‌یی سووره‌تی ته‌بارەك وارید بووه •

لە ریوایەتێکا ئەفەرموێت : ئاگادار بووم لەوە کە سوورەتی (تەبارەك) شەفاعەتی دەکرد بۆ یەکێ هەتا خوای گەورە لێی خۆش‌بوو • لە حەدیثێکی تردا دەفەرموێ : «هي المنجية من عذاب القبر» واتە : هەر خوێندنی سوورەتی (تەبارەك) موسوڵمان لە سزای قەبر رزگار دەکات ، ئیتر مەعنای حەصرەکە ئەوە نیە کە هەر تەنها ئەم سوورەتە ئینسان لە سزای گۆڕ رزگار دەکات ، هەتا مەعناکەی ئەوە بگەیەنێت کە باقی طاعەت‌و تۆبەی مەقبوول ئینسان لە سزای گۆڕ رزگار ناکەن •هەروەها هەڵدەگرێ مەعنای حەصرەکە وەهابێ کە تەوبەی وەرگیراو دەبێتە هۆی بووردنی خودا لە تاوان بە شێوەی تکا (شفاعت) ، بەڵام سوورەتی (تەبارەك) دەبێتە هۆی بووردنی‌خودا لە تاوان بەشێوەی تکاو بە شێوەی موجادەلەکردن لەگەڵ فریشتەی سزاداندا •

لە حەدیثێکی پێغەمبەردا باس‌کراوە : کە یەکێك مردو ، بێجگە لە سوورەتی (تبارك) هیچی لەبەرنەبوو ، کاتێ کە خرایە گۆڕو ، فریشتەکانی پرسیار لە ڕاسەری راوەستان ، سوورەتی (تبارك) لە بەرامبەریان راوەستا ، ئەنجا فریشتەی پرسیار پێی‌گوت : من ناتوانم تۆ عاجز بکەم‌و ، نە ئێمەو نە تۆ ناتوانین بێ‌فەرمانی خودا بکەین ، جا ئەگەر ئەتەوێ ئەم شەخصە ڕزگار ببێ لە سزا بڕۆ لای خودای گەورە تکای بۆ بکە بەڵکو خوا لێی‌خۆش‌ببێ ، سوورەتەکەش رۆیشتە ئەو جێگەیە کە بۆ سکاڵاو پاڕانەوە دیاری کراوەو ، عەرزی بارەگای هەرەپیرۆزی کردو ، وتی : خودایا ! فلانە بەندەی تۆ لە قورئاندا منی پەسەند کردوەو هەڵی‌بژاردووم هەتا شەوو رۆژ بمخوێنێ ، ئیستە تکام‌وایە کە لە ئاگری دۆزەخدا سزای نەدەی ، خوای گەورەش بە میهرەبانی‌و بەزەیی خۆی ئەفەرموێ : وا ئەوکەسەم بە تۆ بەخشی‌و ،

هەرچی تاوانی هەیە لێی‌بووردم(١) جا پاش ئەمە ئەو سوورەتە هـــاتو فریشتەی سزاکەی لێ دوورخستەوەو ، دەمی نایە ســەر دەمی‌و وتی : مەرحەبا لەم دەمەی کــە زۆر جار منی خوێندوەتەوە ، مەرحەبا لــەم سینەیە کە منی لەبەرکردوە ، مەرحــەبا لــەم پێیە کــە خاوەنەکــەی لەسەری ڕاوەستاوەو منی خوێندوەتەوە ، جا کاتێ کە حەزرەت (د٠خ)ئەم بەیانەی فەرموو موسوڵمانانی شــاری (مەدینــەی پیرۆز) هـــەموو ئەم ســـوورەتی (تبارك)ەیان لەبەرکردو ، حـــەزرەت (د • خ) ناوی نا سوورەتی (منجیە) یانی : ڕزگارکەری موسوڵمانان لە سزای گۆڕ •

لە حەدیثێکی‌تردا حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : پێم‌خۆشە کـە سوورەتی (تبارك الذی بیده الملك)لە دڵی هەموو موسوڵمانێکدا جێگە بـگرێ ، یانی : ئەوەندە ئـەم سوورەتە پایەی هەیە لە لای خوداو ، بۆ موسوڵمانان بەسوودە • هەروەهـــا لـــە حەدیثێکی‌تردا فەرموویەتی : هەرکەس لەپێش نووستندا سوورەتی (تبارك) بخوێنێ ، کــە نووست خودای گەورە فریشتەیەك ڕەوانە دەکاتو ئەمری پێ دەکات کـــە بـە پەڕوباڵی خۆی ئەوکەسە بپارێزێو داپۆشێ هــەتا خەبەری دەبێتەوە • لە حەدیثێکی‌تردا فەرموویەتی : هەر ئەم سوورەتەیە کە لە گۆڕدا لەسەر خاوەنەکەی دێتە جوابو دیفاعی لێ‌دەکات ؛ بۆیە ناوبراوە بە سوورەتی (مجادله) واتە جەدەل‌کەر •

لە حەدیثێکی‌تردا هــەیە کە لــە ڕۆژی قیامەتدا شەخصێ دێنن بۆ مەیدانی لێ‌پرسینەوە ، کە لە دنیادا هەر گوناهێکی بۆ هەڵکەوتبێ تەرکی

(١) ئەم عیبارەتانە کە لە حەدیثی شەریفدا هەن لەسەر بناغــەی تەشبیهی مەعقوول بە مەحسووسەو ، بە شـێوەی کینــــایە بەکارهێنراوان ، بۆ نمونە : جیدالی سوورەتی (تبارك) مەعنای ئەوەیە خودا دەیکا بەهۆی عەفوی تاوانبارەکە •

نەکردوە ، بەڵام هەر ئەوەندە بووە کە ئیمانی بووە ، لە قورئانیش هـەر سوورەتی (تبارك)ی خوێندوەتەوە، ئەم موسوڵمانە شایانی سزای دۆزەخ دەبێ ، کوتوپڕ لەوێدا سوورەتی (تبارك) لـــە شێوەی باڵندەیەکدا لـــە سینەیەوە دێتەدەرەوەو دەس دەکات بە سکاڵاو پاڕانەوە لە بەرقاپی خودای گەورەدا تا عەفوی دەکات •

براینە ! گەورەیی پایەی ئەم سوورەتی (مولك)ەو سوورەتەکانی تری سەبعەی مونجیە لەمە زیاترە کە من باسم کرد ، بەڵام ئەم ئەندازەیە کـــە لێرەدا باسم کرد بەسە •

هەروەها سێ ئایەتی تر هەن لە سوورەتی (روم)دان :

(١) ـ «فسبحان الله حين تمسون وحين تصبحون • (٢) ـ ولـه الحمد في السماوات والارض وعشيا وحيـن تظهـرون • (٣) ـ يخرج الحي من الميت ويخرج الميت من الحي ، ويحيى الارض بعـد موتهـا ، وكذلك تخرجون» ئەمانەش بکەن بە ویردی خۆتان لە سبەینیو ئێواراندا چونکە لە فەرموودەی بەرزی پێغەمبەردا هەیە : هەرکەس ئەم ئایەتانە لە سبەینێکاندا بخوێنێ هـــەرچی خواپەرستییەك لـــەورۆژەدا لەدەستی دەرچووبێ تۆڵەی وەرئەگرێتەوەو ، ئەگـەر لەئێواراندا بیانخـوێنێتەوە هەرچی لەوشەوەدا لەدەستی دەربچێ تۆڵەی وەرئەگرێتەوە ، واتە : ئەو ئایەتانە دەبنە هۆی پڕکردنەوەی کەموکورتیی ئـــەو شـــەوو رۆژە ، تەنانەت خودای گەورە کە دەرحەق بە حەزرەتی ئیبراهیم (د • خ)دەڵێ : «وابراهيم الذى وفى» ئـەم صیفەتی وەفایەی لەبەرئەوە بۆ ئیثبات کردوە چونـکە لە کتێبەکەی خۆیدا ئەم ویردەی خوێندوەتەوە کە باسمان کرد ، واتە : عیبارەتێکی وەهای خوێندوەتەوە مەعنای ئەم ئایەتانەی بەخشیوە •

له فەرموودەی تردا هەیە : هەرکەس کاتێ کـــه رۆژی لێ بووەوە هەزار جار (سبحان الله وبحمده) بخوێنێ ئەوە بێ گومان نەفسی خـۆی لە خودای گەورە کڕیوە ، بەڵام پێویستە مەعناکەی بزانێ •

لە دوادوایی سوورەتی (حشر)دا لە ئایەتی (لا یستوی اصحـــاب النار واصحاب الجنة)وە تا ئاخری سوورەتەکە هەرکەس بیخوێنیتەوە ئەوە لەو شەوو رۆژەدا هەر گوناهێکی بچووکی کردبێ لەسەری لائەچێ • لە ریوایەتێکی تردا هەیە :ــ ئەگەر لە رۆژا ئەو ئایەتانە بخوێنێ‌و بمرێ پایەی شەهیدیی دەستدەکەوێ •

لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا هەیە : هەرکەس ئەیەوێ بە [اسمی اعظم] بگات لە سەرەتای سوورەتی حەدیدەوە ، هەتا دوایی دە ئایەت‌و ، لـــه دوادوایی سوورەتی حـــەشرەوە لە ئایەتی (لایستوی)یەوە تا دوایی سوورەتەکە بخوێنێتەوە ، ئەمجار بڵێت « یامن هو کذلك ولیس کذلك شیء غیرك ، اسألك کذا وکذا» خودای گەورە ئەو نزایە لێ قبول ئەکات• ئیمامی عەلی (ر • خ) فەرمووی بە (براء) ــ ر • خ ــ : والله ئەگەر بەم ئایەت‌و دوعایە دوعا لە من بکری کە بڕۆم بە ناخی عەرزدا ، دەڕۆم •

لە فەرموودەیەکی تری پێغەمبەردا (د • خ) هاتوە : هەرکەسێ لـــه سبەینـــاندا دوادوایی سوورەتی حەشر بخوێنێ حەفتاهەزار مەلائیـــکە دوعای خێری بۆ ئەکەن‌و ، لە شەڕو بەدیی ئەهریمەنە راستەقینەکان‌و ئەهریمەنەکانی لە پێستی ئادەمزادان رزگار دەبێ • وە ئەگەر لە شەودا بیخوێنێ هەروەها مەلائیکەکان دوعای بۆ ئەکەن •

براکـــانم ! واجبـــە لەســـەر ئینسانی موسوڵمان لەم بێ‌هۆشی‌و بێ‌ئاگاییە وریابێتەوەو ، ئەم ویردانە هەموویان یا هەندێکیان بخوێنێ‌و ،

بیانکات بە ویردی سبەینێو ئێوارەی • هەروەها دوو کەلیمەی شەهادەت (اشهد ان لا الاه الا الله واشهد ان محمــدا رسول الله) بـکەنە ویردی خۆتانو ، وشەی (الله)و وشەی (لا الاه الا الله) لەگەڵ مەعنادا بکەن بە ویردی خۆتان هەتا بە غافڵی نەمێننەوە • بێگومان خوێندنی ئەم وشـەو رستانە بۆ کەسێکی خاوەن تەوفیق زۆر ئاسانەو • ئەم وشەو رستانە زۆر بەبەرەکەتو خاوەن پاداشتن ، بڕیاربدەن بیانکەن بەویردی زمانتان ، ئیتر ژمارە هەرچەند بێ ئارەزووی خۆتانە ، بەڵام لەگەڵ ئاگاداریی دڵدا بیخوێنن بەڵکو بە بەختیاری بگەن •

لای کـــەمی صەڵەواتێکی بچووك بـــکەن بە ویردی خۆتانو ، مەعناکەی فێربنو ، جاربەجار لەگەڵ ئاگادارىو وریاییدڵدا بیخوێنن ، ئەگـــەر وریایی دڵتان نەبوو هیوا وایە کـــە بە پیرۆزیی صەڵەواتەکەوە قبوڵ بکرێ • ئەمە خاصیەتی صەڵەواتە کـە لەپاش زانینی مەعنا ئەگـــەر بـــە غـــافڵیش بخوێنرێ مەقبووڵە ، بەڵام ئەورادەکـــانیتر بە غـــافڵی بخوێنرێن قبوول نابن ، واتە : پاداشو ثەوابیان زۆر نابێ ، بەڵام پاداشی ئەصڵی ذیکرو تەسبیحەکە نافەوتێ •

براکان ! قسەی ئادەمزاد چەند زۆرە ، ئەسبابی رزگاری لە سزای قیامەتیش ئەوەندە زۆرەو ، ئێمە گەلێك تێدەکۆشین بۆ دنیاو زەحمـــەت ئەکێشین ، جا ئەگەر عەقلو ئینصافمان بێ پێویستە بەزەییمان بەخۆماندا بێتەوەو ، بۆ هۆیەکانی رزگاریمان لە قیامەتدا تێبکۆشین • خـــودا بـــە میهرەبانی خۆی لە تاوانو گوناهمان چاوپۆشی بکات •

براکان ! سزای قیامـــەت لـــە سزای دنیا زۆر تیژترە ، هەروەکو لەززەتو خۆشیی قیامەت گەلێك لە لەززەتو خۆشیی دنیا زۆرترەو ، لـــە راستیدا دنیا ، بە هەموو خۆشیو ناخۆشییەکیەوە ، لە چاوی قیامەتدا

شتێكی زۆر كەمە ، هەروەكو ریوایەت كراوە : « ما مثل الدنيا في الآخرة الا كما يغمس احدكم اصبعه في اليم ، فانظر بم يرجع ؟ » واتە : ئەم دنیایە بە چاكو خراپیەوە لەچاو ئەو دنیای‌تردا وەكو ئەوەیە كە یەكێك لە ئێوە پەنجەی بژەنێ بە دەریادا ، ئاخۆ چەندێك ئاوی لەگەڵ دێ ؟ نیسبەتی سزاو خوشیی ئەمدنیا لەگەڵ سزاو خۆشیی قیامەتدا بەمجۆرەیە .

خودا بە میهرەبانیی خۆی لە سزای دنیاو قیامەت بمانپارێزیو ، لە خۆشیی دنیاو قیامەت بەشدارمان بكات ، ئامین یارب العالمين .

نامەی دوازدەهەم

باسی نەکردنی نوێژی جومعەو جەماعەتە

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين ، والصلاة والسلام على رسول اللهوعلى آله وصحبه واتباعه باحسان الى يوم الدين .

پاش ئەمە ، براکانم ! بزانن نیشانەی موسوڵمان ئەوەیە کە لە ئامۆژگاری ئایینی سوود وەربگرێو ، لە بیستنی وەعظو نەصیحەت تێر نەبێ . خودای گەورە فەرموویەتی : « وذكر فان الذكرى تنفع المؤمنين »واتە : ئەی پێغەمبەری رەهبەر خوداو دینی خودا بخەرەوە بیری خەڵک ؛ چونکە بەراستی ئەم ئامۆژگاری‌یەو ئەم بیرخستنەوەی دینە زۆر سوود دەگەیەنێت بەوانەی باوەڕیان هەیە . لەم ئایەتە پیرۆزەوە دەردەکەوێ هەرکەسێ سوودوەربگرێ لە ئامۆژگاریی ئایینی ئەوە ئەهلی ئیمانە ؛ جا ئەم موژدە (ما شاء الله)ی ئەوێت .

لـه حـــەدیثی پیرۆزدا هـەیە : هەرکەسێ مەسئەلەیەکی ئایینی فێر ببێو بە یەکێکی تری بڵێتو فێری بکات ، ئەوە بەقەدەر هەزار رکات نوێژ پاداش و ئەواب وەرئەگرێ ، جـــا کەوابێ ئەم نامەیە گەورەترین دیاری یە •

براکانم ! لەمەوپێش لە بابەتی خوێندنی فاتیحەو تەحیاتو ئەوانەی نوێژ بەتاڵ ئەکـەنەوە بۆم نووسین ، ان شاء الله کـــارتان پێ کـردوەو سوودتان لێ وەرگرتوە ، جا کە نوێژەکانتان دروست بوو بۆئەوە ئەشێن کە بە جەماعەتیش بیــکەن • لەم نامەدا باسی تەرکی جەماعەتو تەرکی جومعەتان بۆ ئەکەم ، بە هیوای ئەوەی سوودی لێ وەربـگرن • نوێژی جەماعەت بەلای ئیمامی ئەحمەدەوە (ر • خ) فەرزی عەینەو ، لای ئیمامی شافیعی (ر • خ)فەرزی کیفایەیەو ، بە هەردوو شێوەکە زاناکانی ئایین تەرکی جەماعەتیان بـــە گوناهی گـــەورە ژماردوەو ، هـــەر دێیەك یا ئەڕەکێك لە شارێکدا واز لە جەماعەت بێنن ئەهلی ئەو شوێنە هـــەموو شەوو رۆژێك پێنج جار بە گوناهی گەورە گوناهبار دەبن و ، هـــەموو مانگێ ، کـــە (٣٠) رۆژ بێ صەدوپەنجـا گوناهی گەورەیان لەسـەر دەنووسرێ بەهۆی وازهێنان لـــە نوێژی جەماعەتو ، هـــەموو ساڵێ (١٨٠٠) گوناهی گەورە دێتە سـەر هەموو نێرینەیەکی باڵغی عاقل لـەو شوێنەدا •

ئەی براینە ! دەخیلتانبم ! ئەوانەتان کە گیرۆدەی تەرکی جەماعەت بوون لەم بارە نابارە کە لە تاقەتو توانادا نیە خۆتان رزگـــار بـکەن • نوێژی جەماعـــەت ، چ فەرزی کیفایە بێ یا فەرزی عەین ، چـــەند فائیدەیەکی بەنرخی هەیە ، کـــە هەندێ لەوانە دەگەڕێنەوە بۆ نەفسی

مەئموومەکەو ، هەندێکیان دەگەڕێنەوە بۆ هەموو حازرەکان لە ئیمامو مەئموم • هەندێ لەوانەش دەگەڕێنەوە بۆ هەموو موسوڵمانان •

لە فائیدەی جۆری یەکەمە کە نوێژکەر لەناو جەماعەتدا لە سەهوکردن ئەمین دەبێو ، لە پەرستیاریی خودادا دەچێتە ریزی کۆمەڵی موسوڵمانانەوە • لە فائیدەی جۆری دووەمە کە دڵی نوێژکەر لەگەڵ موسوڵمانانی حازری مزگەوتدا رێك دەکەوێتو ، خودای گەورە بە چاوی میهرەبانی تەماشای هەموو نوێژکەرەکان ئەکات ، چونکە هەندێ لە مەعنالێدەرەوەکانی قورئان فەرموویانە : مەبەس لە بانگکردن بۆ خەیر لە ئایەتی «ولتکن منکم امة یدعون الی الخیر» بانگکردنە بۆ ئولفەتگرتنی موسوڵمان لەگەڵ موسوڵماندا • هەروەها لە فائیدەکانی جۆری دووەمە کە خووی بەدی لەخۆرازیبوونو رووپامایی ئینسان لەناو جەماعەتدا نامێنێ ؛ چونکە بەهۆی زۆریی حازربووانی جەماعەت ئەو نوێژکەرە پایەیەکی تایبەتی بۆ خۆی نابینێ ، بەڵکو خۆی بە یەکێ لەو کۆمەڵە ئەژمێرێ ، رزگاربوونیش لەم جۆرە خووە بەشێکی گەورەیە • رزگاربوون لە خۆبەزلزانین لە فائیدەکانی جۆری دووەمە ، کە خۆبەگەورەزانین بەسەرخەڵکدا گوناهێکی گەورەیە ؛ چونکە تەماشائەکات یەکێکی لە خۆی کەمتر لە ماڵو حاڵدا بوە بە ئیمامو ، ئەمیش دوای دەکەوێتو ملی بۆ رادەکێشێو لە هەستانو دانیشتنو رکووعو سجووددا پەیرەوی دەکات ، بەڵێ گەلێ کەس هەن لەبەر فێزو خۆبەزلزانین لە پشت هەندێ کەسەوە نوێژناکەن •

لە فائیدەکانی جۆری سێهەمە : کە بەهۆی حازربوونی موسوڵمانانەوە لە مزگەوتەکاندا ئولفەتێکی تێکرایی پەیدادەبێ بەجۆرێ کە لەو کۆبوونەوەیە هەست بە هێزداریو سەرکەوتنی ئیسلام دەکەنو ،

لەم‌بارەوە دڵنیاو دڵ پڕ لـە باوەڕو متمانە دەبن لـە چارکردنی هـەر بەڵایەک کە رووبکاتە موسوڵمانان ، بەڵام نوێژ بەتەنهاکردن وەحشـەت بەدڵی ئینسان دەداو ، دوورکەوتنەوەیە لە موسوڵمانەکانی‌تر • هەروەها یەکێ لـە فائیدەکان ئەوەیە کـە ئینسان لەنێو کۆمەڵدا بەلای زۆرەوە لەسـەر بیروباوەڕو رەفتـاری ئەوان دەبێ ، ئەمـەش دەبێتە هـۆی پارێزراوی لە گومڕاکردنی شەیتان‌و زاڵبوونی بەسەریدا ؛ چونـکە شەیتان وەکو گورگەو ، گورگیش حەیوانێک ئەخوات کە لە کۆمـەڵە مەڕەکەوە دوور بێ ، دیارە گەلەڕانێ کە هەمیشە لە ژێر چـاودێری‌ی شواندا بێ ، شوانەکەی نایەڵێت گورك زەربەیان لێبدات‌و زەرەریان پێبەرێت • یەکێ لـە فائیدەکان زۆری‌ی پاداشە ، چونـکە هـەموو هەنگاوێک کە نوێژکەر دەینێ لـە رێـگای مزگەوت‌دا خودا بەخێری بۆ حسێب دەکات •

یەکێکی‌تر لە فائیدەکانی نوێژی جەماعەت ئەوەیە کە چاوەڕوانی نوێژ دەکات • لە حەدیثی پیرۆزدا هەیە : کـە چاوەڕوانی کردنی نوێژ خەیری نوێژکردنەکەی هـەیە • هەروەها لە فائیدەکانی جەماعـەت زۆرکردنی وشەی سەلام‌و خۆشەویستی‌یە لە نێوانی موسوڵماناندا بـە هۆی حازربوونیانەوە بۆ نوێژی جەماعـەت • یەکێکیتر لە فائیدەکانی جەماعەت ئەوەیە کە نوێژەکە لـە سەرەتای کـاتی خۆیدا دەکرێت • یەکێکیتر لە فائیدەکان ئەوەیە کە (ئامین)ی مەئمووم لەگـەڵ (ئامین)ی مەلائیکەکاندا یەكدەگرێ ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی قبوولبوونی دوعاو عەفوی هەموو لایەکیـان لەلایەن خودای گەورەوە • یەکێکیتر لـە فائیدەکانی ئەوەیە کە ئینسان بەهۆی ڕۆیشتنیەوە بۆ ناو ئەهلی جەماعەت هەیئەتی خۆی جوان ئەکاو پۆشاکی باش لەبەرئەکات‌و بەگوێرەی ئایەتی

پیرۆزی «خذوا زینتکم عند کل مسجد» دەجوولێتەوە •

یەکێکیتر لە فائیدەکانی نوێژی جەماعەت ئەوەیە کە بەهۆی جەماعەتەوە نوێژکەر لە ریزا رادەوەستێو بۆشایـەتی لە ریزەکانـدا نامێنێتـەوە • یەکـێکیتر لە فائیدەکان کـردنی نوێژی (تحیة المسـجد) ە بـەهۆی چوونەوە بۆ مزگەوت بۆ جەماعەت • هەروەها بە هۆی ڕۆیشتنەوە بـۆ مزگەوت تەمەڵی لە لەشی نـوێژکەردا نامێنێت بـەهۆی ئـەو کۆمەڵـە موسوڵمانانەوە کە حازر بوونو ، ئەمین دەبێ لە هەندێ شت کـە بەسەر نوێژکەری تەنهادا دێت •

یەکێکیتر لە فائیدەکانی نوێژی جەماعەت هاتوچۆ کردنی زۆرە بۆ مزگەوت ، کە دەبێتە هۆی رزگاربوون لە نیفاقو بێدینی ؛ چونـکە لە حەدیثی شەریفدا هەیە : هەرکەسێ چل رۆژ بـە (الله اکبر)ی نوێژدابەستنی ئیمامدا بگا لە نوێژی سبەینیدا ئەوە بە میهرەبانیی خودای گەورە لە دوو مصیبەت پاك دەبێتەوە : یەکەم نیفاق • دووەم : مانەوەی ئێجگاری لە دۆزەخدا ؛ واتە : بەهۆی دەوامی ئەم چلرۆژەوە خودای گەورە ئەو میهرەبانییەی لەگەڵدا دەکات • دیسان لە حەدیثا هـەیە : نوێژی سبەینیو نوێژی عیشا لەسەر شانی منافق گرانن ؛ واتە : بەجێیان ناهێنن • جا بە هۆی دەوامی ئەم چلروژەوە دڵی نوێژکەر نوورانی ئەبێو باوەڕی بەهێز دەبێو ، لەسەر خوداپەرستی بەهێزو گورجوگۆڵ دەبێو بە موسوڵمانی پاك حسێب دەکرێت •

دەگێڕنەوە : کاتێ کە موسوڵمانان بۆ نوێژی جەماعەت ریزدەبەستن فریشتەکانیش بەدەوری ئەواندا ریزدەبەستنو ، صەڵاواتیان لێدەدەنو دوعای خێریان بۆ ئەکەنو ، دوعایان بۆ ئەکەن کە تەوبەیان لێ قبـووڵ

بکرێو ، ئەگەر ئەو موسوڵمانانە دوعایەك بکەن فریشتەکان لەسەر داخوازو دوعاکەیان ئامین دەکەن ، بێ گومان ئەم نیعمەتە نیعمەتێکی گەورەیە کە موسوڵمان بگا بە پایەیەك فریشتە بەو جۆرە خزمەتی بکەن •

لەراستیدا بەهۆی ریزبەستنی موسوڵمانانەوە بۆ نوێژی جەماعەت ئەو موسوڵمانانە دەشوبهێنە ئەو مەلائیکەتانە کە خودای گەورە لە زبانیانەوە دەگێرێتەوەو دەفەرموێت : « وانا لنحن الصافون » واتە : بەراستی ئێمە ریزمان بەستوە بۆ خوداپەرستنو گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی • ئەمباسە کە خودای گەورە ئەیگێرێتەوە لێیان ، واتەگەیەنێ کە خوداپەرستی بەشێوەی ریزبەستنی عابیدەکان لای خودای گەورە شیرین‌ترو بەنرخترە• لەراستیدا ریزی ئەو عابیدانە لە ریزی ئەو موجاهیدانە دەچێت کە لە جەنگ‌دا دژی کافران ریزدەبەستنو کۆمەکی یەکتر دەکەن ؛ ئەو موجاهیدانە خۆشەویستی خودان ؛ خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ :ــ « ان الله يحب الذين يقاتلون في سبيله صفا كأنهم بنيان مرصوص » واتە : بەڕاستی خودا ئەوکەسانەی خۆش‌دەوێ کە لە رێی خودادا دژی کافران دەجەنگنو ، ریزەکەیان ئەوەندە توندو یەکگرتوە وەك بینای رێك‌وپێك‌و بتەو وایە •

لە لایەکی‌ترەوە تەماشا ئەکەین ئەم عابیدانە کە بۆ خوداپەرستی کۆدەبنەوە لەگەڵ نەفسی خۆیانو لەگەڵ شەیتاندا دەجەنگن ؟ چونکە نەفس هەمیشە فەرمان‌دەداو هانی مرۆڤ دەدا کە ڕابوێرێو بە ئارەزووی خۆی بژیتو گوێ‌نەداتە فەرمانبەرداریو خوداپەرستن ، شەیتانیش دوژمنی ئادەمزادەو هەوڵ‌ئەدات لە رێگەی راست لای‌داتو ملی بشکێنێ •

نوێژکردن بە جەماعەت گەورەترین شیعاری ئیسلامەو ، لەلایەنی

خودای گەورەوە بەتوندی داوای دەربڕینی شیعاری ئیسلام کراوەو ، خودا فەرمانی داوە بەوە کەموسوڵمانان یارمەتیی یەکتر بدەنو لە کاری خێرا هاریکاری بکەن • بێ‌گومان هەر ئاوەدانی‌یـەك ، چ دێ بـێو چ خێوەتو رەشماڵ ، ئەگەر شیعاری ئیسلامی تێدا نەبێ لە ئاوەدانی کافران ئەچێو، ئەهلی ئەو شوێنانە بە گوناهبارو لەدین‌لادەر ناسراونو دەناسرێن•

پۆختەی قسە : فەضڵو شەرەفو پایەی جەماعەتو ئەهلی جەماعەت زۆرەو ، ئەگەر بێین بەدرێژی باسیان بکەین ئەبێتە هۆی ماندوبوون ؛ جا با لێرەدا بیبڕینەوە •

لە حەدیثی پیرۆزدا هەیە : کە نوێژ خەیری مەوضوعە ، واتە : نوێژ بەرەکەتدارەو ، عیبادەتێکی پیرۆزەو دانراوە بۆ موسوڵمانان هـەتا سوودی لێ وەربگرن ، نوێژ لە هەر عیبادەتێ کە بە لەش بکرێ سوودی زۆرترە ؛ چونـکە بەراستی نوێژ گەلێ خواپەرستی تێدایە چ لە بابەتی قسەو چ لە بابەتی رەفتار ، وەکو خوێندنی (الله اکبر)ی نوێژ دابەستنو، خوێندنی سوورەتی فاتیحەو سوورەتی‌ترو سبحان‌الله خوێندنو (الحمـد لله)و (تەحیات) یا رکووعو سجوودو راوەستانو دانیشتنو دەسـت بەرزکردنەوە لەکاتی ئازوگوێز (انتقال) یا لەکاتی قنووتدا ، نەك تەنها ئەمە بەڵکو ماڵ‌باخت‌کردنیشی تێدایە ، چونکە ئەو مزگەوتە کە نوێژەکەی تیا ئەکرێ پێویستی بە ئیمامو بانگ‌دەرو خادمو فەرشو بەرماڵو چـراو ئاوی دەسنوێژو خۆشوردنو گەلێ شتی‌تر هەیە ، کە ئەمانەش هەموو بە ماڵ پەیدا دەبن •

ئیمامی غەزالی ، رەحمەتی خودای لێ‌بێ ، فەرموویەتی : ئەم بەهرەو گەورەییی جەماعەتە لە دەستی هەرکەس دەربچێ ئـەوە لەبەر شـوومیو نەگبەتی گوناەکردنە ، واتە تا ئینسـان گوناهـێ نەکات دڵی وەهـا رەش

نابێتەوە کە بە بێ عوزر تەرکی جەماعەت بکات • پێشینانی خواپەرستو لەخواترس،ئەگەر یەکێکیان نوێژێکی جەماعەتی بفەوتایە، تا حەوت ڕۆژی تەواو سەرخۆشی‌یان لێ ئەکردو ، ئەگەر یەکێ وتنی (الله اکبر)ی نوێژدابەستنی لەگەڵ ئیمامدا بۆ ڕێك نەکەوتایە سێ ڕۆژ سەرخۆشی‌یان لێ‌ئەکرد ، ئەو وشەی سەرخۆشی‌لێ‌کردنەش ئەمە بوو : « لیس المصاب الا من حرم الثواب » واتە : تەنها ئەوکەسە تووشی مصیبەت بووە کە لە پاداشی طاعەت بێ‌بەش بووە • لەراستی‌دا مرۆڤی بێ‌طاعەت بێ‌بەشە لە پاداش •

زانایانی ئایین چەند ئایەتو چەند حەدیثێکیان کردوە بە بەڵگە لەسەرئەوەی کە واز لە جەماعەت هێنان گوناهە : یەکێ لەو ئایەتانە ئەم ئایەتەیە کە خودا فەرموویەتی : (یوم یکشف عن ساق ویدعون الی السجود ، فلا یستطیعون ، خاشعة ابصارهم ترهقهم ذلة ، وقد کانوا یدعون الی السجود وهم سالمون) • هەندێ لەوانەی واتای قورئانیان لێداوەتەوە فەرموویانە :ــ ئەم ئایەتە دەرهەق بەوکەسانە هاتوە کە دەنگی بانگ ئەبیسنو بێ بەهانەیەکی شەرعی‌ی ڕەوا ناڕۆن بۆ نوێژی جەماعەتو بەکۆمەڵ • ئەمەش واتای هەموو ئایەتەکەیە :ــ لەوڕۆژەدا کە فریشتەی سزا بەڕیز ڕاوەستاونو ، کافرەکانو بێ‌دینە تاوانبارەکان ئەبەن بۆ دۆزەخو ، هەر کۆمەڵێ لە کافرەکان شوێنی گەورەکەیان دەکەون ، لەلایەن خوداوە بانگێ بۆ موسوڵمانان دێ : ئەی موسوڵمانان ! وا ئەوانەی کە خودایان نەدەپەرست کەوتنە شوێن گەورەکانی خۆیانو ، ڕۆیشتن بۆ دۆزەخ ، ئێوەش پێویستە هەمووتان بێن بۆ حضووری خوداو سوجدەی گەورەیی بۆ بەرنو بە شەرەفی ئەو سوجدەیە بگەن،ئەنجا موسوڵمانەکان هەموو دێنو سوجدە لە زاتی خودا دەبەن ،ئەو موسوڵمانانە نەبێ کە کاتی

خۆی بە بێبەهانەیەکی شەرعی تەرکی جەماعەتیان کردوە ؛ ئەوانە پشتیان وەك تەختەدار رەق دەبێتو ، هەرچی تێدەکۆشن ناتوانن بچەمێنەوەو سوجدە بۆ خودا بەرن ، لەوێدا فریشتەکان پێیان‌دەڵێن ئەم بارو دۆخە کە ئێوەی تیا داماونو ، بێبەش بوون لە سوجدە بۆخودا بردنو ، وەها زەلیلیو بێقەدری داگیری کردوون ، لە تۆڵەی ئەوەدایە کە لە دنیادا بانگ ئەکران بۆ نوێژی جەماعەت ، کەچی ئێوە بە بێبەهانەی شەرعی تەرکتان دەکردو نەدەچوون بەدەم بانگەکەوە .

براکانم ! تەرکی نوێژی جەماعەت ئەوەندە شوومو نەگبەتەو ، ئەوەندە هۆیە بۆ دووری لە خودای گەورە کە ئەندازەی دەرناکەوێت ؛ بۆ بەڵگە لەسەرئەمە ئەوەندە بەسە پێغەمبەری خودا (د . خ) لەگەڵ ئەو هەموو میهرەبانی‌یەدا کە بوویەتیو ، خودا لە شانی ئەودا فەرموویەتی : «بالمؤمنین رؤوف رحیم» دەربارەی ئەوانەی کە تەرکی جەماعەتیان کردوە فەرمویەتی قەسدمکرد فەرمان‌بدەم بە یەکێ ببێ بە ئیمام بۆ موسوڵمانان تا نوێژەکەیان بە جەماعەت بکەنو ، خۆم لەگەڵ کۆمەڵێ لە یارانمان بڕۆین بۆ سەر ئەوکەسانەی تەرکی نوێژی جەماعەت ئەکەن خانوەکانیان بسووتێنم . جا ئەگەر نوێژی جەماعەت زۆر گەورە نەبوایە لای خودا حەزرەت (د . خ) بەمشێوەیە عاجز نەدەبوو لەوانەی تەرکی ئەکەن .

دەگێڕنەوە حەزرەت (د . خ) فەرموی : ئەی عەلی ! مرۆڤی بەختیار سێ نیشانەی هەیە ، یەکەم : ژیواری لە حەلاڵدا بێت . دووەم : هەستانو دانیشتنی لەگەڵ زانایاندا بێت . سێیەم : نوێژەکانی بە جەماعەت جێبەجێ بکات . ئەی عەلی ! مرۆڤی بەدبەختیش سێ‌نیشانەی هەیە بەپێچەوانەی ئەوانەن کە باسمان‌کردن . دەگێڕنەوە : هەرکۆمەڵە

ئادەمزادێک لە شوێنێکدا کۆبنەوە ، چ خێوەتنشین بن و چ دێهاتی ، یا شارستانی ، کە تەرکی نوێژی جەماعەتیان کرد خودای گەورە شەیتانیان بەسەردا زاڵ دەکات و ئاشووب دەخاتە ناویان !

ئەی موسوڵمانینە ! نوێژ بەجەماعەت بکەن با شەیتان گومڕاتان نەکا ، شەیتان وەک گورگە ، چۆن گورگ حەیوانی تار دەخوات ، وەها شەیتانیش مرۆڤی دوور لە جەماعەت گومڕا دەکات • ئەوەش بزانن هەموو ئینسانی یەک فریشتەو یەک شەیتانی هەیە ، شەیتانەکە خەیالاتی ناشیرین و کردەوەی ناپەسەندی پیشان ئەدات و ، فریشتەکەیشی یادی خوداو بیری پەسەندو کردەوەی جوانی نیشان ئەدا ، جا ئەگەر مرۆڤ بە فەرمانی شەیتانەکە رەفتاری کرد ئەوە ئەنجامەکەی هەر گومرایی و ماڵوێرانی و بەدبەختی یە ، خۆ ئەگەر بە فەرمانی فریشتەکە رەفتاری کرد ئەوە هەمیشە دڵی رووناک و بیروباوەڕی باش و خووڕەوشتی چاک پەسەند ئەکات ، هەتا لە ئەنجامدا ئەگاتە پیرۆزی ی هەردوو دنیاو هەتا هەتایە سەربەرز دەبێت • یەکێ لەو گوناهانە کە فریشتە لە دڵی مرۆڤ دوور دەخەنەوەو دەبنە هۆی ئەوەی شەیتان دڵ و دەروونی مرۆڤ داگیر بکات ، تەرکی نوێژی جەماعەتە •

دەگێڕنەوە : سێ تاقم هەن دوورن لە رەحمەتی خودا : یەکەم ئەوانە کە « حي على الصلاة » و « حي على الفلاح » دەبیسن و موبالات ناکەن و ناڕۆن بۆ نوێژی جەماعەت • هەروا دەگێڕنەوە : هەرکەس نوێژ بەتەنیا لە ماڵی خۆیا بکات ئەوە سوننەت و سیرەتی پێغەمبەری (د • خ) ون کردوە • هەروەها لە حەدیثی شەریفدا هەیە : حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : ئەوەندە بەسە بۆ بەدبەختی ی موسوڵمان دەنگی بانگ ببیسێ و بە بێ بەهانەی شەرعی واز لە نوێژی جەماعەت بهێنێ و ، بە دەنگی بانگدەرەوە نەڕوات

بۆ مزگەوت ؛ چونکە ئەو بانگدەرە موسوڵمانان بانگ ئەکات بۆ رزگاری‌ی لە سزای قیامەت ، جا کە موسوڵمان ماوەی هەبێ ئەوا پێویستە بڕوا بۆلای • دەگێڕنەوە پێغەمبەر بە هاوڕێکانی فەرموو : هەرکەس دەنگی بانگ‌دەر بیسێ‌و ، هیچ بەهانەی نەبێ مەنعی بکات لە چوونی بۆ نوێژی جەماعەت ، ئەو نوێژە کە لەماڵەوە ئەیکات قەبووڵ نابێت •• هاوڕێکانی عەرزیان‌کرد : بەهانە چی‌یە ؟ فەرمووی : ترسی نەفس ، یا ترسی لەکیس‌چوونی ماڵ ، یا تووش‌بوونی زیانێکی وەها کە شەرع بە زیانی حسێب بکات ، یا نەخۆشی‌یەکی وەها کە زەحمەت‌بێ بۆی بەوحاڵەوە بڕوات بۆ مزگەوت •

دەگێڕنەوە جارێ باسی یەکێکیان لای (ابن عباس) دەکرد ، کە هەمووی ساڵ بەڕۆژووەو شەو هەمووی بەپێوەیەو خەریکی نوێژو پاڕانەوەیە ، ئەویش لێی پرسین : ئەی لە نوێژا چۆنە ؟ عەرزیان‌کرد : نوێژەکانی بەتەنیا دەکات‌و ناڕوات بۆ جەماعەت‌و ، نوێژی جومعەیش ناکات ، ئەنجا (عبدالله)ی کوڕی (عباس) فەرمووی : « هو في النار » خەڵك ئەم قسەیان لا گران بوو ، هەتا ماوەی ساڵێك لەملاو لەولاوە دەهاتن بۆ خزمەتی‌و ، لەم وەلامەیان ئەپرسی ، ئەویش هەر هەمان وەڵامی دەدانەوەو ، دەیفەرموو : « هو في النار » •

لەراستیدا لەم حاڵەدا کە باس‌کرا کابرا تەرکی نوێژی جومعەی کردوە کە فەرزەو ، بە شێوەیەکی هەمیشەیی تەرکی نوێژی جەماعەتی کردوە ، کە یا فەرزی عەینە یا فەرزی کیفایەیە ••

دەگێڕنەوە (حاتەمی ئەصەم) کە یەکێك بوە لە پیاوچاکان ، بەداخەوە دەیفەرموو : من جارێ نوێژی جەماعەتم تەرك‌کرد ، تەنها ئەبوئیسحاقی بوخاری سەرخۆشی لێ‌کردم ، بەڵام ئەگەر کوڕێکم بمرێ هەزار کەس

سەرخۆشیم لێ ئەکات ، بەداخەوە ئەم خەڵکە مصیبەتی دنیایی‌یان لا گەورەیە، مصیبەتی دینی‌یان لا سووکە ؛ ئەگەر نا گەلێ کەس ئەهاتن سەرخۆشی‌ی ئەو نوێژە جەماعەتە لەکیس‌چوەیان لێ دەکردم •

دەگێڕنەوە : (شەقیقی بەڵخی) خوای لێ رازی بێ ، کە یەکێ بوە لە پیاوچاکانی سەردەمی خۆی ، جارێک جەماعەتێکی فەوتا ، ئەویش پەنجا دیرهەمی کرد بە خێرو دای بە گەدایانو بێنەوایانو ، هەتا ساڵێکیش لە خودا دەپاڕایەوەو دەیوت :ـ «اللهم اعطنی اجر ما فاتنی» •

براکانم ! موسوڵمانە چاکەکانی لەمەوپێش حاڵیان وابووە کە ئەگەر جارێ دوابکەوتنایەو ، بە (الله اکبر)ی نوێژ دابەستنی ئیمامدا نەگەیشتنایە ، یەک‌رۆژ سەرخۆشی‌یان لێ‌دەکرا ، خۆ ئەگەر نوێژێکی جەماعەتیان لەکیس‌چووبایە ئەوا سێ رۆژ سەرخۆشی‌یان لێ‌ئەکردن ، واتە : تا سێ رۆژ کە دۆستو برادەرەکانی پێ‌ی‌دەگەیشتن دڵخوشی‌یان دەدایەوەو پێ‌یان‌دەوت : ان شاء الله خودای گەورە پاش ئەم جارە تووشی ئەم ناخۆشی‌یەت ناکات •

دەگێڕنەوە ئیمامی عومەر ، خوای لێ رازی بێت ، رۆژێک ڕۆیشتبوو بۆ باخێکی خۆی لە (مەدینە) ، هەتا هاتەوە بۆ ماڵ هاوڕێکانی پێغەمبەر جەماعەتی گەورەی خۆیان تەواوکردبوو ، حەزرەتی عومەر ، خوای لێ رازی بێت ، لەم‌کارەساتە زۆر دڵگران بووو فەرمووی : «انا لله وانا الیه راجعون» وا ئەم نوێژی عەصرەم بەجەماعەت لەکیس‌چوو ، ئەی حازرینە بەشایەت‌بن بەراستی وا من ئەو باخی خۆمە بەخۆرایی‌و لە رێ‌ی خودادا بەخشی بەهەژاران ، بۆ داپۆشینو باربووکردنەوەی ئەم کارە خرابەی لێی روودام ، واتە : لەکیس‌چوونی نوێژی جەماعەتی ئەم وەختەم ، بەڵێ

بەتایبەتی ئەو باخـەی وەقف کرد ؛ چونکە بەهۆی ئەوەوە جەماعەتەکەی فـەوتابوو •

(عبدالله)ی کوڕی (عمر) خوایان لێ رازی بێت ، فـەرموویەتی : وەختی خۆی ئێمە وەها بووین هەرکەسێ جەماعەتی نوێژی سـبەینان‌و عیشای تەرك بکردایە گومانی منافقیمان لێ ئەکرد ؛ چونکە لە حەزرەتمان (د • خ) بیستبوو ئەیفـەرموو : ئـەم دوو نوێژە زۆر قورس‌و گرانن لەسەرشانی ئەوانەی منافقن‌و بە دەم موسوڵمانن • حـەدیثی پیرۆزە : هەرکەس بە بێ‌بەهانە تەرکی نوێژی جەماعەت بکا بە عادەت بۆ خـۆی پێی‌بڵێن : منافقە ؛ جا تەماشا بکەن کەسێ کە حەزرەت (د • خ) بە منافقی ناو ببا ئەبێ بێجگە هیلاك‌و بەفەتەرات‌چوون حاڵی چی بێت ؟

برادەرینە ! ئەهلی هەر دێیەك جەماعەتی پێنج فەرزە یا جەماعەتی یەك فەرز لەوانە تەرك بـکەن هەموویان لە ئایینی ئیسلامدا بە فاسق‌و فاجیر ئەژمێررێن ؛ چونکە جەماعەت لە نوێژا نیشانەی جێ‌بەجێ‌کردنی واجباتی ئیسلامەو ، لای کـەمی بە دووکەس ، بە ئیمام‌و مەئمومێ ، جێ‌بەجێ ئەبێ ، جاکە ئەو خەڵکە ئەوەندە گوێ‌نەدەر بن بـە ئایین‌و جەماعـەت تەرك بـکەن ئەوە مەعنای وایە کـە ئیسلامەتی لای ئەوان سـووك‌و بێ‌نرخە ، بێ‌گومان کە مرۆڤ گەیشتە ئەم پایەیە ئەوا ئەنجامی هـەر کەوتنەو ، پێویستە ئەو کۆمەڵە بێ‌جەماعەتە بۆ خـۆیان بـگرین‌و ، لـە خۆیان تەریق بینەوە ؛ چونکە لە هەر شارێکدا کۆمەڵێ لـە جوولەکـە یا گاور هەبن پەرستگاهێ بۆ خۆیان دروست دەکەن‌و ، غیرەتیان هەڵناگرێت لـەو شوێنەدا بە بێ کەنشتە بمێننەوە •

براکانم ! ئەگـەر مزگـەوتتان دروست‌کرد لـە لای قیبلـەو میحرابەکەیەوە هەتا نیوەی ئەوشوێنە بە نیەتی مزگـەوتەوە بیکەنەوە ،

ئەویتری ، تا شوێنی کەوش‌و شوێنی ئاگرو دانیشتن بە نیەتی مزگەوت نەبێ ، بەڵکو بە نیازی جێبەجێ کردنی پێویستیەکانی موسوڵمانی نوێژکەر بێ ، واتە : بۆ دانیشتن‌و دەستنوێژگرتن‌و خۆگەرم‌کردنەوەو شتی‌تر ، هەتا لەکاتی دانیشتن‌و کۆڕ بەستن‌دا بە هۆی قسەی دنیایی کردنەوە تاوانبار نەبن‌و ، ئەو خەیرەی کە بۆتان نووسراوە لە نوێژکردن‌و جەماعەت‌و صەڵەوات‌دان لەکیس‌نەچێ؛چونکە قسەی دنیایی لە مزگەوتدا بە ڕای هەندێ‌لە زانایانی ئایین ، عیبادەتی حەفتا ساڵ دەفەوتێنێ •

هەروەها شەرم‌کردن لە ماڵی خودادا (مزگەوت) زۆر پێویستە تەنانەت فەرموویانە : ئەگەر دڕکێ یا شتێکی پیس لەوانە کە لە مزگەوتا کەوتوون ، ئەگەر کەسێ دووریان‌بخاتەوە لە مزگەوت وا موناسبە هەڵیان بگرێ‌و ، دەستی بخاتە ئەو دیوی دەرگای مزگەوت‌و لەوێوە فڕەیان بدات ، واتە : ئەو شتە پیسانە لەناو مزگەوتەوە فڕێ‌نەدا نەبادا شتی پیس هەوای مزگەوت بگرێ ، یا لە هەواوە بکەوێتە ناو مزگەوتەکە ، لەبەرئەمە بوو عەرزم کردن بینای خانوەکە بەش‌بکەن : لەلای میحرابەوە تا نیوەی یا زیاتر بۆ مزگەوت‌و ، ئەوی‌تری بۆ ئەوەی خەڵك تیا بحەسێتەوە • تاوان‌و زیانی بێ‌ئەدەبی لەمزگەوتا هەموو لە نامەی حورمەت‌و ریزگرتن لە مزگەوت‌دا نووسراوە ، بیخوێننەوەو سوودی لێ‌وەربگرن •

لە بابی نوێژی جەماعەت‌دا بەرچاوم‌کەوتوە کە موسوڵمانێکی کوێر زۆر مەیلی لەسەر نوێژی جەماعەت بووە ، لە شەوێکی باران‌و تەڕوتووشدا هەستاو کەوتەڕێ بۆ مزگەوت ، ژنەکەی پێی‌وت : ئێمشەو بارانەو تۆ عوزرت هەیە ، بۆچی لە ماڵی خۆتا نوێژ ناکەی ، ئەویش لە وەڵامدا گوتی : ئەگەر بڕۆم بۆ مزگەوت ئەواب‌و پاداشم زۆرە ، لە هەمان

کاتدا ڕۆیشتنەکەم دەبێتە سوپاس بۆ خودا لەسەر نیعمەتی ساغیی دەستو پێم ، کە پاش نوێژ لە مزگەوت گەڕایەوە خەوی لێکەوت ، کە ڕۆژی لێبوویەوە هەردوو چاوی ڕووناك بووبوونەوە ، ئەنجا کابرا وتی بە ژنەکەی : تەماشا بکە خودای بەخشندەو میهرەبان چۆن سوپاسەکەی منی قبووڵ کردو بە ڕەحمەتو کەرەمی خۆی چاوەکانیشمی ڕوون کردەوە ؟

براینە ! بزانن : تەرکی جەماعەت لە نوێژەکاندا بەبێ عوزر تاوانە ، هەروەکو تەرکی نوێژی جومعەش تاوانێکی گەورەیە ؛ دەگێڕنەوە کە حەزرەت (د • خ) دەربارەی ئەوانە فەرموویەتی : حەزئەکەم بڵێم بە یەکێك بێتە پێش‌نوێژی موسوڵمانانو ، خۆم بڕومە سەر ئەوانە کە تەرکی نوێژی جەماعەت ئەکەن ، خانوەکانیان بسووتێنم !• دەگێڕنەوە کە ڕۆژی حەزرەت (د • خ) لەسەر مینبەر خوتبەی دەخوێند ، لە وتارەکەیدا فەرمووی ئەوکەسانە کە نایەن بۆ نوێژی جومعە (واللە) یا ئەبێ لەو ئیشە دەس‌بەردار بن‌و بێن بۆ نوێژەکەیان ، یا خودای گەورە دڵیان مۆر ئەکاتو ئەیانکات بەوانە کە بێ‌ئاگان لە یادی خوداو ، دوور ئەبنەوە لە ڕەحمەتو میهرەبانی ئەو (خودابمانپارێزێ) •

ریوایەت‌کراوە : هەرکەسێ بە بێ‌بەهانە لە بەر سستیو تەمەڵی سێ نوێژی جومعە تەرك‌بکات خودای گەورە لەبەر شوومی ئەم تاوانە دڵی مۆردەکاتو ، نووری ڕەحمەت ناڕواتە ناو دڵیەوەو ، لە ئامۆژگاریی کەس سوود وەرناگرێ • لە ریواتەتێکی‌تردا دەڵێت : خودا لەوکەسەیش بێزار ئەبێت • ریوایەت‌کراوە : هەرکەس سێ جومعە بە بێ‌بەهانە تەرك بکات ئەوە دڵی دەگۆڕێ بە دڵی ئینسانێکی منافقو ، ئیسلامی‌یەت دەخاتە پشتەوە • ریوایەت کراوە : هەرکەس یەك جومعە تەرك بکات خاڵێکی

ڕەش لەسەر دڵی پەیدا دەبێتو ، ئەگەر دوو جومعەی تەرك كرد دەبێ بە دوو خاڵو ، ئەگەر سێ جومعـــەی تەرك كرد دڵی هەموو ڕەش ئەبێتەوە (پەنا بەخوا لەم حاڵە ناشیرینە) • ڕیوایەت كراوە : دوورترین ئینسان لە ڕەحمـــەتی خـــودا كەسێكە خاوەنی دڵی قەسوەتدار بێ ، دیارە ئەوەی تەركی جومعە ئەكات بە هۆی ئەو خاڵە ڕەشـــانەوە دڵیشی قەســوەتدار ئەبێت •

ڕیوایەت كراوە : ڕۆژی حەزرەت (د • خ) خوتبەی ئەخوێنـــدو ، لە خوتبەكەیا فەرمووی : ئەی ئادەمیزادینە پێش ئـــەوەی كە مردن یەختەتان بگرێت پەشیمان بنەوەو ، بەهۆی بەجێهێنانی كرداری باشو بەجێهێنانی پەیوەندی‌ی خـــوێشایەتی‌و ، زۆر هێنانی ناوی خـــوداو خێر كردن بـــە پەنهانی‌و بەئاشكرا بگەڕێنەوە بۆ لای خودای گەورە ، ئەگەر وەها بكەن خودا ڕزقو ڕۆزی‌تان زۆر زیاد ئەكاتو ، هەر نوقصانی‌یەكی بەســـەر حاڵو ماڵتانا هاتبێ تۆڵەی ئەكاتەوە بۆتان • بەڕاستی بزانن كـــە خـــودای گەورە نوێژی جومعەی فەرز كردوە لەسەر ئێوە لـــەم شوێنەداو لـــەم ڕۆژەداو لەم مانگەداو لەم‌ساڵەدا هەتا ڕۆژی قیامەت ، ئیتر هەركەس واز لە نوێژی جومعەی بهێنێ لـــە ماوەی ژیانی منداو لە پاش ژیانی من ، چ فەرمانڕەوای دادپەروەر بێت یا زۆردارو ستەمـــكار ، چ لەبەر بەسووك تەماشاكردنی نوێژەكە تەركی بـــكات ، یا لەبەرئەوەی ئینكاری بـــكات ، لەخودا ئەپاڕێمەوە ئیش‌وكاری ئـــەو كەسانە پەریشـــان بـــكاو ، كردو كۆششیان كۆ نەگرێو ، بەرەكەت لە كاسبی‌یاندا نەبێ • ئاگادار بن ئـــەم جۆرە كەسانە نوێژو ڕۆژوو و زەكـــاتو حەجیـــان لێ وەرناگیرێتو ، صەدەقەو خێریان لێ قبووڵ ناكرێت ، مەگەر تەوبە بكەن لـــە تـــەركی نوێژی جومعەو بەڕاستی بەجێی‌بێنن •

براكانم ! مادام حەزرەت (د.خ) ئەو دوعایە کردوە لەوانە کە تەرکی جومعە ئەکەن ، بەڕاستی بزانن تا ئەوکەسە تۆبە نەکاتو بەڕاستی پەشیمان نەبێتەوە هەرگیز پیتو پیرۆزی لە کارو کاسبیو حاڵوماڵیا نابێتو خۆشیو ئاسایشی دڵو گیانی خۆی لەوانەدا دەست ناکەوێت . بەپێچەوانەی ئەمە ئەگەر جومعەکەی بەجێبهێنێ خوای گەورە بە صەدانو هەزاران پایە بەرەکەت دەخاتە حاڵو ماڵی ئەوکەسەوە .

ریوایەت کراوە : (ابن مالك) ، خودایان لێ رازی بێ ، کە لە نوێژی جومعە دەبوویەوە لە دەرگای مزگەوتەکەدا رادەوەستاو دەیفەرموو : ئەی خودای میهرەبان ! من بەدەم بانگەکەی تۆوە هاتمو ، ئەو نوێژە جومعەی کە فەرمووت جێبەجێم کردو ، وا لە مزگەوت دەرچووم بۆ ئەو کارو کاسبییەی کە ئەمرت پێکردوە ، لێت دەپاڕێمەوە کە بە دەهەندەیی خۆت رزقو رۆزیم پێبەخشی ؛ هەرتۆ رزقو رۆزی بە هەموو گیانلەبەران دەدیت .دیارە کە خودا رێگای ئەوەی داوە لەپاش نوێژی جومعە ئینسان بڕوات بۆ کەسابەت.موسوڵمان لە کەسابەتی پاشنوێژی جومعەی خێری دەستدەکەوێ .

روایەتکراوە لە (مجاهد)ەوە ، رەحمەتی خوای لێبێ : کۆمەڵێ لە موسوڵمانان لە رۆژی جومعەدا گوێیان نەدایە نوێژی جومعەو ، دەرچوون بۆ ئیشوکار ، هەتا هاتنەوە بۆ ماڵی خۆیان بە بێئەوەی دوژمنێکیان بێ خانوویان بسووتێنێ ، یاخود هۆیەکی دیاری بووبێ ، خانووەکانیان ئاگریان تێبەربووبوو سووتابوون . لە ئیمامی (ئەوزاعی)یەوە دەگێڕنەوە کە وتوویە : پیاوێکی راوچی هەبوو گوێی بە نوێژی جومعە نەدەداو ، لە رۆژانی جومعەدا دەرئەچوو بۆ ڕاو ، رۆژێ

لەکاتێکدا لەدەرەوە خەریکی ڕاو بوو بە خۆیو ئەسپەکەیەوە بەعەرزا ڕۆچوونو ونبوون •

براکان ! یەکێکیتر لە زیانی تەرکی نوێژی جومعە ئەوەیە : ئەهلی ئەو دێیە کە چل پیاوی تێدابێو نوێژی جومعە نەکەن ، ئەگەر لە ئەووەڵی وەختەوە نوێژەکەی نیوەڕویان بکەن ئەوە لە لای گەلێ لە زانایانی ئایین ئەو نوێژەیان بەتاڵە چونکە واجبە نوێژە نیوەڕۆکە ئەوەندە دوابخەن کە بەعادەت ناهومێد بن لە کردنی نوێژی جومعە ، ئەوسا نوێژی نیوەڕۆیان بۆ دروستە • زیانێکی کە لە نەکردنی نوێژی جومعەوە پەیدا دەبێت ئەوەیە کە گەلێ دوعاو ویردی ڕۆژی جومعە هەیە ، تەنانەت نەخوێندەواریش ئەتوانێ فێریان بێو ، گەلێ سوودی دینیو دنیایی لە خوێندنیانا هەیە ، جا ئەوکەسانە کە نوێژی جومعە ناکەن لە بەهرەی ئەوانە ناهومێدو بێبەش ئەبن •

یەکێک لەو ویردانە کە بۆ خوێندەواریش دەستئەدەن ئەوەیە کە هەرکەسێ نوێژی جومعە بکاو ، لە پاش سەلامدانەوە لە نوێژەکەی هەر بەوشێوەی خۆیە بمێنێتەوەو سوورەتی «فاتیحە»و «قل هو اللە»و هەردوو «قل اعوذ» یەکێ حەوت جار بخوێنێو ، لەوناوەدا قسە لەگەڵ کەس نەکات ، ئەوە لەوساتەوە هەتا جومعەی داهاتوو خودا لە فیتنەی ئادەمزادو شەیتان ئەیپارێزێ •

ئەگێڕنەوە : موسوڵمانێکی خاوەن باخو خاوەن حەیوانو منداڵدار هەبوو ڕۆژی لە ڕۆژەکانی جومعە خۆی حازر کرد بچێ بۆ نوێژی جومعە ، ژنەکەی پێیوت : منداڵەکانت برسینو ، بارە دەغڵێکمان لە ئاشدایە ، بڕۆ بارەکە بهێنەرەوەو ، مەڕۆ بۆ نوێژی جومعە ، تو عوزرت هەیە ، ئەویش وتی : واللە من جومعەکەم نافەوتێنم ، خودا کەریمە بۆ

منداڵەکان • هەر لەوکاتەدا دراوسێ باخەکەی هات پێی‌وت: باخەکەت زۆر تینوە فریای بکەوەو ئاوی بدە ، ئەویش هەروەکو پێشوو وەڵامی دایەوە • شوانیش پێی وت : فلان حەیوانتان بەشاخەوە ماوەتەوە ، ئەگەر نەڕۆن بە شوێنیا نایەتەوەو گورگ دەیخوات ! کابرا وەڵامی ئەمیشی وەك ئەوانی‌تر دایەوەو ، ڕۆیشت بۆ نوێژی جومعە ، کاتێ لە نوێژەکەی گەڕایەوە تەماشای کرد ژنەکەی نان ئەکات ؛ بۆیە لێی‌پرسی : ئەم نان‌کردنەت لەچی‌یە ؟ ژنەکەی وتی : دراوسێکەمان باراشەکەی ئێمەی بە باراشی خۆی زانیوەو هێناویەتیەوە بۆ ماڵ ئەنجا زانیویە کە باراشی ئێمەیە ، بۆیە بۆی هێناینەوە ! زۆری پێ‌نەچوو کە حەیوانەکەیشیان لە شاخ هاتە خوارو گەڕایەوە بۆ ماڵ ، دراوسێ باخەکەشی هات‌و وتی : موژدەبێ ! چووم بۆ سەیری باخەکان ، تەماشام‌کرد هاوسێکانمان ئاوی باخەکانی خۆیان داوەو ئاوەکە سەرڕێژی کردوەو زۆر بە عادەتی باخەکەی تۆش تێراو بووە • ئەنجا کابرای نوێژی جومعە کردوو زۆر سوپاسی خودای کردو وتی : سوپاس بۆخوا ئەمانە هەموو لە میهرەبانی خوداوەیەو ، لە پیرۆزی‌ی نوێژی جومعە بوو کە بەجێم‌هێناو ، بە بێ‌زەحمەت هەموو ئیشەکانم جێ‌بەجێ بوون • والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته •

نامـەی سیازدەهەم

نامـەی عیبادەتە

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله والصلاة والسلام علی رسول الله ٠

براکانم ! ئەم نامەیە کە نامەی دۆستی خۆتانەو ، نامەکانی‌تریشم بەپێی فەرموودەی پیرۆزی پێغەمبەر (د ٠ خ) گەورەترین دیاری‌یەکن کـە پادشاکان بۆ دۆستانیانی رەوانەبـکەن ٠ جا ئومێدەوارم هـــەرچۆنێ دیاریی دنیایی وەردەگرنو پێی دڵشاد دەبن ، بەوجۆرە دیاریی دۆستی خۆتانیش قبووڵ بفەرموونو ، خـــۆتان رەفتـــاریان پێ‌بـــکەنو ، بۆ موسوڵمانانی بخوێننەوە ، ئەوەش بزانن کە گوێدان بەم نامـــانە لـــە خوورەوشتی موسوڵمانە ٠ لە حەدیثدا هـــەیە گەورەترین خوورەوشتی چاکی موسوڵمان ئەوەیە هەرگیز لە بیستنی خێری ناییتی تێر نەبێت ٠

ریوایەت‌کراوە : « ما اهدی مسلم لاخیه هدیة افضل مـن کلمـــة حکمة یزیده الله بها هدی او یرده عن ردی » هەروەهـــا ریوایەت‌کراوە « ایما عبد جاءته موعظة من الله في دینه فانها نعمة من الله سیقت الیه ، فان قبلها بشکر زاده الله نعما اخری ، والا کانت حجة من الله علیه ٠٠

الی ان قال : « ویزداد علیه بهـــا سخطا ٠٠ » دیسان ریوایەت کراوە : « اذا حمل الرجل کلمة من الله الی اخیه المسلم کان خیرا له من حجـة وعمرة ومن عبـــادة سنة » فەرموودەی پێغەمبەرە (د ٠ خ) : فێربوونی مەسئەلەیەکی ئایینیو فێرکردنی خەڵك خێری هـــەزار رکات نوێژی سوننـــەتی هـــەیە ٠

براکانم ! لەمەوپێش لە بابەتی نەکردنی نوێژ ، یا دروستنەبوونی بەهـــۆی عەیبێکەوە وەك تەرکی رۆکنێ لە روکنـــەکانی نوێژەکە ، یا جێبەجێنەبوونی شەرتێك لە شەرتەکانی نامەم بۆ ناردن ، ئومێدەوارم لەوماوەدا باش ئاگادار بووبن لە ئادابو مەرجەکانی نوێژو ئەوانەی نوێژ بەتاڵدەکەنەوە ، بەســـاغی فێری تەحیـــاتو فاتیحە بووبن ٠ جـــا ئیستە بە پێویستم زانی هەندێ لە ئەوابی نوێژی فـــەرزو سوننـــەتو نوێژی جومعەو جەماعەتتان عەرزبکەم٠ هەتا ئەگەر خوا مەیلی لەسەربێ ، پاش گێڕانەوەی نوێژە لەکیسچوەکانتان ، دەستبـــکەن بـــە نوێژی سوننـــەتو سوننەتی پاشو پێشی نوێژەکـــانو ، نوێژی جومعـــەو جەماعەتەکان بەساغی بەجێبێنن ٠

پێویستە بزانن رکاتێ نوێژی فەرز چ حازر بێ چ قەزا ئەوەندەی حەفتا رکات نوێژی سوننەت خێری هەیە ٠ جـــا هەر کـــاتێ بەیەقین زانیتان نوێژی فەوتاوتان لەسەر نەماوە ، ئەوسا نوێژە سوننەتەکان بکەن ، ئەگەرنا حەرامە لەسەر مرۆڤ ، قەزای نوێژی فەرزی لەســـەر بێ ، خۆی بە نوێژی سوننەتەوە خەریک بکات ٠ دڵنیابن نوێژ چ فەرز بێ چ سوننەت توێشووی رۆژی قیامەتەو ، شتێکی ئاشکرایە خودای گـــەورە ئەم دنیایەی کردوە بـــە شوێنی ئاسایش بۆ ڕێبوارانی ڕێی قیامـــەتو کردوویە بە راگوزەریان هەتا لەم شوێنەداو لەم کاتەدا هەڵبەکاربێننو ،

لـــەم دنیایەدا کە شوێنی کشت‌وکاڵی قیامەتە توێشوویەک بۆ خۆمـــان هەڵبگرین‌و ، بەبێ‌توێشووی رێـگای قیامەت ئەم دنیایە بەجێ‌نەهێڵین • هەروەها ئاشکرایە دەستنوێژ گرتن بۆ نوێژ کردن کارێـکی واجبـــەو ، لەپێش دەستنوێژ گرتندا تارەت گرتن‌و خۆپاک کردنەوە پێویستەو ، لەسەر موسوڵمان واجبە ، چ ژن بێ‌و چ پیاو ، ئادابی تارەت‌و دەستنوێژو نوێژ بەراستی بزانێت •

بۆنموونە : کە رۆیشتن بۆ تارەت گرتن ئەگەر لەدەشتا بوون روو نــــە قیبلەو پشت لـــە قیبلە دانەنیشن ، بەڵـکو تەنشتتان لە قیبلە بێت ، بەم‌جـــۆرە دانیشتنە خێرێـکتان بۆ ئەنووسرێ‌و گوناهێکتان لەســـەر لادەبرێ ، بەپێچەوانەوە ئەگەر خیلافی ئەمە دانیشن حەرامە • هەروەها لەدەشتا لەکـــاتی تارەت گرتندا رووماکەنە مانگ‌و خۆر ، چونـــکە کەراهەتی تیایە ، بەڵێ ئەگەر لەودەشتەدا شتێ هەبێ بەرو پشتی گرتبێ ئەوا حورمەت‌و کەراهەتەکە نامێنێت •

ریوایەت کراوە : چوار تاقم هەن لە دۆزەخدا دەبنە هۆی ئازارو سزای ئەهلی دۆزەخ : یەکێک لەو چوار تاقمە ریخۆڵەیان لەپاشیانەوە دەردەچێ‌و ، بەشێـــوەیەکی ناشیرین بـــەناو ئـــەهلی دۆزەخـــدا ئەسوورێنەوەو ، ئەوانیش لـــە چاوپێ‌کەوتنی ئەو شێوە زۆر پەریشان ئەبن‌و ، پرسیار ئەکەن : ئەمانە لەژیاندا رەفتاریان چۆن بوە ؟ وەڵامیـــان ئەدەنەوە کە ئەمانە لەکاتی تارەتا باش تارەتیـــان نەگرتوەو ، بـــە میز ئەندامیان پیس بوەو ، نوێژەکەیان بە بەتاڵی کردوە ، واتە : نوێژەکەیان بەتاڵ بوە ؛ جا لەبەر ئەمەیە کە لەسەر فەرموودەیەکی ئیمامی شـافیعی‌و لای ئیمامی حەنەفی ، خوایان لێ رازی بێ ، خۆپاک کردنەوەی ئێجگاری لە میز واجبە ، واتە : لەپاش‌ئەوە کـــە ئینسان میزی کرد مـــاوەیەك

بمێنێتەوەو ، هەوڵبدات لە پاش‌میز خۆی بپارێزێ •

ریوایەت کراوە کە خودای گەورە بۆسەر هەر نوێژکەرێ فریشتەیەکی تەرخان کردوە بۆئەوەی ئەگەر ئەو شەخصە لە تارەتدا پاش خۆی پاك بکاتەوە ئەو فریشتە دوعای بۆ ئەکاتو ، ئەڵێ : خودایا وەك ئەم بەندەی خۆتە خۆی پاك کردوەتەوە تۆیش وەها لە گوناەو تاوان پاکی بکەرەوە • جا لەبەر گوێدان بە تارەتو دەستنوێژو خۆشۆرین لە ئاینی ئیسلامدا پێویستە ئاوی پاك‌و پیس لەیەك جیابکەنەوەو ، هەروەها ئەو ئاوە پاکە کە بۆدەستنوێژو خۆشۆردن بەکاردێ لەو ئاوە پاکەی کە بۆ تارەتو دەستنوێژو خۆشۆردن بەکار نایەت جیا بکرێتەوە • لەسەر موسوڵمانان پێویستە کە لە ئاوی (قلتین) تێبگەن ، قوللەتەین یانی دوو کووپەی بچووك کە وەختی خۆی لە دەوروبەری شاری مەدینەی نوورانیدا ئاویان تێ کردوون • قوللەتەین بەپێوانە بریتیە لە پڕی بەرمیلێك کە پێوانەی (ذراع)و چارەکێك بێت ، ذراعیش بریتیە لە مابەینی سەری پەنجەی دەست تا ئەنیشك ، بە کورتی: بەقەدەر دوو بستی بنیادەمی مامناوەندی پانو درێژو قووڵ بێت • جا لە هەرشوێنێکدا ئاوی پاکی ئەندازەی قووللەتەین بێ‌و ، بەهۆی شتی پاکی وەك شیرو دۆ وەها نەگۆڕابێ کە پێی نەڵێن ئاو ، ئەوە بۆ تارەتو دەس‌نوێژو خۆشۆردن بەکاردێتو ، بەو ئاوە دەڵێن : پاك‌و پاك کەرەوە (طاهرو طهور) • خۆ ئەگەر بە تێکەڵێکی پاك گۆڕابوو بەجۆرێ کە ناوی ئاوی رووتی نەمابوو ، بۆنموونە پیاندەوت (گوڵاو ، ئارداو) ئەوە پاکە ، بەڵام پاك کەرەوە نیەو بۆ تارەتو دەستنوێژو خۆشۆردن ناشێت ، مەگەر ئەو شتە کە پێی گۆڕاوە لەشوێنی ئاوەکەدا بێت ، وەکو ئەرزێکی شۆرەکات کە ئاوەکەی سوێر کردبێ ، یا لە نزیکی گوزەرگای ئاوەکەوە بێت ،وەکو ئەوەی کە کانی نەوت بەو دەورەدا هەبێتو ئاوەکە

بۆنی ئەو نەوتەی گرتبێ ئەوە زیانی نیــە بۆ ئاوەکەو ، ئەو ئاوە پاکیشەو پاك کەرەوەشە • خۆ ئەگــەر ئەو قوللەتەینە شتێکی پیسی تێبــکەوێ ، بۆنموونە : قوللەتەینی ئاو بەقەدەر سەرە نینۆکێ یاکەمتــەر خــوێنی تێبکەوێ ، تام یا رەنگی بــگۆرێ ئەوە قوللەتەینەکــە هەمووی پیس ئەبێتو ، بەکەڵــکی تارەتو دەستنوێژو خۆشۆردن نایەت ، بەڵکو ئەگەر دڵۆپێک لــەو ئاوە لە لەش یا لە پۆشاك بکەوێ ئەو ئەندامەو ئەو پۆشاکە پیس ئەبێتو ، پێویستە بە ئاوێــکی پاكو پاك کەرەوە بشۆررێت •

ئەم باسە هەمووی بۆ ئاوی ڕاوەستاو بوو ، واتە : ئەو ئاوەی کــە لە بەری نەڕواو لە شوێنی خۆیدا راوەستابێت • بەڵام ئەگــەر ئاوەکــە لەبەری دەرۆیشت وەکو ئاوی جۆگەو جۆگەلەو ، ئەو ئەندازە ئاوەی کە لــە مابەینی هەردوو لای جۆگەکەدایە قوللەتەین ئەبوو ، وەکو جۆگەی هەندێ ئاش ، یا جۆگەی هەندێ کشتوکاڵ ، ئەوە حوکمی قوللەتەینی هەیە ، واتە : ئەگەر شتی غەیری ئاوی تێکەڵ نەبوو یا تێکەڵی‌یەکەی لــە شوێنی تێپەڕبوونی ئاوەکەدا بوو ، وەکو جۆگەیەك کە بە کــانیٚ نەوتدا بڕوات ، ئەوە پاکەو پاك کەرەوەیەو ، ئەگــەر بــە شتێــکی پاك گۆڕڕا گۆڕانێکی وەها کــە پێی‌نەڵێن ئاو ئەوە پاکە ، بەڵام پاك کەرەوە نی‌یە ، مەگەر بە گڵی کێوو دەشت بگۆڕێ ، وەکو ئاوی لافاوی بەهاران ، ئــەوە پاکەو پاك کەرەوەیە • خۆ ئەگەر بە شتی پیس گۆڕرا ئەوە پیس ئەبێ‌و ، ئیتر بەکاری تارەتو دەستنوێژو خۆشۆردن نایەت •

بەڵام ئەگەر (قلّی) ئاوەکە واتە : ئەو ئەندازە وا لەبەینی ئەمبەرو ئەوبەری جۆگەکەدا لە قوللەتەین کەمتر بوو مادام شتێکی پیسی تێــکەوت ئەوە پیس ئەبێت ، چ لەو شوێنەی کە پیسی‌یەکەی تێدایە یا لە خواریەوە ، یا لــە ژووریەوەو ، بەکەڵکی تارەتو دەستنوێژو خۆشۆردن نایــەت ،

هەروەها ئەگەر ئەو ئاوە لە لەش و جل و بەرگ کەوت پێس ئەبێت و پێویستە بشۆررێت ، ئەو حوکمە کە باسمان کردئابتە چ ئاوی ئەو جۆگەکەمە بەو پیسی یە گۆرابێ یا نەگۆرابێت(١) ٠

دەگێرنەوە کە کاتێ سەعدی کورِی مەعاذ (ر ٠ خ) کۆچی دوایی کرد حەزرەت (د ٠ خ) فەرمووی : کاتێ کە گیانی پاکی سەعد گەیشتە عەرش لەبەر موبارەکی پێوقەدەمی ئەو عەرش کەوتە لەرزەو جوولانەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا پاش ئەوەی خستیانە گۆرو شاردرایەوە روخساری حەزرەت گۆرراو نیشانەی غەمگینی پێوە دیاربوو ، عەرزیان کرد : هۆی غەمگینی یەکەت چی یە ؟ فەرمووی : چاوم کەوت بە سەعد کە گیرۆدەی ناخۆشی یەك بوو ، بەلام لە خودا پارامەوەو رزگار بوو ، لێیان پرسی : هۆی ناخۆشی یەکەی چی بوو ؟ فەرمووی : بەهۆی بابەتی خۆ پاککردنەوە لە میز بوو ٠ پاش ئەوە حەزرەت (د ٠ خ) فەرمووی زوربەی سزای گۆر لە غەیبەت کردن و ، لە خۆپاك نەکردنەوەیە لە میز لەکاتی تارەت گرتندا ٠

لە سوننەتەکانی حەزرەتە (د ٠ خ) : هەرکاتێ دەستنوێژتان گرت گورج دوو رکات نوێژی سونەتی دەستنوێژ بکەن و ، لە رکاتی یەکەمدا ئایەتی «ولو انهم اذا ظلموا انفسهم جاءوك فاستغفروا الله واستغفر لهم الرسول لوجدوا الله توابا رحيما»وە لە رکاتی دووەمدا ئایەتی «ومن يعمل سوء او يظلم نفسه ثم يستغفر الله يجد الله غفورا رحيما» بخوێنن ٠

---

(١) بەلام قەولی قەدیمی (شافعی) خوای لێرازی بێ ، لەم مەسئەلەدا جێگای ئیعتیبارە ، کە فەرموویەتی ئاوی رەوان ، هەرچەند کەمتر بێ لە قوللەتەین مادام یەکێ لە صیفەتەکانی نەگۆرێ ، پاکەو پاك کەرەوەیە ٠

— وەرگێر —

ریوایەت کراوە لـە حەزرەتەوە (د • خ) فەرموویەتی : « اشربوا اعینکم من الماء عند الوضوء » واتە ئاودەرخواردی چاوەکانتان بدەن لە کاتی دەستنوێژدا ، واتە : کـە دەموچاوتان شۆری لەکـاتی دەستنوێژ گرتندا چاوەکانتان بکەنەوە با لەو ئاوی دەستنوێژەیان تێبچێت • ریوایەت کراوە کـە ئوممەتی پێغەمبەر (د • خ) لە رۆژی قیامەتدا لـە سارای مەحشەردا (غر)و (محجل) دەبن ، واتە : ناوچـاوان سپیو باسكو سـاق سپین ، تەنانەت ئەوانەشیان کە بەهۆی تاوانباری یەوە دەچنە دۆزەخ هەر بەوشێوە جوانەوە ، کـە عیبارەتە لـە سپیەتیو روونـاکی دەموچـاوو دەستوپێیان دەچنــە دۆزەخەوەو ، بەهۆی دۆزەخـــەوە رەش نابنەوە ، بەڵام باقی ئوممەتەکانی تر وەها نین • هەروەها ریوایەت کراوە کە هەر موسوڵمانێك گوناهی گەورەی نەبێ دەستنوێژ دەبێتە کەفارەتی گوناهە بچووکەکانی •

لـە حەدیثی پێغەمبەردایە کە لەگەڵ هەر تکێکێ دوایی لـە ئاوی دەستنوێژ لە هەر ئەندامێکی دەستنوێژەوە بێتە خوارەوە هەر گوناهێ بـەو ئەندامە کردوویەتی ئەکەوێتە خوار ، بەتایبەتی ئەو دەستنوێژەی کـە لە کاتی سەرمای سەختدا بگیرێتو بەتەواویو بە رەسایی جێبەجێ بکرێ ، هەروەها تارەت گرتنی پێش دەستنوێژەکەیشی بە طاعەتو بە عیبـادەت بۆ حسێب دەکرێت • شایانی باسـە دەستنوێژی دائیمی نیشانەی بەهێزیی ئیمانە ؛ واتە : هەرکەسێ بەردەوام دەستنوێژی هەبێ ئەوە بە موسوڵمانی تەواو حسێب ئەکرێت •

لە حەدیثی شەریفدا هەیە : بەردەوامیی دەستنوێژ دەبێتە هۆی گوشادیی رزقو رۆزی خاوەنەکەی ، هەروەها خۆشۆردن بۆ نوێژی جومعەش ئیحسانێکی گەورەیە ، بەتایبەتی ئەگەر ئەو خۆشۆردنە کـە بۆ نوێژی جومعەیە ، بۆ لابردنی لەشپیسی (جنابت)یش بێت ، واتـە کـە

لە شەوی جومعەدا یا لە ڕۆژی جومعەدا لەپێش کـاتی نوێژی جومعـە خۆشۆردنی لەسەر واجب بێتو ، بە نیەتی غوسلی جومعـە وە لابردنی لەش‌پیسی خۆی بشۆرێ ، ئەوسا بە پاکی‌و خاوێنی بڕوات بۆ مزگـەوت‌و نوێژی جومعە بـکات ئەوە ئیحسان‌و پاداشتی گەلێ زۆرترە لەوکـەسەی کە بە تەنیا نیەتی غوسلی جومعە بەجێ‌بهێنێ ، پاداشتەکەی ئەوەندە زۆرە ئەترسم لەوە ئەگەر بینووسم خەڵـکی هەڕەمە بڵێن : ئای ئەم کارە کەمە چۆن ئەوەندە پاداشتی زۆری هەیە ؟

هەرکەس دەستنوێژی هەبێ‌و تازەی بکاتەوە ئەویش پاداشتی زۆری دەست‌ئەکەوێ . هەروەهـا سونـەتە دەستنوێژگر لـە دوادوایی دەستنوێژەکەیدا کەمێ لە ئاوی دەستنوێژەکەی بخواتەوە ، ئەمـە دەبێتە هۆی شیفای لە نەخۆشی . هـەروەها سیواك‌کردن لـە سـەرەتای دەستنوێژدا سونەتە ، هەروەکو لەپێش دابەستنی نوێژیشدا سونەتە . یەك ڕکات نوێژ بەسیواکەوە گەورەترە لە حەفتا ڕکـاتی بێ‌سیواك ، تەناتـەت حەزرەت (د . خ) فەرموویەتی : ئەگـەر نەبوایە بەهۆی زەحمەت‌و ماندوبوون بۆ ئوممەت ئەمرم بە هەموو نوێژکەرێکی ئوممەتم دەکرد لەگـەڵ هـەموو نوێژێـکدا بەواجبی سیواك بەکاربێنن . وەك زانراوە سیواك‌کردن ئەوەیە کە بە ماددەیێکی زبر هەموو دان‌و زمـانی خۆی پاك‌بکاتەوە لە بەڵغ ، بە باری درێژی‌دا بیهێنێ بە زماناو ، بە پانیدا بیهێنێ بە دانەکانیا هەتا پووکی زامدار نەبێت ، جا باشتر ئەوەیە کـە سیواك‌کردن بە داری (ئیراك) بێ ، کە دارێکی بۆن‌خۆشەو ، مەغزەکەی ریشە ریشەیە ، لە پاش تەڕکردن‌و خووساندنەوەی لە ئاودا بە شتێکی قورس بکوترێ هەموو ریشە ریشە ئەبێ‌و ، بۆ پاك‌کردنەوەی دەم‌ودان زۆر بەسوودە ، خۆ ئەگەر داری ئیراك نەبوو ئـەوا لقی داری ترشی سماق زۆر بەسوودە ، ئەگـەر ئەمەش نەبوو هەرشتێکی پاکی زبری

بەکەڵك هەبوو باشە٠شیخ ئەحمەدی (ابن حجر) رەحمەتی خوای لێبێ سیونۆ صیفەتی چاکی لە سیواك کردنا بەیان کردوە • هەروەها بانــگدان سونتەتێکی زۆر گەورەیەو پاداشتێکی زۆری هەیە • حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : ئەگەر خەڵك ئەیانزانی کە لە بانگداندا و لە ریزی یەکەمی جەماعەتی پشتی ئیمامدا چپاداشتێکی گـــەورە هـــەیە ، یا بەگژی یەکدا دەچوون لەسەر ئەمانە یا قورعەیان ئەکرد •

ئەی براینە ! بانــگی ئیسلام بۆ نوێژەکـان موسوڵمانی بێئاگـــا ئاگادار دەکاتەوەو ، ئەوانەی پێویستیان بـــە خۆئامادەکردنو پۆشـاك لەبەرکردنو دەستنوێژ گرتن بێ خۆیان بۆ عیبادەت ئامـادە ئەکـــەن ، هەروەها بانـــگدان دەربڕینی دروشمو نیشانەی ئیسلامەتییە لە جیهانداو ، دوو کەلیمەی شەهادەت دەدا بەگوێی ئینسانی موسوڵماندا کـە بناخەی ئیسلامـــەتییە •

بانگ لـــە غەیری نوێژی بەیانییاندا پانزە کەلیمەیە بەمجۆرەی لەخوارەوە بۆتان ئەنووسم :ـ « الله اکبر الله اکبر الله اکبر الله اکبر، اشهد ان لا اله الا الله ، اشهد ان لا اله الا الله ، اشهد ان محمدا رسول الله اشهد ان محمدا رسول الله ، حي على الصلاة حي على الصــلاه ، حي على الفلاح حي على الفلاح ، الله اكبر الله اكبر ، لا اله الا الله » بەڵام بۆ نوێژی بەیانی دووجار «الصلاة خير مـــن النوم» دەوترێ پاش «حي على الفلاح» •

سونتەتە بۆ ئەو کەسەی گوێی لە بانـــگەوە بێ وەڵامی بانـــگەکە بداتەوە ، واتە : هەرچی بانـــگدەر دەیڵێت ئەمیش بیڵێت ، بەڵام لـــە وەڵامی «حي على الصلاة»و «حي على الفــلاح»دا چوار جـــار بڵێت : «لا حول ولا قوة الا بالله»•هەروەها لە وەڵامی «الصلاة خير من النوم»دا

بڵێت : «صدقت وبررت وبالحق نطقت» ریوایەتکراوە : وەڵامدانەوەی بانگدەر بەوشێوەی کە وتمان ئەبێتە کەفارەتی بێئاگایی لە مابەینی دوو بانگدا ، وە هەر ئاوەدانییەك بانگی تێدا بدرێت لەو رۆژەدا ئەگەر سزایەك نازل بێت خوای گەورە ئەیپارێزێ • هەرکەسیش دەنگی بانگێ بیسێ لە جین‌و ئینس‌و دارو بەرد لە رۆژی قیامەتدا دەبنە شاهیدو شەهادەت ئەدەن لەسەر ئەو بانگی ئیسلامە کە فلان کەس بانگیداو موسوڵمانانی بانگکرد بۆ نوێژو بەجێهێنانی پێویستیی ئایین‌و ، ئەو بانگە دەبێتە کەفارەتی گوناهی بچووکی ئەو بانگدەرەو ، هەتا لە بانگەکە رزگار ئەبێ لە لایەنی خوای گەورەوە رەحمەت بەسەریا دەبارێت • ریوایەتکراوە کە حەزرەت (د • خ)تکای کردوە لە خوا کە گوناهی بانگدەرەکان ببەخشێت ، گومان لەوەشدا نیە کە دوعای حەزرەت (د • خ) قوبووڵە •

بانگدەران تاقمێکی لە خۆشەویستانی خودا بەومەرجەی بەنیەتی پاك‌و خاوێن ئەو بانگە بدەن ، ئەم بانگدەرانە لە دەشتی مەحشەردا گەردنیان لە رەفیقانی خۆیان بەرزتر ئەبێ ، بەم مەعنا کە تاوانباران سەرشۆڕن‌و بانگدەران سەربەرزی رۆژی قیامەتن‌و ، کاتێ کە زیندوو دەکرێنەوەو سەر لەگۆڕ دەرئەکەن بانگ ئەڵێن •

ریوایەتکراوە : کەسێ (۷)ساڵ لە رێی خودادا بانگ بدا لەشی لە قەبردا ناڕزێ ، واتە : پایەی شەهیدانی هەیەو ، لە قەبردا ناگۆڕێت‌و ناڕزێت • لە ریوایەتێکیتردا وتراوە : موحاسەبەیان لەسەر نیەو ، لە قیامەتدا خەمبار نابن‌و ، لە ترسی گەورەی رۆژی قیامەت کە مەشهوورە بە (الفزع الاکبر) ئەمین ئەبن ، هەر لەم ریوایەتەدا هەیە کە ئەوکەسەش قورئانی لەبەربێ مادام رەفتاری پێبکا ئەم پایەیە هەیە ؟

چونــکە هەر کردەوەیە بۆ رەزای خودا نەبێ نرخی نیە ، تەنانەت لــە رۆژی قیامەتدا فریشتە بانگ‌ئەکات‌و ئەڵێت : ئەوکەسە کە عیبادەتی بۆ خودا نەکردوەو بۆ غەیری خودای کردوە وەکو بت‌پەرست‌و ئاگرپەرست یا وەکو ئەوانە کــە هەر لەبەر ناوبانگ لەناو خەڵــکدا عیبادەتیان کردوە با بڕۆن بۆ لای ئەوکەسانە کە لەبەر ئەوان عیبادەتەکەیان کردوە هــەتا جەزاکەیان وەربگرن ، ئەمانە لە لای خودای گەورە بەشیان نیە چونــکە عیبادەتەکەیان بۆ ئەوە بوە کە خەڵک بڵێن فلان‌کەس پیاوچاکە یا خــاوەن سەخاوەت‌و بەدەهەنەیە ، یا بەغیرەت‌و ئازایە . باسی ئیخلاصم لە عیبادەتدا لە نامەیەکی تایبەتیدا نووسیوە .

هەروەها هەرکەس بە دەنــگی بانــگی بانگدەرەوە بڕوات بۆ نوێژ بە جەماعەت یا بە غەیری جەماعەت ئەوا ئەو بانگدەرە هاوبەشی ئەوکەسەیە لە پاداشی نوێژەکەیدا ، هەرکەسیش دەنــگی بانگ ببیسێ‌و قسەی دنیایی نەکا تا بانگدەر لە بانگەکەی ئەبێتەوە ، لە هەمان کــاتدا وەڵامی بانــگەکە بەتەواوی بداتەوە ، ئەوە بە هەر وشەیەك لــەو وەڵامە دووصەدهەزار خێری بۆ ئەنووسرێ ، بەڵام ئەگەر لە کاتی بانــگەکەدا قسەی دنیــایی کرد ، ئیتر قسەی حەرام بێ یا مەکرووە یا قسەیەکی بێ‌سوودو زیان بێت ئەوە لەو پاداشە ناهومێد ئەبێ‌و ، بە هۆی قسە حەرامەکەشەوە گوناهبــار ئەبێ بە گوناهێکی گەورەو ، بە هۆی قسە مەکرووهەکە یا قسە بێ‌سوودو زیانەکەشەوە لە خێری گوێ‌بەبانگ‌دان‌و جوابدانەوەی مەحرووم ئەبێت، لەبەرئەوە بوەتە مانیعی بیستنی دەنگی بانگەکە ، بەم‌جۆرە دەرکەوت کــە قسەکردن لەکاتی بانــگدا دوو زیانی هەیە ، یەکــەم ناهومێدبوون لــە ئەوابی گوێ‌گرتن‌و ئەوابی وەڵامدانەوەی بانگدەر ، دووەم تاوانبــاری بەهۆی ئەوقسانەوە کە کردوویەتی ، ئەگەر قسەی حــەرام بێ . بەڵێ

ئەگەر ئەوقسە ئەیـکا لەوکاتەدا لە واجباتێ بێ کە ترسی لە فەوتانی هـەبێ ئەوە قەیناکات •

ریوایەتکراوە : هەر شارێ کە بانـگدەری زۆری هەبێ ویران نابێ لەبـــەر بەرەکەتی ئەو بانـگە زۆرانە ، مەگـــەر بـــە شێوەیەکی بەدەگمەن بێ • هەروەها ریوایەتکراوە : هەر وشەیەك کە بانـگدەر بە دەنـگی بەرز رایدەگەیەنێ خودای گەورە بەرامبەر بەو وشـــەیە دەفەرموێت : «صدق عبـــدی» واتـــە : ئـەو بەندەیەم راستئەکات • دەگێرنەوە : رۆژی (بلال)ی حەبەشی (ر • خ) بانگئەدات ، کاتێ کـە فەرمووی «اشهد ان محمدا رسول الله» جوولەکەیەك گوێیلێبوو وتی : ئەی درۆزن خودا بیسووتێنێ ، کاتێ کە جوولەکەکە گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی ویستی چرا داگیرسێنێ ئاگری تێچوو سووتا ، واتە دوعاکـــەی لـــە خۆی گیرابوو چونـکە درۆزن بوو کە باوەڕی نەبوو بەوەی کـە حەزرەتی (محمد) د • خ پێغەمبـــەری خوایە ، واتـــە بانـگدەرەکە راستگۆ بوو •

لە لێکدانەوەی مانای ئایەتی موبارەکی «ونکتب ما قدموا وآثارهم»دا هەندێ لە زانایانی ئایین فەرموویانە : مەبەست لە ئاثاری ئەوان شـوێنی پێیانە کـە لـە ماڵی خۆیان دەرچوونو رۆیشتوون بۆ دەستنوێژگرتنو ، روویان کردوەتە مزگەوت بۆ نوێژی جەماعەت لەگەڵ موسوڵمانانئدا •

لـە مەعنای هەندێ فەرموودەی پیرۆزی پێغەمبەرەوە دەردەکەوێ هەرکەس دەستنوێژێـکی باش بگرێتو ، بەرەو مزگەوت بڕوات ، بە هەر هەنـگاوێ کە دەینێت خودای گەورە گوناهێکی لەسەر لائەباتو خێرێکی بۆ ئەنووسێتو پایەیەکی بەرزیشی پێئەداتو ، کـــاتێ کـــــە نوێژە فەرزەکەی لـــە مزگەوتا کردو ، دانیشتو خەریـکی خواپەرستی بوو

فریشتەکانی خودا صەڵاواتی لێ ئەدەن‌و ئەڵێن : «اللهم صل علیه»واتە : ئەی خودایا رەحمەتی خۆت برژێنە بەسەر ئەو بەندەتداو ، گوناهەکانی بپۆشەو تۆبەی لێ قبووڵ بکە • وە هەتا لەمزگەوتەکەدا دانیشێ بۆ ئـەوە کــە جەماعەتەکەی بـکات ئەو دانیشتنەی بـــە نوێژکردن بۆ حسێب ئەکرێت‌و ، بە عیبادەت بۆی ئەنووسرێ •

ئیمامی حەسەن ، خودای لێ رازی‌بێ ، کاتێ ئەرۆیشت بۆ نوێژی جەماعەت‌و ، دەکەیشتە دەرگای مزگەوتەکە کزی‌و زەبوونی‌و داماوی‌ی خۆی دەرئەبڕی • بۆ ئیمەش وا موناسبە لەوکاتەدا بڵێین : الهی ! عبدك ببابك ، مسكينك ببابك ، سائلك ببابك ، عاصيك ببابك ، ذليلك ببابك ، پەریشان‌و شەرمەزارم ، هاتووم بۆ قاپی‌ی رەحمەت‌و میهرەبانی‌ی تۆ ، داوای عەفوت لێ‌ئەکەم !

لە حەزرەتی (علي)یەوە دەگێڕنەوە (ر • خ) وتوویەتی : پێغەمبەری خودا (د • خ)فەرمووی : خودای گەورە سرووش «وحي»ی بۆ حەزرەتی عیسا نارد (د • خ)کە بە بەنی‌ئیسرائیلەکان بڵێت : کەس نەڕواتە یانـەی خودا بە دڵێکی پاکەوە نەبێ‌و لەگەڵ نەفسێکی ترساوو چاوێکی داکەوتوو دەستێکی پاکــدا •

دەگێڕنەوە کە حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : لە ئاخر زەمـاندا قەومێك پەیدائەبن کــە وتووێژی دنیایی خۆیان دەبەن بۆ مزگـەوت ، خودا هیچ موحتاجی ئەوان‌و کردەوەی ئەوان نیە ، واتــە : خــودای گەورە لـەو کردەوە ناپەسەندەی ئەوانە نارازی‌یە ؛ چونکە مزگـەوت شوێنی خوداپەرستی‌یە ، شوێنی قورئان خوێنـــدن‌و یادی خواو نوێژو فێربوونی ئادابی ئایین‌و خووەروشتی بەرزەو ، ئەو قسەو باسە بێ‌خێرانە بۆ مزگەوت ناشێن‌و ، دەبنە هۆی تاوانباری‌ی خاوەنەکانیان‌و ، ئەگـــەر

بەهۆی نوێژکردنو جەماعەتەکەوە خێرو پاداشێکیان دەستبکەوێ بەهۆی گوناهی قسە بەتاڵەکان تاوانیان لە ئەوابیان زۆرتر ئەبێ •

براکان ! کە حەدیثێکی وەهاتان بیست نەڵێن : کەوابێ ئیتر ناڕۆین بۆ مزگەوت ؟ چونکە پشتکردن لە مزگەوت وەکو پشتکردنە لە بەختیاری‌ی دنیاو قیامەت ، بەڵکو بڵێن : ان شاء الله لەمەوپاش بە ئەدەبو ڕەوشتی جوانەوە ئەڕۆین بۆ مزگەوتو قسەو گفتوگۆی ناڕەوا لە مزگەوتدا ناکەینو ، کاتمان لە نوێژکردنو ناوی خواو فێربوونی ئادابی ئاینـدا لای ئیمامی مزگەوتەکان بەسەرئەبەینو ، ئامۆژگاری منداڵەکانو گەنجەکانیشمان ئەکەین کە لە مزگەوتدا بەئەدەب بنو تەرکی مزگەوت نەکەن • ان شاء الله لەمەوپاش ئەو فەرموودانەی حەزرەتتان پێ ڕادەگەیێنم کە باسی زیانی دینیو دنیایی ئەو گفتوگۆ دنیایی‌یانە دەکات کە لە مزگەوتدا دەکرێن •

ئەگەر کەسێ خاوەندینو بەدەسەڵات بێت پێویستە نەیەڵێ قسەی ناڕەوا لە مزگەوتدا بکرێت ، یەکەمجار ئامۆژگاریان بکات ، ئەگەر ئامۆژگاریەکە سوودی نەبوو زۆر بەکاربهێنێ ، هەتا ئەو موسوڵمانانە لەم تاوانە دووربکەونەوە •

برادەرینە ! بەداخەوە ئەم نامە کورتەی من جێگای ئەو هەموو پایەو گەورەیی‌یەی نوێژو نوێژی جەماعەتو نوێژی جومعەو سوننەتەکانی جومعەو جەماعەتی تێدا نابێتەوە ، بەڵام پێویستە بزانن ئەم عیبادەتانە بۆ ڕۆژی قیامەت زۆر بەسوودنو ، ڕۆژبەڕۆژ بەدرێژی‌ی مانگو ساڵەکانی ژیان گەلێ زۆر ئەبن • وا بەشێوەی تەخمین شتێکتان بۆ بەیان ئەکەم :ـ تەماشا بکەن ئەگەر لە دنیادا کەسێ گیرۆدەی کردەوەیەکی ناشیرینو ناپەسەند بێو ، مەئمووری میری بێن ئەوکەسە بگرنو زۆر

ئازاری بدەن‌و ، لەناو عالەمدا سووکی بکەن‌و ، بیانەوێ جـــەزایەکی زۆری لێ‌بسێنن‌و ، لە بەندیخانەدا رایبگرن • ئایا ئەوکەسە ئەگـــەر دەوڵەمەند بێت حەزناکا بەوە کە بەشێکی گەورە لە دارایی خۆی بدات هـــەتا لەو زەحمەتە رزگـــار ببێ ، دیارە هـــەموو ئەزانین کـــابرا حەزئەکا هەرچۆن‌بێ خۆی لەو کۆسپە نالەبارە رزگار بـکات ، بـەلای زۆرەوە بە ماڵی دنیا رزگار ئەبێت ، جا بزانن لە رۆژی قیامەت‌دا ئینسانی تاوانبار کاتێ کە فریشتەکانی سزا دەست بە سزادانی ئەکـــەن بە ئاگر بەجۆرێ کـــە پێست‌و گۆشت‌و رەگ‌و ئێسقانی لـــەشی هـــەموویان هەریەکە بە ئازارێ گیرۆدە ئەبێت ، مەگەر خودا بزانێ چۆنە ، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆی تاوانبـــار لـــە قیامـــەتدا نامرێ‌و ئەو ئازارانەی درێژە ئەکێشێ • بێن پێم‌بڵێن ئەوکەســـە ئەگـــەر دەست‌بدا بۆی چـــەندێ حەزئەکات بەوەی کە ماڵ‌و سامان بدات‌و لـــەو ئازارانە رزگار بێت‌و لەو گیرۆدەیی‌یەدا نەمێنێتەوە ؟ بێ‌گومان زۆر حەز ئەکات لە رزگاری خۆی •

جا لەم شوێنەدا پێویستە بزانن هەر هەنگاوێک لـــە دنیـــادا مرۆ دەینێت ، لە رێگای دەستنوێژ گرتن‌و چوون بۆ مزگەوتدا ، بە فەرموودەی حـــەزرەت (د • خ) دەبێتە هۆی لاچوونی گوناەو وەرگرتنی خێـــرو پاداشتی چاک‌و بەرزبوونەوەی پایەی ئەو مرۆڤە ، واتـــە : سێ شتی لێ پەیدا ئەبێ ئەمانە هەر یەکی دابنێین بە درەمێ ، یانێ : هەر هەنگاوێ سێ درەم ئەکات ، جا ئەگەر لە ماڵی نوێژنەرەکەوە هـــەتا مزگـــەوت دووسەد هەنـگاو بێ ، بەهات‌وچۆی رێگەی بەینی ماڵ‌و مزگـــەوت‌و هات‌وچۆی بۆ تارەت‌گرتن‌و دەستنوێژ گرتن ، ئەمە ئەکاتە شـــەش‌سەد درەم بۆ تاقەنوێژێ لە شەوو رۆژداو ، ئەگەر پێنج فەرزی تەواو حسێب بـکەین ئەکاتە سێ‌هەزارو ، ئەگەر ماوەی عومری خۆی حسێب بـکرێ ئەوە مەگەر خودا بزانێ کـــە چەن خێرو پاداش بۆ ئـــەم موسوڵمانانە

حسێب ئەکرێ ، جا هەروەکو لە دنیادا پارە دەبێتە هۆی رزگاربوون لـە زەحمـەتو ناخۆشی ئەم خێراتەش هـەموو دەبنە کەفارەتو فیدیە بۆ رزگاربوون لە ئازارو سزای رۆژی قیامەت • ئەم ژمارە زۆرە سەرمایەو قازانجەو دەمێنێتەوەو ، دەبێتە هۆی رزگاریی ئینسان لەکاتێکدا کـە زۆر پێویستی بە رزگاریو سەرفرازی هەیە لەناو خەلکدا ، واتە لـە رۆژی قیامەتداو لە بەردەمی خوداو پێغەمبەردا •

ئەمتەخمینو لێکدانەوەو ژمارەکارییەی مـن دەربارەی خێرو پاداشت گەلێك کەمترە لەو ئەندازەی کـەخودای گەورە بڕیاری دەدا بۆ کردەوەی موسولمان ، بەلام ئەترسم ئەگـەر زیاتر باسبکەم باوەڕ نەکەنو بەهیلاکدا بچن ؛ لەبەرئەوە بەمئەندازەیە وازدەهێنم •

دەگێڕنەوە جـارێك حەزرەت (د • خ) فەرمووی : ئیمشـەو مەلائیـکەیەك هات بۆ لامو فەرمووی : یامحمـد ! ئایا ئەزانی کـە مەلائیکەکانی بارەگای هەرەبەرز ، واتە ئاسمان ، لە چشتێک قسەوباسیان دەکرد ؟ وتم : بەلێ ئەزانم ؛ باسی پایەو پاداشتی موسولمانانو باسی ئـەو خێرانەیان دەکرد کـە دەبنە کەفارەتی گوناهەکانو ، باسی هەنگاونان بۆ مزگەوتو بۆ نوێژی جەماعەتو ، باسی دەستنوێژ گرتنی تەواویان ئـەکرد کە لەکاتی نالەباری سەرماو سۆلەو ناساغیو تەنگاویدا دەگیرێن ، باسی چاوەڕێ کردنی نوێژ لەپاش نوێژیان دەکرد ، بۆنمونە : موسـولمانەکە کـە دەڕوات بۆ مزگـەوتو نوێژی مەغریبی کرد هەر لە مزگـەوتا دەمێنێتەوەو ، نوێژەکەی عیشاش بەجەماعەت دەکـات ، ئەوکەسـانەی کـە هەمیشە حالیان وەهایە بەخێر ئەژینو بەخێر ئەمرنو ، چاوپۆشی لە گوناهو تاوانیان دەکرێت •

ریوایەتکراوە : ئەگەر یەکێ لە ئەهلی جەماعەت ناساغ بکەوێ ،

یا بەسەفەر بڕوات بۆ شوێنێو ، لەپاش چـاك بوونەوەی یا لەسـەفەر گەڕانەوەی رووی کردە مزگەوت ، خودای گەورە بەرامبەر بەوکەسـە نەوازش‌و میهرەبانی دەکات‌و ، (بلا تشبیه) وەك باوکێ ماوەیەك کوڕی وون بوو بێ‌و لەپاشان بیدۆزێتەوە ، هەروەها خێرو پاداشی ئەو ماوەی کە دیارنەبوە بۆی حسێب دەکات •

ریوایەت کراوە : کە حەزرەت (د • خ) فەرمووی بە هاوڕێـکانی : حەزئەکەن شارەزای شتێکتان بـکەم کە خودای گەورە بەهۆی ئەوەوە گوناهەکانتان لابـبـات ؟ ، هاوڕێـکانی عەرزیان کرد : بەڵێ • ئەویش فەرمووی : ئەوشتە ئەوەیە کە دەستنوێژی باش‌و ئیعتیادی بگرن لەکاتی نالەبارو نارەحەت‌داو ، هەنـگاوی زۆر بنێن بۆ مزگەوت‌و ، لەپاش نوێژ چاوەڕێی نوێژ بـکەن ، واتە : ئەگـەر موسوڵمان موفق بوو رۆیشتە مزگەوت‌و نوێژی نیوەڕۆی بە جەماعەت کردو ، هەروا لە مزگـەوت مـایەوە تا نوێژی عەصریش بەجەماعەت بـکا ، ئەمـە دەبێتە هـۆی لاچوونی گوناهی ئەو ئینسانە ، هەروەها موژدە بەو کەسانە بدەن کـە لەکاتی تاریکیی شەودا دەڕۆن بۆ مزگەوت ، ئەو تاریکی‌یە دەبێتە چراو رووناکی بۆیان لە رۆژی قیامەت‌دا ، واتە : لە سارای مەحشەرداو لە سەر پردی سیراطو ، کـاتێ کە خەڵـکی هەموو لە ترس‌و بیمدان ، ئـەوان لە خۆشی‌و شادمانی‌و رەحمەتی خودادان • هەر کاتێکیش کەسێکتان دی هات‌وچۆی مزگەوتی کردبوو بە عادەتی خۆی بۆ عیبادەت شـایەتی بۆ بدەن کە خاوەن ئیمانە • لـە فەرموودەکـانی حـەزرەتەوە (د • خ) دەردەکەوێ کە رۆیشتنی ئینسانی موسوڵمان بۆ مزگەوت بـە کەیف‌و شادی نیشانەی تەواویی ئیمانە ، هەروەها نەرۆیشتن بۆ مزگەوت ، یـا سستی‌و بێ‌نیشاطی لە چوونی مزگەوتدا نیشانەی سستی‌و لاوازی ئیمانە•

ریوایەت کراوە : هەرکەس سێ جار دەنگی بانگ ببیسێ‌و ، بـە

بێ‌بەهانەی رەوا نەڕوا بۆ مزگەوت بۆ جەماعەت ئەوە لــە دەفتــەری ئەحواڵدا بە منافق دەنووسرێت •

ریوایەت‌کراوە لە هەموو کاتی نوێژا مەلائیکە بانگ ئەکات‌و ئەڵێت : ئەی ئادەمیزاد هەستن بڕۆن بۆ کوژاندنــەوەی ئاگــری دۆزەخ ئــەو ئاگرەی کە بەهــۆی تاوانەوە هەڵتــان‌گیرســاندوە بۆ گیــانی خۆتــان • واتە : هەســتان بــۆ دەســتنوێژ گرتن‌و چوونــە مزگــەوت بۆ نوێــژی جەماعەت ، وەکو چۆن ئاو دەبێتــە هۆی کوژاندنــەوەی ئاگــر ، ئاگــری دۆزەختان بۆ ئەکوژێنێتەوە •

ریوایــەت کراوە : وەختــێ کە خوای گەورە بی‌یەوێ بەلایەك بۆ شوێنــێ بنێرێ بە میهرەبانــی تەماشای مزگەوت‌و ئەهلــی مزگــەوتی ئەو شوێنە ئەکــات‌و ، بە یومــن‌و پیرۆزی‌ی ئەوانــەوە ئەو بەلاو مصیبــەتە لەو خەڵکە دوورئەخاتەوە ؛ چونکە لە حەدیثی شەریفدا هەیە کەسێ بڕوا بۆ مزگەوت میوانی خودایەو ، خودا اکرم‌الاکرمین وارحم‌الراحمینەو ، رێز لە میوانی خۆی ئەگرێ‌و ، بەهۆی رێزی ئەوانەوە بەلا لەو شوێنــە لائەدات کە نزیکی مزگەوتە •

لە (مجاهد)ەوە « د • خ » دەگێڕنەوە کە وتوویە : ئاگــام‌لێ‌بوو یەکێك لە (عبدالله)ی کوڕی (عبــاس)ی ئەپرسی : ئەگــەر یەکێ هەمووی ساڵ بەڕۆژوو بێت‌و شەونوێژ بکــات ، بەلام جومعەو جەماعــەت نەکات ، حوکمی چی‌یە ؟ لە وەلامدا (عبدالله) دەیفەرموو : « هوفي‌النار » واتە : ئــەو زەلامە لە ئاگــری دۆزەخدایە • ئەم پرسیارو وەلامەش هەتا مانگێك دەوامــی کرد ، واتە بەدرێژایی مانگێك ئەوپیاوە ئەم پرسیارەی لە حەزرەتی « عبدالله » دەکردو ئەویش هەر هەمان وەلامی دەدایەوە •

ریوایەت کراوە : هەرکەسێ بە بێبەهانەی رەوا تەرکی جەماعەت بکات بە عادەت ئەوە منافقە •

ئەی براینە ! ئەو موسوڵمانەی کە باسی گەورەیی جەماعەت بیسێ‌و ، بە بێ کۆسپێکی رەوا تەرکی بکات ئەوە لەبەرئەوەیە کە رێزو حورمەتی ئاینی لەدڵدا نەماوە ، بەڕاستی سەربەرزی‌و بەختیاری‌و رزگاری‌ی دنیاو قیامەت هەر بەوە دەبێت کە ئینسان مافەکانی خودای گەورە بەجێبێنێ ، دیارە ، نوێژ بەجەماعەت کردنیش یەکێکە لە مافە گرنگەکانی خودا بەسەر بەندەکانی‌یەوەو ، بەجێهێنانی واجبی ئاینی ئیسلامە ، جا ئەگەر رێزو حورمەتی ئەو مافانەی لە دڵ دەرنەچێ چۆن واز لە مزگەوت‌و جومعەو جەماعەت ئەهێنێ ؟

ریوایەت کراوە : هەرکەسێ دەوام بکا لەسەر بەجێهێنانی دوازدە رەکات سونتەت خودای گەورە دەیخاتە بەهەشت‌و ، لە بەهەشت کۆشکێکی پێدەبەخشێت : ئەو دوازدە رەکاتانە ئەمانەن : چوار رەکات پێش نوێژی نیوەڕۆ ،دوو رەکات لەپاشی ، دوو رەکات لەپاش نوێژی مەغریب‌و ، دوو رەکات پاش نوێژی عیشاو ، دوو رەکات پێش نوێژی بەیانی • لە حەدیثی پیرۆزدا هاتوە : دوو رەکاتی پێش نوێژی بەیانی لە دنیاو هەرچی لە دنیادایە باشترە •

لە هەندێ زانایانی ئاینی‌یەوە دەگێڕنەوە کە فەرموویانە : هەرکەسێ لە رکاتی یەکەمی سونتەتی پێش‌نوێژی بەیانی‌دا سوورەتی (الم نشرح) بخوێنێ‌و ، لە رکاتی دووەما سوورەتی (الم تر کیف) بخوێنێ لە نەخۆشی « مایەسیری » پارێزراو دەبێ‌و ، بەسەر دوژمنانیدا سەرکەتوو دەبێ ، جا بۆ ئەم مەبەستە نابێ ئەم خوێندنەی بە نیەتی چاری ئەو ناساغی‌یە بێت

که وتمان ، بەڵکو دەبێ بەنیەتی قورئان خوێندنی پاش سوورەتی فاتیحە بێت •

لە (ابو الدرداء) وە دەگێڕنەوە : فەموویەتی : خۆشەویستم ــ واتە پێغەمبەر • د • خ ــ وصیەتی بۆ کردم بە سێ شت : یەکەم : ڕۆژووی سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێکا • دووەم : بەجێهێنانی نوێژی « وەتر » • سێیەم : دوو رکاتی سونەتی پێش نوێژی بەیانیان‌و ، حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : کاتی نیوەڕۆ پاش لادانی ڕۆژ لە ناوەراستی ئاسمان دەرگای ئاسمان ئەکرێتەوەو ، کردەوەی خەڵك بەرز ئەکرێتەوە ، زۆر حەزئەکەم لەوکاتەدا خێرو عیبادەتی من سەرکەوێ بۆ ئاسمان • ئەو وەختە ئەوەندە پیرۆزە هەموو دروست‌کراوی‌تریش ، واتە غەیری جن‌وانس ، هەموو خەریکی تەسبیحاتن ، پێغەمبەر (د • خ) کە زۆر بایەخی بە چواررکاتی پێش نیوەڕۆ داوە ، لەبەرئەوە بووە کە ڕێکەوتی ئەو وەختە پیرۆزە بکاتو ، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە دانیشتوانی مزگەوت خەریکی کردنی ئەو چوار رکاتەی پێش نیوەڕۆ دەبن ، ئەو موسوڵمانانەش کە خەریکی دەستنوێژن خۆیان باش ئامادە بکەن‌و ، بە جەماعەتی نیوەڕۆدا بگەن ، ئەگەرنا لە پاش نوێژەکەی نیوەڕۆش دیسان چوار رکات نوێژ سونەتە ، بەڵێ دوو رکاتیان سونەتی موئەککەدەن‌و ، دوانیان موئەککەدە نین ، هەروەها ریوایەت کراوە : کە چوار رکاتی پێش نیوەڕۆ بەقەدەر ئەوەندەی کە بەندەیەک لە نەوەی حەزرەتی ئیسماعیل (د • خ) ئازادبکەی پاداشت‌و ثەوابی هەیە • هەروەها ریوایەت کراوە : کە حەزرەت (د • خ) دوعای بۆ ئەوکەسە کردوە کە سونەتی پێش نوێژی عەصر ئەکات‌و ، لە دوعاکەیدا فەرموویەتی : خودایا ! ڕەحم بەوکەسە بکە کە لەپێش نوێژی عەصردا چوار رکات

سونනەت ئەکات و دەوام ئەکات لەسەری ، هەتا بە گوناه بەخشراوی لە دنیا دەردەچێ •

ریوایەت کراوە : حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : سوننەتە سوننەتی راتبەی پاش نوێژی مەغریب زوو بەجێبێنن ، چونکە پاش خستنی دەبێتە هۆی ماندووبوونی ئەو مەلائیکانە کە کرداری چاکی موسولمانان هەڵئەگرن و دەیپارێزن ، واتە : فریشتەی کردەوەنووسی رۆژ ئەیەوێ نوێژی مەغریب و سوننەتەکەیشی بنووسێ و ، لەگەڵ کردەوەی رۆژدا بیانباتە بارەگای خودا ، جاروو تر بیانکەن با فریشتەی ئەعمال دوانەکەون • وە ئەگەر نوێژکەر لەپاش نوێژی مەغریب قسەنەکات تا دوورکاتە سوونەتەکەش ئەکات ئەوە فریشتە ئەوابەکەی دەبات بۆ (أعلى عليين) کە شوێنی دەفتەری کاری پیاوچاکانە •

ریوایەت کراوە : هەرکەس شەش رکات نوێژی (ئەووابین) لەپاش نوێژی مەغریب و سوننەتەکەی بکات و ، لە ناوەندی ئەوانەدا قسەی خیلافی شەرعی بەدەما نەیەت ، ئەوە ئەو شەش رکاتە نوێژەی وەك عیبادەتی دوانزە ساڵەو ، ئەو شەش رکاتەی دەبنە کەفارەت و مایەی داپۆشینی گوناهە بچووکەکانی •

براکانم ! دەگێرنەوە لەحەزرەت کە فەرموویەتی : وتوویژی دنیایی لە مزگەوتدا دەبێتە هۆی لاچوون و برانەوەی خێرو چاکەکانی قسەکەرەکان •

لە شەرحی کتێبی (عباب)دا نووسراوە : کە قسەی دنیایی لە مزگەوتدا دروستە بەومەرجەی قسەکان حەڵاڵ بن ، واتە : قسەیەك نەبن کە لەشەرعدا ناڕەواو ناپەسەند بن ، وەکو لەپاشملە باسی خەڵك کردن بە خراپی ، یا وەکو جنێودان بەمووبەو ، با ئەو قسە حەڵاڵانە لەگەڵ

پێکەنینیشـدا بێت ؛ لەبەر ئەو حەدیثەی کە ئیمامـی مسلم دەیگێڕێتـەوە : کە حەزرەت (د • خ) پاش نوێژی بەیانی‌یان لە شوێنی خۆی هەڵنەدەستا تا خۆر کەوتن ، هاوڕێکانیشـی لە مزگەوت‌دا دەمانەوەو ، قسەو باسـی زەمانی پێش ئیسلامیان ئەگێڕایەوەو ، حەزرەتیش (د • خ) جارو بـار لەوقسانە زەردەخـەنە دەیگـرت • بـەڵام ئەهلی تەحقیـق لـە زانایـان فەرموویانە : قیاسی خەڵـکی ئەم رۆژە لە کۆمەڵی هاوڕێیانی پێغەمبەر (د • خ) ناکرێ ، ئەوان هەر قسـەیەکیان کردوە کە باشـ بووبـێ • بۆئێمە حورمەت‌گرتن‌و رێزگرتن لە مزگەوت واجبەو ، قسەکردن تیـا حەڵاڵ نی‌یەو مەکرووهـە مەگـەر قازانجێـکی ئاینی تێـدابێ وەك ئامۆژگاری‌کردنی نەزانێ یا پرسیارێ کە سـوودی تێدابێ • بە هەرحاڵ بێ‌دەنگی لەو قسـانە زۆر باشترە ، زۆر حەیفـە کە ئینسـان بـۆ تەنهـا ئارەزوویەکی نەفس ئەو خێرە زۆرەی مزگەوت لەکیسی خۆی بدات ، یا بەهۆی وتاری ناڕەواوە خۆی تاوانبار بکات •

ریوایەت‌کـراوە : هەرکەسـێ نوێـژی سـوننەتی چێشتەنگـا (سنة الضحی) نەفەوتێنێ‌و لـە هەموو مانگێـکدا سـێ‌رۆژ بەڕۆژووبێ‌و ، نە لە سەفەرداو نە لە نیشتەجێ‌یدا نەیانفەوتێنێ ئەوە ئەجری شـەهیدی بۆ دەنووسرێ •

ریوایەت‌کراوە : شەو کە ئینسـان دەنوێت شەیتان سێ گرێ ئەدات لە سـەری‌و ، لەسـەر هەر گرێیەك لەوانە بە دەم دەڵێت : « شەو درێژە بۆ خۆت بنوو » جا کاتێ کە ئینسان خەبەری دەبێتەوە لە کاتی بەرەبەیاندا ئەگەر ناوی خوای برد ئەوە گرێیەك لەو سێ گرێیانە ئەکرێتەوە ، کە رۆیشت بۆ دەستنوێژگرتن‌و دەسـتنوێژی گرت گرێیەکی‌تریـان ئەکرێتەوەو ، کە دەستی‌کرد بە نوێژە سوننـەتەکەی شەو ئەو گرێـکەشی

ئەكرێتەوە (١) جا پاش ئەم ئەحواڵەو ئەم شەونوێژە کە ڕۆژی لێبوویەوە بە نەفسێکی پاکو دڵێکی گوشادەوە دەروات بۆ بەجێهێنانی نوێژو عیبادەت • ئەگەر بەپێچەوانەی ئەم حاڵە بێ ئەوا سبەینێ کە ڕۆژی لێبوویەوە بەپێچەوانەی ئەو ئەحواڵە باشانە دەبێ •

ریوایەتکراوە ئەگەر کەسێ بەدەستنوێژەوە نووست فریشتەیەك دەکرێتە نیگادارو پاسەوانی • جا کاتێ کە لە خەو هەستا ئەو فریشتە دوعای بۆ ئەکاتو ، دەڵێت : خودایا ! ئەم بەندەی خۆتە عەفو بفەرموو ؛ چونکە بە پاکی نووست ، وە ئەگەر ئەو ئینسانە داوای خێرێکی دینی یا دنیایی بکات لەخودا دوعاو داواکەی لێوەردەگیرێ •

ریوایەتکراوە لە ئیمامی عەلیەوە ، خودای لێ رازی بێ ، فەرمووی : ڕۆژێ حەزرەتی (فاطمة) خودای لێ رازی ، بەهۆی ئیشکردنی ناومالەوە دەستی بلۆقی کردبوو ، منیش ڕۆژێ کە فاطمە حازر بوو لە خزمەتی حەزرەتی پێغەمبەردا (د • خ)داوای کارەکەرێکم لە حەزرەت کرد هەتا لە ماڵەوە خزمەت بکات ، حەزرەت رووی کردە فاطمەو پێی فەرموو : لە خودای خۆت بترسەو ، پێنج فەرزە نوێژەکانت بەجێبهێنەو ، ئیشی ماڵی خۆت بکەو ، هەرکاتێ ڕۆیشتی بۆ سەر جێگای نووستنی خۆت لەشەودا ٣٣ جار بڵێ : « سبحان‌الله »و ٣٣ جار بڵێ : « الحمدلله »و ٣٤ جار بڵێ «الله اکبر»و دەوام بکە لەسەر ئەم سەد کەلیمە ، ئەمە بۆ تۆ لە کارەکەر باشترە ، حەزرەتی فاطمە عەرزی کرد : بەم دەستوورە کە فەرمووت لە خواو پێغەمبەری خودا

---

(١) لەمەوپێش باسمکرد کە حەزرەت (د•خ) لەم عیبارەتانەدا یا باسی شتێکی کردوە کە تەنها بۆ خۆی دەرکەوتوە ، یا مەبەستی تەشبیهی معقولە بە محسوسو ، بۆ تێگەیاندنی ئیمەی فەرموە • ئەبێ موسوڵمانی ژیر باش لەم حاڵە ئاگادار بێت •

راضیمو بەجێی‌دێنمو کارەکەرم ناوێ • ئەی برایان ! هەرکەسێ لە ئێوە زەحمەتی ئیشکردنی لەسەرشان بێ شەوانە کاتی نووستن ئەم صەد کەلیمە بکا بە ویردی خۆی بە بەرەکەتی ئەوانەوە خودا دەفعی ماندووبوونی دەکات •

ریوایەت‌کراوە کە گەورەترین رۆژوو لەپاش رۆژووی مانگی رەمەزانی پیرۆز مانگی‌شەووالو ذي‌القعدەو ذي‌الحجەو رەجەبە ، غەیری رۆژی جەژنی قوربانو سێ رۆژی پاش جەژن • گەورەترین نوێژیش لەپاش ئەم پێنج فەرزە نوێژی شەوە •

ریوایەت‌کراوە کە لە بەهەشتا داری هەیە کە هەموو جۆرە خەڵاتێکی جوانو بەشکۆی بەسەرەوەیەو ، لەژێر ئەو دارەدا چەند ئەسپێ هەیە کە زینو بەرگ‌کراونو ، بە زێڕو زیوو شتی بەنرخ رازێنراونەتەوە ، ئەو ئەسپانەش وەکو ئەهلی بەهەشت پیسایی‌یان نی‌یەو ، وەکو باڵدار ئەفڕن ، جەماعەتی ئەو تەبەقە کە وتمان لە بەهەشتدا سواری ئەو ئەسپانە ئەبنو ، ئەڕۆن بۆ ئەو شوێنانەی کە حەزیان لێ‌یەتی • ئەوانەش کە پایەیان ناگاتە پایەی ئەوان ئەڵێن : خودایا ! ئەم تاقمە بەختیارانە بە چ کردەوەیێ بەم پایە گەیشتوون ؟ لەلایەن خودای گەورەوە وەڵامیان ئەدرێتەوە : کە ئەمانە شەونوێژیان بوو ، کە ئێوە نەتانبوو ، لەو کاتانەدا کە ئەوان شەونوێژیان ئەکرد ئێوە لە گەرمەی خەودا بوون ، ئەوان رۆژوویان گرتووە ، ئێوە نەتانگرتوە ، ئەوان بەخششو دەهەندەیی‌یان بۆ گەداو بێ‌نەوایان هەبووە ئێوە نەتانبووە ، ئەوان جیهادیان کردوە ؟ واتە : بۆ بەرزکردنەوەی ئایینی ئیسلام هەوڵیانداوەو تێکۆشاون ، ئێوە تێ نەکۆشاون •

ریوایەت کراوە کاتێ کە هەموو ئادەمزاد حەشردەکرێنو ، لە یەک

دەشتدا کۆدەبنەوە ، فریشتەیەك جاڕئەدا بەناو خەڵکا : ئەوانەی کە شەونوێژیان ئەکردو ، سبەینێیان زوو ڕاست دەبوونەوە بۆ نوێژی سبەینێ لەکوێن ؟ جا ئەوکەسانە ڕاستئەبنەوەو ئەبرێن بۆ بەهەشت بە بێ لێپرسینەوە ، ئەنجا فەرمان دەدرێ کە باقی خەڵك بڕون بۆ لێپرسێنەوە لە کردەوەکانیانو ، هەمووەڕۆن بۆ مەیدانی لێپرسینەوە •

ریوایەتکراوە لە هەر شەوێکدا سەعاتێك هەیە ، هەرکەسێ لەو سەعاتەدا بۆی رێبکەوێ لەخودا بپاڕێتەوەو داوای شتێ لە خودا بکات ، خودای گەورە پێی‌ئەداتو ، ئەگەر ئەو شتەی بۆ **موقەددەر** نەبووبێ جەزای ئەداتەوە •

ریوایەتکراوە : حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : شەونوێژ ؛ پێویستە بۆ ئێوە ؛ چونکە شەونوێژ ڕەوشتی پیاوچاکانەو هۆی نزیكبوونەوەیە لە خودای مەزنو، گوناه دائەپۆشێو ، دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە گوناەکردنو ، دەردو نەخۆشی لە ئینسان دووردەخاتەوە •

ریوایەت کراوە کە حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : تاقە نوێژێ لە مزگەوتی من دا خێرو پاداشی بەقەدەر پەنجاهەزار نوێژەو ، تاقە نوێژێ لە (مسجد الحرام)دا خێرو پاداشی بەقەدەر صەدهەزار نوێژەو ، تاقە نوێژێ لە (رباط)دا ، واتە : لەسەر سنووری وڵاتی موسوڵمانان‌دا ، کاتێ کە سوپا خۆیان ئامادە کردبێ بۆ جیهاد ، خێرو پاداشی بەقەدەر دووصەد هەزار نوێژە • زیاتر لەمانەش بەجێهێنانی دوو رکات نوێژە لەگەڵ لەخواترسیو ئاگاداریی دڵدا لە نیوەشەودا بەجێی‌بینی ، کە مەبەست لەو دوو ڕەکاتە تەنها ڕەزامەندیی خودای گەورە بێت •

ریوایەت کراوە لـــە حەزرەتی حەسەنی کوڕی عەلی‌یەوە ، خوایان لـێ ڕازی بێ ، کە لە مەعنالێدانەوەی « الذين هم في صلاتهم خاشعون »دا فەرمویەتـی : واتە : ئەو کەسانە کە ترسـی خودا وا لەدڵیاناو ، بەهـۆی ئەوترســەوە چاویان‌لە هەموو تەماشایــەکی ناڕەوا نووقاندوەو خۆیان لە فیسـق وفجوور پاراستوە ، نـەك وەکـو ئیمـە کە نوێژێـکی بێ گیـانو بێ‌هەیبەت‌و بێ‌ترس لەخوا ئەکـەین • لەبەر ڕووناکی‌ی فەرموودەی ئەم ذاتــە گەورەدا دەردەکەوێ کە ئینســان ، هەتا نوێژەکانــی بە خشوعو لە خواترسـی‌یەوە نەکات ، بە پیاوچاك‌و بە کردەوەباش ناناسرێت •

ریوایەت کراوە کە خودای گەورە وەحیــی کــردوە بۆ حــەزرەتی داوود (د • خ)و فەرمووێەتی : درۆزنە ئەوکەسەی لافی خۆشەویستی من لێ‌ئەداو ، شــەو تا سبەی دەنوێ‌و لە من بێ‌ئاگا ئەبێــت‌و ، هەڵناســتێ نوێژ بکاو ناوی من بهێنێ •

ریوایەت کراوە : خوای گەورە بە ڕووی دووکەســەوە پێ‌ئەکەنێ (واتە : لێیان ڕازی‌دەبێت)یەکێ لەو دوانە موسوڵمانێـکە لە شەوێـکی ساردا هەڵسێت‌و ، دەستنوێژ بگرێ‌و دەست لە نووســتن‌و ئاسایشی خۆی هەڵبگرێ لەبەر ڕەزای خوداو ، چەند ڕکاتێ شەونوێژ بکــات • خودای گــەورە بە مەلائیکەکــان دەفەرمــوێت : ئەی فریشــتەکان ! پاداشــی ڕەفتاری ئەم بەندەیە چی‌یە ؟ ئەوانیش ئەڵێن : خودایا ! خۆت ئەیزانی ، خودا دەفەرموێت : ئەوەی داوای کردوە پێی‌ئەدەم‌و ، لە هەر شتێکیشـ بترسـێ دەیپارێزم •

ریوایەت کراوە پێغەمبەر فەرموویەتی لە لەشی ئینساندا سێ‌صــەدو شەصت جومگە هەیەو ، هەموو ڕۆژێ پێویستە لەباتی نیعمەتی هــــەر جومگەیەك لەوانە خێرێ بکات ، هاوڕێـکانی عەرزیان‌کرد : جـــا کێ ئەتوانێ ئەو هەموو صەدەقەیە جێ‌بەجێ‌بکات ؟ ئەویش فەرمووی ئــەوە

ئاسانه : دوو رکات نوێژی چێشتەنگا بکات لەباتی ئەو هەموو صەدەقەیە جێ‌دەگرێت •

ریوایەت‌کراوە : هەرکەس دەوام‌بکات لەسەر دوورکات نوێژی چێشتەنگا خوا گوناهەکانی دەبەخشێ ، هەرچەند بەقەدەر کەفی دەریا زۆر بن •

ریوایەت‌کراوە : هەرکەسێ نوێژی بەیانیان بکات‌و ، لە جێگەی نوێژەکەیدا دابنیشێت‌و ناوی خودا بهێنێت تا ئەوەندەی رۆژ بەقەدەر رمێ بەرز ئەبێتەوەو ، قسەی دنیایی تیانەکات ، ئەنجا دوو رکات نوێژی سونەتی ئیشراق بەجێ‌بێنێت ، ئەوە پاداشی حەجێک‌و عەمرەیێکی بۆ ئەنووسرێ • هەروەها ریوایەت‌کراوە : دانیشتن‌و مانەوە لە جێگەی نوێژی بەیانی‌دا لەگەڵ ناوی خودا هێنان‌و قورئان خوێندن ئەبێتەهۆی گوشادەی رۆزی بۆ ئەوکەسە زیاتر لەوە کە هەستێ بڕوا بەدنیادا بۆ پەیداکردنی رۆزی ، واتە : هەرکەس ئەوەندە لە خودا بترسێ کە لەبەر رەزامەندی‌ی خودا لەسەر ئەم‌حاڵەتە کە وتمان بەردەوام بێ ، ئەوە رزق‌و رۆزی زۆر گوشاد دەبێتەوە •

ریوایەت‌کراوە : حەزرت (د • خ) بە حەزرەتی عباسی مامی وت ، ئەی مامە ! ئایا کارێکت نیشان‌بدەم ئەگەر بیکەیت خودای گەورە تاوانی لەمەو‌پێش‌و لەمەوپاشیشت ببەخشێ ؟ ئەو کردەوەیە ئەوەیە کە چوار رکات (صلاة التسبيح) بکەی ، جا ئەگەر ئەتوانی رۆژی جارێ یا لە هەمو جومعەیەکدا جارێ ، یا مانگی جارێ ، یا ساڵی جارێ ، یا لە ماوەی عومری خۆتا جارێ ئەو نوێژە بکە • ئەی‌برایینە ! بەهۆی زۆری پاداشی ئەو نوێژەوەیە کە حەزرەت (د • خ)هەر دەستبەرداری نەبووەو ، فەرموویەتی : تەنانەت لە عومرا جاری بیکەی باشە ، کەوابێ پێویستە ئەو خێرە لە دەستی خۆتان دەرنەکەن • شیخ ئەحمەدی ئیبنوحەجەر

فەرموویەتی : کەسێ ئەم فەرموودەیــە بیســتو ، ئەم نوێژەی نەکــرد ئەوە واتە گوێنەداتە دین •

ریوایەت‌کراوە : کــوێرێ هاتــە خزمەتــی حــەزرەت (د • خ)و عەزری‌کرد : ئەی پێغەمبەری خودا ! ئەمەوێ دوعام بۆ بکــەی خــودای گەورە چاوەکانم رووناك بکاتەوە ، حەزرەت (د • خ)فەرمووی : دوو رکات نوێژی (صلاة الحاجة) بکە بە نیەتــی داوای جێ‌بەجێ‌کردنــی پێویستی خۆت لە خودا ، پاشــن ئەوەی کە سەلامت‌دایەوە بڵێ : « اللهم انــي أسألك واتوجه اليك بنبيك محمد نبي الرحمة عليه الصلاة والسلام • يا نبي الرحمة ، صلى الله عليك وسلم، اني اتوجه بك الى ربي في حاجتي هذه ، وهي ان يرد الله لي بصري ، لتقضي لي • اللهم فشفعه في « ثلاثا » واتە : خودایا ! تکای پێغەمبەری خۆت دەرحەق بە من قەبوول بفەرموو • دەگێرنەوە : ئەو کوێرە رۆیشــت دوو رکاتە نوێژەکەی کردو دوعاکەی خوێند ، هەر لەوکاتەدا چاوەکانی رۆشــن بوونەوەو ، وەك کاتی ساغــی ئەیانبینی • درێژەی باسی ئەم‌نوێژەو چۆنیەتی‌یم لە نامەیەکی سەربەخۆدا نووسیوە •

هەروەها (صلاة الاستخارة) واتە : نوێژی داوای خێرکردن لــە خودا سوننەتە • ئــەم نوێژە دوو رکاتە لە رکاتی یەکەمــدا ســــوورەتی (کافرون)و لە رکاتی دووەمدا ســوورەتی (اخلاص) لەپاش سوورەتی فاتیحە دەخوێنرێت • فەرموودەی حەزرەتە (د • خ) : هەرکەسێ کارێکی گەورە بێتە بەردەمی‌و ، لە ئەنجامەکــەی ســەردەنەکــات ، ئەوەکردنــی (صلاة الاستخارة) نیشــانەی بەختیاریی ئەوکەسەیەو ، ئەگەر تەرکی ئەو نوێژە بکات نیشانەی بەدبەختی‌یەتی •

هەروەها (صلاة التوبە)ش ســوننەتە • قال الله تعالى : « ان اللــه

يحب التوابين ويحب المتطهرين • » واته : بەراستی ئەوکەسانە کە گوناهێکیان لەدەست دەبێتەوەو ، بەدڵ پەشیمان دەبنەوەو ، بڕیار دەدەن جارێکی‌تر ئەو گوناهە نەکەنو ، ئەگەر مافی یەکێکیان بەسەرەوەبوو تێکۆشان بۆ دانەوەی یا ئازادبوون لێیو ، لە سەحرایێکی دوور لە خەڵك یا لە شوێنێکی چۆڵوهۆڵدا دوو رکات نوێژ بکەن بەنیەتی نوێژی تەوبە ، هەرکەس وابکات خودای گەورە عەفوی دەکات • وە کەسێ کە ئەهلی سەعادەت بێتو ، خوانەخواستە ، رۆژی حەفتا هەڵە بکات ئەگەر بەم دەستوورە تەوبە بکات ئەوە بەر ئایەتی (ان اللـه يحب التوابين) دەکەوێو ، لە دۆستانی خودای گەورە حسێب ئەکرێت •

نوێژی دۆزینەوەی شتی ونبوو

کەسێ کە شتێکی خۆشەویستی لێ وون بووبێ چەن جار نوێژی دۆزینەوەی وونبوو بکات انشاءالله تعالى ئەیدۆزێتەوە • ئەو نوێژەش دوو رکاتەو ، لەپاش سەلامدانەوە لە نوێژەکەی ئەم دوعایە بخوێنێ : « اللهم هادي الضال وراد الضالة اردد علي ضالتي بعزتك وسلطانك ، فانها من عطائك وفضلك •»

شێخ (جلال الدين)ی سیوطی ، رەحمەتی خودای لێبێ ، ریوایەتی کردوە کە لە مابەینی نوێژی مەغریبو نوێژی عیشادا دوو رکات نوێژ هەیە بەنیەتی سووكبوونو ئاسان بوونی گرانیی گیان‌کێشانو ، سووك بوونی سزاو ئازاری گۆڕو ، ئاسانی پەڕینەوە بەسەر «سراط»دا ، لە هەر کاتێکدا لەپاش خوێندنی سوورەتی فاتیحە یازدەجار سوورەتی (زەلزەلە) بخوێنێو تەرکی نەکات •

(نوێژی پاراستنی ئیمان)

شێخ (عبدالوهاب)ی شەعرانی فەرموویەتی : لە نوێژی (سنة الاوابین)دا لە هەموو دوو رکاتیکیدا ، یا هەر تەنها لە دوو رکاتی یەکەمو دووەمدا لەپاش خوێندنی سوورەتی فاتیحە یەك‌جار سوورەتی (قەدر)و ، شەش جار یا حەوت جار سوورەتی (اخلاص)و ، یەك جار سوورەتی (فەلەق)و ، یەك جار سوورەتی (ناس) بخوێنێو ، لە پاش سەلامدانەوەش ئەم دوعایە بخوێنێ « اللهم سددني بالايمان واحفظه علي في حياتي وعند وفاتي »ئەم دەستووره بۆ پاراستنی ئیمانی بەسوودە • هەروەها نوێژی (سنة الوضوء) لەپاش هەموو دەستنوێژێ زۆر بەسوودە •

نوێژی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز

لە ئیمامی (علی)یەوە ـ کرم الله وجهه ـ ریوایەت کراوە کە فەرموویەتی : جارێ لای حەزرەت (د • خ)سکالای کەم‌بیریی خۆمم کردو عەرزم کرد : شتم زوو لەبیرئەچێتەوە ، ئەویش نوێژی شت‌لەبیرمانی پیشاندامو ، فەرمووی : لە حەوت شەوی جومعەدا ئەم نوێژە بکە • شێوەی نوێژەکە بەم‌جۆرەیە : چوار رکات بەنیەتی زیادبوونی هێزی لەبەرکردنی قورئان دائەبەسترێ ، لە رکاتی یەکەمدا لە پاش سوورەتی فاتیحە سوورەتی (یاسین)و ، لە رکاتی دووەمدا سوورەتی حامیمی دوخانو ، لە رکاتی سێیەمدا (المسجده)و ، لە رکاتی چوارەمدا « تبارك الذي بيده الملك •• » هەتاد بخوێنێو ، لەپاش سەلامدانەوە حەمدو ئەناو صەلاتو سەلام بکا ، وەك هی (صلاة الحاجة)و ، لەپاشاندا ئەم دوعا بخوێنێ : «اللهم ارحمني بترك المعاصي ابدا ما ابقيتني وارحمني ان اتكلف ما لا يعنيني

وارزقني حسن النظر في ما يرضيك عني ، اللهم بديع السموات والارض ذا الجلال والاكرام والعزة التي لا ترام ! أسألك يا الله ! بجلالك وبنور وجهك ان تنور بكتابك بصري وان تطلق به لساني وان تفرج عن قلبي وان تشرح به صدري ، وان تستعمل به بدني ، فانه لايعينني على الحق غيرك ولايؤتيه الا انت ، ولا حول ولا قوة الا بالله العلي العظيم • ئەم نوێژە بۆ قوتابیان زۆر بەسوودە •

من ئەو نوێژانەی کە لە کتێبەکاندا کەم باس کرابن درێژی یەکەیانم نووسیوە ، بەڵام ئەوانەی کە زۆر هەن لەنێو کتێبەکانداو دیارین بەدرێژی نەمنووسیون ، بەڵام (صلاة التسبیح) لەبەرئـەوەی پاداشتی زۆرە بەدرێژی بۆتسان باس ئەکەم ، ئەو نوێژە بەمجۆرەیە : ــ صلاة التسبیح چوار رکاتە ، ئەگەر لە شەودا بکرێت بە دوو سەلام دەکرێت ، خۆ ئەگەر لە رۆژدا بکرێت ئەوا بەیەك سـەلام دەکرێت وەك نوێژی نیوەڕۆ جا ئەگەر لەرۆژدا کرا ئەوا جوانتر وەهایە کە لەپاش (زەوال)و پێش نوێژی نیوەڕۆ بکرێت • بەڵام کردنی ئەم نوێژە لە شـەودا خێری زۆرترەو چاکترە ، چونکە شەو کاتی ئارامیو بێدەنگی یە •

شـایانی باسـە ئەو سوورەتانەی لەم نوێژەدا پاش سوورەتی فاتیحە دەخوێنرێن با لە (طوال المفصل) بن وەکـو سـوورەتی (حەدیـد)و (حەشر)و (صف)و (جومعە) چونکە ئەم سوورەتانە لە سـەرەتایانەوە تەسبیح هەیە ، هەروەها جارجارێ لە(قصار المفصل) بن ، وەك سوورەتی (زلزلة)و (عادیات)و (تکاثر) و (اخلاص)•

(عەلی شبراملەسی) ئەڵێت : لە دوورکاتـی یەکـەمدا سـوورەتی (تکاثر)و (عصر)و ، لە دوو رکاتی دوایدا (کافرون) و (اخلاص) بخوێنرێن • ئەنجا پاش سوورەتـی فاتیحەو سورەتەکانی تر پازدە جـار

بلێت : « سبحان الله ، والحمدلله ، ولا اله الاالله والله اکبر » غەزالی لە (احیاء علوم الدین)دا دەڵێت : پاش ئەمانە بڵێت : « ولا حول ولا قوة الا بالله العلي العظيم » هەروەها لە هەموو رکووعو ئیعتیدالو سوجدەی یەکەمو دووەمو دانیشتنی نێوانیانو دانیشتنی حەسانەوەدا ، یا پێش تەحیات دەجار ئەو تەسبیحاتە بخوێنێ ، جمعا (٧٥) جارو ، لە چوار رکاتەکەدا دەکاتە (٣٠٠) جار ، جا کاتێ لە دانیشتنی حەسانەوە هەستایەوە بۆ راوەستانی رکاتی دووەم یا رکاتی چوارەم با (الله اکبر) نەکات ، چونکە ئەو تەکبیرەی لەکاتی بەرزبوونەوە لە سوجدەی دووەم بەجێهێناوە ، ئیتر جارێکیتر موناسب نیە ، هەروەها ئەگەر ــ بۆنموونە ــ تەسبیحی رکووعی تەرك کردو دەستیدایە خوێندنی ویردی تایبەتیی ئەم نوێژە ئیتر با نەگەڕێتەوە بۆ تەسبیحاتی رکوع ، بەڵکو بۆی هەیە ئەو تەسبیحە لەبیر چوەی رکووعە لە سوجدەدا لەگەڵ تەسبیحی سوجدە بخوێنێ چونکە رکوع روکنێکی کورتەو درێژە پێدانی حەرامە • لە پێش سەلامدانەوە لەم نوێژە سوننەتە بڵێت : اللهم انی اسألك توفیق اهل الهدی، واعمال اهل الیقین ، ومناصحة اهل التوبة ، وعزم اهل الصبر ، وجد اهل الخشیة ، وطلب اهل الرغبة ، وتعبد اهل الورع ، وعرفان اهل العلم حتی اخافك •• اللهم انی أسألك مخافة تحجزني عن معاصیك حتی اعمل بطاعتك عملا استحق به رضاك ، وحتی اناصحك في التوبة خوفا منك ، وحتی اخلص لك النصیحة حبا لك ، واتوکل علیك في الامور کلها حسن الظن بك ، سبحان خالق النور »• لەپاش ئەم دوعایە سەلام بداتەوە •

(صلاة القبور)یش مەشهوورەو ، شێخی سیووطی نەقلی کردوەو ، منیش لە نامەی (عقوقیوالدین)دا بەیانم کردوە • هەروەها شێخی سیوطی فەرموویەتی : ــ روی عن رسول الله صلی علیه وسلم ، انه قال : مامن رجل یصلي رکعتین في اول یوم من محرم یقرأ فیهما ماشاء،فاذا

فرغ رفع يديه ويقول : « اللهم انت الابدي القديم ، وهذه سنة جديدة أسالك العصمة فيها من الشيطان الرجيم واوليائه واعوانه والعون على هذه النفس الامارة بالسوء ، والاشتغال بما يقربني اليك زلفى والى ارضائك يا كريم ، ياذا الجلال والاكرام ، واسألك خيرها ، واعوذ بك من شرها ، واستكفيك مؤنتها وثقلها في عافية برحمتك يا ارحم الراحمين » الا خلق الله ملكا يذب عنه الشيطان واعانه على نفسه ووفقه لمرضاته •• ، وان عاش الى اخر السنة يقول الشيطان : «ويلنا قد ايسنا منه جميع السنة » •

نوێژی جومعه

نوێژی جومعه ، لەگەڵ بەجێهاتنی ئادابو مەرجەکانی جومعەو جەماعەتدا بەشێوەی شەرعی ، دەبێتە کەفارەتو گوناهە بچووکەکانی بەینی دوو جومعەکە دائەپۆشێ • لە ریوایەتێکیتردا دەڵێت : هەر هەنگاوێ لەپێناوی رۆیشتن بۆ نوێژی جومعەدا بنرێت بە بیست کردەوەی باش بۆی حسێب دەکرێت • ئەگەر شوردنی جومعەی تەواوکردو ، زوو بەپیادە رۆیشت بۆ مزگەوتو ، لە نزیکی ئیمامەوە جێگەی نوێژی گرتو ، گوێی لە وتارەکان گرتو ، قسەی دنیایی نەکردو ، بە ژنەکەشی وتو ئەویش خۆی شۆرد ، ئەوە بە هەر هەنگاوێک کە دەینێت عیبادەتو خوداپەرستیی سالێکی بۆ ئەنووسرێت ، سالێکی وەها کە شەوەکانی بەپێوەبێو نوێژ بکاتو ، رۆژەکانیشی بەرۆژوو بێت •

ریوایەتکراوە :رۆژی جومعە ئەوەندە لای خودای گەورە بەرێزە کە عیبادەتو خێرو چاکە تیایا یەکبەدەیەو گوناهیشی یەکبەدە تیا دەنووسرێت • ریوایەتکراوە : حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : ـ رۆژێ حەزرەتی جیبرائیل مادەیێکی رووناکو درەخشانی نیشاندام ، کە وەک ئاوێنە بوو ، پرسیارم لێ کرد : ئەوە چی‌یە ؟ فەرمووی : وێنەی رۆژی

جومعەیە کە خوای گەورە بەمشێوەیـە پیشانی دەداتو ، ئەم جومعەیە بۆ تۆو بۆ پەیڕەوانی تۆ جەژنە ، رۆژی کۆبوونەوەو خێر دەستکەوتنـەو ، دەبێتـە هۆی ئەهلی خێرات ، رۆژی قیامـەت ئێوە پێشـڕەوی هەمـوو ئوممەتێـکن بۆ بەهەشـتو ، ئوممەتەکانی پێغەمبەرانی پێشـوو بـەدوای ئێوەدا دێن بۆ بەهەشـت ، هەروەها لە رۆژی قیامەتدا ئوممەتی تۆ لەپێش هەموو ئوممەتێکیتردا حیسـابی کردەوەی دەکرێتو ، لە زەحمەتی ئەو رۆژە رزگار دەبێت • لە جومعـەدا سەعاتێـك هـەیە هـەر موسـوڵمانێ لەوسەعاتەدا لە خودای گەورە بپاڕێتـەوە بۆ دەستکەوتنی شتێك ، کـە بەشـی ئەوی تێدابێ خودا دوعاو نزاکەی لێ قبووڵ دەکاتو بە مـرادی دەگەیەنێو ، ئەگەر لەو سـەعاتەدا داوای پارێزراویو دووربوونـی لـە ئاشووبو بەلا بکـات ، خودای گەورە لەو بەلایەو لە خراپتر لەو بەلایەش دەیپارێزێ ؛ کەوابێ هەرکەس (جومعە) لەکیسی خۆی بداو ، نوێژەکەی یا خوداپەرستییەکانیتری بفەوتێنێ ، ئەوە لە کاروباری خۆیدا شێتە ، چونکە ئەو هەموو سوودەی لەکیس دەچێ • فریشـتەکان رۆژی جومعە بە (یوم المزید) ناوئەبەن ؛ چونکە شـەوو رۆژی جومعە کـاتی خێـری زۆرەو چاکـە تیایا یەك بەدە دەنووسرێ • هەروەها ریوایەتکراوە کە رۆژی (سید الایام) ە ، واتە : لەهەموو رۆژەکانی حەفتە گەورەترە •

وفي كتاب المدامغي : ـ « والحاصل ان افضل ايام السنة يوم عرفة ، وافضل ليالي السنة ليلة القدر ، وافضل ايام الاسبوع يوم الجمعة ، حتـى انه افضل من عيد الفطر وعيد الاضحى ، وفضله احمد بن حنبل رضي الله عنه مطلقا ؛ حتى على عرفة ، وهو خلاف مذهبنا كما عرفت » وانتهى •

لە رۆژی جومعەدا پێنج شتی گەورە هەیە :

١ ـ لە جومعەدا حەزرەتی ئادەم دروستکراوە •

٣ ــ لەرۆژی جومعەدا کەوتوەتە سەر زەوی •

٤ ــ سەعاتی قوبوولی دوعا لە رۆژی جومعەدایە •

٤ ــ سەعاتی قوبوولی دوعا لە رۆژی جومعەدایە •

٥ ــ لەرۆژی جومعەدا قیامەت بەرپا دەبێ •

هەروەها هەموو گیانلەبەرێ لەدنیادا غەیری (انس و جن)یشـ هەموویان لـە رۆژی جومعە ئەترسن ، نەبادا قیامـەت بەرپابێ و ، ئـەوان گیرۆدەی سزاو ئازاری ئەورۆژە بن (١) بەڵام (انس و جن) ئەگەرچی بەراستی بزانن کەی قیامـەت بـەرپا دەبێ ، لەبـەر دڵرەقـیی خـۆیان و دوورکەوتنەوەیان لە دەسـتووری ئاین گوێنادەنە قیامەت •

ریوایەت کراوە : لە هەر سەعاتێـک لە (٢٤) سـەعاتەی شـەوو رۆژی جومعەدا خودای گەورە ژمارەیەکی زۆر لە تاوانبارانی (انس و جن) عەفو دەفەرموێت ؛ لەبەر گەورەیی و رێزی ئەوشەوو رۆژی جومعەیە • هەروەها ریوایەت کراوە : حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : ئاگادارتان ئەکەم لەوە کە ئەهلی بەهەشـت کەسێـکە هیچ عوزرێ دووری نەخاتەوە لە بەجێهێنانی نوێژی جومعە ، واتە : لەکاتی باو باران و سەرماو گەرماو خۆشـیی و ناخۆشـیدا تەرکی جومعە نەکات و ، لەکاتی خـۆیدا حـازری نوێژی جومعە بێت •

دەگێڕنەوە : یەکێـک لە پیـاوە موسوڵمانـە باشـەکان لەخـەودا چاوی بە مردوویەك کەوت ، پرسیاری لێ کرد : ئێمە کاتێ دێین بۆ سەر قـەبران بۆ زیـارەتـی ئێـوە ئاخۆ ئێـوە ئاگاتـان لە زیارەتەکەمان هەیە یان نا ؟ ئەویش وتـی : بەڵێ ئەگەر لە شـەوو رۆژی جومعەدا بێن بـۆ

---

(١) ئاگاداری لەسەر ئەم ئەحواڵە صیفەتی پێغەمبەرانە (د•خ) •

زیارەت پێی ئەزانین بەهۆی پیرۆزیی ئەو شەوو رۆژەوە • ئیمامی یافعی ، رەحمەتی خودای لێ بێ ، فەرموویەتی : پێمان ئەیشتوە کە موسوڵمانی مردوو لە شەوو رۆژی جومعەدا سزای گۆڕیان لێ هەڵدەگیرێ • ئیمامی بەیهەقی دەگێڕێتەوە : عاصم ناوێ بوە کە ئینسانێکی باش بوە ، لەپاش مردنی یەکێ خەوی پێوە دیوەو پرسیاری لێ کردوە : ئەحواڵت چۆنە ؟ ئەویش لە وەڵامدا وتوویە : وام لەناو باغێکدا لە باغەکانی بەهەشتو ، لە هەموو شەوو رۆژێکی جومعەدا لەگەڵ دۆستانو برادەراندا بەیەك ئەگەینو ، بەخۆشی رائەبوێرین •

ریوایەت کراوە : لە رۆژی قیامەتدا خودای گەورە ئەم رۆژانەی دنیا هەرکام بە صورەتێکی عادەتی بە خەڵك نیشاندەدا ، بەڵام رۆژی جومعە دەباتە صوورەتی مادەیەکی زۆر نوورانی کە دەدرەوشێتەوەو ، دەوروبەری خۆی رووناك دەکاتەوەو ، ئەو موسوڵمانانەش کە لە دنیادا نوێژی جومعەیان کردوە لێی کۆدەبنەوەو ، بەشەوقو شادی لە دەشتی مەحشەردا لە نزیکی ئەواو بە پڕتەوی ئەو دەڕۆن بەرێگەداو ، ئەو کۆمەڵە موسوڵمانە بۆنیان وەك میسك خۆش دەبێو ، رێگەکەیان بۆ دەبێ بە تەپۆڵکەی کافوورو ، بەسەریا رادەبوورن ، ئەهلی عەرەصات ، کە تەماشای ئەم کۆمەڵە موسوڵمانە دەکەن ، سەریان سوور دەمێنێ لە سەربەرزیو بۆنخۆشیو ناوچاوی پاکیان هەتا ئەمانە داخلی بەهەشت ئەبن ، وەکەس لەگەڵ ئەمانەدا نیە مەگەر ئەوانەی کە بانگدەر بووبن ، واتە : ئەوانەی کە هەر لەبەر رەزای خوداو بێ ئوجرە بانگیان دابێت چ لەو مزگەوتانەدا کە جومعەیان تیا دەکرێ ، یا ئەو مزگەوتانەی کە جومعەیان تیا ناکرێ ، ئەم رەفاقەتەش بە بەرەکەتی بانگدانەکەوەیە ، کە دەبێتە هۆی دەربڕینو راگەیاندنی ئیسلامو بانگ کردنی موسوڵمانان بۆ بەجێهێنانی فەرزی نوێژ •

« علقمه » ، خوای لـێ رازیٚ بێـت ، دەگێڕێتـەوە : کـە لە گـەڵ (عبدالله)ی کوڕی (مەسعود) دا خوای لێ رازی بێت ڕۆیشـتن بـۆ نـوێژی جومعه • (عبدالله) سێ کـەسی بینی لە مزگەوتا کە لەپێش ئەوا هاتبوون بۆ مزگەوت بۆ نوێژی جومعە ، (عبدالله) فەرمـووی : مـن چوارەمم ، چوارەمیش لە خواوە دوورنیه ، چونـکە مـن لە حـەزرەتم بیسـتوە (د • خ) دەیفەرموو : موسوڵمانان لـە رۆژی قیامەتدا نزیکی‌یان لە حضووری خـودای گەورە بە ئەنـدازەی پێشـکەوتنیانە بـۆ نوێـژی جومعە : یەکەم ، دووەم ، سێیەم ، چوارەم •

ریوایەت‌کراوە کە نوێژی جومعە حەجی فەقیرە • واتە : مرۆڤـی لات‌و هەژار ناتوانێت بڕوات بـۆ حەج ، لەبەر ئەمە خودای گەورە پاداشی چوونی بۆ نوێژی جومعەی بۆکردوە بە پاداشی حەج•ریوایەت‌کراوە : حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : ــ ئـەی موسوڵمانینـە ئێـوە لە هەموو رۆژێـکی جومعەدا حەج‌و عەمرەیەکتان هەیە ؟ حەجەکەتـان ئەوەیـە کە لەکاتی گەرمادا دەڕۆن بۆ جومعە ، عومرەکـەشتان ئەوەیە کـە لەپاش نوێژی جومعە لە مزگەوتدا دەمێننـەوەو ، چاوەڕوانـی نوێژی عەصـر ئەکەن •

ئەی براینە ! ئەبێ بزانن ئەوکەسـەی بڕوات بۆ نوێژی جومعەو ، لەکاتی خوتبەی ئیمامدا شتی پڕوپووچ‌و قسـەی دنیایی بکات ئـەم ئەوابەی نیە ، تەنانەت ئەگەر کەسێ قسە بکات ئەم پێی‌بڵێ : « بێ‌دەنـگ بـە ! » ئەمەش بە لەغوکردن دەژمێردرێ ، بەڵـکو پێویستە بە ئیشارەت کابرای قسـەکەر بێ‌دەنگ بکات •

کەسانێ کە قورئان‌خوێن نین پاش سەلامدانەوە لە نوێژی جومعە ئـەم ویردە بخوێنن بەمەرجێك قسـە لەگەڵ کەسـدا نەکەن‌و ، لەسـەر

هەیئەتی کاتی نوێژی جومعە رووله‌قیبله دابنیشن • ویردەکەش ئەمەیە : سوورەتی ئیخلاص (۷) جار ، (ناس)و (فلق) یەکی (۷)جار ، شیخ (ابن حجر) (ر • خ) ریوایەتی کردوە : هەرکەس ئەم ویردە بخوێنێ بۆی دەبێتە پارێز لە شەیتانەکانو یاریدەرەکانیان لەم جومعەوە تا جومعەی داهاتوو ، بێجگە لەوە کە پاداشی زۆری بێ ئەگات •

شیخ (ابن حجر) لە کتێبی (زەواجر)دا فەرموویەتی : کەسێ جومعەی لەسەر واجب بێت ، ئەگەر سەرکەشی کردو وتی : من جومعە ناکەمو ، نەیکرد ، ئەوە هەرچەندە نوێژی نیوەڕۆیش بکات ، واجبە (قاضی) بە (حد)ی شەرعی بیکوژێ ؛ چونکە موعانەدەو سەرکەشیو بەرامبەرکێ لەگەڵ ئەحکامی ئایین‌دا ناکرێو ، تەرکی نوێژی جومعە بە گوناهێکی گەورە دادەنرێ •

براینە ! خوای گەورە فەرموویەتی : « فاذا قضيت الصلاة فانتشروا في الارض وابتغوا من فضل الله » واتە : هەرکاتێ کە نوێژی جومعە تەواوکرا ئیتر بڕۆنە دەرەوەو ، بە ئەرزی خوادا بڵاوبنەوەو ، داوای رزقو رۆزیو پارەو ماڵ لە خوای گەورە بکەن ، خوای گەورە بەمیهرەبانیی خۆی پێتان ئەدا • لەم‌ئایەتە پیرۆزەوە دەردەکەوێ کە کردنی نوێژی جومعە بۆ زیادبوونی رزقو رۆزی بەسوودە ، چونکە خۆی دەفەرموێ : لەپاش نوێژ داوای رۆزی بکەن ، مادام وای فەرموو بێ‌گومان مرۆڤ بێ‌بەش ناکاو بەشی خۆی رزقو رۆزی پێ‌دەبەخشێت •

ریوایەت‌کراوە : یەك نوێژی جەماعەت بەقەدەر (۲۷) نوێژی تەنها خێرو پاداشی هەیە ، جا پێویستە ئینسان ئەمە لێك‌بداتەوە کە ئەبێ بۆچی بەبێ‌بەهانەو بە بێ‌مانع ئەم (۲۷) نوێژە لەکیسی خۆی بدات ؟ ئەگەر کەسێ پێ‌ی‌بڵێن یەك کەوچك چایی بدە (۲۷) کەوچك چات لەو نەوعە ئەدەمێ ، ئەگەر کابرا نەیدا بە شێت دەدرێتە قەڵەم ،

بەوپێیە هەرکەسێ لەو (٢٧) نوێژە دووربکەوێتەوە شێتو بێعەقڵە •

ریوایەتکراوە : کەسێ نوێژی عیشا بەجەماعەت بکات وەکو ئەوەیە کە تا نیوەشەو خوداپەرستی کردبێت ، کەسێ نوێژی سبەینی بە جەماعەت بکات وەکو ئەوەیە کە تەواوی شەو خوداپەرستی کردبێت • ریوایەتکراوە : حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : ئەگەر ئەوەی من ئەیزانم لە پاداشی نوێژی عیشاو نوێژی سبەینی ئێوە بتانزانیایە هیچ رۆژی تەرکی ئەو دوو نوێژەتان نەدەکردو ، بە جەماعەت جێبەجێتان ئەکردن ، ئەگەرچی بەسەردەستانەدا رێگەتان بکردایە ، چونکە دەوام لەسەر ئەم نوێژانە نیشانەی دڵسۆزانەو ، ئەم نوێژانە لەسەر شانی ئەوانەی کە دینیان تەواو نیە لەهەموو شتێ گرانترە •

لەکتێبی (احیاء علوم الدین)ی غەزالیدا ریوایەتکراوە لە (ابن عباس)ەوە (خودای لێ رازی بێت) کە فەرموویەتی : هەرکەسێ لە شەوی جومعەدا یا لە رۆژەکەیدا سوورەتی (الکهف) بخوێنێ ئەوە هەتا جومعەی ئایندە لە دەردی نابار دەپارێزرێتو ، بۆی دەبێتە کەفارەتی گوناهەکانی ئەو بەینەیو ، خوێندنی ئەو سوورەتەی بۆ دەبێتە نورێ کە لە شوێنی ئەو شەخصەوە هەتا مەککەی موکەڕڕەمە رووناك دەکاتەوە •

ریوایەتکراوە : هەرکەسێ هەموو رۆژێ دەوام بکات لەسەر خوێندنی ئەم ویردەی ، کە بۆتان باسئەکەم ، واتە : لەپاش نوێژی جومعە حەفتاویەك جار بیخوێنێ ، ئەوە خودای گەورە ئەوکەسە بێنیازو بێئیحتیاج ئەکا لە خەڵكو ، بەجۆرێ کە خۆی پێنەزانێ رزقو رۆزی بۆ رەوانە ئەکات • ویردەکە ئەمەیە : ـ « اللهم یا غني یا حمید ، یامبدیء یا معید ! یا رحیم یا ودود اغنني بحلالك عن حرامك وبطاعتك عن معصیتك ، وبفضلك عمن سواك ، بەلام بەومەرجە کە لەپاش

سەلام‌دانەوەی لە نوێژی جومعە شێوە دانیشـــتنی خـۆی نەگـۆڕی‌و ، لەوشوێنـە نەگوێزێتـەوەو ، قسـە لەگەڵ کەس‌دا نەکات هەتا ئەو دوعایە بەتەواوی ئەخوێنـێ •

ریوایەت‌کراوە : هەرکەسـێ شەوی جەژن بە خوداپەرستی زیندوو بکاتەوە لەوڕۆژەدا کە دڵ تیادەمرێ ئەو دڵی نامرێ •

براکانم ! ئاشکرایە کە ئایینی ئیسلام لەسـەر پێنج‌ڕوکن دامەزراوە : ١ ـ وتەی پیرۆزی شەهادەت • ٢ ـ پێنـج فـەرزە نوێژەکـان • ٣ ـ ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان • ٤ ـ زەکات • ٥ ـ حەج ، واتـە : زیارەتی ماڵی خوا بـۆ یەکێـک کە توانای هـەبێ • بە تەرك‌کردنـی یەکێك لەم ڕوکنانە بینای ئیسلامـەتی‌ی مرۆڤ زیانی پێ‌ئەگات ، وەکـو یەکێ لە خانوویەك‌دا بێ چوار دیوارو سـەربانێـکی هەبێ ، کە یەکێ لە دیوارەکانـی یا سەربانە کـەی بڕووخێ کاری تێك‌دەچێ • ئاخۆ کەس بە خانوویەکی وەهـا ناتەواو ڕازی دەبێ ، هـــەتا بە دینێـکی ناتەواوو ناڕەسا ڕازی بێت ؟

ریوایەت‌کراوە : کەسـێ حەجی ماڵی خودا بکـات‌و لـە مـاوەی حەج‌کردنەکەیدا وتاری ناڕەواو کـاری گوناە نەکات ، کـە حەجەکـەی تەواوکردو ، گەڕایـەوە بۆ ماڵـی خـۆی ، وەهـا دێتـەوە کـە تـازە لەدایك‌بووبێ ، واتە : گوناهی لەسـەر نامێنێت مەگـەر مافـی خەڵقـی ، تەنانەت دەربارەی ئەوەش زانا گەورەکان وتوویانە کـە مادام خـودای گەورە حەجەکەی لێ قبوول بکات خاوەن مافەکانیش ڕازی دەکات لەو کەسـەو ، لێی خۆش‌ئەبن‌و عەفوی ئەکەن •

ریوایەت‌کراوە کەسـێ لە ماڵی خـۆی بێتـە دەردەوە بەنیازی حەج ئەوە هەر هەنگاوێ دەنێ بە یەك چاکە بـۆی دەژمێرێ‌و یەك گوناهی لـێ

دائەوەرێ ، بە بەرزکردنەوەی پێ‌ی‌و دانانەکەیشی • هەروەها (طواف) واتە : سووڕانەوەی بەدەوری ماڵی خوادا بۆی دەژمێرێ بە ئازادکردنی حەفتا بەندە لە نەوەی حەزرەتی ئیسماعیل (د • خ) •• لە رێ‌کردنی مابەینی (صفا)و (مروە)داو ، لە راوەستانی خاکی (عرفە)شدا خودای گەورە نووربڕژێنی‌ی بەزەیی خۆی دەردەخات • بە ڕاوەستانی حاجی‌یەکان لە (عرفە)دا بەسەر مەلائیکەکاندا فەخر دەکات‌و دەفەرموێ : بڕوانن بۆ بەندەکانی من ، چۆن لە رێگای دوورەوە هاتوون بۆ قاپی‌ی من‌و ، سەرو پێ‌ی خۆیان رووت‌کردوەو ، مووی سەریان بەیەکاچوەو تووزاوی بوە ؟ هاتوون داواو تکای لێ‌بووردن دەکەن لە گوناهەکانیان هەتا دەرگای بەهەشتیان لێ‌بکەمەوە • پاش‌ئەمە رووی میهرەبانی‌و بەزەیی دەکاتە ئەهلی عەرەفات‌و پێیان ئەفەرموێ : ئەگەر گوناهەکانتان بەقەدەر لمی شیوەکان‌و تکەتکەی باران‌و کەفی دەریاکان بێ عەفوتان ئەکەم ، ئیتر بەرەو ماڵی خۆتان بگەڕێنەوە بە ئازادی‌و گوناەبەخشراوی هی خۆتان‌و هی ئەوانەش کە ئێوە تکاو رجای عەفوتان بۆ کردوون •

لەکاتی بەردەباران‌کردنی شەیتاندا هەر بەردێ کە فڕێ‌ئەدەن دەبێتە هۆی دواکەوتنی گوناهێ لە گوناهە گەورەکانیان ، ئەو قوربانیەش کە لە رێگای خوادا سەری‌دەبڕن دەبێتە ئازوخە بۆ رۆژی قیامەت • ئەو موانەی سەریشتان کە دەیتاشن هەر یەکێکیان دەبێتە چاکەیەك‌و گوناهێکتان دائەپۆشێ • خۆ سووڕانەوە بە دەوری ماڵی خوادا ، کە لای زۆری لەوکاتەدا گوناهیان نەماوە ، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە فریشتەکانی دەوری ماڵی خودا موژدەیان بدەنێ بەوەی کە لەتاوانباری رزگار بوون ، ئیتر بۆ لەمەولا ئاگاداری خۆتان بن‌و خۆتان بپارێزن • هەر پارەیەکیش لەم رێگەدا سەرفتان کردوە یەك بە دە تا یەك

به حەوت‌صەدو زیاتریش بۆتان حسێب ئەکرێ.لەو کاتەدا کە حاجی‌یەکان (لبیك لبیك) ئەڵێن ، ئەگەر نیەتیان لە حەجەکە باش بێ‌و پارەو زادیان حەڵاڵ بێ ئەوە مەلائیکە وەڵامیان ئەداتەوەو ئەڵێت : حەجەکانتان قەبووڵ ، گوناهەکانتان عەفوکراو بێ ، خۆ ئەگەر نیەت ناباش‌و پارە حەرام‌و تۆشە ناشەرعی بێ لەوکاتەدا فریشتەکان دەڵێن : «لا لبیك ولا سعدیك» نیەت ناڕەساو پارە حەرام‌و ، حەجتان ناڕەواو نامەقبووڵە .

براکانم ! حەجی مەبرووروو قبووڵ کراو ئەوەیە کە لەگەڵ نیەت‌چاکی‌ی حاجی‌و حەلاڵی‌ی پارەو تۆشەکەیدا ، لە ماوەی حەجەکەیدا واتە : لە هەموو ئەو سەفەرەدا ، لە هات‌وچۆدا ، لە ماوەی مانەوەی لە حەرەمدا لەهەموو رەفتارو گوفتارێکی ناشەرعی‌و ناڕەوا پارێز بکاو ، بەهیچ جۆر قسەی ناموناسب‌و دڵئازاردەر بە کەس نەڵێ ، بەتایبەتی بە هاوڕێکانی‌و ، هەمیشە دڵ گەرم‌و زمان نەرم‌و بەحەیاو شەرم بێت .

منیش ئەرکانی حەج‌و مەرجەکانی‌و ، ئەوانەی دەبنە هۆی بەتاڵ‌بوونەوەی حەج ، لە دوو نامەدا بۆتان دەنووسم .

براکانم ! خێروچاکەی کردەوە ئیسلامی‌یەکان زۆر زۆرەو ، لەو عەریضەدا کەمێکی دەگونجا عەرزم‌کردن ، جا پیویستە بزانن هەرچی فەرزی عەین بێ زانینی لەسەر (مکلف) واتە : ئینسانی باڵغی عاقل واجبە ، پیاو بێ یا ژن ، ئەوکەسەی تەرکی فێربوونیان بکات گوناهبار دەبێت ، دیارە ئەم فێربوون‌و زانینە چەند پلەو پایەی هەیە ؟ بۆ وێنە : لەسەر ئینسانی گەداو گیرۆدەوی کاسبی‌و نان‌پەیداکردن زانستی سێ روکن لە روکنەکانی ئیسلام واجبە : یەکەم ناسینی خوداو ناسینی پێغەمبەری خودا کە خولاصەی روکنی یەکەمە ، زانینی مەعنای « اشهد ان لا اله الا الله واشهد ان محمدا رسول الله » واجبە .

دووەم : زانینی نوێژ • سێهەم : زانینی ڕۆژوو لەگەڵ مەرجو ڕوکنەکانیاندا • زانینی ئەوشتانە کە بەتاڵیان دەکەنەوە لەسەر هەموو کەس واجبە ، ئەمانە هەریەك لە نامەیەکی سەربەخۆدا عەرزم کردن ، ئەمانە فێربوونیان واجبە ، ڕەفتارو باوەڕپێکردنیان واجبێکی گەورەترە ، چونکە بە تەرکی فێربوونیان موسوڵمان فاسق ئەبێو ، بەهۆی باوەڕ پێنەکردنەوە کافر ئەبێ ، لەبەرئەوە کە لەوانەن بەئاشکرا داخلی دینو ئایینن •

لەسەر ئینسانی موسوڵمان کە دەوڵەمەند بێو زۆر ناچاری کاسبی نەبێ فیربوونی ئەوانەی کە وتمان بەتەواوی واجبەو ، ڕەفتارپێکردنو ئیعتیقادو باوەڕکردن پێیان گرنگترە ، هەروەها زانینی واتای زەکاتو حەجو ئادابو مەرجو ڕوکنەکانیانو ئەوانەی دەبنە هۆی بەتاڵبوونەوەیان واجبە چونکە واجبە زەکات بداو حەج بکا ، دیارە بە بێزانینی ئەوانەش ناتوانێ جێبەجێیان بکات •

لەسەر بازرگانو ئەوانەی خەریکی کڕینو فرۆشتنن واجبە ئادابی مامەڵەو مەرجەکانو ڕوکنەکانی بزانن‌و مامەڵەی ڕاست لە ناڕاست جیابکەنەوە•هەروەها لەسەر هەموو (مکلف)ێ واجبە ، گەدا بێ یا دارا ، کە فێری حەرامو حەڵاڵ ببێو ، بزانێ چی حەڵاڵەو چی حەرامە ، تا حەڵاڵ بە حەڵاڵ بزانێو ، حەرام بە حەرام • پێویستە بزانێ واجب کامەیەو سوننەت کامەیەو ، حەرام کامەیەو مەکرووە کامەیەو موباح کامەیە • واجبە باوەڕی وابێ ئەوەی خودا واجبی کردوە واجبەو ، ئەوەی خودا حەرامی کردوە حەرامەو ، ئەوەی مەکرووهی کردوە مەکرووهەو ، ئەوەی خودا بە مەندووبی داناوە مەندووبەو ، ئەوەی کە موباحە موباحە ، واتە : گوناهبار نەبێ بەوەی کە واجبو حەرامو مەندووبو مەکرووەو موباح لە یەك جیانەکاتەوە •

بۆنموونە : عیبادەتێ کە سوننەت بێ ، وەکوو دوو رکاتی پێشی
نوێژی بەیانی ، هەرچەند بەجێهێنانی واجب نیە ، بەڵام زانینی ئەوەی
کە سوننەتە لەسەر موسوڵمان واجبە ، بەڵام ئەوەندە هەیە
روو وەرچەرخاندن لە بەجێهێنانی سوننەت حەرامە ؛ چونکە ئەم لادانو
رووەرچەرخاندنە ئەگەر لە زانای دینەوە بێت بە بێموبالاتیو گاڵتەکردن
دەژمێرێو ، ئەم بێموبالاتییە حەرامە • وە کردەوەی موسوڵمانان
هەندێکیان بە شێوەی ئیطاعەتو بەندەگی داواکراونو ، هەندێکیان بە
شێوەی مەصلەحەت ، بۆنموونە : نوێژکردن ئیطاعەتو عیبادەتە ، تەعزیەو
دڵ خۆشکردنو دڵدانەوەی موسوڵمانانو مەرحەبا لێکردنیان بە
شێوەی موناسەبەو خێرخواهی کۆمەڵەوە مەشرووعو دامەزراوە ؛ واتە :
ئەم کردەوە واجبو سوننەتانە هەندێکیان پەیوەندییان هەر بە خودای
گەورەوە هەیەو ، هەندێکیشیان پەیوەندییان بە کۆمەڵرێکخستنو
کارسازیی گەلەوە هەیە • بەشی ئیطاعەتو عیبادەتەکە بە بێ نیەت
دروست نیە ، وەکو نوێژو رۆژوو حەج ، هەندێکیان بە بێنیەت
دروستن بەڵام ئەوابو پاداشی چاکیان نیە ؛ وەکو دانەوەی مافی خەڵك ،
داوای گەردنئازادی ، گەردنئازاکردنی خەڵك ، واز لە مەکرووهات
هێنان ، نەکردنی کاری حەرام ، لەم جۆرە شتانەدا هەتا نیەتی
بەجێهێنانی فەرمانی خودات نەبێ خێرت بێناگات ، بەڵام رزگار بوونی
ذیممەی موسوڵمان لەمانە نیەتی بێناوێ ، تەنانەت کارو پیشە ، کە
فەرزی کیفایەن ، نیەتیان بێناوێ ، بەڵێ بە بێنیەت ئەوابیان نیە ،
ئەمەش بەمجۆرە دەبێ کە نیەتی ئەوەت بێ ئەمکردەوە فەرزی
کیفایەیەو ، بۆیەی ئەکەم کە خۆم ئەوابم پێبگاتو موسوڵمانانیش ئەم
ئەرکەیان لەکۆڵ بکەوێتو گوناهبار نەبن • بەخبەخ بۆ پیشەساز
چدەوڵەتو چبەهرەیەکی گەورەی دەستئەکەوێ ئەگەر کەمێ دڵو

زمـانی خـۆی بەم دوو کەلیمەیەوە ماندوو بـکات ، واتە : نیەتی ئەوابی خۆیو رزگاریی خەڵـکی لەدڵدا بێتو ئەم نیەتەش بە زوبـان بەیان بکات بۆ فێرکردنی خەڵـکو بـۆ جـووت‌کردنـی زوبـانو دڵ بەیەکـەوە • هەروەها لە خواردنو خواردنەوەدا بەو نیەتە مەیـلیان بکـات هـەتا دڵو لەش‌هێزیـان تیا پـەیدا بێو بتوانێ کارو کاسبیی حەلاڵو خواپەرستی بکات ، هەروەها نووسـتن لەگەڵ خێزانیـدا بەنیەتـی ئـەوە بـێ کـــە هەردوولایان لە گوناەکردنو ئارەزووی ناڕەوای نەفس رزگار بـبنو ، خودای گەورە لە نوطفەی ئەوان ئەولادی موسـوڵمانی بەسـوود بۆ گەلی موسـوڵمان دروسـت‌بکاتو ، بەو نیەتـەی کە هـاوڕێیی خێـزان بـە رێـکو پێـکیو دڵی یەکتـر راگرتن سوننـەتە • ئەمـــە بە ئیحسانێـکی گەورە دادەنرێ ، بەتایبەتی لەم مادەدا حەزرەت (د • خ)فەرموویەتـی : من لە رۆژی قیامەتدا شانازی ئەکەم بە زۆریی پەیڕەوانم •

بەکورتی : لە هەر کردەوەیەکدا کە نیەتی بەگوێ‌کردنـی خـودا هەبێ بە مەبەسـتی رەزای خودا بێ دەبێتـە پاداشو جەزای چاك • هەر کردەوەیەکیشـ کە تەرك بێ ، وەکو تەرکـی شـەراب خـواردنەوەو تەرکـی قومارکردن یا تەرکی هەر گوناهێـکیتر پێویسـتە ئەو تەرکە بە نیەتی رەزای خوشنوودیی خوا بێت ، ئەگەرنا هـەر ئەوەنـدەی سـوود دەست‌دەکەوێ کە تووشـی ئەو گوناهە نەبێ •

براکانم ! بە قوربانتان بم تێـکۆشـن بۆ ئیطاعەتـی خوداو بۆ کاری قیامەتتـان ، وەکو بۆ کاروباری دنیاتان تێدەکۆشن ، بـە هەردووکیانەوە خەریك بن ، بەڵام زۆرتر بایەخ بە کاری قیامەت بدەن ؛ چونکە قیامەت نابڕێتـەوە • هەروەها دنیا بن مادام ئێوە کاروباری ئایینی خـۆتان باشـ بەجێ‌هێنا مەلائیکەی (کرام الکاتبین) لە دفتەری خۆیاندا ئێوە بە ئەهلـی جومعەو جەماعەتو سوننەتو شـەونوێژو رۆژووگرو کـردەوەباشـــ

ئەنووسن ، کە چوونە دەفتەری پیاوچاکانەوە ، ئەوسا ئەگەر بە هۆی نەخۆشی‌یەوە ، یا بەهۆی سەفەرکردن ، یا پیری‌و لاوازی ، ئەو کردەوە چاکانەی ، کە لە هەرەتی گەنجی‌و لەش ساغی‌دا دەتانکرد ، بۆتان نەئەکرا ، مەلائیکە ئەو کردەوە باشانەتان بۆ دەنووسێ •

هەروەها مرۆڤی دەوڵەمەند ، کە لەکاتی خۆیدا خێرو صەدەقەی کردبێ‌و ، لەدوایی‌دا کەمدەس بێ‌و خێرو صەدەقەی بۆ نەکرێ ، مەلائیکەی کردەوەنووس ئەو خێراتەی بۆ ئەنووسێتەوە •

موسوڵمان هەرکردەوەیەکی دنیایی بکا ، تەنانەت نەفەقەو بەرگی ژن‌و منداڵی خۆی‌و ئەوانەی نەفەقەیان لەسەریەتی ، مادەم نیەتی ئیطاعەتی خودای بێ ، ئەوە بە ئیطاعە بۆی دەنووسرێ ، وە هەرکەس لە کردەوەی خێرو صەدەقەدا کەم‌وکورتی هەبێ‌و دواکەوتوو بێ ، ئەوە زیان لە خۆی ئەدات •

براکانم ! دەخیلتان‌بم • بۆ ئایین تێبکۆشن ، لە خزمەتی زانایانی ئایین‌دا فێری ئادابی ئایینی خۆتان بن ، با گومڕاه نەبن ؛ چونکە کە مرۆڤ ئەحکامی ئایینی خۆی نەزانێ گومڕاه ئەبێت ، جا کە فێری ئادابەکەش بوون رەفتاری پێ‌بکەن هەتا خودای گەورە غەزەبتان لێ نەگرێت •

براکانم ! مرۆڤ لە ژیانی ئەم دنیایەدا دەتوانێ هۆیەکانی بەختیاری‌ی خۆی رێك‌بخات ، بێ‌گومان ئەگەر بە کەمتەرخەمی بژی کاتێ کە مرد پەشیمان دەبێتەوەو ، لەوکاتەشدا پەشیمانی سوودی نیە •

بەختیارە ئەوکەسە کە ئایینی خۆی فێردەبێ‌و رەفتاری پێ‌دەکات‌و ، بە سەربەرزی ئەمرێ ؛ ئەوکەسانە لە رۆژی قیامەتدا سەرفرازو سەربەرزن •   والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته •

نامـەی چواردەهەم

باسی نوێژی داماوی‌و موحتاجی‌یە

بسم الله الرحمن الرحیم

بسم الله • والحمد لله • والصلاة والسلام علی رسول الله

وبعد • براکانم ! هەروەکو پێك‌هاتنی مەرجەکانی دوعاکردن بـۆ قبوول‌بوونی ئەو دوعایە پێویستەو ، ئومیدی قبوول‌کردنـی خـوای گەورەش پێویستە ، هەروەها بەکارهێنانی رێـگای دوعاکردن‌و ئادابـی دوعاکردنیشـی پێویستە بۆ قبوڵ‌بوونی دوعا • ئاشکرایە کە رێـگـای دوعاکردن لە حەزرەتەوە ریوایەت‌کراوە (د • خ) جائەگـەر موسوڵمان ئەو رێـگای حەزرەتەی گرت ئەوا گەلێ هیوا بەهێز دەبێ‌کە دوعاکـە قبوڵ بـکرێ •

یەکێك لـە رێـگەکانی حەزرەت (د • خ)بۆ قبووڵ‌بوونـی دوعـا (صلاة الحاجە)یە لەگەڵ دوعای تایبەتی‌ی ئەم‌نوێژەدا ، یەکەم کەسێـك کە حەزرەت (د • خ) نوێژی ئیحتیاجی فێرکرد کوێرێك بـوو کە سکاڵای هێنایـە لای پێغەمبەرو عەرزی‌کرد : ئەی پێغەمبەری خودا ! چاوم کوێر بووە ، حەزرەت (د•خ) نوێژی ئیحتیاجی‌و دوعاکەیشی فێرکرد ، ئەویش رۆیشـت‌و بەجێ‌ی‌هێنا ، لەپاش ماوەیەك هاتەوەو عەرزی حەزرەتـی کرد : یا رسول الله ! چاوم چاك بوویەوە •

براكانم ! ئەگەرچی فەرموودەو كـــردەوەی پێغەمبـەر (د • خ) پێویسـت نیە بە تاقی‌كردنەوەو بەراورد ، بەلام من بۆئەوەی ئێوە دڵنیـا بن ، چەند رووداوێـكتان عەرزدەكەم : ـ

یەكەم : پیاوێ هەبوو لە شارەزوور ناوی (مام قادر) بوو ، لــە وختی گەرمادا كاری بێڵ‌كاری بوو تا نوێژی عەصر ، بەهـۆی ئـەوەوە هەردوو چاوی كوێر بـوون ، ئەویش گـورج ســواربوو لەگــەل (معروف)ناوی كوڕیدا هات بۆ شاری سلێمانی ، مەعرووفی كـوڕی هاتەلامو وتی : باوكم كوێر بووە ، منیش زۆر دڵم بۆی ســووتاو ، لـە شـەودا (صلاة الحاجة)م بۆ كرد ، سـبەینی لەگەڵ شەفەقدا رۆیشتم بۆ مزگەوت ، لە دەرگای مزگەوتدا چاوم بە مامقادر كەوت‌و پیم‌ووت : كەفارەتـی گوناهت بـێ ، خەم مەخۆ ، ان شـاء الله هـەتا مـن مـاوم نەفەقەی تۆ ئەدەم ، ئەویش ووتی : یاشیخ ! موژدەبێ ئیمشـەو چـاوم چاك بوویەوە ، منیـش بە بیسـتنی ئـەم موژدەیە **گەلێ** سوپاسی خودام كردو ، دوعاو دروودم بـۆ گیانی پاكـی پڕبەرەكەتی پێغەمبەر ناردو وتم : اللهم صل علی سیدنا محمد طب القلوب ودوائها وعافیة الابدان وشفائها ونور الابصار وضیائها وعلی آله وصحبه وسلم •

دووەم : مامسلێمان ناوی هەزارمێردی گۆخڵی(١) من بوو ، رۆژی پێی‌گەیشتم ، ووتی : یاشێخ ئازادم بكە ؛ خودا لەبەر تـۆ منی كـوێر كرد ! چونكە خیانەتم لێ‌كردوی ، منیـش دڵم بۆی ســووتاو دوو سێ جار (صلاة الحاجە)م بۆ چاكبوونەوەی كرد ، پاش ماوەیـەك جوابـی بۆ ناردم كە چونكە شێخ ئازادی كـردم خـودای گـەورە چـاوەكانی پێ‌دامەوە •

---

(١) گۆخڵ : سەرپەرشتی‌كەری مەرەزە •

هەروەهـــا چـەند جار بۆ کــاری گرنگ ڕووی‌داوە (صـــلاة الحاجە)م کردوە ، بەشـی زۆری خودای مەزن قبووڵی‌کردون ، بەڵام سوپاس بۆ خودا هەموو کاتێ باوەڕم بەوە بەهێز بوە کە (صلاة الحاجە)م لێ‌قبووڵ ئەکرێت •

براکانم ! ئەگەرچی هەموو موسوڵمانێك باوەڕی بە پایەی گەورەی پێغەمبەر لای خودا هەیە ، بەڵام لە نێوان خەڵکدا فەرق‌و جیاوازی هەیە ، زوربەی قبووڵ بوونی دوعاو نزا لەســەر بەهێزی‌و بتەوی‌ی باوەڕە ، واتــە : هەتا باوەڕ بەهێزتر بێ دوعاونزا لە قبووڵبوونــەوە نزیکتــر دەبێ ، جا لەبەرئەمە بۆ ئیمەمانان کە لە خەڵـکی هەڕەمەین ، بۆ ئەوەی داواکەمان بێتەدی چاکتر وایە چەندجار بۆ مەبەسـتی حاصـڵ بوونـی مەتڵەبمان نوێژی حاجەو دوعاکەی دووبارە بکەینـەوە ؛ چونـکە بـۆ دۆسـتانی خوداو پیاوچاکان دوعا زووبـەزوو قبوڵئـەبێت ، بـەڵام بـۆ ئیمەمانان وەها نیە •

فەرموودەی پێغەمبەرە (د • خ) [ان الله یحب الملحین في الدعاء] واتە:بەڕاستی خوای گەورە ئەوکەسانەی خۆش‌دەوێ کە لە دوعادا زۆر دەپاڕێنەوەو لەسەری‌دەڕۆن‌و وازی‌لێ‌ناهێنن • نابێ گومانی ئەوە بـکەین کە پاڕانەوەی زۆرو نزای فرە ئەنجامی خراپ دەبێت ؛ ئەم‌جۆرە گومانە هەڵەیە ، چونکە دوعاو پاڕانەوە ، کە شـەرعی بێت‌و بۆ شـــتی نـاڕەوا نەبێ ، چەندین سوودی هەیە • یەکەم : پاڕانەوە لە خودا واتای ئەوەیە: ئەوکەســە کە دەپاڕێتــەوە باوەڕی بە خودای خۆی زۆر زۆر بەهێزەو دان بە گەورەیی‌و بێ‌ئیحتیاجی خودادا دەنێت • دووەم : باوەڕی بــەوە هەیە کە خودای گەورە دەتوانێ هەموو کــارێ جـێ‌بەجـێ بکـات • سێ‌هەم : ئەگەر دوعاکە بە ئاشکرا بێ دەبێتــە هۆی بڵاوبوونەوەی باوەڕ بە خودای گەورەو گەڕانەوەی ئادەمزاد بۆ لای خودا •

پێویسته بزانن : هەر بەندەیەك لە بەندەكانی خودا رێگایەكی تایبەتی هەیە بۆ بەرزەوەبوونی كردەوەی خێری بۆ ئاسمانو ، هەر لەو رێگایەشەوە رزقو رۆزی بۆ دێتەخوارەوە ، هەر لەو رێگەوە سەركەوتنی رۆحیی هەیە بۆ مەقامی خۆی ، جا هەركاتێ بەندە لەسەر ناوهێنانی خوداو ئیطاعەت كردنو لەسەر خێرو چاكەو بەخشین دەوامی كرد ،بە نیازی لادانی بەلا ئەورێگەیە پڕ ئەبێ لەم شتە باشانەو رێگەی هاتنە خوارەوە دەگرن لەو بەلاو سزاو ئازارانە كە دەیانەوێ بێنە خوارەوەو ، صەدەقەو خێرو دوعاكە دەیانەوێت سەركەونو ، لەوێدا لەیەكتر دەدەنو هەر دوولایان ماتڵ ئەبن ، بۆیە لە حەدیثی شەریفدا هەیە : الدعاء والبلاء یقتتلان الی یوم القیامة . ، زانایان وەها ئەم حەدیثەیان مەعنا لێداوەتەوە كە دوعا دەردو بەلا دەگێرێتەوە ، : مەبەس ئەوەیە كە لەسەر فەرمانی خودای گەورە ئەم دوعاو پاڕانەوەو خێرو چاكەیە دەبنە پەردەی ڕێگرو نایەڵن بنیادەمەكە تووشی بەلاو ئازار بێت .

دوعاو نزاو پاڕانەوە لە قاپیی خودای گەورە گەلێك قازانجی هەیە ، دوعا دەبێتە هۆی ئەوە خودای گەورە رقی لە ئینسان هەڵنەستێ ؛ ریوایەتكراوە « من لم یسأل الله یغضب علیه » . هەروەها ریوایەتكراوە : « الدعاء عبادة » . لە ریوایەتێكیتردا « الدعاء مخ العبادة » ، بەڵكو دوعا گەورەترین خواپەرستییە ، چونكە كرۆكی دوعا بریتیە لە دەربڕینی داماویی ئادەمزاد لەبەر باری خوداداو ، شتێ خودای گەورە بۆی نەكاتو بۆی نەڕەخسێنێ جێبەجێ نابێت . دوعا بریتیە لەوەی كە ئەو مرۆڤە سەركەش نابێ بە هێزو توانای خۆیو ، هەر دەستكەوتو بەرهەمێكی بۆ هەڵبسوورێ هەمووی لە خواوەی دەزانێو ، دەیباتەوە سەر میهرەبانیو بەزەیی فراوانی ئەو . لە دوعاكردندا ئەوە

دەردەکەوێ کە ئـەو مرۆڤەی بەڕاستی دەپاڕێتەوە کەسی‌تر بەشـــایانی ئەوە نازانێ داوای دڵخوازی دڵی خۆی لێ‌بکاو لێی بپاڕێتــەوە ، خودای بەخشندەو میهرەبان‌و بێ‌نیاز نەبێ •

ریوایەت‌کـراوە یەکێـک هـات بـۆ لای حـەزرەت (د • خ)و عەرزی‌کرد : ئەی پێغەمبەری خودا ئامۆژگاری‌یەکم بکە ، فەرمووی : « أوصيك بالدعاء »واتە : ئامۆژگاریت ئەکـەم بەوەی کە لە خودای گەورە داوای دڵخـوازی خـۆت بکـەی ؛ مەعنـای ئـەم ئامۆژگـاری‌یە زۆر وردە ؛ مەعنای ئەوەیە : تۆ کە خودای پەروەردگار دروستی کردووی چاوو دەست‌و گـوێی پـێ‌داوی ، هێـزی تێـکۆشـان‌و کارکـردنی پێ‌بەخشیوی ، لەسـەرت پێویسـتە خۆت ئەوەندەی کە توانات هەیـە تێکۆشی‌و هـەر لەخوا بپاڕێیتەوە کـــە هۆی جێ‌بەجێ‌بوونی ئەنجـامی تێـکۆشینەکەت بۆ جێ‌بەجێ‌بکات‌و ، کوسپ لە ڕێـگەت لابدات‌و ، دڵت رووناك بکاتەوە بۆئەوەی کە رێـگەی راست هەڵە نەکەی ، ئیتـر ئـەم حەدیشـــە پیرۆزە مەعنـــای ئـەوە نیـــە کـــە مرۆڤ بە تەمەڵی دابنیشێت‌و تێ‌نەکۆشێ‌و تەنیا پاڵ بداتەوە سەر دوعا ؛ چونکە ئەمە خیلافی یاسای خودای گەورەیە لەم جیهانەدا ؛ یاسای خـودا تێکۆشین‌و تاڵـی نۆشینە ، هەتا ئینسان بگاتە خۆشی‌و ئاسایشی هەردوو دنیا •

هەندێ لە نەزانەکان ئەڵێن : رزق‌و رۆزی بە قەزاوقەدەری خودا لەکاتی خۆیدا بڕاوەتەوەو ، بە هیچ جۆرێ ناگۆڕێ ، ئیتر دوعاکردن‌و پاڕانەوە لە خودا ئەبێ سوودی چ‌بێ ؟ ئەوکەسانەی ئەم‌جۆرە قسـەیە دەکەن نەفام‌و تێ‌نەگەیشتوون‌و قسەکەیان هەڵەیە بە چەند بەڵـگە :ـ

یەکەم : پێغەمبەری خودا (د • خ)لە هەمووکـەس زاناتـرە بـەم مەسەلەیە ، ئەگەر ئەو بیزانیایە دوعاکردن‌و پاڕانەوە بێ‌سوودە هەرگیـز

ئەمری نەدەکرد بە ئێمە کە دوعا بکەین ، هەروەها ئەگەر بیزانیایە خێرو صەدەقەکردن بێسوودە فەرمانی نەدەدا بە خێرو صەدەقەکردن ، مادام ئەمری کردوە بە دوعاکردنو خێرو صەدەقە کردن ئەوە مەعنای وایە ئەمانە سوودیان هەیە بۆ دینو بۆ دنیا •

دووەم : ئەو نەزانانە لە مەعنای قەزاوقەدەر حاڵی نەبوونو ، وا ئەزانن کە قەزا مەعنای ئەوەیە خودا لە وەختی خۆیدا بە بێقەیدوشەرط بڕیاری‌داوە فلانکەس رزقو رۆزی زۆر بێو ، فلانکەس رزقو رۆزی کەم بێ ، نەیانزانیوە کە دوعاکردنو خێرو صەدەقەکردنیش لە جوملەی قەزاو قەدەرە ، واتە : خودای گەورە عیلمی‌رابووردوە بەوەی کە فلان بەندەی لە فلان سەعاتدا دوعا ئەکاتو لە خودای گەورە دەپاڕێتەوە بۆ رزقو رۆزیو ، ئەو دوعایشە لە بارەگای خۆیدا مەقبوول دەبێ ، هەروەها لە عیلمی‌دا رابووردوە کە فلان کەس لە فلان رۆژدا ئەو صەدەقەیە دەکاتو،ئەو صەدەقەیە لە بارەگای خۆی‌دا قبوول دەبێتو دەبێتە هۆی زۆریی رزق یا لابردنو دوورخستنەوەی دەردو ئازارو مەینەت لەوکەسە • هەروەکو لە عیلمی خوادا رابووردوە کە فلان نەخۆش زووبەزوو دەکەوێتە هاتوچۆی نەخۆشخانەو دەرمان وەردەگرێو دەبێتە هۆی چاک بوونەوەی •

ریوایەت‌کراوە لە حەزرەتی عائیشە (ر • خ) کە حەزرەت (د • خ)فەرموویەتی « لا يغني حذر من قدر » وتمامه عند الحاكم : « والدعاء ينفع مما نزل ومما لم ينزل ، وان البلاء لينزل فيتلقاه الدعاء فيتعالجان الى يوم القيامة » واتە : خۆپاراستن لە شتێ کە خودا بڕیاری دابێتو ، شتەکەی بە قەیدو شەرتێکەوە نەبەستبێ ، پێویستە ئەبێ هەر ببێ ، لەگەڵ ئەمەشدا دوعاو سکاڵاو پاڕانەوە سوودی هەیەو

قازانج دەگەیەنێت بۆ پاراستن لەو بەڵایە کە هاتوەتە خوارەوەو ، لەوەیش کە هێشتا نەهاتوەتە خوارەوە ، لەو بەڵایانە کە خودا بەستوونی بە قەیدو شەرتەوەو ، بڕیاری داوە بە دوعاو پاڕانەوە دەفعیان بکات یاخۆ سووکیان بکات •

من ئەڵێم : بوختەی مەسەلە خودای گەورە پەروەردگاری جیهانەو ؛ ماف و دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هەموو مومکینێك لە مومکینەکاندا هەیە ؛ جا هەرچی رووئەدات لە بەڵاو ئازارو مەینەت کردوونی بە دوو بەشەوە ؛ بۆ بەشێکیان بڕیاری داوە کە هیچ شتێ بەرەنگاری بێنەکرێ و بەشێوەیەکی پێویست دەبێ بێتەجێ ، لەم بەشەدا « لا یغني حذر من قدر » •• لە بەشەکەی تریاندا بڕیاری داوە کە بە پاڕانەوەو بە خێرو صەدەقە چاری بکات ، بۆ ئەم بەشە دوعاو خێرو صەدەقە بە سوودە ، لەعورف و نەریتی زانایانی ئیسلامدا بەشی یەکەم « قضا »ی « مبرم »ەو ، بەشی دووەم «قضا»ی «معلق»ە جا لەبەرئەوەی ئەم جیهانە جیهانی ئەسبابە ئەمرمان پێکراوە کە بەهۆی ئەسبابی خەیرەوە تێبکۆشین بۆ پەیداکردنی خێرو پاداشت و ، بە هۆی ئەسبابی خۆپاراستنەوە تێبکۆشین بۆ چارکردن و بەرگری لە مەینەت و ئازار ، پێویستە ئیمە بە رێڕەوی ئەسبابدا بڕۆین ، ئەگەرچی ناشزانین ئەم مەینەتە (مبرم)ە یا (معلق) • پێویستە هەرچی هۆی سوودوەرگرتن بێ ، یا هۆی چارکردن و لادانی زیان بێ جێبەجێی بکەین •

سێهەم بەڵگە لەسەر هەڵەیی ئەوکەسانە دەوامی تێکۆشینی ئادەمیزادە بۆ دەرمانکردنی نەخۆش و بریندارو ، پارە صەرف کردن بۆ پارێزگاری تەندروستی ، یا پارە صەرف کرن لە دروست کردنی کۆشك و دامەزراندن و بووژاندنەوەی کشت و کاڵ و ، رێکخستنی سوپای چەکدار بۆ پاراستنی وڵات و ، جیهادکردن لەپێناوی بەرزکردنەوەو سەرخستنی

وتەی (حق)و غەیری ئەمانەش لەوشتانەی کە پەیوەندی‌یان بە ئەسبابەوە هەیە •

بۆنموونە : ناچێتە عەقڵەوە یەکێـک بە تۆ بڵێت : بۆچی دەرمانـی ئەو بریندارە ، یا تەداوی ئەو نەخۆشـە ئەکەیت ؟ خۆ ئەگەر موقەددەر بووبێ بمێنێ ئەوا دەرمانیش بەکارنەهێنێ هەر دەمێنێ،چونکە ئیمە ئەوەندە ئەزانین ئەمرمـان پێ‌کراوە کە پەیرەوی‌ی ئەسباب بکەین ، لەوانەیە لـە عیلمی خودادا رابووردبێ کە چاكبوونەوەی ئەم نەخۆشـە بەو دەرمانە بێ • وتارەکەی من تەواو بوو •

ریوایەت‌کراوە : ـ « ما من مسلم یدعو دعوة لیس فیهـا اثـم ولا قطیعة رحم الا اعطاه الله احدی ثلاث خصال : اما ان یقبل دعوته واما ان یدخرها له في الاخرة او یصرف عنه سوءا مثلها ، قالـوا اذا نكثـر قـال : الله اکبر • »

واتە : هەر موسوڵمانێ دوعایەك بکاتو ، دوعاکـەی گوناهـی تیـا نەبێو ، بڕینی رشتەی رەحمو خزمایەتی تیا نەبێ ، خودای گەورە یەکێ لـەم سێ شـتەی بۆ جێ‌بەجێ دەکات : یا دوعاکەی قبـوول ئەکـات ، یا خێری ئەو دوعایە بۆ هەڵئەگرێ بۆ پاشـەڕۆژی ، یا دەیکا بـە هـۆی پاراستنی لە مەینەتو ئازارو خراپەیەك کە لە پایەی ئەوشتانەدا بـێ کـە کابرا داوای ئەکات ، وە یا بەهۆی پیرۆزی‌ی ئەو دوعاو خێرو صەدەقەیە بەڵاو ئازارەکە لەسـەر دڵی گیرۆدەکە ئاسان دەبێتو پێی دەگـاتە پایەی (رەضا بەقەضا)• بێ گۆمان ئەم پایەیە لە پایەی قبوولبوونـی دوعاکـە بەرزترەو ، بۆ دنیاو قیامەت بەسوودترە •

نابێ بڵێین ئەم (صلاة الحاجه)یە هەربۆ صاڵحەکان ئەبێ ، بەڵـکو حەزرەتی پێغەمبەر (د • خ)کە لەگەڵ موسوڵماناندا بەبەزەیی‌و میهرەبانە ،

ئەم نوێژەی بۆ هەموو موسوڵمانان داناوە •

نیەتی (صلاة الحاجە) ئەوەیە کە بە عەرەبی بڵێت : « نویت ان اصلي سنة صلاة الحاجة ركعتين لله تعالى الله اكبر »یا بە کوردی بڵێت : نیەتم هەیە دوو رکات نوێژی داماوی و ئیحتیاجی ئەکەم بۆ خودای گەورە « الله اکبر » • لە رکاتی یەکەمدا لەپاش سوورەتی فاتیحە سوورەتی (کافرون)و ، لە رکاتی دووەمدا لە پاش سوورەتی فاتیحە سوورەتی ئیخلاص بخوێنێ و ، لەپاش ئەوەی کە سەلامی دایەوە روو لە قیبلە لەسەر هەیئەتی کاتی تەحیات دابنیشێت و ، ئەم ستایش و دروودە بخوێنێ و ، لەپاش ئەمانە هەموو داوای مەبەستەکەی بکات ، ئەمەش ستایش و دروودەکەیە :ـ

[الحمدلله على حلمه بعد علمه ، وعلى عفوه بعد قدرته • الحمدلله رب العالمين حمدا يوافي نعمه ويكافيء مزيده ، يا ربنا ! لك الحمد كما ينبغي لجلال وجهك وعظيم سلطانك ، اللهم لا أحصي ثناء عليك انت كما أثنيت على نفسك ، فلك الحمد حتى ترضى ولك الشكر اذا رضيت ، الحمدلله بجميع محامده كلها ، ما علمت منها وما لم أعلم •

الحمد لله الذي تواضع كل شيء لعظمته ، والحمدلله الذي ذل كل شيء لعزته ، والحمدلله الذي خضع كل شيء لملكه ، والحمد لله الذي استسلم كل شيء لقدرته ، الحمد لله الذي لا ينسى ذكره ، الحمد لله الذي لايخيب من رجاه ، الحمد لله الذي لا يكل من توكل عليه الى غيره ، الحمد لله الذي هو ثقتنا حيث تنقطع عنا الحيل ، الحمد لله الذي هو رجاؤنا حين يسوء ظننا باعمالنا ، الحمد لله الذي يكشف ضرنا عند كربنا ، والحمد لله الذي يجزى بالاحسان احسانا ، والحمد لله الذي يجزى بالصبر نجاة ، الحمد لله الذي لا اشرك به شيئا •• أشهد ان

لا اله الا الله . الحمد لله الذي لم يتخذ ولدا ، ولم يكن له شريك في الملك ،ولم يكن له ولي من الذل وكبره تكبيرا .. الله اكبر واعز مما نخاف ونحذر .

اللهم لك الحمد في بلائك وصنيعك الى خلقك ، ولك الحمد في بلائك وصنيعك الى اهل بيوتنا ، ولك الحمد في بلائك وصنيعك الى انفسنا خاصة ، ولك الحمد بما هديتنا ولك الحمد بما سترتنا ، ولك الحمد بالقرآن ، ولك الحمد بالاهل والمال والولد ، ولك الحمد بالمعافاة ، ولك الحمد حمدا كثيرا خالدا مع خلودك ، والحمد حمدا لا أجر لقائله الا رضاك . اللهم اني أحمدك واشكرك واثنى عليك حمدا وشكرا وثناء يملأ كل منها الاكوان كله على ما ابقيتني حيا صحيحا سالما ، وعلى ما اوليتني من النعم التي لا أحصيها ولا استحقها الا بفضلك وكرمك ، وعلى ماصرفت عني من النقم التي استحقها ، صرفتها عني بفضلك وكرمك .

سبحان ذي الملك والملكوت ، سبحان ذي العزة والجبروت ، سبحان الحي الذي لا ينام ولا يموت ، سبوح قدوس ، ربنا ورب الملائكة والروح ، سبحان الذي في السماء عرشه ، سبحان الذي في الارض حكمه ، سبحان الذي في القبور قضاؤه ، سبحان الذي في البحر سبيله ، سبحان الذي في النار سلطانه ، سبحان الذي في الجنة رحمته ، سبحان الذي في القيامة عدله ، سبحان الذي رفع السماء ، سبحان الذي بسط الارض ، سبحان الذي لاملجأ ولا منجى منه الا اليه ..سبحان الله عما يصفون ، سبحان الله عما يشركون، سبحان من لا يعرف قدره غيره ، ولا يبلغ الواصفون وصفه ، سبحان المقدر لما يشاء بقدرته ، سبحان الفعال لما يريد بعزته ، سبحان من يسبح الرعد بحمده والملائكة من خيفته ، سبحان الذى بيده ملكوت كل شيء واليه ترجعون ...

اللهم صل على سيدنا محمد وعلى آل سيدنا محمد ، كما صليت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم انك حميد مجيد ، اللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم انك حميد مجيد،اللهم وترحم على محمد وعلى آل محمد كما ترحمت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم انك حميد مجيد ، اللهم وتحنن على محمد وعلى آل محمد ، كما تحننت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم انك حميد مجيد ... اللهم صل وسلم وبارك على سيدنا محمد عدد معلوماتك في معلوماتك .. اللهم صل وسلم وبارك على سيدنا محمد وعلى آل سيدنا محمد واصحابه عدد خلقك ورضى نفسك وزنة عرشك ومداد كلماتك . اللهم يارب محمد وآل محمد صل على محمد وعلى آل محمد ، واجز محمدا ما هو اهله ، اللهم صل على محمد كما هو اهله ، اللهم صل على سيدنا محمد كما هو اهله ، اللهم صل على سيدنا محمد كما تحب وترضى له . اللهم صل على روح سيدنا محمد في الارواح ، اللهم صل على جسد سيدنا محمد في الاجساد ، اللهم صل على قبر سيدنا محمد في القبور وعلى آله وصحبه وسلم تسليما كثيرا . اللهم صل وسلم وبارك على سيدنا محمد وعلى آل واصحاب سيدنا محمد كما يليق بكمالك وجلالك وجمالك ووجودك ونوالك ، وكما يليق بكماله ، وكما يليق بهم ، اللهم صل على سيدنا محمد الحبيب الشفيع الرفيع القدر العظيم الجاه وعلى آله وصحبه وسلم تسليما . اللهم صل على سيدنا محمد وعلى آل سيدنا محمد صلاة اهل السموات واهل الارضين عليه ، واجر يارب لطفك الخفي في امري . اللهم صل على محمد طب القلوب ودوائها وعافية الاجساد وشفائها ونور الابصار وضيائها وعلى آله وصحبه وسلم تسليما . اللهم صل على سيدنا محمد على قدر حبك فيه . اللهم صل على سيدنا محمد على قدر عنايتك به . اللهم صل على سيدنا محمد حق قدره ومقداره . اللهم صل على سيدنا محمد السابق للخلق

نوره والرحمة للعالمين ظهوره عدد من مضى من خلقك ومن بقي ومن سعد فيهم ومن شقي ، صلاة تستغرق العد وتحيط بالحد ، صلاة لا غاية لها ولا منتهى ولا انقضاء ، صلاة دائمة بدوامك وعلى آله وصحبه وسلم تسليما مثل ذلك • اللهم صل وسلم وبارك على سيدنا محمد عبدك ورسولك النبي الامي وعلى آل سيدنا محمد وازواجه امهات المؤمنين وذريته وأهل بيته وخدمه وخلفائه وصحبه كما صليت وسلمت وباركت على سيدنا ابراهيم وعلى آل سيدنا ابراهيم في العالمين انك حميد مجيد ، وكما يليق بعظيم شانه وشرفه وكماله ورضاك عنه ، وكما تحب وترضى له ابدا دائما ، عدد معلوماتك ورضى نفسك وزنة عرشك ومداد كلماتك أفضل صلاة وسلام وابركها واكملها واتمها كلما ذكرك الذاكرون وغفل عن ذكرك وذكره الغافلون وعلى جميع الانبياء والمرسلين وعلى آلهم واصحابهم والتابعين وعلى اهل طاعتك اجمعين من اهل السماوات والارضين ، وعلى جبرائيل وميكائيل واسرافيل وعزرائيل ، وعلى الكرام الكاتبين وعلينا معهم برحمتك يا ارحم الراحمين • اللهم صل على سيدنا محمد كما تحب وترضى له • اللهم صل على محمد وعلى آله وصحبه وسلم عدد ماكان وعدد ما يكون وعدد ماهو كائن في علمك أو قد كان • اللهم صل على سيدنا محمد صلاة تكون لك رضاء ولحقه اداء ولحوائجي قضاء • لا اله الا الله الحليم الكريم ، سبحان الله رب العرش العظيم ، والحمد لله رب العالمين ، اسألك موجبات رحمتك وعزائم مغفرتك والعصمة من كل ذنب والسلامة من كل اثم لا تدع لي ذنبا الا غفرته ، ولا هما الا فرجته ولا حاجة هي لك رضاء الا قضيتها يا ارحم الراحمين ، يا اول الاولين ويا اخر الاخرين ويا ذا القوة المتين يا راحم المساكين يا ارحم الراحمين (ثلاثا) •

يا من يملك حوائج السائلين ، ويعلم ضمائر الصامتين،وان لك فيمسألتي

سمعا حاضرا وجوابا عتيدا ، وان لك من كل صامت علما ناطقا محيطا ، مواعيدك صادقة وأياديك فائضة ، ورحمتك واسعة ،ونعمتك سابغة ، انظر الي بنظر الرحمة يا كريم يا ذا الجلال والاكرام ، وتقبل دعواتي وهي أن تحفظ ايماني في حياتي وعند وفاتي وتطول عمري وتحسن عملي ، وتوسع رزقي ، وتقضي ديوني وتخلصني وترزقني الاخلاص لوجهك الكريم في جميع أحوالي وطاعاتي وتفعل (كذا وكذا ، وتعد مقاصدك) .. اللهم اني أسألك واتوجه اليك بنبيك محمد نبي الرحمة عليه الصلاة والسلام .. يا ربنا لك الحمد كما ينبغي لجلال وجهك ولعظيم سلطانك على ان جعلت لنا هذه الوسيلة العظيمة لهدايتنا والشفاعة لنا في قضاء حوائجنا .

ثم يتوجه الى حضرة الرسول صلى الله عليه وسلم ، ويقول : ـ
يا نبي الرحمة ! ، صلى الله تعالى عليك وسلم ، اني اتوجه بك الى ربي في حوائجي التي اعرضها عليك ، وانت شرعت لنا هذه الصلاة فجزاك الله عنا افضل ما جازى نبيا عن قومه . ورسولا عن امته . وانت بشرتنا بان كلا ميسر لما خلق له ، وان الله تعالى يسرني لهذه الصلاة ،صلى الله عليك وسلم ، وانت قلت: اذا سألتم الله فعظموا رغبتكم، فان الله لا يعظم عليه . آمنا بذلك وصدقناك يا رسول الله ، واني اتوجه بك الى ربي في حوائجي هذه ، ومن اعظمها ان يسددني الله بالايمان ويحفظه علي في حياتي وعند وفاتي ، ومن اعظمها ان يسهل امري (كذا ، كذا) .

ثم يقول : ـ

ان تقضى لي حاجتي يا رسول الله ، صلى الله عليك وسلم ، اللهم شفعه في بجاهه آمين يا ارحم الراحمين (ثلاثا) . واتـه : خـودا تكـاو شەفاعەتی پیغەمبەر (د . خ) بۆ ئیمە قبووڵ بفـەرمـوو ئـەی لە هەمـوو بەزەییدارێ بەبەزەییتر .

جەلالەدینی سیووطی ، رەحمەتی خوای لێ بێ ، ریوایەتی کردوە : کەسێـک ئیحتیاجی‌یەکی ببێ لای فەرمانداری یا کەسێـکی‌تر لەپاش (صلاة الحاجه)و دوعاکانی ئەم دوعایشـە بخوێنێ : « اللهم انك انـت العزيز الـكبير ، وانا عبدك الضعيف الذليل ، لا حول ولا قوة الا بك . اللهم سـخر لي فـلانا (ويذكر اسـمه) وجنـوده ، واتباعه ، واشياعه كما سخرت فرعون وجنوده واتباعه واشياعه لموسى عليه الصلاة والسلام ، لين لي قلوبهم كما لينت الحديد لداود عليه السلام ، فانهـم لا ينطقون الا باذنك ، نواصيهم في قبضتك ، قلوبهم بيدك ، جل ثناء وجهك الكريم يا ارحم الراحمين .. والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته .

نامـەی پانزەهەم

دوا نامەی باسـی نوێـژە

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله ، والصلاة والسلام على رسول الله ، وبعد السلام والدعاء للاخوان بالحفظ من تعييبنا والملام •

براکان ! هەشتا نامەی ئاسانی نزیك بەفامی خەڵـکی هەرچەمەم بـە زمانە فارسی‌یەکی تێـکەڵ بە کوردی نووسی بۆ خزمەتی دەستەمەلاکانی دێهـاتەکان بەهیوای ئەوەی کە ئەو مەلایانـە بەونامانە خەڵـکی تـەمێ بکەن‌و فێری ئایینیان بکەن ؛ چونکە زوربەی مەلاکان خۆیان کتێبیان نیە ، کەچی وا تێـگەیشتم کە گومانیان وایە ئەگەر بەونامانـە ئامۆژگـاریی موسوڵمانان بکەن دەبێتە بێ‌قەدری بۆیان ، گومان ئەکەن کە ئەو جـۆرە نووسراوانە بۆ منداڵان موناسبەو ، بۆ وەعظو ئیرشادپێ‌کردنی زانایانـی ئایینی ناشێن • وا ئەم نامەشم نووسی بە ئومێدی ئەوەی کـە نەکەونـە شوێن خەیاڵات‌و لەبەر رەزای خودای گەورە ئامۆژگاریی موسوڵمانانی پێ‌بکەن ، خۆ ئەگەر لەم نامەیەشـی نەپرسـن ئەوا دەردەکەوێ کە لەبەر عارو عەیب لە نامەکانی‌تریشیان نەپرسیوە •

لەم نامەدا زۆر تەماشای عیبارەتی ئاسان دەکەم لەوانە کە تەبیعەتی

هەموو کەس وەریان بگرێ و فڕێیان نەدات • هەروەها بەهۆی ئەم نامەیەوە راستیم بۆدەردەکەوێ : ئاخۆ مەیلتان هەیە بەم نامانە ئامۆژگاری بکەن ؟ جا لەبەرئەوەی نوێژ گەورەترین ئیطاعەتی بەدەنی یە ئەم نامەیشم هەر لەبابەتی نوێژەوە بۆ نووسین ، تا لەگەڵ ئەو نۆ نامەدا کە لەمەوپێش لە باسی نوێژا نووسیومن ببنە دە نامەی تەواو •

براکان ! ئەبوومەدیەنی مەغریبی (ر • خ)دەگێڕێتەوە کە بەڕاستی لە نوێژی موسوڵماندا تەنها ئەوەندەی دەنووسرێ کە دڵی ئاگای لێ بێ ، جا لەسەر ئەم بناخەیە زاناکانی ئایین فەرموویانە : نوێژ لەسەر شێوەی ئادەمزادە ، واتە : هەروەکو چۆن مرۆڤ تێکەڵە لە ئەندامی پەنهان و ئەندامی ئاشکراو ، مرۆڤ نابێتە مرۆڤی تەواو ئیللا بە سەلامەتی ی ناوو دەرەوەی ، هەروەها نوێژیش تێکەڵە لە (ئەرکان)و (ئەبعاض)و (هەیئات) ، هەروەك ئەندامەکانی لەشی ئینسان فەرقیان هەیە ، ئەم روکن و هەیئەت و بەعضەش فەرقیان هەیە ، هەروەك ئینسان بە لەناوچوونی هەندێ ئەندامی لەشی دەفەوتێ ، وەك دڵ و ، دەماغ و ، بەهۆی لەکیس چوونی هەندێکی تری نافەوتێ ، بەڵام تووشی کەم و کووڕی دەبێ و لانەواز دەبێت ، وەك زمان ، گوێ ، چاو ، دەست ، پێ ، هەروەها نوێژیش ئەگەر نییەت یا راوەستان،یا رکووع،یا سجوودی نەبێ ئەوا بەتاڵ دەبێ ، بەڵام ئەگەر قنووتی بەیانیان ، یا تەحیاتی یەکەم نەبێ نوێژەکە بەتاڵ نابێتەوە ، بەڵکو کەم و کووری تیا پەیدا دەبێ •

ترس و لە خوا شەرم کردن لەکاتی نوێژکردندا هەندێ لە زانایانی ئایین بە واجبیان داناوەو ، بە وێنەی گیانی ئادەمیزادیان داوەتە قەڵەم ، واتە : هەروەك ئینسان بە بێ گیان بە مردوو دەژمێررێ نوێژی بێ خشووعیش بە بەتاڵ و بێ گیان دەژمێررێ • شێوەی ئەو نوێژکەرە کە گوێ بە روکنەکانی نوێژ نەداو لە نوێژدا ترس و خشووعی نەبێ ،

یا گوێ بە قنووت‌و تەحیاتی یەکەم نەدات ، وەکو بازرگانێکە پادشایەگی خاوەن شکۆو شەوکەت ئەمری پێبکا غولامێکی وریاو زیرەك‌و هونەرمەندی بۆ بکڕێ کە بۆ حضووری پاشا بەکاربێت ، ئەویش بڕوات غولامێکی شەل‌و کوێرو شێت بێنێ بۆی ، لەگەڵ ئەوەشدا داوای خەلات‌و بەخشش لە پاشا بکات ، جا هەروەکو ئەم وەزعە بەعەقڵدا ناچێت هەروەها نوێژکەرێ کە خودا داوای نوێژی راست‌و ڕەوانی لێ ئەکاو ، ئەویش نوێژێکی نادروست‌و بێترس‌و خشووعی بۆ بکات ، لەگەڵ ئەوەشدا داوای پایەی بەرز لە خودا بکات ، ئەمەیش بە عەقڵدا ناچێت •

پێویستە بزانن نوێژی کەم‌و کورتی‌دار رووناکی بەدڵی ئینسان نادات‌و ، کە دڵی رووناك نەکردەوە نابێتە هۆی دووریی لە فەرمانی فاحشە (نالەبار)و تاوان ، بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی دووریی لە خودای گەورە ، وەکو حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : « من لم تنهه صلاته عن الفشحاء والمنكر لم يزدد من الله الا بعدا » واتە : کەسێ نوێژەکانی رێگای خراپەی لێنەگرن‌و مەنعی کاری ناشیرین‌و ناشەرعی لێ نەکەن ، هەر لە خودای گەورە دووردەکەوێتەوە •

لە حەزرەتی (عمر)ەوە دەگێڕنەوە (ر • خ) وتوویە : « رأى رسول الله (ص) رجلا صلى فاخف صلاته ، قال : اترون هذا ؟ لو مات على ملة غير محمد » واتە : پێغەمبەر (د • خ) زەلامێکی دی نوێژی دەکرد ، بەلام بە بێموبالاتی نوێژەکەی ئەکرد ، واتە : گوێی نەئەدایە ئادابی نوێژەکەی ، جا حەزرەت (د • خ) فەرمووی : ئاگاتان لەم زەلامەبوو ؟ ئەمە ئەگەر لەسەر ئەم حاڵە بمرێ‌و ، نوێژەکانی ئاوەها بکات کە چاومان پێی کەوت ، لە سەر میللەتی غەیری (محمد) ـ د • خ ـ دەمرێ •

جا تەماشاکەن لەم فەرموودەداو لەم تەعبیرەدا چەند هەڕەشـە هـەیە ، مادام حەزرەت (د • خ) باسـی ئایینی دەکات ظاهیر وابوو بفەرموێ : « مات علی غیر ملة محمد » بەڵام وای نەفـەرموو ، بەڵـکو فەرمـــووی « مات علی ملة غیر محمد » لەبەرئەوە کە پێغەمبەرەکان لە مەعنادا وەکو پێغەمبەری ئیمەنو ، لە ئیعتیبارا هەموویان وەکو یەکن ، جـــا ئەنجـامی فەرموودەکەی حەزرەت ئەبێتــە ئەوە: « مات علی ملة غیر الانبیاء »واتە : ئەوکەسە کە بەم جۆرە نوێژ ئەکات بە خاوەن ئایین ناناسرێتو ، کاتـێ کە مرد هیچ ئایینێـکی نیە ، نە ئاینـی محمـدو ، نەئایینی پێغەمبەرانی پێشوو ، کەوابێ لەسەر ئایینی کافرەکان دەمرێ •

جائەگەر یەکێک تۆزێ باوەڕی هەبێ ئەمجۆرە هەڕەشەیە بەسە ؛ کەوابێ ئەی براکان ! نیشانەی ئەهلی سەعادەتو بەختەوەران ئەوەیـە نوێژکەر کاتێ نوێژ ئەکات زۆر بە هەستو ژیری چاودێری‌ی مەرجو روکنو ئادابی دیاری‌و پەنهانی نوێژەکەی بکاتو ، ئاگـای لە هەمـوو لەفظێـکی نوێژەکەی‌و مەعناکەی هەبێو ، بەدڵ وابزانێ کە لە بەردەمی خودای گەورەدا راوەسـتاوەو لێی دەپاڕێتـەوە ، کەواتە پێویسـتە لـە پاککردنەوەی دڵو دەروونی غافڵ نەبێ ، چونکە هەر دڵە کە بەر نەزەری خودای گەورە دەکەوێتو جێـگای پرتەوی نورو تەجەللای خودایە •

براکان ! بزانن ئەو پاکی‌یەی لە موسوڵمان داوا دەکرێت چـوار جۆرە ، یەکەم پاکی‌ی لەشو پۆشـاکو شوێنی نوێژ ، ئەم جۆرە پاکی‌یە بۆ هەموو نوێژکەرانە • دووهەم پاکی‌ی ئەندامەکانی لەشیەتی لە چڵـکی تاوانباری ، واتە : زمانی ، گوێچکەی ، دەستی ، پێی ، عەورەتی لـــە کردەوەی ناشەرعی دوور بن ، ئەمە تەنها دینداره تایبەتی‌یەکان (خواص) پێی‌یان ئەکرێ • سێهەم پاکی‌ی نەفسە لــە هــەموو جۆرە خووێـکی ناشیرینو ناپەسەند ، وەکو بەخیلی‌و کینەو خۆپەرستی‌و خۆ بە گەورە

زانینو خووه پیسه‌كانی‌تری نه‌فس ، ئه‌م جۆره پاكی‌یانه بۆ ڕێڕه‌وانی ڕێگه‌ی حه‌قیقه‌ته ، كه هه‌میشه شه‌رم له خودای عالـه‌م ده‌كه‌ن •
چواره‌م : پاكی‌ی نه‌فسو ڕۆحه له په‌یوه‌ندی به غه‌یری خودای گه‌وره‌وه ، ئه‌مه‌ش پایه‌ی « صدیق » انه •

جا ته‌ماشا بكه‌ن كه داپۆشینی عه‌وره‌ت مه‌رجی دروستبوونی نوێژه‌و ، هۆی داپۆشینی عه‌یبو عه‌وره‌تی ظاهیری له‌شه كه له‌پێش چاوی خه‌ڵكدا ئه‌گه‌ر ده‌ركه‌وێت چ ئابڕووچوونێكه بۆ ئینسان • هه‌روه‌ها ده‌ركه‌وتنی ڕسوایی له ڕۆژی قیامه‌تدا له به‌رده‌می خودای گه‌وره‌دا گه‌لێ گرانترو نابارتره بۆ ئاده‌مزادو ، ده‌ركه‌وتنی ناشیرینی‌و چڵكی خووی ناپه‌سه‌ندی ده‌روونی ئینسان وه‌ك به‌خیلی‌و كینه‌و خودپه‌رستی له‌دنیادا له حضووری خوداداو له قیامه‌تدا له به‌رچاوی عاله‌مداو له حضووری خودای گه‌وره‌شدا گه‌لێ له هه‌موو عه‌یبێ عه‌یبتر‌و ناشیرین‌تره‌و زۆرتر هۆی ئابڕووچوونه ، بێ‌گومان ئه‌م عه‌یبه‌و ئه‌م ناپه‌سه‌ندیی خووره‌وشته‌و ئه‌م چڵكی گوناهباری‌و صیفه‌ته ناشیرینانه له ئینسان دوورناكه‌ونه‌وه به‌ته‌وبه‌و په‌شیمانیه‌كی بێ‌گه‌رد نه‌بێ ، له‌گه‌ڵ ده‌ربڕینی شه‌رمه‌ساری له ڕووی حضووری خوداو سكالا له باره‌گای بالادا ، كه‌وابێ كرده‌ی شایسته‌ی ئاده‌مزادی ئازاد ئاوه‌یه كه له سه‌ره‌تای نوێژه‌وه باش له حضووری خودادا ڕاوه‌ستێو ، هه‌روه‌ك له چوار ڕوكنه‌ی جیهاندا هه‌ر (كعبة الله)ی كردوه به قیبله ، هه‌ر به‌وجۆره له ناو هه‌موو دڵخوازێكی دنیاشدا هه‌ر ذاتی خودای گه‌وره بكات به قیبله‌ی دڵو ، به‌دڵو به ساغی ڕوو له خودای گه‌وره بكات ، له كاتێكدا نیه‌تی نوێژی وه‌ختی هێناو وتی : « الله اكبر » له هه‌موو بتێكی هه‌واو نه‌فس خۆی لاداتو ، خۆی بهاوێته ژێر ئالای گه‌وره‌یی ذاتی خوداو ، به‌هێزی خوا به‌یه‌ك‌زانین هه‌موو شه‌ریك بۆخوادانانێكو هه‌مو خوویه‌كی

بەدی نەفس بشکێنێ‌و ، بە وتنی رستەی « اعوذ بالله من الشیطان الرجیم» بە قەڵای پارێزگاری‌ی خودا لە هەموو ئاشووب‌و فیتنەو فێڵێکی ئەهریمەن‌و دەستەکانی لە بنیادەم‌و لە جنی خۆی پەنابدات ، کە (بسم الله الرحمن الرحیم) هات بەدەمیا یارمەتی لە ذاتی تاق‌و تەنیای خودای بێ‌هاوتاو بێ‌باك داوابکات‌و ، باوەڕی وەهابێ کە هەر ذاتی خودای پەروەردگار (قیوم)و کاربەدەستی هەموو کائیناتەو ، تیشکی میهرەبانی‌ی ئەو بەسەر هەموو رۆح‌و شەبەحێکدا پەخش‌و بڵاودەبێتەوەو ، هەموو بەهێزی خواستی ئەو پەیدا ئەبێ‌و پایەدار ئەبێ ، کاتێ کە « الحمد لله رب العالمین ... »ی خوێند باوەڕی وابێ ئەم‌جیهانە بەرزو نزمی هەموو خودا دروستی‌کردووەو ، خودا پەروەردەی دەکات‌و ، هەر نیعمەتێ بە هەر نیعمەت‌خۆری بگات هەمووی هەر خودا خاوەنیەتی‌و ، لەسەر ئەو نیعمەتانە سوپاس بۆخودا پێویستە ، لەکاتێکدا وتی : « الرحمن الرحیم ، مالك یوم الدین » باوەڕی وابێ کە لە رۆژی قیامەتدا فەرمان‌و دارایی هەر بۆ خودای میهرەبانەو ، خودای گەورە هیچ شتێکی لێ ون نابێ ، لە بیروباوەڕی پەسەندو ناپەسەندو کردەوەی شیرین‌و ناشیرین‌و ، حسێبی هەموو ئەکات‌و ، هەر ئەو دەتوانێ حوکم بەسەر خەلائیقدا بدات‌و ، هەر ئەو دەتوانێ تاوانی تاوانبار عەفو بکات .

هەروەها کە گەیشتە ئایەتی « ایاك نعبد وایاك نستعین » ئەوە بێنێتە بیری خۆی کە نەبووەو پەروەردگارێ دروستی کردووەو ئەندامی لەشی رێك‌خستووەو جوانی پێ‌بەخشیوەو ، هۆش‌و بیرو هێزی زانستی پێ‌داوە ، بۆیە پێویستە پەرستن هەر بۆ ئەو بێ‌و ، داوای یارمەتی‌و کۆمەك هەر لەو بکرێ .

ئەنجا کە گەیشتە « اهدنا الصراط المستقیم » بەپارانەوەو سکاڵای دڵ داوای ئەوە بکات لە خوا کە شارەزای بکات بۆ رێگەی راست کە

ئاینی پیرۆزی ئیسلامە ، داوای ئەوە بکات کە لەسەر ئەو ئاینە دامەزراوی بکات بەجۆرێ کە بە هۆی ئاشووبو مەینەتی دنیا دڵی لانەدا لە بەجێهێنانی ئادابی ئیسلامو ، تەماشای ئەوە بکات کە ئەم رێگا راستە رێگای ئەوکەسانەیە کە خودای گەورە بە میهرەبانیی خۆی نیعمەتی ئیمانو لەسەر راستی دامەزرانی پێداونو ، لە رێگای ئادەمیزادی ناباری عەنادکارانە لای داون کە غەضەبی لێ گرتوونو لای داون لەو نەفامو نەزانانەی کە گومرابوون ، بەڵکو خودای گەورە لەریزی ئەو ناپیاوانە لای دا بۆ ریزی پیاوچاکانو رەهبەرانو فیداکارانو مرۆڤە راساڵەکانو ، لە کانگەی دڵەوە داوای قبوولی ئەم دوعایە لە خودای گەورە بکاتو بەدەم بڵێ « آمین » .

لەراستیدا نوێژ خوداپەرستنێکە فەرزکراوە بۆئەوەی مرۆڤ بیکات بەهۆی یادی گەورەیی خودای خۆیو ، دەربڕینی بەندەییو ملکەچیی خۆیو ، دەرخستنی نیازمەندیی خۆی بەوخودایە کە بێنیازە لە جیهان ، هەروەها بیکات بە هۆی رووناککردنەوەی دڵو دەروونی خۆی لە تۆزو غوباری تاوانو خەیاڵاتی پڕو پووچی نەفسو شەیتان بۆئەوەی کە چرایەکی خوداناسینی تێدا هەڵبکرێ کە سوودی هەبێ بۆ ماوەی ژیانو بۆ پاشەرۆژی ، ئەم ئەنجامەش بەوە دەست ئەکەوێ کە مرۆڤ لەکاتی نوێژەکەدا بزانێ چێ ئەڵێو لەگەڵ کێدا موناجات ئەکات ، خۆ ئەگەر مرۆڤ لە نوێژدا بێ ئاگا بێو لە خودا غافل بێ ئەوە دەبێ بەهۆی قصوورو دووری لە خودای گەورەو ، نابێتە هۆی نزیکی لە بارەگای پەروەردگارەوە .

ریوایەتکراوە لە طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلا رۆژی لە باخێکی خۆیدا نوێژی دەکرد ، لەناکاو چاوی کەوت بە بازێ کەوتوەتە شوێنی

پەلەوەرێ ، دەیەوێ بیگرێ ، پەلەوەرەکەش دەیویست لەناو لقەدارەکانی ئەو باخەدا خۆی وون بکاتو ، لە دەستی بازەکە رزگاربێ ، طەلحــە لە نوێژەکەیدا ئەمەی هاتە پێش‌چاوو پێیەوە خەریك بوو ، لە نوێژەکەی غافڵ بوو ، نەیزانی چەند رکاتی کردوە ، بە هەرحاڵ لەپاش نوێژەکـەی هات بۆ خزمەتی حەزرەت (د • خ)و سەرگوزەشتەکەی بۆ گێڕایەوەو ، عەرزی کرد : وا ئەو باخەم کرد بــە هــۆی کەففــارەتی ئــەو لەخــودا غافڵبوونەمو کردم بە صــەدەقە چۆن تصرفی تیا دەکەیت بێــکە ، ئەنجــا حەزرەت (د • خ)باخەکەی فرۆشت بــە دووصەد هەزار درەمو ، بەسەر هەژارو گەداکانی مەدینەی پیرۆزدا بەخشیەوە •

دەگێڕنەوە کە ئیمام (زین العابدین)ی کوڕی حەزرەتی (حسین) خودایان لێ رازی‌بێ ، هەرکاتێ دەستی بە دەسنوێژگــرتن دەکــرد بــۆ نوێژ رەنگی زەرد دەبوو ، حاڵی دەگوڕا ، عەرزیاندەکرد : بۆچی وەهات لێدێت ؟ ، دەیفەرمــوو : ئێــوە دەزانــن کە ئێمــە لە بەردەمــی کێــدا رادەوەستین ؟ واتە : ئەم نوێژانە کە خودا لەسەری فەرز کردوویــن نیشــانەی بەجێ‌هێنانــی یاســای بەندەیــی‌و ملکەچــی‌یە بۆ خــودای گــــەورەو ، بەندەیی پێویستی بە ســاغی‌و دڵسۆزی هەیەو ، دڵسۆزیش ئەرکێــکی گرانەو بەجێ‌هێنانی زۆر زەحمــەتە ؛ لەبــەرئەمەیــە مــــن لەم کاتانەدا وەزعم دەگۆڕێ •

لە حەزرەتی (عائشە)وە دەگێڕنەوە ، خودای لێ‌رازی‌بێ ، وتوویەتی حەزرەتی پێغەمبــەر بەحاڵێــکی عادەتی‌و ئارام قســەی لەگەڵدا دەکردین‌و قســەمان لەگەڵ دەکرد هەتا کــاتی نــوێژ دادەهــات ، ئەنجا حەزرەت (د • خ)حــاڵی دەگۆڕا وەك ئەوەی کە ئەو ئێمە ناناســێ‌و ئێمەش ئــەو ناناسین هەتا نوێژەکەی دەکرد •

دەگێڕنەوە : کە خودای گەورە سرووش « وحي »ی بۆ حەزرەتی مووسا ناردوە تیا دەفەرموێ : ــ ئەی مووسا ! کاتێ ناوی منت هێنا وەها بەترس و هەیبەتەوە ناوم بهێنە وەك ئەوەی کە هەموو ئەندامەکانی لەشت لە یەك جیابنەوە ، لەکاتی یادی من یا ناوبردنی مندا دامەزراوو ئارام بە ، با زمانت لەکاتی لەناوبردنما لەپشتی دڵتەوە بێت ، واتە : هەتا دڵت بە ناوی من نووورانی نەبێت ناوم مەبە ، هەر کاتێ بۆ پەرستنم راوەستای بە شێوەی بەندەیەکی خزمەتکاری داماو لە بەردەم گەورەی خۆیدا راوەستە •

جا ئەم جۆرە خوداپەرستیە بە کەسێ دەکرێ کە هەموو مەبەستی بێنێتە سەر چارەی رۆژی قیامەت و ، لە دنیادا هەوڵی ژیانی خۆی بدا بۆ پەیداکردنی تۆشەی پاشەرۆژو ، هەمیشە گەورەیی و بێباکیی خودا لە دڵیا دامەزرێ و ، بەم بیروباوەڕە جێگەی حیرص و طەماع و ئارەزووی نەفسی لە دەروونیدا نەیەڵێت و ، ئاگری حیرص بە ئاوی قەناعەت بکوژێنێتەوەو ، باوەڕی بێنە سەر ئەوەی کە هەرکەسێ زیاد لە ئەندازەی پێویست تۆزقاڵێك خۆشەویستیی دنیا بچێتە ناو دڵیەوە ئەوە مایەی زیانە بۆی لە قیامەتداو ، ئەگەر باوەڕی وەهابێ کە لەگەڵ خۆشویستنی دنیادا دەگاتە قازانجی رۆژی دوایی ، ئەوە بەهەڵەداچووەوە ، وەك ئەوکەسە وایە کە هەموو پۆشاکی بەری تێکەڵی چەوری و چڵکنی بێ و ، گومانیشی وابێ کە مێشی پێوە نانیشێت ! کە ئەمەش نەبووەو نابێ ! •

لە حەزرەتی عائشەوە (ر • خ) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی : ــ ئەبووجەهم کراسێکی شامی بەدیاری نارد بۆ خزمەتی پێغەمبەر (د • خ) ، ئەوکراسە هەندێ نیشانەو گوڵی جوانی تێدابوو ، حەزرەت (د • خ) کراسەکەی لەبەرکردو دەستی بەنوێژ کرد ، کاتێ سەلامی دایەوە فەرمووی : عایشە ! ئەم کراسە بنێرەوە بۆ ئەبووجەهم چونکە لەکاتی نوێژەکەمدا چاوم بە نیشانەیەك لە نیشانەکانی کەوت ئەوەندەی نەمابوو

دڵم تیسک بداو له خوا غافڵم بکات .

ریوایەت کراوە : جارێ قەیتانی سۆلەکانی حەزرەت (د . خ) کۆن بووبوو ، بۆیە ئەو قەیتانەی دەرکردو یەکێکی تازەی تێخست ، کە سۆلەکانی کردەپێی فەرمووی : ئەوقەیتانە تازە دەربێنن لەو سۆلانەو ، قەیتانە کۆنەکەی تێبخەنەوە ؛ چونکە کاتێ کە تەماشای ئەو قەیتانە تازەمە کرد گەلێ دلشاد بووم و پێم جوان بوو ، بەڵام کتوپڕ کەوتە دڵمەوە کە خودای گەورە لەو شادمانیو دڵخۆشیی منە نارازیەو ، ئەترسم لێمان زویر بێ ! جا کەسێ کە خاوەنی هۆش و دڵی رووناك بێ با بە ئینصاف بیربکاتەوە : لە جێگایەك پێغەمبەر (د . خ) بەو پایە بەرزەوەو بەو خۆشەویستی یەی کە لای خودا بوویەتی ، سەرەڕای پایەی پێغەمبەرایەتی ، لەسەر قەیتانێکی تازەی سۆل لە غیرەت و رقی خودا بترسێ و ، کوتوپڕ لای بات ، ئەبێ حالی ئەم هەواپەرستانە چی بێ کە شەوو رۆژ لە رابواردنانو جلی نەرمو نیان و ناسك لەبەردەکەن و ئەنگوسیلەی ئاڵتوون دەکەنە پەنجەیانو لە حەڵاڵ و حەرام ناپرسنەوە ؟! ئەبێ ئەم دێورەوشتانە ، کە بە مەشایخ مەشهوورن و ، شانازی بەسەر خەڵکدا دەکەن بە نازو نیعمەتی زۆرو پایەو مایەی بێشومار ، حاڵیان لە حضووری خودادا چۆن بێ ؟ ئەم نەزانانە کە بە زانا مەشهوورن و حاڵیان وەهایە کە هەمیشە لە هەوڵ و تەقالادان بۆ پۆشاکی نەرمو نوێنی گەرمو رابواردن ئەبێ لە حضووری خودای گەورەدا حاڵیان چۆن بێ ؟! ئەو دەوڵەمەندە بەدبەختانە کە شەووڕۆژ لە هەوڵدانو ، بۆ ئارەزووی نەفسی ئەممارە هێزی خۆیان بەخت دەکەن و ، بیر لە حەرامو حەڵاڵ ناکەنەوەو ، لە خودا ناترسن و ، واجباتی بەدەنی و ماڵی بەجێ ناهێنن و ، بە زۆر نەبێ یادێکی مردن و

حسیب کردنی کردەوەی خۆیان ناکەن ، سبەینی لەکاتی لێپرسینەوەدا حاڵیان چۆن بێت ؟ .

پوختەی قسە ئەوەیە کە خودا ئادەمزادی بۆ خوداپەرستن و گوێڕایەڵی دروست کردووە ، خوداپەرستی و گوێڕایەڵیش ئەوەیە کە لەگەڵ دڵسۆزی و چاودێری ی ئەدەبدا بێت ، گەورەترین عیبادەتێکیش بە لەش بکرێ نوێژە ؟ کەوابێ لەسەر ئەو کەسانەی نوێژ دەکەن پێویستە چەند ئەتوانن بۆ ئەوە تێبکۆشن کە لەناو نوێژەکەیاندا ئاگایان لە دڵیان بێ و ، دڵیان ببەستن بە بوون لەگەڵ خودادا ، بەڵکو خودای گەورە رەحمیان پێ بکات .. بەڵێ هەر لەبەرئەمە بوو کە حەزرەتی عەلی (کرم الله وجهه) کە وەختی نوێژ دەهات حاڵی دەگۆڕاو تێك دەچوو ، کە عەرزیان دەکرد : بۆ وا پەرێشانی ؟ دەیفەرموو : وەختی دانەوەی ئەمانەت هاتوە ، ئەو ئەمانەتەی کە عەرزو عاسمان بۆیان هەڵنەگیراو ئادەمزاد هەڵیگرت ، جا نازانم ئەتوانین بە شێوەیەکی ساغ و شایان تەسلیمی بکەینەوە یان ناء ؟ .

موسوڵمان هەقی وایە تێکەڵی و دۆستی لەگەڵ خودادا بێت و ، بە عیبادەت و خوداپەرستی دڵی رووناك و نوورانی بێت ؟ هەتا تام و خۆشی ی لە خودا پاڕانەوە بچێژێ ، ئەگەرنا ئەو کەسانەی کە شایی دڵیان بە ژن و ماڵ و منداڵ و مایەو پایەی دنیایە هەرگیز لەززەت و خۆشی ی پەیوەندی ی لەگەڵ خودا ناچێژن .. چارکردنی دەردی پەیوەندی لەگەڵ دنیای بەد زۆر گرانە ؛ میهرەبانی و کەرەم و رەحمەتی خوداو هیدایەت و تەوفیقی دەوێ و ، لە لایەنی بەندەوە تێکۆشان و خۆئازاردان و بیرکردنەوەو هاوڕێیی پیاوچاکانی دەوێ ، ئەگینا بەئاسانی دەس ناکەوێ ؛ بۆیە گەلێ لە پیاوچاکان ویستوویانە تەنها دوو رکات نوێژ بکەن بە

بێ ئەوەی خەیاڵاتی دنیای تیابێ ، کەچی بۆیان رێك نەکەوتوەو لایان گران بووە • بەهەر حاڵ پێویستە تێکۆشین بۆ ئیخلاص (دڵسۆزی) جا ئەگەر بەتەواویش دەست نەکەوێ ئەوا کەمێکی بۆ موسوڵمان زۆرە « فان لم یصبها وابل فطل » • دڵ وەکو باغ وایە پێویستی بە ئاوو بارانە ، ئەگەر بارانی بەهێزی بەسەرا نەبارێ شەونمێکیشی بەسەرا بباریێ هەر باشە ، ئەگەر کردەوەمان هەمووی باش نەبێ و هەندێ خراپی تێدابێ ئەوا بەر ئەو کۆمەڵە دەکەوین کە خودای گەورە دەربارەیان فەرموویەتی :ـ « وآخرون اعترفوا بذنوبهم ، خلطوا عملا صالحا وآخر سیئا ، عسی الله ان یتوب علیهم ان الله غفور رحیم » واتە : چەند کەسانی تریش لەموسوڵمانان ئیقراریان کردوە بە گوناهەکانی خۆیان و ، کردوەی چاکیان هەیەو ، خراپەشیان کردوە ، ئەمانە هیوا هەیە کە خودا لێیان خۆش بێ ، خودا تاوان بەخش و میهرەبانە •

براکانم ! ئەگەر بە چاوی ئینصاف سەیری ئەم نامەم بکەن بۆتان دەردەکەوێ کە خوێندنەوەو پەیرەوی کردنی بەسوودەو ، بۆ موسوڵمانان سوودی زۆرە ، بەڵام تەنها باسی فاتیحەی تیا بوو ، تەحیات و ئادابەکانی تری نوێژم تیا باس نەکرد ، تکایە ئێوە باسی تەحیات و ئادابەکانی تری نوێژیان بۆ باس بکەن و ، ئەم نامەیە بکەنە هۆی سوودی پاشەرۆژ بۆ هەموولایەکمان •

اللهم اغفر لي ولمن غدر بي ، وقرأ مکتوبي علی اخوانی ، ولمن اصغی الیه ، والسلام علی من اتبع الهدی واجتنب الردی •

نامەی شانزەهەم

وەڵامی نامەی بینباشی بەغدا

بسم الله الرحمن الرحيم

بسم الله والحمد لله . والصلاة والسلام على رسول الله سيدنا محمد وعلى آله وصحبه ومن تبعهم باحسان في دين الله .

وبعد . براکانم ! ئەم نامانە کە دۆستی خۆتان بۆتانی ئەنێرێ ، بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (د . خ) لە هەموو دیارییەك باشترە کە دۆست بۆ دۆستی خۆی بنێرێ . فەرموودەکەش ئەمەیە : « ما اهدى مسلم لاخيه هدية افضل من كلمة حكمة يزيده الله بها هدى او يرده عن ردى » رواه ابن عمر عليهما الرضوان ؛ کەوابێ ئینصاف ئەوەیە ئەو دیارییە نەدەنە دواوەو وەریبگرن ، وەرگرتنەکەشی بەوە دەبێت کە بەسەر نەزانەکانیدا بخوێننەوەو ، بەپێی ئەو نامانە ئادابی دینیان فێربکەن ، هەروەها واجبە ئەوانیش گوێ بگرن ؛ چونکە حەزرەت (د . خ) فەرموویەتی : لە گەورەترو پەسەندترین خووڕەوشتی موسوڵمانە کە لە بیستنی باسی ئایین تێر نەبێت ، کەوابێ ڕەفتارکردن بەم حەدیثە بۆ ئەو کەسانەیە کە خاوەنی توشەو زادی ڕۆژی قیامەتن ؛ چونکە خودای گەورە ئەمدنیایە کردوە بە مەنزڵگای موسافیرانی ڕێگەی قیامەت ، هەتا لە دنیادا توێشوویەك بۆ ڕۆژی قیامەت ئامادە بکەن ، باشترین توێشوویش نوێژە ؛ چونکە هێزی ئیمان بەهۆی ئیطاعەتەوەیەو ، قبووڵبوونی

ئیطاعەتیش لەسەر قبووڵبوونی نوێژ بەندە ؛ بۆیە من لە گەلێ نامەدا هەر باسی نوێژم نوسیوە • کەوایە ئەی براینە ! هەروەکو بە زیادبوونی مەعاشی مانگانە شاد دەبن پێویستە بە زیادبوونی ئیطاعەت‌و عیبادەتیش کە تۆشەی قیامەتە ، شادمان بن ، هەرچی لەمڕووەوە عەرزتان ئەکەم موافقی فەرموودەی پێغەمبەرە ، جا لە جوملەی ئەو نوێژانەیە دو رکات (راتیبەی بەیانی) کە لە خەراجی دنیاو ئەوی لە دنیادایە بۆ مرۆڤ بەسوودترە ، وە چوار رکات سوونەتی راتیبەی پێش نوێژی نیوەڕۆ کەبەقەدەر چوار رکات نوێژی شەوی (ليلة القدر) ئەوابی هەیە،دیارە هەر رکاتێکی نوێژی شەوی قەدر بەقەدەر سێ‌هەزار رکات نوێژی شەوی‌تر خێری هەیەو ، پایەی زیندوو کردنەوەی شەوی هەیەو،ئەو شەوە ئەوەندە بەبەرەکەتە کە هەموو گیان‌لەبەرێ ، بێجگە شەیطان‌و ئادەمزادی بێ‌ئاگاە ، لە تەسبیح‌و تەقدیسی خودادان ، وە لەسەر ریوایەتێک ئەو چوار رکاتە (١) حەزرەت (د • خ) دەوامی کردوە لەسەریان‌و بوون بە سوونەتی مۆکدە ، حیکمەتی ئەمەش ئەوەیە کە هەتا حازرانی مزگەوت ئەو چوار رکاتە سونەتە ئەکەن کەسانێ کە غائبین لە ئەهلی جەماعەت حازر ئەبن‌و فریای جەماعەتەکە ئەکەون • هەروەها دوو رکات پاش نوێژی نیوەڕۆیش لە سونەتی موئەکەدەیەو ، ئەگەر ماوە هەبێ چوار رکات بکەن باشترەو خێری زۆرترە • لەوانەیە بڵێین بۆیە حەزرەت (د•خ) لەسەر ئەم چوار رکاتی پاش نیوەڕۆیە دەوامی نەکردوەو ، تەنها دوو رکاتی کردوە ، هەتا دوو رکاتەکەی‌تر بباتە ماڵەوە ، واتە : لەبەر پیرۆزکردنی ناوماڵ لە ماڵەوە بەجێی‌هێناون ، یاخۆ لەبەر وەعظ‌و ئیرشادی موسوڵمانان ماوەی کەم بوە ، بەڵام ئەم مانیعە لەپێش نوێژدا نەبوە •

---

(١) ڕای بەهێز لای شافیعی ئەوەیە کە سوننەتی مۆکدەی پێش نیوەڕۆ دوو ڕکاتە •

براکان ! لە حەدیثدا هەیە کە مرۆڤ بە بێعوزر دەتوانێ نوێژی سوننەت بەدانیشتنەوە بکاتو ، ئەم نوێژەی خێرو پاداشی نیوەی نوێژی بەراوەستانەوەی هەیە ، جا ئەتوانێ دوو رکاتە موئەککەدەکە بەپێوە بکاتو دوو رکاتە غەیرە موئەککەدەکە بەدانیشتنەوە بکات ، خۆ ئەگەر پیرو بێهێز بوو ئەوا دەتوانێ هەر چوار رکاتەکە ، موئەککەدو غەیرە موئەککەد ، هەمووی بەدانیشتنەوە بکات • وە ئەگەر وەزعی وەهابوو کە بەدانیشتنەوە خشووعی زیاتر ئەبوو ئەوا هەر چوار رکاتەکە بەدانیشتنەوە بکات خەیری زۆرترە • هەروەها چوار رکات لە پێش نوێژی عەصردا سوننەتەو ، حەزرەت (د • خ) دوعای خێری بۆ ئەوکەسە کردوە کە ئەو چوار رکاتە دەکاتو ، موژدەی پێداوەو فەرموویەتی : هەرکەس لە ئوممەتی من راتیبەی عەصر بکاتو ، لە زوربەی کاتدا تەرکی نەکات هەتا لە دنیادا دەژی گوناهی بەخشراو دەبێت ، تەنانەت ئیمامی شافیعی (ر • خ) لەپێش مردنیا وەصیەتی کرد وتی : ئەوکەسەی من دەشۆرێ پاش مردنم با یەکێک بێ کە بەدرێژایی تەمەنی سوننەتی راتیبەی پێش نوێژی عەصری تەرک نەکردبێ ، کە وەفاتی کرد زانایانو پیاوچاکانی ئەو سەردەمەی میصر کۆبوونەوە کەسی وا نەبوو ئەو سوننەتەی هەرگیز تەرك نەکردبێ ، هەتا پیرەمێردی لە دەرەوەی میصرەوە هاتو ، فەرمووی : من ئەو سوننەتەم هەرگیز تەرك نەکردوە ، ئەو هاتو جەنازەکەی ئیمامی شۆرد ، ئەگەر ئەو نەبوایە جەنازەکە دوادەکەوت ، ئیمامی شافیعیش (ر • خ) کە ئەو وصیەتەی کرد بە پایەی قطبیەت گەیشتبوو لە ئالی حەزرەتە (د • خ) •

دیسان لەپاش نوێژی مەغریب دوو رکات سوننەتە ، حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی ئەو سوننەتە گورج بکەن ؛ چونکە فریشتەی هەڵگری کردەوەی ئادەمزاد لە رۆژدا لەسەر ئەوە ماتڵ دەبێ هەتا نوێژی

مەغریبو سوننەتەکەیشی لەگەڵ نوێژەکانی ڕۆژدا ببەن بۆ (علیین)و لەوێدا بینووسن ، بەڵام ئەم پایە گـەورەی سوونەتـی پاشی مەغریبـە بەمەرجێـکە کە لەپاش سەلامدانەوە لە نوێژی مەغریب هیچ قسەی دنیایی نەکات هەتا ئەو دوو رکاتە دەکات •

گۆڕانی جێـگەی نوێژ بۆ هەموو نوێژێ سـوننە ، چ فـەرزو چ سوننەت ، چ راتیبەی پێش نوێژ ، چ راتیبـەی دوای نوێـژو غـەیری ئەمانەش ، هەتا جێـگەی نوێژ زۆر بن‌و ، لە رۆژی قیامەتدا هەمعوویـان شایەتی‌ی بۆ بدەن ، دیارە ئەم جێـگە گۆڕینە بە مەرجێـک سوننـەتە کە مانیعێ نەبێ وەکو فەضیلەتی ریزی یەکەم یا مەشەققەتی دڕینی ڕیـز ، یا هەر هۆیەکی‌تر ، لەم‌حاڵەتەدا کە شوێنی پێ‌ناگۆڕێ سوننەتە بەینـی دوو نوێژەکـە ماوەی هەبێ • وەکو قسەکردن (للنهی فی حدیث مسلم عـن وصل صلاة بصلاة الا بعد کلام او خروج لاسیما قبلیة الصبح ، تفصل عن الفرض باضطجاع او کلام او غیر ذلك) واتە : لـە حەدیثێـکدا کـە موسلیم باسی کردوە لە صەحیحەکەیدا نەهی کراوە لە لکاندنی نوێژێـك بە نوێژێـکی‌ترەوەو دەبێ بە قسـەیەك یا دەرچوونێـك بەینیان بخرێت ، بەتایبەتی راتیبەی پێش نوێژی بەیانی دەبێ لە فەرزەکە جیابکرێتەوە بـە پاڵکەوتنێـك یا قسەیەك یا شتێـکی‌تر • هەروەها لە بەینـی نوێـژی مەغریبو عیشادا نوێژی ئەووابین سوننەتە ، کە شەش رکاتە ، ئەگـەر لە بەینی ئەو شەش رکاتەدا قسەی دنیایی نەکرا ئەوە بە عیبادەتـی دوانـزە ساڵ دەنووسرێ‌و ، تا ئەو شەش رکاتـە تـەواو ئەکـات فریشـتە بـە چواردەوری نوێژکەرەکەدا رادەوەستن‌و دوعای خێری بۆئەکەن • ئـەم نوێژی ئەووابینە لای کەمی دوو رکاتەو ، لای زۆری بیست •

هەندێ لە (اولیاء الله) کە عیلمی ظاهریشـیان بـوە دوو رکاتـی یەکەمی نوێژی ئەووابینیـان بە نوێـژی پاراسـتنی ئیمـان نـاوبردەوە

بەومەرجەی لە هەموو رکاتێ لەو دوو رکاتە جارێــک سوورەتی « قەدر » بخوێنێو ، شەش یا حەوت جار سوورەتــی (ئیخلاصــ) بخوێنــێو ، (معوذتین) یەکی یەکجار بخوێنێو ، لەپاش سەلام دانەوە لەم دوو رکاتە سێجار بڵێت : « اللهم سددني بالايمان واحفظه علي في حياتي و عنــد وفاتي »و دە جار ئایەتی « ربنا لا تزغ قلوبنا بعد اذ هديتنا وهب لنا مــن لدنك رحمة ، انك انت الوهاب »و ، پێنججار ئایەتی « فاطــر الســماوات والارض انت وليي في الدنيا والآخرة ، توفني مسلما ، والحقني بالصالحين » بخوێنێ •

دوو رکات سونتەتی راتیبەی پاش نوێژی عیشا بەقەدەر دوورکــات نوێژ لە شەوی (قەدر)دا خێری هەیەو ، نوێــژی (وتر) لەپاشــ ئــەم سونتەتەی پاش نوێژی عیشــا زۆر شەرەفو پایەی بەرزی هەیە ؛ بۆیــە خودای گەورە لەسەر حەزرەتــی واجب کــردوە ، (د • خ)و ، ئیمــام ئەبووحەنیفە لای‌وایە کە لەسەر هەموو ئوممەت واجبە • بێ‌گومان هــەر موسوڵمانێ ئەم نوێژی وەترە بکات خودای گەورە لێی رازی دەبێ •

حەزرەت (د خ) فەرموویەتی : ــ لە شەودا زۆر مەخەون ، چونکە خەوی زۆر لە شەودا دەبێتە هۆی فەقیریو لاتی لە رۆژی قیامەتدا •

یەکێــکی‌تر لە سونتەتەکان نوێژی « تهجد » واتــە : شــەونوێژە ، ئەم نوێژە لای کەمی دوو رکاتە ، بەڵام لای زۆری دیاری نەکراوە ، واتە : ئەگەر بتوانێ تا صەد رکات یا زیاتر بکات بە نیەتی (تهجد) دروستە • نیەتی ئەم‌نوێژە ئەوەیە بە زمان لەگەڵ موافەقەتی دڵدا بڵێت :[نیەتمە دوو رکات سونتەتی شەونوێژ بۆ خودای گەورە دەکەم « الله اکبر »] یا بــە عەرەبی بڵێت : [أصلي سنة صلاة التهجد رکعتين لله تعالى ، الله اکبر]• هەروەختێ لە خەو خەبەری‌بوویەوە لە شەودا شەونوێژ سونتەتە ، بەڵام

گەورەتر ئەوەیە کە لە سێیەکی دوایینی شەودا بێ ئەگەر وا بۆی رێک نەکەوت با لە نیوەی دووەمی شەودا بێ •

دەگێرنەوە : کە مرۆڤ نووست شەیتان سێ گرێ لەسەری دەدا ، واتە : سێ کەلیمەی ناباری موافقی ئارەزووی نەفس دەخاتە دڵیەوەو ، پێی دەڵێ « بنوو » ، « کاتیشەوە » ، « شەو درێژە » مەبەستی ئەوەیە بە هیوای ئاسایشی لەشەوە خەوێکی درێژ بۆ خۆی مسۆگەر بکاتو ، خەیاڵی هەستان بۆ شەونوێژ یا زوو هەستان بۆ نوێژی سبەینی لەبیری خۆی بباتەوە ، جا کاتی مرۆڤ خەبەری بوویەوە کە ناوی خودای هێنا یەکێ لەو سێ گرێیانە دەکرێتەوە ، ئەگەر دەستنوێژی گرت گرێی دەووەم دەکرێتەوە ، خۆ ئەگەر دوو رکات نوێژی کرد گرێی سێهەمیش ئەکرێتەوەو ، سێبەری شەیتانی لەسەر هەڵدەگیرێ • جا پاش ئەوەی کە نووستەوەو لەگەڵ بانگی بەیانیدا خەبەری بوویەوە تەماشا دەکات دڵێ پاکو رووناکو لەشی سووکو سینگی گوشادەو طەبیعەتی خۆشەو ، بەئاسانی دەڕوا بۆ دەستنوێژو نوێژەکەی سبەینێشی دەکاتو ، بە پیرۆزیو بەختیاری پەرستیاری خودای گەورە دەکات ، ئەمە هەمووی بەهۆی نوورو بەرەکەتی ئەو شەونوێژەوە بوو کە بەجێیهێنا ، تەنانەت ئەگەر لەشیشی ناساغ بێ بەهۆی شەونوێژەوە ناساغییەکەی بەرە بەرە کەمدەبێتەوە ، هەتا خودای گەورە بەتەواوی شیفای دەدات • بەپێچەوانەوە ئەگەر لە کاتی نووستندا بڕیاری ئەوەی نەدا کە شەو هەستێو شەونوێژ بکاتو سبەی زوو ئامادە بێ بۆ نوێژی سبەینێ ، ئەوە لەشی قورس دەبێو ، کە سبەی خەبەری دەبێتەوە لەو دڵڕووناکیو سینەگوشادیو شادمانییەی کە وتمان بێبەش دەبێت •

برایانە ! پیاوچاکانی لەمەوپێش لە جێبەجێکردنی شەونوێژدا گەلێ رەغبەتیان بوودو ، لە سایەی پیرۆزیی شەونوێژەوە لەگەڵێ تاریکیی

دینیو دنیایی خودا پاراستوونی ، واته : له بەڵاو دژواریی دینیو دنیایی پارێزراو بوون ؛ چونکه شەونوێژ وەکو بارانی بەهاره ، ئاگری رقو قینی خودای گەورە له ئوممەت دەکوژێنێتەوه • هەروەها شەونوێژ دەبێته کەفارەتی گوناهی خاوەنەکەیو ، له تێکەڵیی تاوان دەپارێزیو ، دەبێته هۆی چارکردنی تاریکیو گەرمیی گۆڕو ، ئاگری دۆزەخ له ئینسان دووردەخاتەوه ؛ کەوابێ وا چاکه کاتێ که سێ سەعاتو نیو له شەو مابێ پیاو له خەو راستبێتەوەو دەستنوێژ بگرێو سەعاتو نیوێک خەریکی نوێژ بێو ، ئیتر چەندی لەشەو دەمێنێ بخەوێتو ، به یەکێ بڵێت که بانگی بەیانی درا خەبەری بکاتەوه ، تا ماوەیەك لەسەر ئەم حاڵه دەوام بکات ئیتر خووی پێوه دەگرێتو ، هەر له خۆیەوه لەکاتی نوێژدا خەبەری دەبێتەوه •

ریوایەت کراوه که حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : ـ « أشرف امتي حفظة القرآن وأصحاب الليل » واته : گەورەتری ئوممەتی من ئەوانەن که قورئانیان لەبەرەو ، ئەوانەن که شەو بێدارنو شەونوێژ ئەکەن •

نوێژی « ضحی » ـ چێشتەنگا ـ سوننەته ، که لای کەمی دوو رکاته • دیاره چوارکات له دوو خێری زۆرترەو هەشتیش له چوار خێردارتره ، هەروەها دوازده رکات گەلێ باشتره •

جا ئەگەر مرۆڤ نوێژی سبەینێ به جەماعەت بکاو ، خۆی به قورئان خوێندنو بیرکردنەوه له کاروباری قیامەتەوه خەریک بکاتو ، قسەی دنیایی نەکات هەتا کاتی چێشتەنگا ، ئەنجا دوو رکات سوننەتی چێشتەنگا بکات ، خێری یەك حەجو یەك عەمرەی تەواوی بۆ دەنووسرێ ، حەزرت (د • خ) له کاتی بەیانی خێری ئەو موسوڵمانەدا

دووجار کەلیمەی (تام تام)ی دووبارە کردەوە هەتا بزانن کە ئەو خێری حەجو عەمرەیە بەتەواوی بۆ دەنووسرێت • بەخ بەخ لەم دەوڵەتو داراییە دینیە ، کە لە هەموو ڕۆژێکدا بە صەرفی کاتێکی کەم لە خوداپەرستیدا خێری حەجو عەمرەیێکی تەواوی بۆ بنووسرێ ، بێگومان زەرەرمەند کەسێکە کە ئەم خێرە باشە لە دەستی خۆی دەربکات • ئەم دوو ڕکاتە کە لەپاش هەتاوکەوتنو بەرزبوونەوەی ڕۆژ دەکرێتو ، من بە سوننەتی چێشتەنگام دانا ئەهلی تەریقەتەکان بە نوێژی (اشراق)ی ناوئەبەن ، واتە : نوێژی هەتاودەرچوون •

براکانم ! بزانن کە لە لەشی ئینساندا سێصەدو شەصت جومگە هەیەو ، موافقی فەرموودەی پێغەمبەر (د • خ) هەمووکەس کە ڕۆژی لێبوویەوە پێویستە بەرامبەر هەر جمگەیەك لەوانە خێرێك بکات ، جا ئەگەر دوو ڕکات نوێژی چێشتەنگا بکات لەباتی ئەو هەموە خێرانە جێدەگرێت • جا ئەم فەرموودەیە دوو مانای هەیە ، یەکەم : ئەگەر ئەو سێصەدو شەصت خێرە بکات دەبنە هۆی چارکردنی ئەو دەردو بەڵایانەی کە ڕوودەکەنە ئەو سیصەدو شەصت جومگانەی لەش • دووەم : ئەو خێرانەی کردنی هەمووی بۆ دەنووسرێت • بە هەرحاڵ ئەم دوو ڕکاتە نوێژە ، ئەم سوننەتی چێشتەنگایە جێگەی هەموو ئەوخێرانە دەگرێتەوە •

لە حەدیثی قودسیدا هاتوە : کە خودای گەورە دەفەرموێ : ئەی ئادەمزاد ! بێزار مەبە لە بەجێ هێنانی چوار ڕکات نوێژ لە سەرەتای ڕۆژەوە ، کە ئەو چوار ڕکاتەت کرد دەبنە کەفارەتی گوناهەکانی ترو ، من کیفایەتی تۆ ئەکەم، واتە : ئەوەندە خێرت بۆ دەنووسم کە بەست بێت ، مەبەس لەم چوار ڕکاتە دوو ڕکات سوننەتی پێش نوێژی بەیانییە

لەگەڵ دوورکات نوێژی بەیانیدا کە کیفایەتـی ئینسـان ئەکـەن بـۆ کەفارەت •

ریوایەت کراوە : « الثابت في مصلاه ابلغ ممن يضرب في الافاق ، او كما قال » واتە : کەسێ کە هەموو رۆژی لەبەر فەرمانی خودای گەورە نوێژەکەی سبەینێو سوننەتەکەی بکاتو ، لە شوێنەکەی خوێدا دابنیشێت خەریکی یادی خوداو خوێندنی قورئانی پیرۆز بێت تا هەتاو دەکەوێ ئەوە رزقو رۆزی لەلایەن خوداوە لەوکەسە زۆرتر بۆدێ کـە نوێژەکانـی ناکاتو ، هەر لە سبەینێوە لە ماڵی خۆی دەردەچێت بە ئەملاو ئەولای دنیادا دەسووڕێتەوە لەپێناوی رۆزی پەیداکردندا •

ریوایەت کراوە : سێ شت لەگەڵ سێ شتدا کۆنابنـەوە : گونـاە لەگەڵ تەوبەو پەشیمانیدا ، دەوڵەمەندی لەگەڵ زیناکردندا ، گەدایی دنیا لەگەڵ نوێژی چێشـتەنگادا •

دوو رکات (تحية المسجد) واتـە : نوێژی دیـاریی مزگـەوت سوننەتە ، یانی : کاتێـک ئینسان رۆیشتە ناو مزگەوتەوە سوننەتـە دوو رکات نوێژ بکات بە نیەتی دیاریی مزگـەوت • حـەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : دەترسم ئوممەتی من بگەنە پایەیەک لە غەفڵەتو بێئاگایی لە دین کە چوونە ناو مزگەوتەوە نوێژی (تحية المسجد) نەکەن •

هەروەها چوار رکات (صـلاة التسـبيح) سوننەتـە ، حـەزرەت (د • خ)ئەم نوێژەی بە عەبباسی مامی نیشانداو ، پێیفەرموو : مامـی خۆم ! ئەتەوێ نوێژێـکت فێربکەم هەرکاتێ بیکەیت بێتـە کەفارەتـی گوناهی بەرودواو کۆنو تازەو بچووکو گەورەو عەمدو خطأو ئاشکراو پەنامەکیو ، خودای گەورە لەو گوناهانە عەفوت بکات ؟ ئـەی مامـی خۆم ! هەموو رۆژی ئەو نوێژە بکەی باشـە ، ئەگەر بۆت نەکرا هەموو

جومعەیەك ، ئەگەر بۆت نەکرا هەموو مانگێ ، ئەگەر بۆت نەکرا هەموو ساڵێ ، هەر بۆت نەکرا لە عومری خۆتا جارێك • جا سەیربکەن کە حەزرەت (د • خ) چەندێ بەتەنگی ئەو نوێژەوە بووەو ، چەندی مەبەست بووە کە عەبباسی مامی خێری ئەو نوێژەی لەکیس نەچێ با یەکجاریش بیکا لە عومری خۆیدا •

براکانم ! بزانن هەر عیبادەتێ کە حەزرەت (د • خ) فەرموویێتی دەبێتە کەفارەتی گوناهەکان بەومەرجەیە کە گوناهەکان بچووك بن و لە گوناهە گەورەکان نەبن ، بەڵام بۆ ئەم (صلاة التسبیح)ە بە صەراحەت فەرموویەتی : دەبێتە کەفارەتی گوناهی گەورەو بچووکو ، پارێز کردنی لە کەبیرە نەکردوەتە مەرج ؛ بۆیە شێخ ئەحمەدی (ابن حجر) فەرموویەتی : لە پاش بیستنی چاکەو پایەو خێری ئەم (صلاة التسبیح) • هەرکەس تەرکی بکات مەعنای وایە کە سستو بێ موبالاتە بە دینی خۆی •

ئەی خۆشەویستەکان ! بزانن : لەبەرئەوە من دەربارەی چاکەو خێرو ئادابو موبطیلاتی نوێژ ئەم هەموو نامەیەم نووسی کە لە باسی هیچ عیبادەتێکی ترا نەمنووسیوە چونکە نوێژ لە گەورەترین عیبادەتی بەدەنی یەو ، هیچ عیبادەتێ بەقەدەر نوێژ جۆرو بەشی نیە •

هەروەها یەکێك لە سوننەتەکان سوننەتی دەستنوێژە ، کە دوو رکاتەو زۆرە ، ریوایەت کراوە کە حەزرەت « د • خ » فەرموویەتی : « من توضأ نحو وضوئي ثم ركع ركعتين لا يحدث فيهما نفسه الا بخير غفر له ما تقدم من ذنبه وما تأخر » واتە : کەسێ دەستنوێژ بگرێ وەك ئەودەستنوێژەی منو ، دوو رکات نوێژ بکاو ، لەنوێژەکەیا لەگەڵ نەفسی خۆیا تەنها قسەی خێر بکات ، خودای گەورە لە گوناهانی پێشی ئەو

دەستنوێژەی خۆش‌دەبێت • سوننەتە لە رکاتی یەکەمدا پاش سوورەتی فاتیحە ئەم ئایەتە بخوێنێ : « ولو انهم اذ ظلموا انفسهم جاءوك فاستغفروا الله واستغفر لهم الرسول لوجدوالله توابا رحيما » وە لە رکاتی دووەمدا ئەم ئایەتە بخوێنێ « ومن يعمل سوء او يظلم نفسه ثم يستغفر الله يجد الله غفورا رحيما » ••

سوننەتی تەوبەش یەکێکە لە نوێژە سوننەتەکان ؛ حەزرەت (د • خ)بە شێوەی وەصیەت بۆ ئوممەتی خۆی فەرموویەتی : هەرکەس بە قەزاو قەدەر گوناهێکی گەورەی کردو پەشیمان بووەوە لەو گوناهە ، دوو رکات (صلاة التوبة)بکات بە هیوای عەفوی خودای گەورە ، ئومێدە خوای گەورە لێی‌قبووڵ بکاتو لەو گوناهەی ببوورێ •

نوێژی ئیستیخارەیش سوننەتە ؛ حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : هەرکاتێ کارێکی دینی یا دنیاییتان هاتە بەردەم نوێژی ئیستیخارە بکەن • هەرکەس ئەم نوێژە بکات دەبێتە نیشانەی بەختیاری بۆیو ، هەرکەس نەیکا ئەو نەکردنە نیشانەی بەدبەختی‌یەتی •

یەکێکی‌تر لە نوێژە سوننەتەکان نوێژی سووك‌کردنی گرانیی کاتی گیانەڵایە ، (جلال الدين)ی سیووطی (ر • خ) دەگێرێتەوە : هەرکەسێ دوو رکات نوێژ بکات لە بەینی نوێژی مەغریبو نوێژی عیشاداو ، لە هەر رکاتێکدا پێنج جار سوورەتی (زلزال) بخوێنێ پاش سوورەتی فاتیحە ، ئەوە لە کاتی سەرەمەرگدا گیانی بەئاسانی دەرئەچێو سزای گۆڕی سووك دەبێو تێپەڕینی لەسەر پردەکەی رۆژی قیامەت ئاسان دەبێ •

یەکێکی‌تر لە نوێژە سوننەتەکان نوێژی پاراستنی ئیمانە ، ئەم نوێژە وەك لە نامەی عیبادەتدا نووسیم زۆر بەسوودە •

یەکێکی‌تر نوێژی دۆزینەوەی شتی گومبووە ، واتە ئەوکەسەی کە ماڵ یا شتێکی بەنرخ گومبکات دوو رکات نوێژی سوننەت بکا بەنیازی دەست‌کەوتنەوەی ئەو شتە گومبووەو ، لەپاش سەلامدانەوە سێ جار بڵێت : « اللهم هادي الضال وراد الضالة ! اردد علي ضالتك بعزتك وسلطانك فانها من عطائك وفضلك » ، بەڵام پێویستە گەلێ جار ئەم نوێژەو ئەم دوعایە دووبارە بکاتەوە تا ئەو شتەی دەستدەکەوێتەوە •

یەکێکی‌تر نوێژی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزە • لە ئیمام (علي)یەوە (ر • خ)ریوایەت کراوە : کە رۆژێ لای حەزرەت سکاڵای بێحفظی خۆی کرد بۆ ئەوشتانەی کە دەیانکاتەبەر ، حەزرەت (د • خ) ئەمری فەرموو کە چوار رکات نوێژ بکات لە شەوی جومعەدا بە نیازی بەهێزبوونی حافیظە ، ئەم نوێژە بە دوو سەلامدانەوە ئەکرێ ، واتە : هەردوورکاتی بەسەلامێک ، لەرکاتی یەکەمدا پاش سوورەتی فاتیحە سوورەتی (یاسین)و ، لە رکاتی دووەمدا (حامیمی دوخان)و ، لە رکاتی سێیەمدا (الم سجده)ەو ، لە رکاتی چوارەمدا سوورەتی (مولك) بخوێنێ‌و ، پاش سەلامدانەوەش ئەو حەمدو ئەناو تەسبیحات‌و صەلەواتە کە لەپاش (صلاة الحاجه)وە ئەخوێنران بخوێنێ‌و ، لەپاشان ئەم دوعایە بخوێنێ : « اللهمارحمني بترك المعاصي ما ابقيتني وان اتكلف مالا يعنيني ، وارزقني حسن النظر فيما يرضيك عني ••، اللهم بديع السماوات والارض، ذا الجلال والاكرام والعزة التي لاترام ، اسألك يا الله يا رحمان يا رحيم ! بجلال وجهك ان تنور بكتابك بصري ، وان تطلق به لساني ، وان تفرج به عن قلبي وان تشرح به صدري ، وان تستعمل به بدني ، فانه لا يعينني على الحق غيرك ، ولا يؤتيه الا انت ، ولا حول ولا قوة الا بالله العلي العظيم •

هەر نوێژێ کە لە کتێبە شەرعەکاندا کەم بێ بەدرێژی عەرزم کردنو ، ئەوەی لە کتێبەکانیتردا زۆر باس کراون تەرکم کردن •

یەکێکیتر لە نوێژە سوننەتەکان (صلاة القبور)ە ، کە بریتیە لە دوو رکات نوێژ لە شەوی جومعەدا لە کاتی شەونوێژدا ، لە رکاتی یەکەمدا سوورەتی (کافرون)و ، لە رکاتی دوەمدا سوورتی (ئیخلاص) بخوێنێو ، لەپاش سەلامدانەوە خێری ئەم نوێژە بنێرێ بۆ گیانی پاکی حەزرەت (د • خ)و بۆ گیانی باوكو دایکیو هەرکەس لە مردوانی خۆی ، درێژیی ئەمنوێژە لە باسی ئازاردانی دایكو باوكدا باسئەکەین •

هەندێلە ئەولیای طەریقەتەکان چەند جۆرە نوێژێکیان ریوایەتکردوە ، لەبەرئەوە کە ئیسنادەکانیان لاواز بوە زانایانی شەریعەت لێیان وەرنەگرتوون ؛ لەبەرئەمە ئەوکەسەی ئەو نوێژانە بکات نیەتی سوننەتی موطلەقیان لێ بهێنێ ، هەتا لەلای زانایانی ئایینیش دروست بنو دابمەزرێن • ئەو کەسانەی ئەو نوێژانە ئەکەن با ئەو ئادابە جێبەجێ بکەن کە ئەولیاکان فەرموویانە ؛ هیوادارین ئەو مەقصوودەی بۆیان دەکرێن بێتەدی •

یەکێکیتر لە نوێژە سوننەتەکان نوێژی (استعاذه)یە ، واتە : نوێژی بەخوایەناگرتن لە فیتنەی شەیتانو خراپکارانی انسو جن • ئەم نوێژە دوو رکاتە ، لە رکاتی یەکەمدا سوورەتی (فلق)و ، لە رکاتی دووەمدا سوورەتی (ناس) بخوێنرێو ، لەپاش سەلامدانەوە ئەم دوعایە بخوێنرێ : « اللهم انی اعوذ بك وباسمك الاعظم وكلماتك التامة من شر كل شيطان وهامة ومن كل عين لامة ، واعوذ بك وباسمك الاعظم وكلماتک التامات من شر (فلان وفلان •• الخ) »و ناوی ئەوکەسانە بهێنێ کە بە نەیارو دوژمنیان ئەزانی ، « واعوذ بك وباسمك الاعظم وبكلماتك التامات من سوء

الخاتمة وسوء خاتمة كل اموري ومن عذاب القبر والحشر ، واعوذ بك من شر ما يجري به الليل والنهار ، ان ربي على صراط مستقيم ، لا اله الا هو عليه توكلت وهو رب العرش العظيم »

یەکێکیتر لەو نوێژانە نوێژی [استحباب]ە ، واتە : نوێژێ بۆ ئەوە دەکرێت کە یەکێک نوێژ کەرەکەی خۆش بوێ چ بۆئەوەی قازانجی پێ بگەیەنێت ، یابۆئەوەی لە شەڕی پارێزراو بێت • ئەمنوێژە دوورکاتەو ، لە پاش سوورەتی فاتحە لە رکاتی یەکەمدا سوورەتی (واقعە)و ، لە رکاتی دووەمدا سوورەتی (اعلى) دەخوێنرێت ، ئـەم نوێژە زۆر بەسـوودە ، لەپاش سـەلام دانەوە زۆر صەلەوات لەسـەر حـەزرەتی پێغەمبەر بـدات (د • خ)و لەنێو صەڵەواتەکانیدا با ئەم صەڵەواتەیش بخوێنێ :«اللهم صل وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه صلاة تكون لك رضاء ولحقه وحق اصحابه اداء ولقلبي من عدم محبة لائقة بعزتك وبرسولك شفاء ، اللهم اجعل حبك احب الاشياء الي ، وخشيتك اخوف الاشياء عندي ، اللهم اذا اقررت عيون اهل الدنيا بدنياهم فأقر عيني برضائي لك ربا وبرسولك نبيا وبالتوفيق على طاعتك متلذذا بها ، واقطع عني لذائذ الدنيا بالنسك والشوق الى لقائك ، واجعل طاعتك في كل شيىء مني • اللهم ارزقني حبك وحب من تحبه وحب عمل يقربني الى حبك ورضاك واجعل اخلاصك احب الي من كل شيى سواك يا ذا الجلال والاكرام،اللهم يا ودود،انت الذى اعلنت سر المحبة والمودة في قلوب اهل الاسرار ، وانت الذي اكملت ذوات الطالبين بنور الانوار وتجليت بالعز والنور القائم على الارواح فالفت الاشباح،اللهم يسر ودك وسريان حبك في قلوب اصفيائك وانبيائك•أسألك ان تلقي اخلاصك في قلبي ، ثم تلقي ودي ومحبتي في قلب حبيبك محمد نبيك صلى الله عليه وسلم والسلام ، كما القيت الوحي في قلب حبيبك محمد صلى الله عليه وسلم فالق حبي في قلبه وارضه عني ، اللهم ثم سخر لي

روحانية اسم فلان وفلان باسمك الاعظم وسائر الاسماء الحسنى وبحق حبيبك صاحب الامة ، انك على كل شيء قدير • وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله واصحابه أجمعين آمين يارب العالمين •

یەکێکی تر لەو نوێژە سوننەتانە نوێژی شوکرو سوپاسە بۆ خودا ، ئەم نوێژە دوو رکاتە ، لە رکاتی یەکەمو دووهەمدا لەپاش فاتیحە یەکجار ئایەتی « ولان شكرتم لازيدنكم ، ولان كفرتم ان عذابي لشديد » یەکجاریش سوورەتی (کوثر)و سێجار سوورەتی (ئیخلاص) بخوێنێو ، لەپاش سەلامدانەوە ئەم دوعایە بخوێنێ : « الحمد لله على حلمه بعد علمه ، وعلى عفوه بعد قدرته••اللهم اني احمدك واشكرك واثني عليك حمدا وشكرا وثناء يملأ الكون كله على ما عجلت لي عقوبتي بمعصيتي وما افضحتني بخطيئتي وغفلتي ، وعلى ما اوليتني من النعم التي لا احصيها ولا استحقها الا بفضلك وكرمك ، وعلى ما صرفت عني من النقم التي استحقها ، صرفتها عني بفضلك وكرمك • اللهم لك الحمد حمدا كثيرا خالدا مع خلودك ، ولك الحمد حمدا لا منتهى له دون علمك • ولك الحمد حمدا لا منتهى له دون مشيئتك ، ولك الحمد حمدا لا اجر لقائله الا رضاك ، ولك الحمد عند كل طرفة عين واقل من ذلك وتنفس كل ذي نفس واقل من ذلك ، وارجو رحمتك فلا تكلني الى غيرك طرفة عين ولا اقل من ذلك ، واصلح لي شاني كله بلا اله الا انت وحدك لا شريك لك ، تب علي واغفرلي • اللهم لك الحمد واليك المشتكى وانت المستعان ، وانت المستغاث ، وعليك التكلان ، ولا حول ولا قوة الا بالله العلي العظيم » •

ئەی خۆشەویستەکانم ! بەوەدا کە داوای بەیان کردنی سوننەتەکانتان کردبوو بۆم دەرکەوت کە چاکەویستو خێرخواهن ؛ لەبەرئەوە بەپێویستمزانی ئەو کردەوەیە کە لە حەدیثی پیرۆزدا بە

(افضل) حسێب کراوه بەکورتی عەرزتان بکەم : لەپێش هەموو شتێکدا بزانن لەطاعەتدا ئەوەی کە واجب بێ ، وەکو نوێژی فەرزو ڕۆژوو ڕۆژوو حەجو عەمرەو شتی‌تر ، بەجێ‌هێنانی خێری زۆرتره لە طاعەتی سوننەت • هەروەها شتێ کە حەرام بێ ، وەك شەراب خواردن ، دزی ، بە هەرجۆر زیان بەخەڵك گەیاندن ، نەکردنی خێری زۆرتره لە نەکردنی شتی (مکروه) • پوختەی قسه : بەجێ‌هێنانی واجب‌و نەکردنی شتی حەرام خێرو ئەوابیان لە هەموو کردەوەیەکی‌تر زۆرتره ، بەڵێ کردنی واجبەکان لەناو خۆیاندا هەندێکیان لە هەندێکیان ئەوابیان زۆرتره ، هەروەها نەکردنی حەرامەکان هەندێکیان لە هەندێکیان ئەوابیان زۆرتره • پاش ئەمانە ئەوەی کە بە سوننەت دانراوەو ، لە فەرموودەی پێغەمبەردا بە (افضل) ناوبراوه ، خێری لە سوننەتەکانی‌تر زۆرترەو ، زۆرن‌و ژمارەیان ئاسان نییه •

لێرەدا دەرکەوت : مەبەس لەو کردەوەیه کە لە فەرمموودەی حەزرەتدا (د • خ)بە (افضل) دانراوه ئەوەیه لەناو ئەو طاعەتانه کە فەضلیان هەیه ئەوەیان (افضل)ەو (فضل)ی زۆرترەو ، تەفصیل‌دانی مەوقووفه لەسەر بەیانی حەزرەت (د•خ)یا استنباط‌و استخراجی زانایانی ئایین بۆ ئەندازەی (فضل)و فەرق‌خستنیان لە بەینی کردەوەکاندا • بەڵام بێ یەك‌و دوو لەناو هەموو خاوەن (فضل)ێکدا (معرفة الله) لە هەموو خاوەن (فضل)ێ گەورەتره ، واته : باوەڕکردن بە ذاتی خوداو صیفەتەکانی خودا ، ئەوانەی واجبن بۆی‌و ئەوانەی محاڵن بۆی‌و ، ئەو صیفەتانەی کە جائیزه بین یا نەبن وەکو لە نامەی بیروباوەڕدا باسمان کرد • ئەمجار چاکترین کردەوه حەجی مەبروروره ، واته : ئەو حەجەی لەگەڵ شتی ناڕەوا تێکەڵ نەبوبێ‌و ، هەموو ڕوکن‌و مەرج‌و ئادابی بەجێ‌هاتبێ ، ئەمجار نوێژ لە سەرەتای وەختدا بە جەماعەت لەگەڵ

راوەستانی درێژو لە خواترسیو ملکەچ کردنو ئاگاداریی دڵدا • پاش ئەمە ئەمر بە مەعرووفو رێگرتن لە خراپەو ، جیهادو ، خزمەتکردنی دایكو باوكو دڵخۆش کردنی موسوڵمانانو ، رزگـار کـردنیان لـە قەرزاریو ، بەجێهێنانی پێویستییان • ئەگەرخوا مەیلی لێ بێت ئەمانە لە نامەی (جێبەجێ کردنی پێویستیی موسوڵمانان)دا باسئەکەیـن ، پاشئەمانە نانذان بە موسوڵمانان ، کە ئەمەش لە نامەی (سەخاوەت)دا بەیاد ئەکەین • هەروەها گفتوگۆی شیرینو قسەی خۆشو نەرم لەگەڵ موسوڵماناندا ، چاوپۆشیو لێبووردنو خۆش خوویی لەگەڵیانا ؛ چونکە حەزرەتی پێغەمبەر (د • خ) فەرموویەتی : « الا ان حسن الخلق مـن اخلاق الله تعالی •• » پاش ئەمانە صیلەی رەحم ، واتە ، بەجێهێنانـی پێویستیی خزمایەتی بە وتارو بە کردەوەو بە ماڵ ؛ چونکـە رێگەی رەحمبڕین گوناهێکی گەورەیە ، هەروەها گوزەشتکردنو بووردن لەو کەسانە کە نامەردییان لەگەڵتا کردوەو ، بەخشش بەوکەسانەی کە موحتاجیتۆن • ئەم بەخششە لە گەورەترین صەدەقاتە • ئەنجـا دوور کەوتنەوە لە هەرشتێ کە حەرام بێت • هەروەها جیهادو خوێن رژاندن لە رێگای خودادا ، واتە : بۆ بەرزکردنەوەی کەلیمـەی (توحیـد)و ئاینی پیرۆزی ئیسلام ، چ دوژمنی ئاین بکوژیو چ دوژمنـی ئایـن بتکوژێ ، هەروەها قوربانیکردن بە سەربڕینی هەر حەیوانێ کە زور دڵت پەیوەندیی پێوە هەبێت ، وەکو مەڕو بزنو گاو مانگای باش ، چ سەریان ببڕیو ، چ بیانبەخشی •

لە فەرموودەی حەزرەتدا هەیە : « افضل القراء الحال المرتحل » او کما قال • هاوڕێکانی عەرزیان کرد : (حاڵ)و (مرتحل) کێیە ؟ فەرمووی : ئەوکەسەیە کە قورئانی خەتمکردو گەیشتە دوایی گـورج بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای قورئانو ، لەوێوە دەستبکاتەوە بە خوێندنی •

ذیکرو تەسبیحو تەهلیلە لە حەسەناتن • باسی ئەمانەم لەنامەیەکدا بۆنووسیون • خێر کردنو ڕۆژووگرتنو بەندە ئازادکردن لە گەورەترین جۆرەکانی طاعەتەو باشترینی ئەوەیە بەندەی گرانبەها ئازاد بکات • هەروەها کۆمەکیی موسوڵمانانو چاکەکردن لەگەڵیاندا کردەوەی چاکنو خێریان زۆرە •

ئەوانەی کە فەرموودەی پێغەمبەر (د • خ) بە (افضل) ناوی بردوون ئەمانە بوون کە عەرزم کردن • والسلام علی من استمع الحق واتبعه •

نامـەی حەڤدەهەم

باسی ئایین فێرکردنی منداڵە

بسم الله الرحمن الرحیم

بسم الله • والحمـد لله • والصـلاة والسلام علی رسـول الله وعلی آله وصحبه الهداة الی دین الله •

وبعد ! ئەی موسوڵمانە خاوەن بیروباوەڕە تەواوەکان ! رەحم بـە منالی بچووکی خۆتان بکەن ، رەحم بە ژێردەستەکانتـانو برادەرانتـان بکەن هەتا ثوابی زۆرتان دەستبکەوێ • خۆشەویستەکانم ! بە نەصـی فەرموودەی پێغەمبەر (د • خ) ئەم نامەی منـە لـە هەموو دیاری‌یەکی دنیایی باشترو بەسوودترە ، تەنانەت لە دیاری پادشاه بۆ پادشاه قازانجی زۆرترە ؛ چونکە حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : « ما اهدی مسلم لاخیه هدیة افضل من کلمة حکمة یزیده الله بها هـدی او یرده عـن ردی » هەروەها حەزرەتی عومەر (ر • خ)هەموو کاتێ لە هاوڕێـکانی پێغەمبەری دەپرسی (د • خ) : عەیبم چیە پێم‌بڵێن ، وە دەیفەرموو : « رحم اللـــه امرء اهدی الي عیوبي »جا ئەیفەرموو : ئەم جۆرە دۆسـتانە زۆرکـەمو نایابن •

براکانم ! بۆ خاتری ڕەزای خوداو پێغەمبەری خـودا هەرکەسـ پەیوەندی پێتانەوە هەیە ، وەکو کوڕتان ، کچتان ، کوڕەزاو کچەزاتان ، خۆشکەزاتان ، مندالّی برادەرانو دۆستانتان ، هەتا منالْنو نەکەوتوونەتە ناو دنیاو کاروباری ژیانەوە ، بە خۆتان یا بەهۆی زانایێـکەوە ئادابی دینو قورئانی پیرۆزیان فێربکەنو ، بە هەموو جۆرێ لەمبارەوە هەولْبدەنو ، هەرچەند ئەو منالاّنەش لە فێربوونـی ئەو ئادابانـە نەفـرەت بکـەنو لەسەرشانیان گران بێ ئێوە هەرگیز لەم کارە پیرۆزە بەسـوودە کـۆلْ مەدەنو ، لەبەر خاتری خودای گەورە خەریکی بن •

ریوایەتکراوە : حەزرەت (د•خ) فەرموویەتی : « علموا اولادکم سنتي وان کرهوا » واتە : ڕەفتارو گوفتاری من بە منالّەکانتان بلّێنو فیریان بکەن ، هەرچەندە ئەو مندالاّنە پێیان ناخۆش بێو لەسەر دلّیـان گـران بێ • بێ گومان هەرکەس لە ئێوە کەموکورتی بکا لە فێرکردنی ئادابـی ئاییندا بە مندالاّنی موسولْمان ئەوە خەسارەتمەندە ، هەرکەس لە وەرگرتنی تەعلیماتی ئایین عاجزو ماندوو بێتو لەسەر دلّی گران بێ ئەوە باوەڕی بێهێزە ، چونکە لە حەدیثی پیرۆزی پێغەمبەرا هاتوە : کە گەورەتریـن خووڕەوشتی مرۆڤی موسولْمان ئەوەیە کە لە بیستنی کاروبـاری ئاییـنی هەرگیز تێرنەبێ • با ئەو کەسەی کە فیرکردنی ئایینی لەسەرشان گرانە بگری بۆ خۆیو ، با خۆی بە زیانلێکەوتوو بزانێ •

بە تایبەتی لەناو هەموو ئادابی ئاییندا ناسینی خودای گەورەو ناسینی پێغەمبەرو زانینی ئادابی نوێژی جەماعەتو نوێژی بەتەنیا زۆر مهمە ، بۆیە ئەم شتانە زۆر بەبایەخەوە سەیر کراون •

ئێوە بیربکەنەوە هەرکەس لە ئێوە پیشەیەکی هەبێ ئەولادەکانتـان فێری ئەو پیشەیە دەکەن ، هەتا لە پاشەڕۆژدا بژین ، ئەی بۆچی بیر لەوە

ناکەنەوە کە ئەگەر ئەولادەکانتان فێری ئادابی ئایین نەبن و بە عیبادەتەوە خوونەگرن لە پاشەرۆژدا تەرکی هەموو ئادابی ئایین ئەکەن و ، گیرۆدەی سزای رۆژی قیامەت ئەبن لەگەڵ ئەوەشدا کە دنیا ماوەی کورتەو دەبڕێتەوەو قیامەتیش هەرگیز نابڕێتەوەو ، زۆرتر لە دنیا پێویستە بە گوێ پێدان و تەماشاکردن • فەرموودەی حەزرەتە (د • خ) : « ما مثل الدنيا في الاخرة الا كما يغمس احدكم اصبعه في البحر فانظر بم يرجع ؟ » واتە : نرخی دنیا لە چاو نرخی قیامەتدا وەکو ئەوەیە پەنجەیەك بکەیت بە دەریایەکداو ، دەری بێنیتەوە ، تەماشا بکە ئەو پەنجەیە چەندێ لە ئاوی دەریاکە لەگەڵ خۆیا دەهێنێتە دەرەوە ، دیارە ئەو ئاوە کە بە پەنجەکەوە دێتە دەرەوە شتێکی زۆر کەم و بێ بایەخە لەچاو دەریاکەدا ، دنیاش لەچاو قیامەتدا وەها کەم و بێ نرخەو ، بۆ ئەوە ناشێ کە ئینسان خۆی بۆ تەرخان بکات و خۆی بۆ ماندوو بکات •

براینە ! ئەو گیان لەبەرانەی کە پێویستیمان بە فێرکردنیان هەیە بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگرین ، پێویستە هەر بە منالی و بچووکی رایان بهێنین و فێریان بکەین ئەگەرنا کاتێ گەورە بوون سوودیان لێ وەرناگیرێت ؛ مەبەستم ئەوەیە بەقەدەر ئەو گیان لەبەرانە نرخ و بایەخ بۆ منالەکانتان دابنێن و بۆ فێرکردن و تالیم دانیان تێبکۆشن ، هەتا لە پێویستەکانی سەرشانی خۆیان ئاگادار بن و ، فەرز و سوننەتی خۆیان بزانن و ، لە دنیادا بە بەختیاری بژین و ، لە قیامەتدا بە سەربەرزی زیندوو ببنەوە •

خۆشەویستەکانم ! من لەم نامە بچووکەدا کەمێك لە روکنەکانی ئیسلام و لقەکانی ئیمانتان پێ رادەگەیێنم و ، کەمێ لە گەورەیی قورئانتان بۆ دەنووسم بە هیوای ئەوەی خودای گەورە لە قیامەتدا پایەو پاداشی گەورەمان بۆ دابنێت •

پێغەمبەر (د • خ) فەرموویەتی : « اذا حمل رجل كلمة من اللـه الى اخيه المسلم كان له خيرا من حجة وعمرة ومن عبادة سـنة » واتـه : یەکێ فەرموودەیەکی خوای گەورە بسات بۆ برای ئایینیو تێیبگەیەنێت بۆئەوەی بیـکا بە بیروباوەر بۆیو لەسـەری دایمـەزرێنێ ، تـا رفتاری پێبکات ، ئەوە پاداشی زۆرترە لـە حەجێـكو عومرەیێـكو خوداپەرستیی سالێـك ؛ چونكە زانیاری بە خەڵـك گەیاندن خێرێکی بەردەوامە ، شەخصەكە كە فێری دەبێت خۆی رەفتاری پێدەكـاتو ، هەر كەسیش لەوەوە فێری ببێ رەفتاریٚ پێ دەكا ، هەروەها هەتا خودا مەیلی لەسەر بێ •

جا من بۆیە ئەمانەتان بۆ باسدەكەم هەتا برادەران هۆگری ئـەم قازانجە بێنیهایەتە بن بۆ خۆیانو بۆ ئەولادیانو بۆ نەوەیان • منالەكانتان فێربكەن بەوەی كە هەرچی عالەم هەیە ، عەرشو كورسیو هەر حەوت طەبەقەی ئاسمانو هەموو عەردو ، بەهەشتو دۆزەخو هەرچـی لەنێـو ئەواندا هەیە هەمووی خودا دروسـتی كردوونو ، لـە نەبوونـەوە دەری كردوون بۆ بوون • هەروەكو دروستی كردون بـە هەموویـان دەزانێو ، لە كەمو زۆریان ئاگادارەو ، هەموو لەژێر زانینو ئاگاداریی خوادانو ، خودای گەورە ئاگای لە جمو جوولو دامركانو ئارام گرتنیان هەیە ، ئاگای لە كردارو گفتارو هەناسەو خەیالاتی دەروونیانە ، ئاگادارە لە هەرشتێ كە لە دلی ئەواندایە ، تەنانەت هەتا خودای گەورە هەناسەو جوولانەوەی ئەوان دروست نەكات بۆیان پەیدا نابێ •

زانایەك كتێبێ دادەنێت لەو شتانە ئاگادارە كە لەو كتێبەدا نووسیویە ، بێگومان خودای گەورە چاكتر لە ذەڕڕاتی جیهان ئاگادارەو ، زانینی بە هەموو جیهاندا دەگات ، چونكە زانینی خودا لەگەل زانینی یەكێـك كە

ئەو دروستی کردبێ هەرگیز بەراورد ناکرێت • هەر گیایەك ، هەر زەڕەیەك لەنێو رووبارێکدا، یا لە دەریایەکدا ، لە زەوی یا لە ئاسمان یا لە هەوادا هەموو ئەمانە بەجارێ لەبەر تیشکی زانینی خودادا روونو ئاشکرانو ، هەرگیز نابێت بەقەدەر زەڕەیەك شت هەبێ لە علمی خودادا نەبێت •

هەر رزقو رۆزییەك بۆ هەر گیانلەبەرێ هەبێ ، لە کەم هەتا زۆر ، لە حەلاڵو حەرام ، هەموو لە لای خوداوەیە ؛ رۆزیدەهەندەی هەموو گیاندارێكو هەموو خاوەنهەناسەیێکە ، هەر رۆزییەکی بۆ هەر نەوعێ بڕیارداوە جۆرە تامو لەززەتێکی تێدا داناوە ، هەتا ئەو خاوەنرۆزییە سوودی لێ وەربگرێ ، هەموو خاوەن رۆزییەك بە رۆزیی خۆی دەگاتو ، کەس ناتوانێ رۆزی کەس بخوات • تەنانەت بۆ هەموو دارو گیایەك رزقێك بڕیاردراوە لە ئاوو غەیری ئاو ، دیارە کاتێ ئەو رزقەی لێ بڕا وشك دەبێت • هەروەها بۆ هەرجۆرێك لەوانە ذیکرو تەسبیحێکی داناوە کە مانەوەی ئەو شتە لەسەر ئەو ذیکرو تەسبیحەیە و ، هەرکاتێ ئەو ذیکرەی نەما وشك دەبێو ، تا ئەو ذیکرو یادەی هەبێ کەس ناتوانێ بیبڕێو هەرگیز وشك نابێ • ئا بەمجۆرە گەورەییو پایەبەرزیی ذیکری خودای گەورە دەردەکەوێ •

خودای گەورە هەرچی بیەوێ دەتوانێ بیکاتو ، هەر خودا دەتوانێ سوود یا زیان بگەیەنێت بە هەرکەسو بە هەرشتو ، کەس ناتوانێ بە بێ خواستی خودا سوود بە کەس بگەیەنێتو زیان لە کەس بدات • هەموو جیهان ناتوانن باڵی مێشوولەیەك دروست بکەنو ، بە بێ خواستی خوداو توانای ناتوانن باڵی مێشوولەیەك هەڵبکەنن •

خودای گەورە بێ وێنەو بێ هاوبەشە ، واتە : هەرچەند ئینسان

بیربکاتەوە کە خودا ئەمەیە یا ئەوەیە ئەو بیرە بێسوودەو بە خودا ناگات ، چونکە بیرو خەیاڵی تەنها پەیوەندی بە جیسمو جیسمانی‌یەوە هەیەو ، هەرچی جیسمانی بێ دروستکراوەو لاوازەو خوا دوورە لەوانەوە • هەر لەبەرئەمەیە زاناکان فەرموویانە : « کل ما خطر ببالك فالله بخلاف ذلك » واتە : هەرچی بەدڵتا ڕادەبووڕێ خودای گەورە ئەوە نیە •

خودا (قەدیمو باقی)یە ، واتە : هەربووەو هەر ئەبێو ئەمێنێتەوەو ، ئەو هەموو گیانلەبەرێ ئەمرێنێو ، کەس ناتوانێ ئەو بمرێنێ • خودای گەورە (مەکانی نیە) واتە : جێگیر نیە لە شوێنێکدا ، بەڵکو هەرچی کەونو مەکان هەیە ، وەکو عەردو ئاسمان ، بە قودرەتو توانای ئەو ڕاوەستاوە ، بە بێئەوەی لە جێگەیەکدا بێ یا لەسەر کۆڵەکەیەك ڕاوەستابێت ، کەواتە مادام هەرچی جێگەو مەکانی هەبێ خودا دروستی کردوە سەیر نیە بڵێین : خودا جێگەو مەکانی نیەو نایەوێت ؛ چونکە ئیحتیاجی تێکڕا نیشانەو صیفەتی داماوی‌و بێهێزی‌یەو ، خودای گەورەش بەهیچشت نیازمەند نیەو ، بۆ هیچ شت دانەماوەو ، بەسەر هەموو شتێکدا دەستی دەڕوات ، کەوابێ جێگەی ناوێ •

هەرچی وا لە ئاسمانو عەردو دەریاو ڕووباردا هەموو خودا دروستی کردوونو ئاگاشی لە هەموویان هەیەو ، لە هیچ شوێنێکدا نیە ، ئەوەی کە خەڵك لە کاتی پاڕانەوەو نزادا دەستو ڕوو لە عاسمان بەرز دەکەنەوە مەعنای ئەوە نیە کە خودای گەورە لە عاسماندایە ، خودای گەورە لە هیچ شوێنێکدا جێگیر نیە ، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە ئەمری خوداو وەحی لە جیهانی مەلەکووتەوە دێت بۆ عەرد بۆ لای پێغەمبەران (د • خ) ، هەروەها هەرچی خێرات پەیدا دەبێت وەکو باو بارانو هەتاوو ، ئەو شتانەی کە هۆی ئاسایشی ئەهلی سەرعەردن ، لە لای

بەرزی‌یەوە دائەبەزێو ، بە بیروباوەڕی مرۆڤ بەرزی موناسبە بۆ پایەی خودای گەورە ، واتە : بەپێی نەریتو عادەت بەرزی بۆ گەورەیەو نزمی بۆ بچووکە ، ئەگینا خودای گەورە لە هەموو جێگەیەکدا حازرەو ، پێویستی بە جێگە نیە ، ئەی لەپێش دروستکردنی عەرشو کورسی‌و ئاسمانو زەوی‌دا ، لەوکاتەدا کە هیچ مەکانێکی دروست نەکردبوو ، لەکوێ بوو ؟ دیارە لە بناخەدا خودای گەورە پێویستی بە شوێن نەبوەو ئێستەو لەمەوپاشیش پێویستی پێی نیە •

لەلایەکی‌ترەوە عالەمی ئاسمان پاکە لە تاوانو تاوانبارانو ، ئەوانەی لە ئاسماندان بەقەدەر تۆزقاڵێك بێ‌گوێ‌یی‌و نافەرمانی‌ی خودای گەورە ناکەن ، هەروەکو خودا دەربارەی فریشتەکان دەفەرموێ : « لا يعصون الله ما امرهم ويفعلون ما يؤمرون » ئەم ئایەتە پیرۆزە دروشمی گەردن‌کەچی‌ی ئەوانە •

خودای گەورە بە هەموو شتێك دەزانێو ، تۆزقاڵێکی لێ ون‌نابێت • ئێمە کە بەندەیەکی بێ‌هێزین ئاگامان لە موڵكو ماڵی خۆمان هەیە ، ئیتر چۆن خودای پەروەردگاری جیهان ئاگای لەو شتانە نابێ کە خۆی دروستی کردوون ؟ بێ‌زانیاری‌و بێ‌ئاگایی خەوشو کەمی‌یەو بۆ پایەی خودای گەورە ناشێت •

خودای گەورە (قیوم)و راگری جیهانەو ، هەموو ئەرواحو ئەشباحو هەموو گیانو گیان‌داریێ خۆیانو پەیوەندی‌یان هەموو بە هێزی تەوانایی خودا راگیراونو راگیر دەبنو دەپارێزرێن •

خودا مالیكو خاوەنەو ئێمە مەملوکین ، بەگوێ‌کردنو فەرمانبەرداری لەسەر شانمان واجبە ، پێویستە هەمووکات ئامادەو مل‌کەچ بین بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی فەرمانی ئەو خودای پەروەردگارە •

پێویسته بزانین : پێغەمبەری ئێمه ، واته : ئەوکەسەی کەخودا کردوویه به رەهبەری ئێمەو ، لەلایەن خوداوه ئەمری پێ کراوه راهنموونیمان بکات ، ناوی (محمد)ه (د • خ) له نەتەوەی عەرەبەو له هۆزی قورەیشه ، باوکی ناوی (عبدالله)یەو ، دایکی ناوی (آمنه)یەو ، باپیری ناوی (عبدالمطلب)ەو ، باپیره گەورەی ناوی (هاشم)ه • ئەمانەو رشتەی ئەمانه له پیاوه گەورەکانی عەرەب بوونو ، لەناو هۆزی خۆیاندا سەربەرز بوونو ، لەسەر یاسای نیکاح یانی ژنمارەکردنو بەجێهێنانی یاسای خانەدانه بەنرخەکان بوون •

ئەم پێغەمبەری ئێمه (د • خ) له شاری مەککه لەدایك بوەو ، له تەمەنی چل ساڵیدا بوه به پێغەمبەری خوداو رەوانەکراوه بۆ تەمێ کردنی (انس)ۆ (جن) واته : بۆ ئەوەی که رێگەی ئیسلامو خوداناسیو خوورەوشتی بەرزیان نیشانبدات • پاش ئەوەی که بوو به پێغەمبەر هەتا سیانزه ساڵ له شاری مەککه مایەوه ، جا لەسەر ئەمری خودا له شاری مەککه دەرچوو کۆچیکرد بۆ شاری مەدینه ، ده ساڵیش له شاری مەدینەی مونەووەره مایەوه ، ئەنجا له تەمەنی (٦٣) ساڵیدا لەم شارەدا کۆچی دوایی کردو ، هەر لەوێش دەفنکراوەو قەبری پیرۆزی لەوێیه •

تا ئایینی پیرۆزی ئیسلام له عەربستاندا بڵاو نەبوویەوه پێغەمبەر وەفاتی نەکردو ، کاتێ که وەفاتی کرد ئایینی ئیسلام له حیجازو یەمەندا بڵاو بووبوەوه ، ئەنجا پاش وەفاتی ئەو حەزرەتی ئەبوبەکری صدیق کرا به جێنشینیو ، پاش وەفاتی حەزرەتی ئەبووبەکر حەزرەتی عومەری کوڕی خەططاب کرا به جێنشینو ، پاش شەهید بوونی حەزرەتی عومەر حەزرەتی عوثمانی کوڕی عەففان کرا به جێنشینو ، پاش

شەهیــــدبوونی ئەویش حەزرەتی عەلیی کوڕی ئەبو طـالیب بوو بـــە جێنشین‌و ، لە پاش شەهیدبوونی حەزرەتی عەلیی ، حەزرەتی حەسەنی کوڕی حەزرەتی عەلیی بوو بە جێنشــین • ئــەم پێنج‌ذاتانــە خەلیفــەو جێنشینی حەزرەتی پێغەمبەر بوون‌و (د • خ)و پێیان دەوترێ : « خولەفای راشیدین » [ر • خ] •

پێویستە باوەڕتان وابێ ، هەر چەند پێغەمبەر (د • خ) بە زاهیری وەفاتی کردوەو لـــە قەبرا دەفن‌کراوە ، بەڵام حەزرەتی پێغەمبـــەری خۆمان‌و پێغەمبەرانی‌تر لە قەبردا زیندوون‌و جۆرە حەیاتێکیان هەیە کـە تەنها خوا چۆنیەتی‌ی ئەو زیندوویەتیە دەزانێ • هەروەها پێغەمبەران لـە قەبردا نوێژ ئەکەن ، تەنانەت هەندێ لە (ئەولیا) بە (موکاشەفەی قەلبی) لە کاتی نوێژدا دەنگی قامەت‌کردنی حەزرەتیان لە قەبردا بیستوە •

ئەوەش بزانن : لە رۆژی قیامەت‌دا ، کە ماوەی پێنج صەد ساڵ خەڵك لە سارای مەحشەردا رادەوەستن‌و ، هیچ کەس لــە ئینس‌و جن ، گەورەو بچووك مەجاڵی حەسانەوەی نیــە ، بەڵێ لەو رۆژەدا پێغەمبەری خۆمان شەفاعەت دەکات‌و ، بە شەفاعەت‌و تکای ئەو هەموو موکەللەفەکان بۆ مەیدانی لێپرسینەوەو دیوانی داوەری‌ی خوای گەورە دەبرێن •

شایانی زانینە کە حەزرتی (محمد المصطفی) ـ د • خ ـ لەگەڵ ئەوەدا کە بەندەی خودایەو عەبدێــکی بێدەستەڵاتە ، لە پایەدا لە هەموو مەخلووقێــکی خودا گەورەترەو پایەی بەرزترە • پێغەمبەرە پێشووەکـان هەریەکە بۆ سەر قەوم‌و ئەممەتێــك رەوانەکراوەو دینەکەی لەپاشـــ خۆی بە هاتنی پێغەمبەرێــکی‌تر نەسخ‌بوەتەوە • بەڵام پێغەمبــەری ئێمــە حەزرەتی (محمد المصطفی) درووودی خودای لێبێ خــودا رەوانــەی کردوە بۆ سەر هەموو جین‌و هەموو نەتەوەیەك لە جیهاندا بـۆ ئەهلـی

هەموو شارو لادێیەك • دینەکەی هەتا ڕۆژی قیامەت پایەدارەو ، پێویستە لەسەر هەر کەسێـك کە ناوی پێغەمبەر (د • خ)بیسێ ئیمانی پێبهێنێو ، پەیڕەویی شەریعەتو ئاینەکەی بکات •

ئیمانو ئیسلام ئەوەیە کە بە دڵ باوەڕت بێ بە هەرچـــی کـــە حەزرەتی (محمد المصطفی) لە لایەنی خواوە هێناویەتی بۆ ڕێنموونیی ئیمەو ، بە زبان دوو ڕستەی شەهادەت بڵێیت : [اشهد ان لا اله الا الله ، واشهد ان محمدا رسول الله] لەگەڵ بەجێهێنانی کردوەی ئیسلام بـە ئەندامە ئاشکراکانی لەش ، بۆنموونە : نوێژ بکەیت ، ڕۆژوو بگـریت ، زەکات بدەیت ، ئەگەر دەستڕۆیشتو توانای ماڵیو بـەدەنیت هەبـوو حەج بکەیت • هەروەها ئەوانەی کە خودای گەورە حەرامی کردوون ، وەك پیاوکوشتنو زیناکردنو شەرابو عارەق خواردنەوەو ماڵی خەڵـك داگیرکردنو حەرامەکانی تریش ، تەرك بکەیت • پوختەی قسە : بـەم سێشتە [باوەڕ کردن بەوەی پێغەمبەر لای خوداوە هێناویەتیو ، وتنی دوو ڕستەی شەهادەتو ، جێبەجێ کردنی کارە ئاینییەکان بە لەش] ئیمان تەواو دەبێت • دیارە باوەڕکـردن بـەوەی حەزرەتـی محمـــد (د • خ)لای خوداوە هێناویەتی ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە : ـ

١ ـ باوەڕ بە مەلائیکە ، واتە : باوەڕت بێ کە لە ئاسمانو عەرزدا کەلێ فریشتە هەن خەریکی بەجێهێنانی فەرمانی خودانو ، هەمیشە لە یادی خوادانو تەسبیحاتی دەکەنو ، لەم یادو تەسبیحاتە هەرگیـز تێـر نابن • ئەم مەلائیکانە جیسمیان نوورانییەو گوناه ناکەنو نێرومێیان نیەو زاوزێ ناکەن •

٢ ـ باوەڕ بە پێغەمبەرانی خودا ، لە حەزرەتی ئادەمەوە تا حەزرەتی (محمد) کە دواپێهێنراوی پێغەمبەرانە • لەناو ئـەو پێغەمبەرانـەدا بـە

فەرموودەی حەزرەت (د • خ) (٣١٣)یان خاوەن شەریعەتن ، واتە : ئەمریان پێ کراوە فەرمانی خودا بە خەڵک راگەیەنن • لەم ژمارەیە (٢٦) لەقورئاندا باس کراونو ناوبراون : [ئادەم • ئیدریس • هوود • صالح • نووح • ئیبراهیم • لووط • ئیسماعیل • ئیسحاق • یەعقووب • یووسف • ئەیووب • یوونس • ئیلیاس • ئەلیسەع • ذوولکیفل • شوعەیب • مووسا • هاروون • داوود • سولەیمان • زەکەریا • یەحیا • عوزەیر • عیسا • محمد المصطفی صلی الله علیهم وسلم] • ئەمانە هەموو خاوەن شەریعەتن •

٣ ـ باوەڕ بەو کتێبانە کە خودای گەورە بە جیبرائیلدا بۆ پێغەمبەرانی ناردوون ، کە (١٠٤) کتێبن : (٣٠) بۆ ئیدریس (٥٠) بۆ شیث کە پێغەمبەر (د • خ) ناوی بردوە • (١٠) بۆ حەزرەتی ئیبراهیم • تەورات بۆ مووسا • زەبوور بۆ داوود • ئینجیل بۆ عیسا • قورئان بۆ حەزرەتی محمد المصطفی علیهم الصلاة والسلام •

٤ ـ باوەڕ بە رۆژی (قیامەت) •

لە جوملەی باوەڕ بە دینی پێغەمبەرە (د • خ) باوەڕ بە ئازاروسزای گۆڕ ، واتە : مرۆڤ پاش مردن لەگۆڕدا بشاررێتەوە یا لە دەریادا ون بێ یا بسووتێنرێ یا بدرێ بەدەم ئاوەوە لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا ئەگەر لە ماوەی ژیانیدا مرۆڤێکی موسوڵمانو کردەوە باش بووبێ لەپاش مردن دەکەوێتە شادیو خۆشیو رابواردنی وەهاوە کە شایانی مرۆڤی باش بێ • خۆ ئەگەر لە ماوەی ژیانیدا مرۆڤێکی بەدرەفتار بووبێ ئەوە بە قەدەر رەفتارەکەی سزاو ئازار دەدرێ مەگەر خودای گەورە لێی ببوورێ •

هەروەها باوەڕ بەوەی کە ئەم دنیایە نامێنیٚ‌و هەرچی گیان‌لەبەری تێدایە هەموو دەمرن‌و ، لەوکاتەدا کە خودای گەورە بەویٚ هەموویان زیندوو دەکاتەوەو ، لە شوێنێکدا هەموو کۆدەکرێنەوە • زیندوبوونەوەکەیان لە عورفی شەرعدا پێی دەڵێن (بعث)و کۆبوونەوەکەیان پێی دەڵێن (حشر)و مەیدانی کۆبوونەوەکە پێی‌دەڵێن (محشر) • ئەنجا خودای گەورە موحاسەبەی هەموو خاوەن عەقڵێک دەکات کە لە دنیادا دەنگوباسی دین‌و ئایینی پیٚ‌گەیشتبیٚ‌و کردەوەی چاک‌و خراپیان بە تەرازووی کیشانەی خێرو شەڕ دەکێشرێت ؛ جا ئەوانەی کە کافر بوون هەر لەوێوە دەنێررێن بۆ دۆزەخ‌و لەویٚ هەتا هەتایە دەمێننەوە ، ئەوانەش کە موسوڵمانن تاوانبارو بیٚ‌تاوان ئەمریان پیٚ‌دەکرێت کە بەسەر (سراط)دا گوزەربکەن •

سیراط پردێکە بەسەر جەهەنەمدا راکێشراوە لە موو باریکترەو لە ئەڵماس تیژترە • شوێن بازی هەموو موسوڵمانانە ، هەرکەسیٚ کردەوی باش‌بوو‌بیٚ بەپێی باشیی کردەوەکەی بەسەر ئەوپردەدا تێدەپەڕیٚ ، هەندیٚ وەکو بروسکە ، هەندێکی‌تر وەك بای شەماڵ ، هەندێکی‌تریش وەك سواری تیژڕەو یا سواری عادەتی بەسەریا تێپەڕ دەکەن • ئەوانەش رەفتاریان بەد‌بوو‌بیٚ ئەگەر عەفو نەکرابن لە پردەکەوە دەکەونە خوار بۆ ناو ئاگرەکەو بە قەدەر تاوانەکەیان سزا دەدرێن ، پاش ئەوە لە دۆزەخ دەردەکرێن‌و دەنێررێن بۆ بەهەشت •

هەرکەس لە دۆزەخ دەرچوو لەپێش ئەوەی بگاتە بەهەشت بە (حوض المورود) دەگات • ئەم حەوزە گۆڵێکە لە دەرەوەی بەهەشتایە زۆر زۆر گوشادو پانە ، ئەوەندەی شەربە لە دەوروپشتایە لە ژماردن نایەت ، هەرکەس لەو ئاوە بخواتەوە هەرگیز تینووی نابیٚ‌و لە بەهەشتدا

هەر ئاوێك بخواتەوە تەنها بۆ لەززەتوەرگرتنەو لەبەر تینوویەتی نیە •
جا کە لە (حوض المورود) دەرچوو دەڕوا بۆبەهەشتو هەمیشە لەسەر
پایەو میزانی خۆی دەمێنێتەوە •

لە دەشتی مەحشەردا کاتێ کە خەڵك دەکەونە زەحمەتەوە پەنا بۆ
هەر پێغەمبەرێ دەبەن بۆ تکاکردن کەس حازر نابێ تکایان بۆ بکات ، کە
دێنە خزمەتی حەزرەتی (محمد المصطفی) ئەو تکایان بۆ دەکات •

کە مرۆڤ ئیمانی هێنا بەوەی کە حەزرەت (د • خ)لای خـوداوە
هێناویەتی بۆ بەرەی ئادەمزاد ئەبێ باوەڕیشی بەوە هەبێت کە ئەرکانـی
ئیمانو ئیسلام راستنو لە بناخەی ئایینی ئیسلامن ، دەبێ باوەڕی ببێت بە
واجبێتیی پێنج فەرزەی نوێـژ بەهەمـوو مـەرجو روکـنەکانیانـەوە ،
بەراستیش بیانکات • دەبێ باوەڕی بە واجبێتیی رۆژووی رەمەزان ببێ
بە هەموو مەرجو روکنەکانیەوە ، دوور لەو شتانەی کە بەتاڵیدەکەنەوە ،
ئەبێ ئەم رۆژوەش بگرێت•دەبێ باوەڕی بە واجبێتیی زەکاتو سەرفیترە
هەبێو بە نیەتێـکی خاوێنو بێگەرد بەجێیبهێنـێ • هەروەهـا باوەڕ
بە واجبێتیی حەجو بەجێهێنانی بەهەموو روکنو مەرجەکانیەوە بەشێکە
لە ئیمان بەوەی کە پێغەمبەر (د • خ)لایخواوە هێناویەتی •

لە هەموو ئەم واجبانەدا بێجگە باوەڕ باسی بەجێهێنانمان کرد چونکە
نیشانەی باوەڕبوون بەمانە ئەوەیە ئەوکەسـە خـاوەنئیمانە جێبەجێیان
بکات ، کە ئینسانی موکەللەف واجباتی بەجێنەهێنا ئەوە مەعنای وایە یا بە
تێجگاری باوەڕی نیە ، یا باوەڕەکەی ئەوەندە بێهێزو لاوازە کـە بـە
کەمترین شوبهە لادەچێت ، ئەمەش یەکێـکە لە هۆیەکانی سەلبی ئیمـان
لە کاتی تەنگەو چەڵەمەی سەرەمەرگدا ، واتە : کابرا وەختـی خـۆی
ئیمانو باوەڕی نەبووە ، تەنها لەناو خەڵـکدا خۆی بە خاوەنئیمان حسێب

کردوە ، دوایی لە سەرەمەرگدا باش دەرکەوتوە کە کابرا بێئیمان بوە ، یا خۆ باوەڕێکی لاوازو بێ نرخی بوەو ، بەهۆی وەسوەسەی شەیتان ئەو باوەڕە کەمەیشی لەناوچوەو لەئەنجامدا بەبێئیمان مردوە ، پەنا بە خوای گەورە •

هەر لەبەر ئەمەیە کە لەلای هەندێ لە پێشەواکانی ئایین ، وەك (شافعی) خودای لێ‌رازی‌بێ ، ئیمان‌و باوەڕ زیادو کەم دەکاو ، بەهێزو بێ‌هێز دەبێ • جا ئەوکەسە کە عەمەلی بە بەشێ لە ئیمان داناوە مەبەستی لە ئیمان ئیمانی تەواوە ، بینا لەسەر ئەوە کاتێ کە کردەوە نەبوو ئەصڵی باوەڕەکە دەمێنێ •

هەندێ رەخنە دەگرێ‌و دەڵێ : مادام کردەوە بەشێك بێ لە ئیمان کە کردەوە نەبوو ئیمانیش نابێ ، چونکە کە (جزء) فەوتا (کل)یش دەفەوتێ ، واتە : ئینسان کە عەمەلی نەبوو بە کافر حسێب دەکرێ •

وەڵامی ئەم رەخنەیە ئەوەیە کە عەمەل بەشێکە لە ئیمانی (کامل)ی تەواو ، کە عەمەل فەوتا ئیمانی کامل دەفەوتێ نەك ئەصڵی ئیمان کە بریتی‌یە لە تەصدیق‌و باوەڕ بەوەی حەزرەتی محمد (د • خ)لە لایەنی خوداوە هێناویە •

لقەکانی ئیمان (٧٧)ن‌و ، ئەنجامی ئەم لقانە قازانجی ژیانی دنیاو قیامەتە بۆ موسوڵمان‌و ، بەهۆی ئەمانەوە باوەڕی بەهێزو تەواو دەبێ‌و ، بەمجۆرە موسوڵمانە دەڵێن موسوڵمانی تەواو •

بوختەی ئەم (٧٧)لقە باوەڕ بەحەق‌و راستی‌یە لەکردەوەدا • باوەڕ بەحەق (١٦) بەشی هەیە : (١) وەدەس‌هێنانی زانیاری‌یە ئایینی‌یەکان • (٢) ناسینی پەروەردگار • (٣) باوەڕ بە پاکی ئەو پەروەردگارە لە هەموو

کەم‌وکووڕی‌و خەوشێک • (٤) باوەڕ بە بوونی خۆی‌و صیفەتەکانی کە (حەیات‌و عیلم‌و ئیرادەو قودرەت‌و سەمع‌و بەصەرو کەلام)ن • (٥) دان‌نان‌و باوەڕکردن بە تاق‌و تەنیایی‌و بێ‌هاوتایی خودای گەورە • (٦) دان‌نان‌و باوەڕ بەوە کە هەرچی غەیری خودایە بوون‌و نەبوونی بە قەزاو قەدەری خودایە • (٧) باوەڕ بە بوونی فریشتەکان‌و باوەڕ بەوەی کە لە هەموو تاوانێ پاکن‌و ، یەك دەقیقە لە یادی خودا غافل نین‌و ، لە پەرستگاری‌ی خودا کۆتایی ناکەن • (٨) باوەڕ بە هەموو پێغەمبەران‌و بە دوا پێغەمبەر کە حەزرەتی (محمد المصطفی)یە (د•خ) ، لەگەڵ دان‌نان بەوەدا کە هەموو ئادەمزادو پەری‌یەك بانگ‌کراوە بۆ خوداپەرستی لە لایەن ئەم پێغەمبەرەوە ، واتە پێغەمبەرەکانی‌تر هەریەك رەوانەکراوە بۆ ئوممەتێکی تایبەتی‌و دیاری ، بەڵام حەزرەت (د • خ)بۆ هەموو عالەم نێرراوە بە پێغەمبەری بەبێ جیاوازی‌و ، دەعوەتەکەی گشتی‌یە • (٩) باوەڕ بەوە کە هەموو پێغەمبەرەکان خاوەن موعجیزە بوون • (١٠) دەبێ بیروباوەڕی دەربارەی گشت پێغەمبەران باش بێت ، نەك وەك جوولەکە کە دوژمنی حەزرەتی عیساو حەزرەتی (محمد المصطفی) بوون • (١١) ئیمان‌و باوەڕ بەوە کە هەرچی غەیری خودایە هەموو (حادث)ە واتە لەپێشدا نەبوون‌و ، خودا لە نەبوونەوە دەری‌کردوون بۆ بوون‌و دروستی کردوون • (١٢) ئیمان‌و باوەڕ بەوە کە خودای گەورە ئەم‌جیهانە لەناوئەبات چونکە قیدەم‌و بەقا تەنها شایستەی ذاتی خودای گەورەن •

(١٣) باوەڕ بەوەی کە گیان لەبەران لەپاش مردن‌و لەناوچوون زیندوو دەبنەوە چ ئینسان‌و چ غەیری ئینسان • (١٤) ئیمان‌و باوەڕ بە زیندووبوونەوەی ئینسان لە قەبردا ، بە ژیانێکی بەرزەخی بۆ پاداش وەرگرتن یا خۆ بۆ سزا چەشتن • (١٥) ئیمان‌و باوەڕ بەو هەموو کارەساتە کە لە قیامەتدا روودەدات ، وەك حیسابی کردەوەو کێشانەی

کردەوەو پرد (سراط)و شەفاعەتو تکـــا لای بارەگـــای خـــودای گەورە • (١٦) باوەڕ بەوەی کە بەھەشـت شـوێنی جەزای چاکەیەو جێـگای وەرگرتنی پاداشی خوداپەرستی‌یەو ، دۆزەخیش جێـگـــەی سزاو وەرگرتنی پاداشی کوفرو گوناەو تاوانباری‌یە •

لقەکانی‌تر کە پەیوەندی‌یان بە کردەوەو راستی لە کردەوەدا ھەیە سێ بەشن • بەشـــی یەکەم پەیوەندی‌ی بە نەفسی موسوڵمانانەوە ھەیـە پەیوەندی‌یەکی باطنی ، وەك پاكکردنەوەی نەفس لـە خووڕەوشـــتی بەد • جا پاککردنەوەی نەفس دە جۆرە • (١) پاککردنەوەی لە خووی نەوسنی‌و حەز لە خواردن کردن • (٢) پاککردنەوەی لە وتاری ناڕەوا • (٣) پاککردنەوەی لە خۆشویســـتنی ماڵ • (٤) پاککردنـــەوەی لـــە خۆشویستنی پایەو جێـگاو رێـگا • (٥) پاککردنەوەی لە بەخیلی • (٦) پاککردنەوەی لە خووی خۆ بەگەورە زانین • (٧) پاککـــردنەوەی لـــە حەسوودی ، واتە : حەزکـــردن بە نەمانـــی نیعمەتـــی غـــەیر • (٨) پاککردنەوەی لە حیقد ، واتە کینە لەدڵا راگرتن (٩) پاککردنەوەی لە (ریا) واتە چاکە کردن بـــۆ بەرچاوی‌ی خەڵك (١٠) پاککردنەوەی لە عوجب ، واتە لە خـــۆ رازی‌بوون • یا وەك رازاندنەوەی نەفس بـە خووڕەوشتی بەرز کە یازدە خووە، یەکەم : پەشیمان‌بوونەوە لە تاوان • دووەم : ترس لە خودا • سێ‌ھەم : تکاو ھیوای عەفوی خودا • چوارەم بێ‌پەیوەندی بە دنیاوە ، **واتە** ئەوەندە پەیوەندی‌یەکەی بەھێز نەبێ کـە لە ئایینی خۆی غافڵ بێت • پێنجەم : شەرم ، واتە شەرم لە کاری نارەواو ناشەرعی • شەشەم شوکرو سوپاسی خودای گـەورە لەسەر نیعمەت • حەوتەم وەفاو چاودیری‌ی مافی خوداو مافی خەڵـك • ھەشتەم صەبرو خۆراگرتن لە گوناح ، واتە کاتێ تاوانێـك ھاتەپێش گیرۆدەی نەبێتو تەرکی بکاتو لەبەر خاتری خودا نەیکات ، یا صەبرو خۆگرتن لەســەر

بەلاو گیرگرفت ، واتە کاتێ گیرۆدەی نەخۆشی‌یەك یا زیانێك بوو صەبر بکاتو خۆی بگرێو زیاد لە ئەندازە بێزاری دەرنەبڕێ ، هەروەها صەبرو خۆگرتن لەسەر خواپەرستی ، واتە هەرچەند طاعەتکردنو خواپەرستی لەسەر شان گران بێ هەر لەبەر رەزای خودای گەورە بەجێی‌بهێنێ • نۆهەم ئیخلاص ، واتە راستی لەگەڵ خوداو پێغەمبەری خوداو موسوڵماناندا • دەهەم « توکل » واتە پشت بە خوا بەستن • یازدەهەم رازی‌بوون بە قەزاوقەدەر ، واتە بە قەزای خودای گەورەو ئەو کارانە کە ئەو دەیانکات رازی‌و خۆشحاڵ بێو بێزاری دەرنەبڕێت •

بەشی دووەم یا پەیوەندی بە ظاهیر واتە دەری ئینسانەوە هەیە وەکو عیبادەت ، ئەمانەش سیازدە لقن (١) پاکی‌ی لەش لە بێ‌دەستنوێژی‌و لەش‌پیسی‌و پیسی • (٢) بەجێ‌هێنانی نوێژەکان • (٣) دانی زەکاتو سەرفیترە بەوانەی کە پێیان رەوایە • (٤) بەجێ‌هێنانی ئەو کارانەی کە فەرزی کیفایەن وەکو نوێژی جەنازە • (٥) بەجێ‌هێنانی رۆژووی رەمەزان • (٦) ئیعتیکاف‌کردن لە مزگەوتدا • (٧) خوێندنی قورئانی پیرۆز ، کە لە پایانی ئەم‌نامەدا هەندێ لە خێرو پاداشی قورئان خوێندنتان بۆ باس‌ئەکەم • (٨) حەجی ماڵی‌خودا • (٩) عەمرە • (١٠) سەربڕینی قوربانی • (١١) بەجێ‌هێنانی نەزر • (١٢) راگرتنی قەدری سوێن ، واتە کاتێ سوێندێکت لەسەر نەکردنی شتێك خواردو وتت نایکەم ، ئەگەر ئەوکارە واجب یا سوننەت نەبێ ، نابێ بیکەیتو سوێندەکەت بشکێنی•(١٣) بەجێ‌هێنانی کەفارەت ، واتە ئەگەر سوێندت‌کەوت یا بەهۆیەکی‌ترەوە کەفارەتت کەوتەسەر ئەو کەفارەتە بدەی بەوانەی خێریان پێ رەوایە •

یاخۆ پێوەندی بە ذاتی ئینسان خۆیەوەو بە عەلاقەو پێوەندیەوە هەیە ، وەك داوێن‌پاکی لە زینا ، نیکاحی راستو شەرعی ،

بەجێهێنانی مافەکانی نیکاح وەك مارەیی‌و هەستان بە نەفەقەی پێویست ، چاکەکردن لەگەڵ باوك‌و دایك‌و ، بەجێهێنانی صیلەی رەحم ، واتە نەبڕینی پەیوەندی‌ی خوێشمایەتی‌و چاکەکردن لەگەڵ خزم‌و کەس‌وکاردا ، هەروەها بەگوێ‌کردنی گەورەو خاوەن فەرمانانی ئیسلام لە کاروباری رەواو پەسەندا ، واتە ئەگەر ، بۆنموونە ، سەرباز بوو لە سوپای ئیسلامدا لەسەری پێویستە لەکاروباری رەواو شەرعی‌دا بێ‌گوێ‌یی گەورەکەی نەکات ، یارمەتیدانی موسوڵمانان لە زیندووکردنەوەو بووژاندنەوەی شیعاری ئیسلامدا • ئەمر بە چاکەو نەهی لە خراپە • جیهادکردن دژی کافران لەپێناوی پاراستنی ئاییندا • پاراستنی نەفس لە تاوانکاری • بەجێهێنانی مافەکانی جنایات لە رێگای قیصاص وەرگرتنەوە لە تاوانبار • پاراستنی ماڵ‌و سامانی خەڵك • بەجێهێنانی مافەکان‌و دوورکەوتنەوە لە زوڵم‌وزۆر • پاراستنی نەسەب لە رێگای نیکاحی شەرعی‌و لە رێگای دوورکەوتنەوەوە لە داوێن‌پیسی • پاراستنی ناموسی موسوڵمانان‌و ئەهلی ذیممە لە رێگای بەجێهێنانی حەددی زیناوە بەوشێوەی لە ئاییندا بڕیاردراوە ، هەروەها لەرێگای بەجێهێنانی حەددی قەذفەوە ، واتە حەددی ئەو کەسەی کە بوختان بە ناموسی خەلك دەکات بەو شێوەی کە لە شەریعەتدا باس‌کراوە • پاراستنی عەقل‌و هۆش بەهۆی مەنع‌کردنی خۆت‌و خەڵکی‌تر لە بەکارهێنانی ئەو شتانەی ئینسان مەست‌و سەرخۆش ئەکەن •

براکانم ! لە تەمەنی حەوت‌ساڵی‌یەوە تا کاتی باڵغ‌بوون منالەکانتان فێری سوورەتی (فاتیحە) بکەن ؛ هەتا کە باڵغ بوون‌و دەستیان‌دایە نوێژکردن نوێژەکانیان راست‌و دروست بن‌و ، ئەگەر لەپاش مردنتان جارێ فاتیحەیەکیان بۆ خوێندن راست‌و رەوان بێ‌و خێرەکەیتان پێ‌بگات ، چونکە بەکجار خوێندنی سوورەتی فاتیحە بەقەدەر سوورەتی بەقەرە خەیری

هەیە ، کە سوورەتی بەقەرە (٢٤) پەڕە دەبێت ، خۆ ئەگەر پازدە جار سوورەتی فاتیحە بخوێنێ ئەوە بەقەدەر سێ جوزئەی قورئان خێرو ئەوابی هەیە ، بەڵکو زیاتریش ، دیارە ئەگەر منداڵەکانتان فێرنەکەن ئەم نیعمەتە گەورەتان لەدەست دەرئەچێت • ئەمەش زیانێکی زۆر گەورەیە •

ئیمامیغەزالی (ر • خ) تەرتیبی ویردی فاتیحەی وا داناوە کە لەپاش نوێژی سبەینیان (٢٥) جارو ، لەپاش هەریەك لە نوێژی نیوەڕۆو عەصر (٢٥) جارو ، لەپاش نوێژی مەغریب (١٠) جارو ، لەپاش نوێژی عیشا (١٥) جار بەمجۆرە رۆژی دەبێتە صەدجار ، واتە : هەموو رۆژێ بەقەدەر دووهەزارو چوارصەد پەڕە قورئان ئەوابی هەیە • بەخبەخ لەم سامانو نیعمەتە ، بەدبەختن ئەوانەی خۆیانو منداڵەکانیان لەم سامانە گەورەیە ناهومێد ئەکەن ، شتێکی ناڕەوایە هەندێ لە مامۆستایانی قوتابیان کە سەبارەت بە فێرکردنی منالآنی موسوڵمانان کەمتەرخەمی ئەکەن ، لە ماوەی دوو ساڵدا یەك جوزء بەو منالآنە دەخوێنن کە گوێڕاگری لێیان ئەو جوزئەش نازانن کە بەناو خوێندوویانە ، ئەنجا بە ناچاری خاوەن منداڵەکان لە قوتابخانە دەریاندەهێننو لای وەستای ئیشی عادەتی وەك بەرگدروو و ئاسنگەرو دارتاش •• تاد دایان دەنێن تا فێری کارێك ببن • جا هەروەك بۆم باسکردن بە هەر جۆر بووە ئەبێ منداڵەکانتان فێری سوورەتی فاتیحە بکەن ئەگینا خۆتان گوناهبار دەبنو لە خێری فاتیحەی ئەوانیش ناهومێدو بێبەش دەبن •

فەرموودەی حەزرەتە (د • خ) کاتێ کە خودای گەورە رقی هەستێ فریشتەکان لەترسی ئەو دەس بە تەسبیحو تەقدیسی خودای گەورە دەکەن ، لەوکاتی رقوقینەدا خودای گەورە کە تەماشای قوتابخانەکانی سەر عەرد ئەکات خەریکی خوێندنی دەرسی قورئانن ئەو رقوقینەی

نامێنێ‌و تاوانبارەکان عەفو دەکات‌و ، فریشتەکانیش لەو ترس‌و بیمە ڕزگار ئەبن •

فەرموودەی پێغەمبەرە (د • خ) هەرکاتێ یەکێك لە ئێوە حەزبکا لەگەڵ ذاتی خودای گەورەدا قسەبکات با دەس بکا بە قورئان خوێندن • هەروەها لە حەدیثێکی‌تردا دەفەرموێ : هەرکەسێ هەمووی بخوێنێتەوە لەوکاتەدا (٦٠)هەزار مەلائیکە حازر ئەبن‌و دوعای خێر بۆ ئەوکەسە ئەکەن کە قورئانەکەی خەتم کردوە • لە حەدیثێکی‌تردا دەفەرموێ : لەگەڵ هەموو خەتمێکی قورئاندا دوعایەکی قبوول‌کراو هەیە ، کەوابێ زۆر ناڕەوایە ئینسان تێنەکۆشێ بۆ ئەوەی کوڕەکەی فێری قورئان خوێندن بێ‌و خەتمی قورئان بکاو دوعای عەفوی باوك‌و دایکی بکا بەڵکو خودا گوناهی ببەخشێت • لەحەدیثی پیرۆزدا هەیە کە حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : ــ سێ کۆمەڵ هەن لە گەورەکانی ئوممەتی من ئەژمێردرێن : (١) ئەوانەی کە قورئانیان لەبەرە • (٢) ئەوانەی کە هاوڕێی قورئانن ، واتە هەر ڕۆژی چەند جوزئێ لە قورئان ئەخوێنن دە جوزء یا کەمترو ، هەرگیز بە بێ‌عوزرێکی شەرعی تەرکی ناکەن • (٣) ئەوانەی‌کە شەونوێژ بەدەوام ئەکەن‌و بە بێ‌عوزرێکی ڕەوا تەرکی ناکەن ، ئەمانە لە گەورەکانی ئوممەتی پێغەمبەرن ، تەنانەت لەسەر حەدیثی پێغەمبەر (د • خ) ئەوانەی کە قورئان زۆرتر ئەخوێنن بە خواپەرست‌تر حیساب ئەکرێن‌و مەشهوورن • هەروەها لە حەدیثدایە کە فەرموویەتی : بەشی چاوتان بدەن لە عیبادەت‌کردن • ئەم عیبادەت‌کردنی چاوەش بریتی‌یە لە دەورکردنەوەی قورئان‌و ، بەکارهێنانی چاو لە خوێندنەوەیدا • فەرموودەی پێغەمبەرە : سینەی لە قورئان خاڵی وەك خانووی وێران وایە • هەروەها لە حەدیثدا هەیە : ئەهلی قورئان ئەهلی خوداو دۆستی تایبەتی خودان • دیسان حەدیثە : « خیر کم من تعلم القرآن وعلمه » واتە چاکترتان

ئەوکەسەیە کەفێری قورئان ئەبێو خەڵکیش فێری قورئان دەکات •

حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی فێربوونی یەک ئایەت لە قورئـان خێرو پاداشی صەد رکات نوێژی هەیە • هەروەها فەرموویەتی خوێندنی قورئان لەناو قورئاندا لە گەورەترین خوداپەرستیەکانی ئوممەتی منـە • دیسان فەرموویەتی تەماشاکردنی ئایەتی قورئـان خـوداپەرسـتیە وەکـو تەماشاکردنی (کەعبە)ی خودا • لە فەرموودەی پێغەمبەرە کە خوێندنـی قورئان لە نوێژا گەورەترە لە خوێندنـی قورئان لـە دەرەوەی نوێـژدا ، هەروەها خوێندنی قورئان لە دەرەوەی نوێژدا پایەی گەورەترە لە تەسبیحو تەکبیرو ، تەسبیحو تەکبیر لە رۆژووی سوننـەت گەورەترە ، ئەگـەرچی رۆژوو قەڵغانە لەرووی ئاگری دۆزەخدا • لـە حەدیثدایـە کە قورئـان شەفیعو تکاکارە بۆ خاوەنەکەیو تکاکەشـی مەقبووڵەو ، قورئان سامانو دەوڵـەتێـکە کـە هـەژاریو بێنـەوایی بـەدوادا نایەتو ، هیچ سامانێ نیە لە قورئان زیاتر بێ •

براکانم ! شیتو دێوانە کەسێـکە کە ئەم سامانە گەورەیە بە منداڵی خۆی نەگەیەنێ • جا کە خوا یارمەتی دانو منداڵەکانتان قورئانیان تەواو کرد چاودێرییان بکەنو با فێری هەندێ کتێبی پەندو ئامۆژگاری ببـن ، وەك (گولستان)ی شیخی سەعدی بێجگە لە هەندێ کتێبی شەریعـەت • هەروەهـا ئـەوەی خوێنـدوویەتی چـاودێری بـکاتو خۆی تیایا بەهێز بکات نەبادا لەبیری بچێتەوە • بێگومان ئەوکەسانەی کە بەتەنهـا خوێندنی قورئانی پیرۆز واز لە منداڵە کانیان دەهێننو فێری خوێندنی پەندو ئامۆژگاریو شەریعەتیان ناکەنو ، بۆ ئەم مەبەستە رێگایان بۆ ساز ناکەن ، زۆری پێناچێ منداڵەکانیان بە کارو پیشـەی دنیاییـەوە خەریـک دەبنو قورئانەکەیان لەبیردەچێتـەوەو ناچـار دەبـن جارێـکیتر لـە قوتابخانـە

فێری‌بن • بۆیە زۆر تکاتان لێ‌ئەکەم کە لەم دەولەتە گەورەیـە خۆتـان‌و ئەولادتان بەشدار بکـەن ، تا لە پاشـــ مردنیشـــتان لە گــۆڕدا بەهــۆی قورئان‌خوێندنی ئەولادەکانتانەوە خێرو پاداشـی چاکتان پێ‌بگات‌و لە سزاو ئازار رزگاربن •

حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : « القرآن هو النور المبين والذكــر الحكيم والسراط المستقيم » واتە : قورئان بەراستی رووناکی‌و رۆشنایەکـی ئاشکرایەو ذیکری پڕحیکمەتی خودایەو ڕێـگەیێکی راستی بێ‌جـەفایە • هەروەها فەرموویەتی « القرآن هو الدواء » واتە : قورئان دەرمانی تاریکی‌ی دەروونە وە چارەی گومڕاهی‌ی ماوەی ژینە ، وە فەرموویەتی هەرکەسێ گوێ‌رابگرێ لە کەسێ کە قورئان بخوێنێ ئەوە بەقەدەر ئەو قورئان‌خوێنە خێرو ثەوابی هەیە • جا مادام وایە ئەی برای خۆشەویستم منالەکەت بکە بە قورئان‌خوێن‌و ، لە کاتێـکدا دەوری قورئان ئەکاتەوە گوێ‌ی لێ رابگرە هەتا بەقەدەر ئەو خێرو پاداشت بۆ بنووسرێت ، وەك ئەوەی کـە خـۆت قورئانەکەت خوێندبێ •

حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی کەسێ خودا تەوفیقی بدا بۆئەوەی قورئان لەبەربکات‌و ، وا گومان بەرێت کە یەکێـك هەیە خودا نیعمەتـی لەوە زیاتری پێداوە ، ئەوە بەهەڵەدا چووە ، واتە : چونکە پایەی کەســ ناگاتە پایەی ئەوەی کە قورئانی لەبەرە ، مەگەر یەکێـك ئەویش قورئانی لەبەربێت • هەروەها فەرموویەتی : هەرکەسـی لەنێـو قـورئاندا دەوری قورئان بکاتەوەو بخوێنێ لە کاتی پیری‌دا گیرۆدەی خەرەف نابێ ، واتـە بەهـۆی پیرۆزی‌ی قورئـانەوە لـە دەردی خەڵەفان دەپارێزرێت • لـە حەدیثێکی‌تردا فـــەرموویە : هەرحـــەرفێ لـــە قورئان بۆ ئەوکەسـەی دەیخوێنێتەوە بەرامبەری دە چاکەیە • دیسان فەرموویەتی قورئان هەزار

هەزارو بیستو حەوت هەزار حەرفەو ، لە رۆژی قیامەتدا وەکو ئینسانێکی نەخۆشو رەنگ زەرد دێ بۆ لای ئەو کەسە کە لە دنیادا خوێندوویەتیەوەو دەوری کردوەتەوە پێی دەڵێت من ئەو قورئانەم کە تۆ لە دنیادا دەتخوێندمەوە ئیستە بۆیە رەنگم گۆڕاوە دەترسم تووشی بەڵایەک بووبێت ، من ئەو قورئانەم کە تۆ لە شەواندا خەوت لە خۆت حەرام ئەکردو دەوری منت دەکردەوەو ، لە رۆژدا بەهۆی خوێندنەوەی منەوە تینووت دەبوو ، واتە مادام من لە دنیادا بووبووم بەهۆی ئازاری تۆ پێویستە لە قیامەتدا ببمە هۆی ئاسایشو ئیستیراحەت ، ئەنجا بانگ ئەکاتو ئەڵێت : وەرن خەڵاتی ئەم هاوڕێی منە بکەنو ، لێی رازی بن ، خوای گەورەش خەڵاتی ئەکاتو لێی رازی دەبێت •

حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی حەسەد، واتە بەخیلی بە خەڵك بردن حەرامە مەگەر بەخیلی بە یەکێك کە خودای گەورە تەوفیقی دابێتو وای لێ هاتبێ شەوو رۆژ بەقورئانەوە خەریك بێت ، یا بە یەکێك خودا ماڵێکی زۆری پێ دابێتو شەوو رۆژ ئەو ماڵە لەپێناوی رەزامەندیی خودادا باخت بکات •

لە فەرموودەیێکی حەزرەتەوە دەردەکەوێ کەسێ قورئان خوێنو پیاوچاك بێ کە چوە بەهەشت تکا دەکات بۆ دە کەسی وەها کە موستەحەققی سزان بە ئاگری دۆزەخو ، تکاکەشی لێ قبوڵ ئەکرێتو ، لە رۆژی قیامەتدا تاجی شەرەف ئەنێتە سەری باوكو دایکی ، واتە بە جۆرە خەڵاتێ خەڵاتی باوكو دایکی دەکات کە پرشنگی لە پرشنگی رۆژ زۆرترە • ئەم فەرموودەی حەزرەتە درێژەو ، حەزرەت زۆر ستایشی قورئان دەکات تیایاو ، دەفەرموێت هەرگیز بەهۆی دوبارەکردنەوەوە لای موسوڵمان کۆن نابێو ، پێویستە هەرکاتێ کە قورئانەکە خەتم بکا لەسەرەوە

دەس پێ بکاتەوە ، هەتا دەربکەوێ کە لە قورئان خوێنـدن دەستبەردان نەبوە •

دەگێرنەوە حەزرەت فەرموویەتی : ئەی عەلی ! قورئان فێربـەو ، بە خەڵـکیشـی فێربکـە ، لەباتی هەر حەرفێ دە چاکەت بۆ ئەنووسرێو ، کاتی مردنیش بە شەهیدی دەمریت • ئەی عەلی ! قورئـان فێربـەو بـە خەڵـکیشی فێربکە • کاتێ کە مردی فریشـتەکان زیارەتـی قەبرەکـەت دەکەنو بە دەوریا دەسووڕێنەوە، وەك چۆن ئادەمزادی موسوڵمان حەجی ماڵی خودا ئەکات •

هەروەها ریوایەت کراوە هەرکەس لەبەر رەزای خودای گـەورە بەخۆڕایی قورئان فێری خەڵك بکات لە رۆژی قیامەتدا فریشتەکان بـە پێـکەنینەوە دێن بەپیرییەوە • هەروەها ریوایەتکراوە هەرکەس قورئان فێری مناڵەکانـی خـۆی بکـات خـودای گـەورە لـە رۆژی قیامـەتدا گەردنبەندێـکی پێئەدا کە هەموو عالەم سەریان لێی سووڕئەمێنێ ئەوەندە جوانو نایابە •

ریوایەتکراوە ئەگەر موسوڵمان دەوام بکات لەسەر تەماشاکردنـی قورئان خودای گەورە بینایی چاوی ئەوکەسە ئەپارێزێ تا ماوە لە دنیادا •

لە فەرموودەیەکی حەزرەتەوە (د • خ) دەرئەکـەوێ هەرکەسـێ بەدرێژایی تەمەنی هەر رۆژێ لە دووصەد ئایەتی قورئان کەمتر نەخوێنێ ئەوە لە قەبرا شەفاعەتی مردوانی حـەوت قەبر ئەکـات بـە دەوروبەری خۆیداو ، ئەگەر باوكو دایکی ئەهلی سزا بن خودا سزاکـەیان سـووك دەکات • هەروەها ریوایەت کراوە هەر ماڵێ قورئانی تیا بخوێنرێ فریشتە دێن بۆ ئەوماڵەو ، شەیتانی لێ دووردەخەنەوەو ، ئەو خانوە دەبێتە هۆی خۆشیو شادی بۆ خاوەنەکەیو خێری زۆر ئەبێو شەڕی کەم دەبێت •

بە پێنچەوانەی ئەمەشەوە هەر خانوویەك قورئانی تیا نەخوێنرێ شەیتانی لێ نزیك دەبنەوەو ، لەسەر ئەهلەكەی تەنگ دەبێ‌و فریشتەی لێی دووردەكەونەوەو خێری كەم ئەبێ‌و شەڕی زۆر دەبێت •

ریوایەت كراوە حەزرەت (د • خ) فەرمووی بە مەعاذی كوڕی جەبەل ، خودای لێ رازی بێ • ئەی مەعاذ ئەگەر طالبی ژینی بەختیارانەیت‌و دەتەوێ وەك شەهیدان بمریت‌و ، لە رۆژی قیامەتدا رزگار بیت‌و ، لە رۆژی ترس ئەمین بێت‌و بگەیت بە خێرو خۆشی‌و دوور بێت لە ناخۆشی‌و ، لە تاریكی دەرچیت‌و ، لە گەرمای رۆژی قیامەتدا بچیتە ژێر سێبەری میهرەبانی‌ی خودا ، ئەگەر ئەتەوی لە كاتی تینوویەتی جیهاندا تێراو بیت ، ئەگەر ئەتەوێ كێشانەی كردەوەی باشت قورس بێت‌و ، لەكاتی رێ‌ون كردندا شارەزا بیت ، بەڵێ ئەگەر ئەمانە هەمووت ئەوێ قورئان بخوێنەو ، دەوام‌بكە لەسەر خوێندنەوەو دەوركردنەوەی ، چونكە قورئان خوێندن ذیكری رەحمانەو دووری لە شەیتانەو هۆی قورسی تای چاكەیە لە رۆژی قیامەتدا • هەروەها ریوایەت كراوە كە قورئان خوێندن هۆی نوورانیەتی دڵی موسوڵمانانە •

براكانم ! یەكێ لە پیاوانی خودا وتی : ئەحمەدی محەمەد ئاغام لە خەودا چاوپێ كەوت كە لە حاڵی گیان كەنشتا بوو ئێودیش لەدەوری بوون ، تەماشام كرد نورێ لە نینۆكی پێیەوە لە بەینی پیست‌و گۆشتدا هات تا گەیشتە ئەژنۆی ، لەو كاتەدا ئەحمەدی محەمەد ئاغا وتی : كاك ئەحمەد ! ئەوە نووری قورئانە لەپێش رۆحمەوە هاتوە ، ئەنجا نوورەكە گەڕایەوە بۆ نینۆكی پێی ، دیسان بانگی كرد: كاك ئەحمەد ئەوا نووری قورئان گەڕایەوە بۆ جێگەی خۆی ، پاش ئەمە نوورەكە سەركەوتەوە ، دیسان بانگی كردەوە : كاك ئەحمەد ! وا نووری قورئان سەركەوت ، هات لە پێش رۆحمەوە ، هەر بەم دەستوورە ئەو نوورە بە هەر جێگایەك

دەگەیشت بانگی ئەکردە کاك ئەحمەدو پێی دەگوت نوورەکە گەیشتوەتە ئەو شوێنە لە پێش ڕۆحمەوە ، هەتا ئەونوورە گەیشتە سینەی • ئەمجار ئەو نوورە وەها زۆر بوو هەموو سینەی داگرت ، ئەنجا بانگی کرد : کاك ئەحمەد وا نووری قورئان لەپێش ڕۆحمەوە هات ، هەتا ئەو نوورە لە دەمیەوە دەرچوو ئیتر ئەحمەد ئاغا وەفاتی کرد • بەمحاڵەوە کە نووری قورئان لەگەڵ ڕۆحانیەتیدا بوو ، ڕۆحی بە هەر شوێنی دەگەیشت ئەو نوورەی لەگەڵدا بوو • ئەی براکانم ! ئەم ئەحمەد ئاغایە پیاوێکی دەوڵەمەند بوو ، تەوبەی کردو قورئانی کردەبەرو لە خانەقادا گۆشەنشین بوو تا کۆچی دوایی کرد •

براکانم ! زۆریی ناوی هەرشتێ نیشانەی گەورەیی ئەو شتەیە • لە قورئانی پیرۆزدا لە (٥٤) جێگەدا ناوی قورئان بە ناوی جیاجیا باس کراوە وەك : قرآن • فرقان • کتاب • وحي • نور • سبیل • روح • ذکر • شفاء • هدی • موعظة • رحمة • بیان • مهیمن • حبل • عهد • صراط مستقیم • حکیم • قیم • مبین • مبارك • حکمة • حدیث • حق • تذکرة • برهان • تفصیل • کلام عظیم • مەعنای هەریەك لەمناوانە لە تەفسیردا لە شوێنی خۆیدا دیاریو باس کراوە ، هەریەکەی جۆرە ستایشو پیاهەڵدانێکی قورئانە •

براکانم ! پاش ئەم بەیاناتەی منو بیستنی ئێوەیە ئیتر بێموبالاتی لەگەڵ قورئاندا نیشانەی نائومیدییە لە ڕەحمەتی خوداو ، نیشانەی بێهێزی ئیمانە • رجائەکەم لەمەوپاش لە فێربوونی قورئانو خوێندنیدا هەوڵبدەنو ، مناڵەکانتان فێربکەن ، بەڵکو ببێتە هۆی بەختیاریتان لە هەردوو دنیادا ان شاء الله •

والسلام علی من رحم نفسه فاطاع الله ورسوله صلی الله علیه وسلم تسلیما •

نامـــەی هەژدەهەم

بۆ عەشرەتی جاف

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله ، والصلاة والسلام علی رسول الله ، وعلی آلـــه وصحبه المجاهدین لاعلاء کلمة الله •

پاش ئەمانە براکانم ! نامەکانی دوستی خۆتان ، بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر گەورەترین دیاری‌یەکە کە دۆست بۆ دۆستی رەوانەکردبێ ، ئەوەتا پێغەمبەر (د • خ) دەفەرموێ [ما اهدی مسلم لاخیه هدیة افضـل من کلمة حکمة یزیده الله بها هدی او یرده بها عن ردی] کەواتــە هەروەك بە دیاری دنیایی دڵخۆش‌و دڵشاد ئەبن پێویســتە بــە دیاری‌ی ئایینی‌و خودایی باشتر دڵشاد بن ، وە لەکــاتی خوێندنەوەی نامەکانمدا بەهۆی درێژی‌یانەوە مەلوول‌و دڵپەرێشــان نەبن ، ئەمــەش نیشانەی بەهێزی‌ی ئیمانتانە ؛ چونکە حەزرەت (د•خ) فەرموویەتی گەورەترین خووڕەوشتی ئینسانی موسوڵمان ئەوەیە کە لە بیســتنی قســەی خێــری ئایینی تێر نەبێت •

نامـــەی تەعلیمی گوناهـــەکانیش بۆ تەرك‌کردنیان دیاری‌یەکی گەورەیە ؛ ئیمامی عومەر (د • خ) کە کاروباری موسوڵمانانی گرتەدەست‌و بوو بــە خەلیفــە بە هاوڕێــکانی پێغەمبەری دەفەرموو : هـــەر عەیبێــکم هەیە پێم‌بڵێن تا تەرکی بکەم‌و وازی‌لێ‌بهێنــم ، هەروەهــا دەیفەرمــوو :

[رحم الله امرء اهدى الي عيوبي] واته ڕەحمەتی خودا لەوکەسە بێ عەیبەکانی خۆمم بەدیاری بۆ بێنێتو چی کاری ناڕەوام هەیە بێشەرم پێم بڵێت ، بەڵام دوستی وەها نایابەو ، ئەم دۆستەی خۆتان لەو دۆستە نایابانەیە •

حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : « اذا حمل الرجل كلمة من الله الى اخيه المسلم كان خيرا له من حجة وعمرة ومن عبادة سنة »واتە ئەگەر ئینسان قسەیەکی خێر لای خواوە بۆ برای موسوڵمانی بەرێت ئەوە خێری لە حەجێكو عەمرەیەكو خواپەرستی ساڵێـك چاکترە • لەبەرئەمە عەزیزتان ئەکەم مەرتـەبەو پایەکانی موسوڵمان زۆرن ، کەمترین پایەی موسوڵمانی ئەوەیە ئەو موسـوڵمانە چـەند بایـەخ بە پێویسـتی دنیایـی ئەدات ئەوەندەش بایەخ بە پێویستـی قیامەتـی بداتو ، چەنـد بـەو دڵخۆش ئەبێ بەمیش وەها دڵخۆش بێت • لە عورفی کوردانا بەم جۆرە موسوڵمانە دەڵێن (پۆخڵ موسوڵمان) دەلیلی ئەمەش ئەوەیە کە حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی [لا اله الا الله] رقو قینی خـودا لـە هەموو بەندەکانی خودا لادەدا هەتا ئەوان لەناو خۆیانـدا قـازانجی دنیـا بەسەر قازانجی دیندا پەسەند نەکەن ، بەڵام کاتێ ئیختیـاری سـوودو قازانجی دنیایان کرد بەسەر قازانجی دینا ، واتە : بۆ دنیا نوێژو ڕۆژوو عیبادەتیان زایەکردو ، فەرقی حەرامو حەڵاڵیان نەکـرد ئەوسا ئەگـەر (لا اله الا الله)یش بکەن ، خودای گەورە شەڕیان لێ دوورناخاتەوەو ، ئەفەرموێ ئەمانە درۆئەکەن ، هەر بە دەمو زمان ناوی من ئەبەنو ، دڵیان لای من نیە •

براکان ! من وائەزانم ئێوە ڕاستناکەن چونکە تائیسـتە چەند نامەم بۆ ناردوونو هێچ گوێتان پێنەداوە ، وادیارە لەمەولاشـ هـەر گوێـی پێنادەن ، کەچی بەدیاریی دنیایی کەیفخۆش دەبن •

ئەی دەشتنشینان چەند جار تکام لێ کردن و بۆم نووسین و تەرغیبم کردن لەسەر زیندووکردنەوەی ئادابی ئیسلامی کە بانگ و نوێژی جەماعەت و مزگەوتی پاک و خاوێنە ، دەوارێک یا چادرێکی حەلاڵ و تازەی چوار هەسوونی یە لەگەڵ خادمێکی دەم و چاو پاکی نوێژکەری رۆژووگر و بانگ دەرێکی دەنگ خۆشە ، کەچی ئێوە ، لەگەڵ ئەو هەموو دەستەڵاتە و لەگەڵ ئەو مەڕومالاتەی کە خودا پێی داون ، گوێتان پێ نەدا ، تەنانەت خوتان نەگەیاندە کەمترین پایەی موسولمانی • ئیتر من نازانم چی بکەم و چی بڵێم •

ئیمام (فخر الدین)ی رازی و هەندێ لە پیاوانی ڕێبازی (تصوف) فەرموویانە : مەعنای حەدیثی (من عرف نفسه فقد عرف ربه) ئەوەیە هەرکەسێ نەفسی خۆی بناسێ بەو صیفەتەی کە خودا دروستی کردوە و بە خوای خۆی موحتاجە و ، بە بێ یارمەتی ی ئەو ناتوانێ هیچ شتێک بکات ئەوە بەراستی خودای خۆی ناسیوە •

براکان ! مەعنای خۆناسین ئەوە نیە کە ئینسان بڵێت من جیسمم و گوشت و پێست و ئیسقانم و دڵ و سک و هێزی ئارەزوو ، هێزی رق گرتن و ، مەیلی خواردن و خواردنەوەم تێدا هەیە ؛ چونکە ئەم جۆرە خۆناسینە لە حەیوانیشدا بە شێوەیەکی گشتی هەیە ، هەروەها ئینسانیەت بە قسەکردن و بە ڕیش و بە گیانداری نیە چونکە (تووتی)ش قسە ئەکات ، بزنیش ریشی هەیە ، حەیوانی بێ شعووریش گیانی هەیە ، بەڵکو لە خۆناسیندا پێویستە ئینسان بە راستی خۆی لە گیانلەبەرە بێ شعوورەکان جیابکاتەوە ، ئەوە بزانێ کە خودای گەورە بۆیە عەقڵ و هۆشی پێداوە هەتا بیر بکاتەوە لەوەی کە لەمەوپێش نەبوە و خودا دروستی کردوە ، لە سکی دایکیا پەروەردەی کردوە و ، هیناویەتە دەرەوە تا بە

هۆی هێزی رووناکی عەقڵەوە بزانێ پەروەردگارێکی زاناو توانای خاوەنخواست دروستی کردوە ، بێجگە لەوەی کە عەقڵو هۆشی پێبەخشیوە رەهبەرێکی دەمو دڵپاکو خوورەوشت بەرزیشی بە پێغەمبەری ناردوەتە سەر ، ئەم رەهبەرە دەستووری ئاینی پێگەیاندوەو ، رێگەی سەربەرزیو سەرشۆڕی ، بەختیاریو بەدبەختی نیشانداوە ؛ هەتا ئەم ئینسانە بە هێزی عەقڵو هۆشو لەبەر رووناکیی تەمێو ئامۆژگاریی ئەم رەهبەرە پایەبەرزەدا رێگای بەختیاری بگرێتە بەرو لەسەری بمێنێتەوە هەتا بە سەربەرزی بژی ، وە بە پاکی بڕواتە حضووری خودای گەورە • لەمبەیانەوە دەردەکەوێ کە ئادەمزاد وەکو باقی حەیوانات نیە ، چونکە بەختیاریی حەیوانات لەوەدایە کە زۆر بخواتو قەڵەو بێتو مەینەتو کارو بارکێشانی نەبێ کە وانەبوو دەفەوتێ ، بەڵام بەختیاریی ئادەمزاد لەوەدایە کە بیروباوەڕی پاکو بەجێی بێ ، خووڕەوشتی جوانو پەسەندی بێو ، بەقەدەر توانا لەو رێوشوێنەوە بڕوات کە رەهبەری گەورە پیشانیداوە ، خزمەتی خۆیو باقی ئادەمزاد بکا هەتا ئاکامی دێو بە سەربەرزی ئەمرێ • خۆ ئەگەر هەمیشە خووبداتە خەیاڵاتی دنیاو ئارەزووی نەفس ئەوە خووی حەیوانات ئەگرێو لەسەر حاڵی ئولفەتگرتن بە حەیوانەوە دەمرێ•وەکو بیستوومە هەندێ شوان لە کاتی گیانەڵادا لەباتی دوو کەلیمەی شەهادەت (هەوهەو)ی کردوە بۆ لێخوڕینی حەیوانەکانیو (هەڕهەڕ)ی کردوە بۆ مەنعیان ، (بۆرەبۆرە)ی کردوە بۆ بانگکردنی سەگەکەی ؛ چونکە لەکاتی ژیانیدا لەگەڵ ئەمانەدا ژیاوەو ئولفەتی پێیانەوە بوەو هەر خەریکی ئەمانە بووە ، دیارە لەکاتی مردنیشمدا هەر بەوحاڵەوە گیانی دەرچوە [پەنابەخوا لە حاڵی خراپ] • حەزرەتی پێغەمبەر (د • خ) فەرمویەتی « کما تحیون تموتون وکما تموتون

تبعثون » ، واته لەکاتی ژیاندا چۆن ژیاونو لەگەڵ کێ بوون بەوجۆرە دەمرن ، هەرچۆنیش بمرن لە رۆژی قیامەتــدا بەوجــۆرە زینــدوو دەکرێنەوە •

بەنرخترین دەرزو ئامۆژگاری‌یەك کە لە رەهبەری گەورەوە وەرمانگرتوە ئیمانو عەقیدەو بیروباوەڕی باشە ، واتە باوەڕ بە خودای گەورە کە پەروەردگاری جیهانە ، باوەڕ بە فریشتەکانی خودای مەزن ، باوەڕ بەو پێغەمبەرانەی خودا ناردوونی بۆ سەر بەرەی ئادەمزادو پەری ، باوەڕ بەو کتێبانەی کە خودای گەورە بە فریشتەی ئەمین (جوبرەئیل)دا ، دروودی خودای لێبێ ، ناردوونی بۆ پێغەمبەران ، باوەڕ بەوەی هەرچی لە جیهاندا روودەدا هەمووی خودای گەورە دەیکات ، هەروەها ئەم جیهانە نەبوەو خودا دروستی کردوە ، باوەڕ بەوەی کە ئـەم جیهانـە نامێنـێو گیان‌لەبەران هەموو ئەمرنو لەپاشاندا خودا زیندویان دەکاتەوەو حیسابی کردەوەیان لەگەڵ ئەکات ،جا باشەکانو رەفتـار چاکەکـان رەوانـــەی بەهەشت دەکاو هەتا هەتایە لەوێ دەمێنـنەوە ، بەدرەفتارەکانیش ئەگـەر موسوڵمانو خاوەن ئیمان بووبن یا عەفو ئەکرین یا بەقەدەر تاوانەکانیان لە دۆزەخدا ئازار ئەدرێن ، ئەوسا لە دۆزەخ دەردەچـنو بە حورمـەت رەوانەی بەهەشت دەکرێنو ، لەوێدا هەمیشـــە دەمێنـنەوە • کـافرە بێباوەڕەکانیش ئەخرێنە دۆزەخو لەوێدا هەمیشە دەمێننەوە ؛ چونکە پاداشی باوەڕی ناڕەوای بێدوایی سزای نەبراوەی بێدوایی‌یە •

ئەبێ بزانن ئەم بیرو باوەڕە باشانە وەکـو دارێـکی بۆنخۆشـی گەورەی وەهان کە رەگو ریشەی چووبێتە خوارەوە بە عەرزاو لقەکانی بەرز بووبنەوە بۆ ئاسمان ، کردەوەی باشیش وەکو ئاوە بۆ درێژ بوونو گەشەکردنو مانەوەی ئەم دارە گەورەیە ، بەقیمەت‌ترین کردەوەیەك کە

ئاوی ئەم داری ئیمانەی پێبدرێ نوێژە بە مەرجێـک کە بە ساغیو موافقی شەرع ، لەگەڵ شەرتو روکنەکانیداو بە ئیخلاصی دڵ جێبەجێ بکرێت • جا لەبەرئەوەی کە بە زۆری نوێژ لە مزگەوتدا ئەکرێو جەماعەتیش لە نوێژدا زۆر بەنرخە هەندێ فەرموودەی حەزرەتتان پێ ئەگەیەنم (د • خ) دەربارەی نوێژی جەماعەتو گەورەیـی مزگـەوت ، هەتا بە یارمەتـیو تەوفیقی خودا ببێتە هۆی مەیلی ئێوە بۆ بەختیاریی دینو دنیاتانو بـەم حاڵە جوانەوە بگەن بە حضووری خودای گەورە •

لە حەدیثێـکدا حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی نوێژێـکی جەماعەت کە بە دووکـەس بکرێو یەکێ‌لەو دوانە ئیمامەکە بێت پاداشـی زۆرترە لە (٢٧) نوێژی تەنیا • وە فەرموویەتی : هەرکەسێ رووی‌کردە مزگەوت هەر هەنگاوێ بنێ دەبێتە هۆی ئەوەی پایەی بەرز بێتەوەو گوناهی لەسەر لابرێو ، خێرێـکی بۆ دەنووسرێت • هەروەها فەرموویەتی هەرکـەسێ رۆیشتە ناو مزگەوتەوە ئەوە وەها بڕیارئەدرێ کـە لە نوێژکردندایـەو بەدەوام خێری بۆ ئەنوسرێ هەتا لەومزگەوتـەدا بەنیـازی نوێژکـردن بمێنێتەوە • لە حەدیثێـکیتردا ئەفەرموێت مەلائیکە صەڵەوات لەوکەسـە ئەدەن کە لە مزگەوتدایە هەتا لە مزگەوتدا بمێنێتەوە ، ئەڵێن خودایا ئـەم ئینسانە عەفوبکەو رەحمی پێبکەو تەوبەی لێ قبووڵ بکە ، ئەم چاکەیـە هەر بەردەوام ئەبێت مەگەر ئەو ئینســـانە ئـازاری یەکێـک بـدات یا قسەیەکی ناڕەوا بکات ، کە ئەمانەی کرد ئەو خێرو چاکەی نامێنێ •

ریوایەت‌کراوە کە هەر مزگەوتێ چەند مەلائیکە دەرگـاوانیەتی ، چەند مەلائیکەش نێردراون بۆئەوەی لە خودای گـەورە داوای عەفـوو میهرەبانی بۆ ئـەو کەسانە بکەن کە دەڕۆن بۆ مزگەوت،چەند مەلائیکەش مەئمووری ئەوەن بانگ لە موسوڵمانان بکەن بێن بۆ نوێژی جەماعەت لە

مزگەوتداو دەڵێن ئەی موسوڵمانەکان زووبەزوو خۆتان ئامادە بکەنو بێن بۆ نوێژی جەماعەت ، بێن بۆ ئەو خێراتەی کە خودای گەورە بۆ ئەهلی مزگەوتی بڕیارداوە ، بەپەلە بێنو بگەن بە عەفـوی خـودای گەورەدا ، جا هەرکەس زوو بگاتە مزگەوت هەزار حەسـەناتی بـۆ ئەنووسرێ ، بـەڵام کـاتی لەمزگەوت دەرچوون هەرکەس زووتـر لـە مزگەوت دەرچێ خەیری کەمتری بۆ دەنووسرێو ، ئەو کەسەش لـە دوای هەموو کەسەوە بچێتە دەرەوە گەلێـک جەزای بۆ دەنووسـرێ ، مەبەست ئەوەیە کە پەیوەندی بە مزگەوتەوە دەبێتە هۆی عەفوی خوداو ، دەبێتە هۆی سەربەرزی‌ی موسوڵمان لە ڕۆژی قیامەتدا •

لە حەدیثی‌تردا فەرموویەتی بەجێ‌هێنانی نوێژی جەماعەتی عیشـا بەقەدەر زیندووکردنەوەی نیوەی شەوو ، جەماعەتـی نوێـژی سبەینـێ بەقەدەر زیندووکردنەوەی نیوەکەی‌تری خێرو پاداشی چاکەی هەیـە ، واتە : کەسێـک نوێژی عیشاو نوێژی بەیانی‌یان بە جەماعەت بکات وەکو ئەوەیە کە بەدرێژایی شەو خواپەرستی کردبێت •

لە حەدیثێـکی‌تردا دەفەرموێ شەیتان گورگی ئینسانە ، واتە وەك چۆن گورك مەڕو بزن هەڵئەدڕێو ئەیانخوات شەیتانیش وەهـا ئادەمزاد لە دین دەرئەکاو بێ‌خەیری ئەکات ، هەروەك گورك ناتوانـێ زیان لـە حەیوانێك بدات کە لەناو ڕانا بێو لە بەرچاوی شوانا بێ ، شەیتانیش زاڵ نابێ بەسەر ئینسانێـکدا کە لەنـاو جەماعەتـدا بێو لەبـەر چاودێری‌ی پێشەوادا بێت • هەروەها لە حەدیثێـکی‌تـردا فەرموویەتـی : [علیکم بالجماعة والمسجد] واتە : هەمیشە لەناو گەلی موسوڵمانانو مزگەوتـدا بنو ، لە کاتی عیبادەتدا لەمزگەوتا بـن • هەروەهـا لە حەدیثێـکی‌تردا فەرموویەتی : ئەوانەی کە زۆر دەڕۆن بۆ مزگەوت لە تاریکیدا ئەوانەن کە زۆر کەوتوونەتە ناو ڕەحمەتی خوداوە •

لە حەدیثێکی‌تردا دەفەرموێ موژدە بدەن بە ئوممەتی من ، ئەوانەیان کە بە تاریکی ئەڕۆن بۆ مزگەوت ، لە رۆژی قیامەتدا خودا نوورو رووناکی‌ی فراوانیان پێ ئەدا • دیسان لە حەدیثێکی‌تردا فەرموویەتی : هەرکەس بەیانی‌و ئێوارە رووی لە مزگەوت بێ ئەوە بە میوانی خودا دادەنرێت‌و خودا رێزی لێ ئەگرێت ، واتە ئەگەر رۆژی (١٠٠)جار بڕواتە مزگەوتەوە هەموو جارێ لەوجارانە دەگاتە خێرو میهرەبانی‌ی خودای گەورە •

لە حەدیثێکی تردا فەرموویەتی هەرکەسێ چل رۆژ لەسەریەك نوێژی جەماعەت بکاو بگات بە تەکبیری تەحەڕڕومی ئیمامدا ، واتە لەوکاتەدا کەئیمام (الله اكبر) دەکات حازربێ‌و فریای بکەوێت ئەوە زوو بەرائەتی بۆ دەنووسرێ ، واتە : رزگار دەبێ لە دووشت : یەکەم لە نیفاق ، واتە بە هۆی نوێژکردنیەوە لەم جەماعەتەدا ئیمانی ئەپارێزری‌و بە موسوڵمانی دەمرێ • دووەم رزگاربوون لە ئاگری دۆزەخ • لە حەدیثێکی‌تردا فەرموویەتی : ئەی (بني سلمة) ! ئا ئێوە حسێبی نیشانەو شوێن‌پێی خۆتان ناکەن لە کاتی رۆیشتنتانا بۆ مزگەوت وەکو خودای گەورە فەرموویەتی : « ونكتب ما قدموا وآثارهم » واتە ئێمە ئەو کردەوە باشانە کە موسوڵمانان کردوویانەو خستوویانەتە پێش خۆیانەوە ئەیان‌نووسین لەگەڵ ژمارەی شوێنی پێیان لەکاتی رۆیشتنیاندا بۆ نوێژ بۆ مزگەوت •

لە حەدیثێکی‌تردا فەرموویەتی : خودای گەورە خۆشی‌دێ لە نوێژی جەماعەت ، تەنانەت لەوکاتەدا کە نوێژکەرەکان لە مزگەوتدا ریزدەبەستن بۆ نوێژکردن • من بەهۆی ئەوانەوە شانازی بەسەر فریشتەکاندا ئەکەم • هەروەها لە حەدیثێکی‌تردا فەرموویەتی : هەرکەسێ

چل رۆژ بە رکاتی یەکەمی نوێژی جەماعەتدا بکات خودای گەورە لە سزای دۆزەخ ئازادی دەکاتو بە ئاگری جەهەننەم نایسووتێنێ •

لە حەدیثێکیتردا فەرموویەتی : رەحمەتی خودا دەبارێتە سەر ئەهلی مزگەوت • هەروەها لە حەدیثێکیتردا فەرموویەتی : هەرکەس لە عومری خۆیدا نوێژەکانی هەموو بە جەماعەت بکات ، واتە جەماعەتی پێنج فەرزە نەفەوتێنێ لە رۆژی قیامەتدا لەگەڵ تاقمی یەکەمدا بەسەر پردا رائەبوورێ کە ئەو تاقمە وەکو بروسکە بەسەر پردا تێدەپەڕن • شایانی زانینە کە پرد (سراط) حەوت پلەی هەیە کە هەرکام لەو حەوت پلانە هەزار ساڵ ڕێ بەرەوژوورکەو ، هەزار ساڵ راستەرێو هەزار ساڵ بەرەوخوارکەی هەیە ، واتە : ئەو تاقمە یەکەمە کە وەکو بروسکە بەسەر ئەو پردەدا تێدەپەڕن ماوەی بیستویەك هەزار ساڵ رێگە وەك بروسکە دەبڕنو بە ماوەیەکی زور کەم لێی تێبەڕ دەکەن •

لە حەدیثێکیتردا فەرموویەتی : هەرکەسێ دەستنوێژ بگرێو بڕواتە مزگەوت بە نیازی نوێژو عیبادەت ئەوە بۆ زیارەتی خودای گەورە رۆیشتوە ، دیارە هەرکەسێ بۆ زیارەتی خودای گەورە بڕوات ئیکرامو رێزلێگرتنی لە لایەنی خوداوە راستە • دیسان لە حەدیثێکیتردا فەرموویەتی : خودای گەورە لە رۆژی قیامەتدا دەفەرموێ : ئەوە دراوسێکانی من لەکوێن ؟ فریشتەکانیش بە سەرسامی‌یەکەوە عەرزی دەکەنو دەڵێن : خودای گەورە ! کێ شانی ئەوەی هەیە دراوسێی تۆ بێ ؟ خودا دەفەرموێ : ئەوکەسانەی کە مزگەوتەکانیان بە خوداپەرستی ئاوەدان کردوەتەوە ئەوانە دراوسێی منن • وەکو خودای گەورە فەرموویەتی : « انما يعمر مساجد الله من آمن بالله واليوم الآخر ... » •

ریوایەتکراوە کە هەموو شەوێ مەلائیکە بانگ ئەکەن : ئەی

ئەهلی کۆڕستان ئیستە خوزگە بە کێ ئەخوازن ؟ ئەوانیش لە وەڵامدا دەڵێن : خۆزگە بە ئەهلیمزگەوت ئەخوازین • ئەوان نوێژ ئەکەن و ئێمە نوێژمان نەئەکرد ، ئەوان ذیکری خودا ئەکەن و ئێمە نەمانئەکرد • ئیمامیعەلی (ر • خ) فەرموویەتی : مەعنای ئایەتی (سابقوا الی مغفرة من ربکم وجنة عرضها السماوات والارض) ئەمەیە کە تێبکۆشینلەپێش خەڵکدا بڕوینە ناو مزگەوتەکان و لەپاش ئەوان بێینە دەرەوە لە مزگەوت هەتا بەر عەفوی خودا بکەوین • هەروەها لە حدیثێکیتردا پێغەمبەر (د • خ) دەفەرموێ : خودای گەورە دەفەرموێ کاتێ کە قەومی شایانی سزای من ئەبن کە دەبینم هەندێ لەوانە لەبەر رەزای من دێن بۆ مزگەوت ، لەبەر رەزای من یەکتریان خۆش دەوێ ، لەبەر رەزای من لە بەرەبەیاندا ئەپاڕێنەوە لە من و داوای لێبووردن و عەفوم لێ دەکەن ، بەهۆی ئەمانەوە ئەو سزایەیان لێ لائەدەم و چاوپۆشییان لێ ئەکەم •

لە حەدیثێکیتردا دەفەرموێ : مزگەوتەکان بازاری قیامەتن ، واتە : وەکو لە دنیادا بازار هەیە و زیانی ئەهلی دنیا بە شتومەکی بازاڕە ، مزگەوتەکانیش کە خوداپەرستییان تیائەکرێت وەك بازاری قیامەتن ، بەهۆی مزگەوت و ئەهلی مزگەوتەوە و بە هۆی خوداپەرستی لە مزگەوتدا ئەوەی کە هۆی ئاسایش و بەختیاریی ئینسان بێ لە قیامەتا دەستئەکەوێ ، ئەو بازاردی قیامەت کە مزگەوتە هی خودایە و ماڵی خودایەو ، هەرکەس بڕواتە ناویان بە میوانی خوا حسێب ئەکرێ و ، میوانی خودایش پێویستە رێزی لێ بگیرێ • لە جوملەی ئەو رێزەیە ئەمە کە بەهۆی پیرۆزیی کردەوەی ئەوانەوە خودا میهرەبانی و کەرەم لەگەڵ ئەهلی زەویدا بکات •

لە حەدیثێکیتردا دەفەرموێ ئەوانەی کە ئەهلی مزگەوتن و عیبادەت ئەکەن لە مزگەوتدا وەکو ئەرکانی مزگەوتن ، واتە :

مزگەوت بەهۆی ئەوانەوە بە ئاوەدانی دەمێنێتەوە ، ئەو مەلائیکەتانە کـە وان لە مزگەوتا هاوڕێو هاودەمی ئەوانن ، ئەگەر یەکێ لەو نوێژکەرانە نەخۆش بکەوێ ئەڕۆن بۆ لای دوعای خێری بۆ ئەکـەن ، وە ئەگـەر کەوتە نێو ئیشێکەوە یارمەتی ئەدەن هەتا بەئاسانی لەو ئیشە رزگار بێ •

لە حەدیثێـکی تردا فەرموویەتی : بەجێهێنانی موسوڵمان بۆ یەك نوێژی فەرز بە جەماعەت لـە ڕۆژووی سوننەتی ڕۆژێكو نەنووستنو عیادەتی شەوێك خێری زۆرترەو لای خوا خۆشەویستترە •

ئەی براینە ئەوە بزانن کە هەر دێیەك مزگەوتی نەبێو جەماعەتی تیا نەکرێ لەم هەموو خێراتە بێبەش ئەبێ ، جا ئیتر لێـکی بدەنەوە ئاخۆ بێموبالاتی بە دین ئا بەمڕادەیە لایقـە بۆ یەکـێ کە خۆی بە موسوڵمان بزانێ ، ئایا بە پیاوی موسوڵمان ڕەوایە خۆی لەم هەمـوە خێرو پاداشـە بێبەش بکات ؟ فەرموودەکانی پێغەمبەر سەبارەت بە خێـرو پاداشـی نوێژی جەماعەت زۆرە ، ئەگەر کەسێ ڕەحم بەخۆی بکا ئەم ئەندازەیە کە نووسیمان بۆتان بەسە ، خۆزگا کاغەز زۆرتـر بوایـەو ، شەویش درێژتر تا باسی سزاو ئازاری ئەوانە کە جەماعـەت ناکـەن بـە تەواوی بمنووسیایە ، بەڵام وتوویژ بێسوودە لەگەڵ ئەوانەی کە نامـەی درێژی ئێمە ناخوێننەوەو تاقەتیان لێی نیە ، بەڵام تاقەتی ئەوەیان هەیە کە شەووڕۆژ قسەی بێهوودەو بێسوود بکەن ! ئایا نازانن ئەگەر ئەوقسـە درێژانـە باسی شتی حەرامو باسی گوناەکردن بێ دەبێتە مایەی سزای قیامەت ، وە ئەگەر باسی شتی حەڵاڵیش بێ دەبێتە هۆی عیتابو سەرزەنشت لە ڕۆژی قیامەتدا ، کە بۆچی کاتی ئەو قسە بێسوودانەتان لە خـــودا پەرستیدا صەرف نەکرد ؟ بۆچی عومری خۆتان بە خۆڕایی لە کیسدا ؟

(ابومدین)ی مەغریبی (ر • خ) کە یەکێـکە لە زانا گەورەکان لـە

حەزرەتەوە (د • خ) دەگێرێتەوە کە فەرموویەتی هەر موسوڵمانێ نوێژ بکا ئەوەندەی بۆ ئەنووسرێ لە نوێژەکەی کە تێی‌بگاو دڵی ئاگای لێ بێ • لەم فەرموودەوە دەرئەکەوێ کە ئەوابی نوێژی ئینسانێـک کە بەتەنیـا نوێژ بکات بەقەدەر ئاگاداریی دڵی ئەو کەسەیە ، نوێژی جەماعەتیشـی ئەگەر جەماعەتەکەی گەورە نەبێ ئەویش وەکو نوێژی تەنیـا وەهـایە ، بەڵام ئەگەر جەماعەت گەورە بێ‌و قەدەباڵغی نوێژکەر زۆر بـێ ، ئـەوە هەرچەند ئینسانی نوێژکەر غافڵ‌و بێ‌ئاگا بێ و فیکـری لای نوێژەکـەی نەبێ هەر ئەوابی زۆری بۆ ئەنووسرێ •

هەندێ لە زاناکانی ئایین فەرموویانە غافڵ بوونی دڵ تەنهـا بـۆ نوێژکەری بەتەنیا زیانی هەیە ، بەڵام ئەگەر بە جەماعەت نوێژ بکا ئەوابی بۆ ئەنووسرێ چ ئاگای دڵی ببێ یا نەیبێ ، لەم‌رووەوە ئەو حەدیشـە کـە فەرموویەتی ئینسانی نوێژکەری غافڵ خێری بۆ نانووسـرێ مەعناکەیـان بڕیوە بەسەر نوێژکەری بەتەنیادا • هەروەها لـە ئیشارەتـی هەنـدێ حەدیثەوە وا دەرئەکەوێ کە خودای گەورە بەهۆی حضووری دڵی یەك ئینسانی موسوڵمانەوە نوێژی غافڵەکانیش بەتەواو ئەنووسـێ ، چونکـە نوێژی هەموو ئەهلی جەماعەت بە یەك‌نوێژ دائەنرێ کە تاقە ئینسـانێ بیکات ، چونکە جەماعەتەکە بەستراوە بە پێشەوایێـکەوە بۆ نوێژکەرەکان هەمویان •

هەندێ لە زانا ئایینی‌یە پێشوەکان فەرموویانـە هەرکاتـێ ئیمـام‌و مەئمومەکان نوێژی جەماعەتیان دابەست خودای گەورە تەماشای دڵـی ئیمامەکە ئەکات ، ئەگەر خێر لە دڵیا بێ خودا بەهۆی بەرەکەت‌و یومنـی ئەو ئیمامەوە لە هەموو مەئمومیەکان رازی ئەبـێ‌و ، نوێژەکەیـان لـێ قبوڵ ئەکات‌و ، هەموویان عەفو ئەکات ، وە ئەگەر خێر لە دڵی ئیمامەکەدا

ئەبوو تەماشای دڵی مەئموومی‌یەکان ئەکات ، ئەگەر خێر لە دڵی یەکێ لەوانا بێ بە بەرەکەتی ئەویەکەوە خودای گەورە لە مەئموومەکانی‌ترو لە ئیمامەکە رازی ئەبێ‌و نوێژەکەیان قبووڵ ئەکاو گوناهیان عەفو ئەکات ، خۆ ئەگەر هەموویان غافڵ بوون ، واتە ئیمام‌و مەئموومەکان وەك یەك بێ‌ئاگا بوون ، خودای گەورە هەر ریعایەتی ئەوە ئەکات کە ئەو کۆمەڵە میوانی ئەون‌و هاتوون بۆ مزگەوت کە ماڵی ئەوەو ، بەم‌بۆنەیەوە لە گوناهی هەموویان چاوپۆشی دەکات‌و دەفەرموێ لایقی کەرەمی من ئەوەیە کە ئەم میوانانە هەموویان عەفو بکەم .

براینە ! پاش بیستنی ئەم هەموو میهرەبانی‌و کەرەمی خودایە لەگەڵ ئەهلی جەماعەتدا موناسبی حاڵی ئەهلی جەماعەت ئەوەیە کە شادو دڵخۆش بن بە رەحمەتی خودا ، ئەوانەش کە جەماعەت تەرك ئەکەن موناسبی حاڵیان یا تەوبە کردن‌و پەشیمان بوونەوەیەو ، لە باقیماندەی عومریاندا دەس بە نوێژی جەماعەت بکەن ، یا با لەداخ‌و حەسرەتدا بۆ خۆیان بمرن ، چونکە لەم هەموو خێراتە بێ‌بەش بوون .

پێویستە بزانن ئەوانەی دەربارەی جەماعەت کەمتەرخەمن دڵیان لە نووری رەحمەتی خوا دوورە ، بەڵام ئەوانەی لەسەر جەماعەت بەردەوامن دڵیان بە نووری رەحمەتی خودای گەورە رووناکە ، بێ گومان تەرکی جەماعەت نیشانەی منافقی‌و لاوازیی ئیمانە ؛ چونکە عیززەت‌و گەورەیی ئینسان لە دنیاو قیامەتدا لە بەجێ‌هێنانی عیبادەتدایە ، لەوەدایە کە ئینسان بەرامبەر بە مافەکانی خودای پەروەردگار بەوەفا بێت . ئەو کەسانەی کە جەماعەتیان کردوە بە عادەتی خۆیان دڵیان دێتە سەر ئەوەی کە خزمەتی مزگەوت بکەن‌و فەرش‌و چراو بەرماڵ‌و باقی پێویستیەکانی مزگەوت ئامادە بکەن ، ئەمانەش لە جوملەی خێراتی دەوامدارن ، یەکەم بەهۆی

ئەم شتانەوە کە بە مزگەوتیان دەدەن ، دووەم بەهۆی ئەوەوە کە دەبنە پیشەواو نموونە بۆ باقی ئەهلی چاکەو ، خەڵکی چاویان لێ ئەکەن •

لە حەدیثدا هەیە هەرکەسێ چرایێ لە مزگەوتدا دابگیرسێنێ ، واتە رووناکی بخاتە مزگەوتەوە حەفتا هەزار مەلائیکە دوعای خێری بۆ ئەکەن هەتا ئەو رووناکی‌یە بەردەوام بێت • وە ئەگەر فەرش بخاتە مزگەوتەوە هەتا ئەو فەرشە بمێنێ حەفتا هەزار مەلائیکە لە خودای گەورە داوا **ئەکەن لە** تاوانی ئەو موسوڵمانە ببوورێ•هەروەها لە حەدیثێکدا دەفەرموێ هەکەس ئەیەوێ ئەڵحەدی قەبری رووناك بێ با مزگەوت رووناك بکاتەوە • لە حەدیثێکی‌تردا فەرموویەتی هەرکەس مزگەوتێ دروستبکات ، هەرچەند لە هێلانەی (کورکورە)ش بچێ ، واتە لە شێوەدا بچووكو نامەحکەم بێ ، خودا لە باتی ئەو مزگەوتە لە بەهەشتدا کۆشکێکی بێ دەبەخشێت ، جا ئیتر خۆتان لێکی‌بدەنەوە ئەبێ کۆشکی بەهەشت چەند جوانو نایاب بێ ، وەکو لەباسی بەهەشتدا باسی ئەکەین • ئەی‌براینە ! ئەگەر مزگەوت نەبێو عیبادەت کردن لە مزگەوتدا نەبێ ئەم خێرانەتان دەستناکەوێت • حەزرەت (د • خ) تەرکی جەماعەتی بە نیشانەی منافقی حسێب کردووەو ، مەبەست لە حەدیثەکە ئەوەیە هەرکەسێ تەرکی جەماعەت بکا منافقەو ئیمان لە دڵیدا دانەمەزراوە، دیارە کەسێ کە حەزرەت (د • خ) پێی بفەرموێ (منافق) ئەوە بەهیلاك دەچێ •

لە حەدیثێکی‌تردا فەرموویەتی : ئەمەوێ برۆمە سەر ئەو کەسانەی کە نایێن بۆ جەماعەت خانووەکانیان بسووتێنم • هەروەها ریوایەت‌کراوە کە حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی موسوڵمان لە مزگەوتدا وەکو ماسی وایە لە دەریادا (واتە هەمیشەبە خۆشی تیا ئەمێنێتەوە) بەڵام منافق لە مزگەوتدا وەکو پەلەوەرە لە تێوقەفەسدا • دیسان لە حەدیثێکی‌تردا

فەرموویەتی : لەهەر شوێنێکدا سێ خانوو گرد بنەوە چ دەوارنشین و کوچەری ، مادام جەماعەت نەکەن شەیتان بەسەریانا زاڵ ئەبێ ، واتە : هەموو ئینسانێ گەورەو بچووك فریشتەیەك و شەیتانێك بۆ دڵی ڕەوانەکراوە ، جا ئەگەر ئەو خاوەن دڵە خەریکی یادی خودا بوو تەرکی مزگەوت و جومعە وجەماعەتی نەکرد ئەوە هێزی فریشتەکە پەرەئەستێنێ بەسەر شەیتانەکەداو ئەو ئینسانە دەگۆڕێ و دەستەڵاتی شەیتانەکە ئەشکێنێ تا نەتوانێ ئەو ئینسانە گومڕا بکات ، خۆ ئەگەر ئەو خاوەن دڵە خەریکی ذکری خودا نەبێ ئەوا دڵی تاریك ئەبێ و هێزی مەلائیکە کەم ئەبێ و ، هەتا ئەم کابرایە پەشیمان نەبێتەوەو تەوبە نەکات ئەو شەیتانە دەستبەرداری نابێ و گومڕای ئەکات و ، ڕۆژبەڕۆژ لە ڕزگاری دوورئەکەوێتەوە •

خودای گەورە فەرموویەتی « یوم یکشف عن ساق ویدعون الی السجود فلا یستطیعون • خاشعة ابصارهم ترهقهم ذلة ، وقد کانوا یدعون الی السجود وهم سالمون » واتە لە ڕۆژێکدا خەڵك دەکەونە نارەحەتیەوەو ئادەمزادەکان بانگ دەکرێن بۆ سوجدەبردن بۆ خوداو لەو پایە بەرزە پڕمایە نائومێد ئەبن ، لەوکاتەدا بە چاوشۆڕی دەمێننەوەو شەرمەساری داگیریان ئەکات • ئەم حاڵە ناڕەوایەش لەبەرئەوە دێت بەسەریاندا چونکە وەختی خۆی بانگ کراون بۆ ئیمانهێنان بە خوداو پێغەمبەری خوداو بۆ نوێژکردن و سوجدە بردن بۆ خودا ، کە لەوحاڵەدا ساغ و سەلامەت و تەندروست بوون ، کەچی لەبەر ملهوڕیی خۆیان ئیمانیان نەهێناو سوجدەیان نەبرد ، جا ئێستەش لە پاداشی ئەو ملهوڕییەدا ئەبێ ناهومێد بکرێن لەپایەی سوجدەبردن لە خودای گەورە • جاوەکو وتمان ئەم ئایەتە موبارەکە دەربارەی کافرەکان هاتوەتە خوارەوە ، بەڵام هەندی لە زانا (مفسر)ەکانی قورئانی پیرۆز فەرموویانە ئەم

ئایەتە دەربارەی ئەو کەسانە هاتوەتەخوار کە لە دنیــادا رۆژی پێنج جــار بە هۆی بانگەوە (مؤذن)بانگی کردوون بە حي علی الصلاة وحي علــی الفلاح بۆ ئەوەی بێن بۆ مزگەوتو نوێژەکەیان بە جەماعەت بکەن کەچی نەهاتوون بۆ جەماعەتو ، هیچ عوزرێــکی شەرعیشیان نەبوە ، ئەمانە لــە رۆژی قیامەتدا لەکاتێکدا کە موســوڵمانان بانگ ئەکرێــن بۆئــەوەی سوجدەی تەعظیم بۆ خوای گەورە ببەنو ، موسوڵمانە باشەکان ئەرۆنو سوجدە بۆ خودا ئەبەنو ، بەوپایەی لیقای تەجەلیاتە ئەگــەن ، ئــەوان پشتیان ئەبێ بە تەختەو ناتوانن سوجدە ببەن بۆ خودای گــەورەو ، لــەو پایە بەرزە بێبەش ئەبن ، جا لەوکاتەدا فریشتەکان پێیان ئەڵێن : لە دنیادا ئێوە بانگ کرابوون بۆسوجدەبردن بۆ خودا لە مزگــەوتداو لەگــەڵ جەماعەتدا ، بەڵام ئێوە موباڵاتتان نەکرد ، بۆیە وا ئیســتە لــەو بەشــو بەهرەیە بێبەش بوون •

لە « عبدالله »ی کوری « عباس »ەوە دەگــێرنــەوە (ر • خ) کــە کابرایەک تا ماوەی مانگی پرســیاری لێ ئەکرد لە حالــی کەسێ کــە بەرۆژا بەرۆژوەو بەشەوا نوێژ دەکات ، بەڵام ناڕوات بۆ جەماعەت لــە نوێژەکانیاو بە تەنیا نوێژەکانی ئەکات ، ئەویش وەڵامــی ئەدایــەوەو ئەیفەرموو « هو في النار » • هەندێ کەس ئەڵێن ئەم پرسیارو وەڵامــە تا ساڵێ دەوامی کردو ئیبنوعەباس لەسەر وەڵامەکەی خۆی مایەوە •

دەگێڕنەوە کە لە شاری کووفــە پیاوێــکی دەوڵەمەنــد هەبــوو نەئەڕۆیشتە مزگەوت بۆ نوێژی جەماعەت ، جارێ لە جاران ئــەو پیــاوە مێوانداری‌یەکی گەورەی سازداو خەڵــکی بانگ کرد بۆ سەر خــوان ، لە موسوڵمانان کەس حازری سەر ئەو دەعوەتە نەبوو ، ئەیانوت : ئــەو بەگوێی دەعوەتی خوای نەکرد بە « حي علی الصلاة » و « حي علی الفلاح» بانگی کرد ، ئێمەش بەگوێی دەعوەتی ئەو ناکەین •

دەگێڕنەوە ئینسانێکی موسوڵمانی گەورە بوو ناوی (بیعی خثعمی) بوو ، تووشی نەخۆشی‌ی ئیفلیجی بوو ، هەمووجار ئەمری‌دەکرد دووکەس باڵیان ئەگرت‌و ئەیان‌برد بۆ مزگەوت بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی نوێژی جەماعەت ، کە عەرزیان‌کرد تۆ عوزرت هەیە بۆچی ئازاری خۆت ئەدەی‌و ئەڕۆیت بۆ مزگەوت ؟ ئەیفەرموو چۆن ئینسان ئەتوانێ دەعوەتی خودا بە لەفظی حي علی الصلاة ، و حي علی الفلاح رەد بکاتەوەو بەگوێ‌ی نەکات ؟

لە حەدیثێکدا حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : ـ هەر جوملەیەك کە بانگدەر دەیڵێت خودای گەورە پاش ئەو جوملە دەفەرموێ (صدق عبدي) ، کاتێ ئەیشتە (حي علی الفلاح) ئەفەرموێ (صدق عبدي)و ئەمە دەبێتە وەعدە لەلایەن خواوە بەوەی هەرکەس بڕوا بەدەم ئەو بانگەوە خودای گەورە ڕزگاری دەکات‌و ، لە سزاو ئازای قیامەت ئازادی دەکات •

(ابو هريره) خوای لێ رازی بێ ئەفەرموێ : لەسەر فەرموودەی حەزرەت (د • خ)ئەو کەسەی کە تەرکی جەماعەتی کردوە بە عادەت بۆ خۆی‌و ، هەرگیز نەچوە بۆ جەماعەت بەهەر شوێنێکدا بڕوات مەلائیکە نەفرینی لێ‌ئەکاو لەعنەتی لێ‌ئەکا • ریوایەت کراوە ئەوکەسەی کە نوێژی عیشا بە جەماعەت ئەکات‌و ، لەپاش هەموو خەڵکەکە لە مزگەوت دێتەدەرەوەو ئەڕواتەوە بۆ ماڵ مەلائیکەکان ئالای نوورین لە پێش دەمیەوە هەڵئەگرن‌و لەگەڵیا ئەڕۆنە ماڵەوەو ، ئەو ئالایە لای سەریەوە دائەچەقێنن ، وە لە بەرەبەیاندا کاتێ هاتە دەرەوە هەمان کۆمەڵە مەلائیکە ئالاکە هەڵئەگرن‌و ، لەپێش دەمیەوە ئەڕۆنەوە بۆ مزگەوت ، ئەمە هەموو لەبەر ڕێزلێکرتنی ئەم شەخصەیە لەناو مەلائیکەکاندا • جا ئەگەر هات‌و ئەم

نوێژ کەرە لەپاش نوێژی سبەینی لە مزگـەوت نەیەتـەدەرو خەرێـکی ذیکر بێ هەتا رۆژهەڵدێ ، ئەنجا دوورکات نوێژی (سنة الاشـــراق) بکات ئەوسا بێتە دەرەوەو بڕواتەوە بۆ ماڵی خۆی ئەوا ئەم دوورکاتـەی بەقەدەر حەجێـکی سوننەت ئەواب‌و قازانجی تێدایە ، ئەم‌باسەم لە نامەی عیبادەتدا نووسیوە • بەڵێ ئەگەر ئەم برایە ئەو نوێژی عیشاو سبەینێ‌یە بە جەماعەت نەکا ، یا پاش نوێژ ذیـکر نـەکا ئـەم پاداشـــە زۆرانـــەی دەست‌ناکەوێ هەچەند لە پاش سوننەتی ئیشراقیش لە مزگەوت بێتە دەروە •

دەگێڕنەوە پیاوێـکی کوێر هەبوو بەدەوام لە کاتی خۆیا ئەرۆیشت بۆ مزگەوت جەماعەتی ئەکرد ، تەنانەت لە کاتی باران‌و ســـەرمایشـــدا هەروابوو ، خێزانەکەی سەرزەنشتی ئەکـردو پـێ‌ی‌دەوت تـۆ خـودا مەعذووری کردویت ، بۆچ وا خۆت ئازارئەوەی ؟ ئەویش ئەیوت تـــا شوکرانەبژێری خوا بەجێ‌بێنم کە دەست‌و پێ‌ی ساغ‌و سەلامەتی پێداوم ، شەوێ زۆر بە نارەحەتی گەیشتە مزگەوت‌و نوێژی بە جەماعەت کـردو هاتەوە ، ئەو شەوە نووست ، بۆ سبەینێ کە لە خەو هەستا هەردوو چاوی رووناك بووبوونەوەو ئەیانبینی ، ئەویش وتی بە ژنەکەی ئەمە جـەزای ئەو شوکرە بوو کە دەمکرد •

لە تەفسیری (منیر)دا دەگێڕێتەوە کە لە رۆژی قیامەتدا لە کاتـی رابواردن بەسەر سیراطدا قەرەباڵغێـکی زۆر ماتڵ ئەبن‌و ناوێرن بەسەر ئەو پردەدا رابوورن ، مەلائیکەکان لێ‌یان ئەپرسن ئایا ئێوە لە دنیادا لـە مزگەوتا نوێژتان کردوە بە جەماعەت ، ئەوانیش ئەڵێن : بەڵـــێ ، جـا مەلائیکەکان پێیان‌دەڵێن : خودا ئەو مزگەوتانەتان بۆ دەکـات بە وێنـەی کەشتی‌و ، هەرچۆن کەشتی دەبێ بەهۆی رابووردن بە دەریادا ئێوەش وەها لە ناو مزگەوتەکانتانا ڕادەبوورن بەسەر (سیراط)دا •

دەگێڕنەوە کە ئینسان لە پاش مردن کردەوەی دەبڕێتەوە لە سێ ڕێگەوە نەبێ ، یەکێ لەوانە صەدەقەی نەبڕاوەیە وەك دروست کردنی مزگەوت ، هەروەها دەگێڕنەوە کە موسوڵمان سێ شوورای هەیە مەنعی ئاگری جەهەننەمی لێ بکات ، یەکەم ذیکری خودا ، دووەم خوێندنی قورئان ، سێ‌هەم چوونە ناو مزگەوت ، تەنانەت لە ڕۆژێکدا کە دەجال دێتە ڕوی دنیا هەرکەس بڕواتە مزگەوت لە ئاشووبی دەجال پارێزراو دەبێت •

لە حەدیثێکی‌تردا هەیە کە نووری سەرعەرز لە مزگەوتەکانەوەیەو نووری مزگەوتەکان لە (کعبة الله) ەوەیە • هەروەها ڕیوایەت کراوە هەرکەس خووبگرێ بە چوونە ناو مزگەوتەوە بۆ جەماعەت‌و قورئان خوێندن‌و ذیکرکردن ، خوای گەورە پێنج بەهرەی پێ‌دەبەخشێ ، یەکەم ڕزق‌و ڕۆزی زۆر ئەکات ، دووەم لە سزای دۆزەخ پارێزراو دەبێت ، سێ‌هەم نامەی کرداری لای ڕاستەوە پێ‌دەدرێ • چوارەم وەك بروسکە بەسەر سیراطدا ڕادەبووڕێ ، پێنجەم بەبێ‌حیساب ئەچێتە بەهەشت •

نامەی نۆزدەهەم

باسی ئەحکامی مزگەوتە

بسم الله الرحمن الرحیم

پاش ئەمە برا خۆشەویستەکانم ! لەم عەریزەدا باسی ئەوەتان بۆ ئەکەم کە موسوڵمانان بەهۆی قسەی بێسوودو پڕوپووجەوە لە مزگەوتدا گیرۆدەی گەلێ تاوان دەبن ، لە شوێنێکدا کە حەق وایە موسوڵمان بەبار خێراتو حەسەناتی تێدا وەربگرێ • هەروەها کەمێک لە خێروچاکەو پاداشتی ئەوانەش باس ئەکەم کە دڵیان بە مزگەوتەوە بەسراوەو ، حەزئەکەن هەمیشە مزگەوتەکان بە عیبادەتو خوداپەرستی ئاوەدان بکەنەوە ؛ چونکە لەسەر فەرموودەی حەزرەت (د • خ) ئەوکەسەی بەدڵ حەزبکات بڕوات بۆ مزگەوتو لەوێ خەریکی خوداپەرستی بێ ئەوە لەو کەسانەیە کە لە رۆژی قیامەتدا لە سێبەری عەرشی خودادا جێیان ئەکەنەوەو ، هەر هەنگاوێ کە دایئەنێ لە رێی رۆیشتنیدا بۆ مزگەوت خودای گەورە بەوە گوناهێکی لەسەر لائەباتو چاکەیەکی بۆ ئەنوسرێ •

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا وەعدەی داوە بەوکەسانەی

ئەڕۆن بۆ مزگەوت بۆ خواپەرستی کە هەنگاوەکانیان ئەنووسیٚو جەزایان بەخێرات لەسەر دائەنیٚ ، وەکو فەرموویەتی : « ونكتب ما قدموا وآثارهم » وە لەباتی یەك هەنگاو دە دەوڵەتو پایەی قیامەتی بۆ ئەنووسریٚ • وە ئەگەر ئەواب‌و پایەی ئەهلی مزگەوت‌و ئەوانەی ئەڕۆن بۆ مزگەوت بۆ خواپەرستی‌و ، خەریکی عیبادەت ئەبن‌و بە ئەدەب دائەنیشن ، بنووسم لە دوو شت ئەترسم ، یەکەم ئەترسم من بەم‌حاڵەوە نەتوانم هەموو ئەو ئەوابەو ئەو ریوایەتانە کە بە تەواوی واریدبوون لە خێراتی ئەهلی مزگەوت‌دا تەواو بکەم • دووەم ئەترسم هەندیٚ کەس بەهۆی بیٚ‌هێزیی باوەڕەوە بکەونە ناو زیانی ئینکارو بڵێن چۆن بەرامبەر بە چوونە مزگەوت ئەم هەموو خێرو ئەوابە بۆ ئینسان بریارڕ ئەدریٚت •

برا خۆشەویستەکانم ! هەروەك باوەڕ ئەکەن بەوەی کە خوای گەورە بەرامبەر ئیمان‌و کردەوەی چاکە بەهەشتی نەبڕاوە دەدات بە موسوڵمان ، ئەگەرچی ئیمان‌و کردەوەی موسوڵمان لەچاو بەهەشتدا وەك قەترە بەدەریایە ، وەهاش باوەڕ بکەن کە خودای گەورە بە ئیحسان‌و کەرەمی خۆی بەرامبەر بە پەیوەندیی موسوڵمان لەگەڵ مزگەوتداو بەرامبەر بە نویٚژ کردن‌و ناوی خودا هێنان‌و قورئان خویٚندن‌و ئیعتیکاف‌و خیرەکانی‌تر لەناو مزگەوتدا ئەوەندە پاداشتی چاکە بەو موسوڵمانە ئەدات کە بەئاسانی حسیٚب نەکریٚ •

ریوایەت‌کراوە لە هەموو شەویٚکدا مەلائیکەکان بانگ لە ئەهلی گۆڕستان ئەکەن‌و پیٚیان دەڵیٚن : خوزگە بە کیٚ ئەخوازن لە ئەهلی دنیا ؟ ئەوانیش لە وەڵامدا دەڵیٚن : خوزگە بە ئەهلی مزگەوتەکان ئەخوازین ، ئەوان نویٚژ دەکەن‌و ذیکری خودا دەکەن،بەڵام ئیٚمە حاڵی ئەوانەمان نیە•

براکان ! خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا مەدحی ئوممەتی

حەزرەتی (محمد)ی کردوە (د • خ)ۆ فەرموویەتی « في بيوت اذن الله ان ترفع ويذكر فيها اسمه يسبح له فيها بالغدو والآصال رجال لا تلهيهم تجارة ولا بيع عن ذكر الله واقام الصلاة وايتاء الزكوة » • جوملەی « اذن الله ان ترفع » باسی گەورەیی پایەی مزگەوتەکانەو ، بەوە مەدحیان دەکات کە ناوی خودایان تیا دەبرێو عەرزی رازو سکالاو داماوییان تیا دەکرێت لە بارەگای خودای گەورەداو ، نوێژی فەرزو سوننەتیان تیا دەکرێت ، هەروەها ئەوانەی نوێژیان فەوتاوە قەزای نوێژەکانی خۆیانیان تیادەکەنەوە بەمەرجە ئەگەر قورئان خوێن نەبن بڕۆنە لای زانایێکی باش فاتیحەکەیان فێر بنۆ ، تەحیاتۆ واجباتەکانی‌تر رەوان بکەن ، خۆ ئەگەر قورئانخوێنو زانا بن هەر بەخۆیان قەناعەت بکەن ، وە لەپاش بەجێ‌هێنانی واجباتو سوننەتەکان دەس‌بکەن بە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزو بەقەدەر توانا قورئان بخوێنن •

براکان خوێندنی یەکجاری سوورەتی فاتیحە بەقەدەر خوێندنی درێژترین سوورەت لە سوورەتەکانی قورئانی پیرۆز خێرو پاداشی هەیە ، خۆ ئەگەر پازدە جار بخوێنرێ ئەوە بەقەدەر سی جوزئەی قورئان ئەوابی هەیە • وە ئەگەر صەد جار بخوێنرێ ئەوە بەقەدەر خوێندنی دوهەزارو چوارصەد پەڕە لە قورئان خێری هەیە ، ئەمەش لە گەورەییو میهرەبانیی خوداوەیە •

شێخ ئەحمەدی ئیبنوحەجەر ، رحمەتی خودای لێ بێ ، لە شەرحی کتیبی (عوباب)دا فەرموویەتی : سوننەتە لەناو مزگەوتدا هەڵقەی ذیکر بەسترێو ، هەڵقەی دەرزی عیلم دامەزرێ بەمەرجێ کە نەبنە هۆی سەرلێ‌تێکدانی نوێژکەرەکانو ، وەزعێکی وەها پەیدا نەبێ لە مزگەوتدا کە شێوەی بێ‌قەدری بدات بەو مزگەوتە • هەروەها

فەرموویەتی : سوننەتە ئینسانی موسوڵمان لە مزگەوتا بمێنێتەوە ؛ چونکە فەرموودەی حەزرەتە « المساجد بیوت المتقین ، فمن یکن المسجد بیتە یضمن اللە لە الروح والرحمة والجواز علی الصراط الی الجنة والنجاة من النیران » واتە : مزگەوتەکان ماڵی خاوەن طاعەتەکانن‌و ، هەرکەس مزگەوت بکا بە ماڵی خۆی خوای گەورە ئاسایش‌و میهرەبانی‌و تێپەڕینی بەسەر پردی سیراطدا بۆ بەهەشت‌و رزگار بوونی لە ئاگری دۆزەخ بۆ مسۆگەر ئەکات •

دەگێڕنەوە رۆژی حەزرەت (د • خ) تەشریفی برد بۆ مزگەوت تەماشای کرد لە مزگەوت‌دا دوو هەڵقە دامەزراوە لە یەکێکیاندا ذیکری خودا ئەکەن‌و لە یەکێکیاندا خەریکی باسی زانیاری‌ی ئایینن ، واتە باسی ئیمان‌و ئیسلام‌و ئەحکامی ئایین ئەکەن ،لەوێدا حەزرەت (د • خ) فەرمووی دوو هەڵقە هەردوو خاوەن فەضل‌و بەنرخن بەڵام هەڵقەی علمەکەیان گەورەترە ، وە لە گەڵ کۆمەڵی باسی عیلم‌و دینا دانیشت • باسی گەورەیی ذیکرو صەلەواتم لە نامەیەکی تایبەتیدا نووسیوە •

وەك وتمان جوملەی (اذن اللە ان ترفع) ئیشارەیە بۆ لای پایەو قەدری مزگەوتەکان ، لەم‌خوسووسەوە زاناکانی دین فەرموویانە : لەم تعظیمەوە دەردەکەوێ کە واجبە ئینسانی موسوڵمان لە مزگەوتدا خۆی بپارێزێ لە کردەوەی حەرام‌و ناڕەواو لە وتاری ناشیرین‌و لە شتی بێهوودەو بێ‌سوود • هەر لەم بابەتەوە ئیمام « فخر الدین »ی رازی لە تەفسیرەکەی‌دا فەرموویەتی : مەبەست لە جوملەی (ان ترفع) بەگەورەزانینی مزگەوتەکان‌و پاك راگرتنیانە لە پیسی‌و پاراستنیانە لە کردارو وتاری بێهوودەو ناڕەوا • هەروەها جلال‌الدینی سیوطی‌یش لە تەفسیری (الدر المنثور)دا فەرموویەتی مەبەست لە (ان ترفع)

بەگەورەدانانی مزگەوتو پاكراگرتنیەتـی لە هەموو كـرداروو تاریكی ناشیرینو ناپەسەند • دیارە وتاری حەرامو ناڕەوا وەكو غەیبەت واتـە : قسەی خراپی پاشملە ، یا نەمیمە ، واتە دووزمانیو قسەهێنانو قسەبردن ، یا بوختان واتە بە درۆ كرداروو تاری ناشیرین بدەی بەسـەر یەكێـكدا ، یا جنێودانو ئاژاوە هەلـگیرساندنو شـەڕنانەوە ، یا گـاڵتە بە هەژارو داماوان یا دەربڕینی حەسوودیو كینەی دڵ لەگـەڵ خەڵـكاو فڕوفێـڵ كردنو گوناهە گەورەكانیتر كە لە نامەی (كبائر)دا نووسـراون • كردەوەی حەرامیش زۆرن ، بۆنموونە وەك ئەوەی یەكێـك كەوشـی پیس یا داری پیس یا عاسای پیس بباتە ناو مزگەوتـەوە یاوەكو بردنـی سووتەمەنی پیس بۆ مزگەوتو بۆ مەبەستی گەرمكردنی مزگەوت لەوێ بیسووتێنێ وەكو تەپاڵەو پشقل ، بەڵام ئەمە بەمەرجێ حەرامە كە تەڕبنو مزگەوت پیس بكەن ، واتە : ئەگەر وشك بن سوتاندنیان لە مزگەوتـدا حەرام نیە ، تەنها كەراهەتی هەیە • وە ئەگەر چرای ڕۆنی پـاك نەبـوو دروستە بە ڕۆنی پیس چرا هەڵبگیرسێنن لە مزگـەوتدا بەشـەرتێ مزگەوتەكە پیس نەكات • هەروەها غافڵبوون لە خودا لە مزگـەوتداو پێـكەنین بـە دەنـگی بەرزو پەنجەتەقاندنو زیـاد لـە عـادەت دەنگبەرزكردنەوە لە مزگـەوتدا ناپەسـەندو نـاڕەوان بـەڵام تەنهـا مەكرووهنو حەرام نین • تفو بەڵغـەمو چڵـم فـڕێدان بۆ دیـواری مزگـەوتو حیكایەتكردنی بێسـوودو بەرەڵلاكـردنی شێت یا منـاڵی بێتەمیزو ، خواردنو خواردنەوە لە مزگەوتدا بەجۆرێ كـە كاربكاتە دابو نەریتو ئادابی مزگەوت ئەمانە هەموویان بە فیعلی حەرام حسێب دەكرێنو ، پێویستە موسوڵمان ئاگای لێیان بێت • تەنانـەت لای ئیمـام ئەحمەدی كوری حەنبەل ، خودای لێ رازی بێ ، تێكڕا خـواردن لـە مزگەوتدا حەرامە ، بەڵام لای ئیمامی شافیعی ، خوای لێ رازی بـێ ،

خواردن له مزگه‌وتدا حه‌رام نیه ئه‌گه‌ر مزگه‌وته‌که ته‌ڕو پیس نه‌کات •

قال في شرح العباب : ويباح الجلوس في المسجد مع الحدث بلا كراهة والنوم فيه بلا كراهة اتفاقا ، سواء الغريب والاعزب وغيرهما ، والاكل مع بسط سفرة بشرط ان لا يتأذى به اى باحد الاشياء الثلاثة من النوم ومابعده احد من الناس او من غيرهم كالملائكة ان لم تتلوث به ارض المسجد او حصره او لم يتلوث بما يتولد منه نحو قشر المأكول او نواه او عظمه ، والا حرم • قال ابن العماد واتفق الاصحاب على حرمة تلويثه بالطعام وعلى حل الاكل فيه ان لم يحصل منه ايذاء واستقذار كما هو ظاهر مع التأذي ، والاولى ترك ذلك •• انتهى •

براكان ! به‌م‌جۆره وتارو كرده‌وانه كه باسمان كردن پایه‌و حورمه‌تی مزگه‌وت ئه‌شكێ‌و خودای گه‌وره رێگای پێ‌نه‌داوین به‌و شێوه نابارە بڕۆینه مزگه‌وت،به‌ڵكو له‌گه‌ڵ ئه‌و وه‌زعه‌دا ئه‌گه‌ر نوێژێكیش بكه‌ین خێری نوێژه‌كه‌مان مه‌حو ده‌بێته‌وه ، سه‌رباری ئه‌وه‌شس به گوناهباری له مزگه‌وت ده‌رده‌چین • پێویسته بۆ قسه‌ی غه‌یری ذیكری خودای گه‌وره ئه‌گه‌ر قسه‌یه‌كی پێویست بوو بچینه ده‌ری مزگه‌وت‌و له‌وێ قسه‌كه بكه‌ین ، ئه‌گه‌رنا له رۆژی قیامه‌تدا له‌سه‌ر ئه‌و قسه‌یه ، ئه‌گه‌ر حه‌ڵاڵ بێ حیساب هه‌یه‌و ، ئه‌گه‌ر حه‌رام بێ عه‌ذاب هه‌یه •

براینه ! ئه‌گه‌رچی له شه‌رحی (عباب)دا فه‌رموویه‌تی قسه‌ی حه‌ڵاڵ له مزگه‌وتا دروسته ، چونكه حه‌دیثێ هه‌یه ئیمامی (مسلم) ریوایه‌تی كردوه كه حه‌زره‌ت (د • خ) كه نوێژی به‌یانی‌یانی ده‌كرد له مزگه‌وت ده‌رنه‌ده‌چوو هه‌تا هه‌تاو ده‌كه‌وت ، ئه‌صحابه‌كانیش باسی قسه‌ی زه‌مانی (جاهلیه‌ت)یان ده‌گێڕایه‌وه‌و ، جاربه‌جاریش حه‌زره‌ت (د • خ) زه‌رده‌خه‌نده‌یه‌كی ئه‌كرد ، به‌ڵام ئه‌م شێوه بۆ ئێمه ده‌س‌نادات ، چونكه

حیکایەتەکانی هەموو چوەتەوە سەر زەمی زەمانی جاهلیەتو مەدحی زەمانی ئیسلامو سەعادەتو ، بووە بەهۆی هێزی ئیمان ، بەڵام بۆ ئێمە وا نیە بەڵکو قسەکردنی حەڵالیش ئەکێشێتەوە سەر شتی بێهوودە ، کەواتە بۆ ئێمە با دروستیشی بێ هەر کەراهەتی هەیە •

ئەگەر یەکێ بە بێسەبەب شتێکی بۆنداری وەك سیرو پیازو تووری خوارد ، ئەوە حەرامە بچێتە ناو مزگەوتەوە ، چونکە ئەذیەتی موسوڵمانانو مەلائیکە ئەدات ، تەنانەت ئەگەر مزگەوتەکەش کەسی تیا نەبێ هەر حەرامە لەبەر ئیحتیرامی مەلائیکەکانی مزگەوت • بەڵام ئەگەر بۆ دەرمان خواردی ئەوە نە حەرامەو نە مەکرووهەو ، دەبێتە عوزر بۆ تەرکی جەماعەت ، واتە ئەگەر نەڕوا بۆ جەماعەت قەیناکا •

براکانم ! خودای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی : « ومن یعظم حرمات الله فهو خیر له » واتە : هەرکەسێ بە قەدرو حورمەتەوە تەماشای ئەو شتانە بکات کە خودا حورمەتی پێداون ئەوە باشترە بۆی • ئاشکرایە ئەمانەی کە لەپێشەوە مەنعمان کردن،لەوشتانە کە موناسبی مزگەوت نەبوون هەموو شتێکن کە هەتکی حورمەتی مزگەوت ئەکەن • کەوابێ پێویستە ئاگادار بن • تەنانەت حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی « لا تعظموني في المسجد » واتە : لە مزگەوتدا زیادەرێزم لێ مەگرن ، لە ریوایەتێکیتردا « لا تفضلوني في المسجد » ، واتە بۆنموونە : کە هاتمە مزگەوت لەبەرم هەڵمەسن ؛ چونکە مزگەوت جێگەی تەعظیمی خودایە ، جێگەی طاعەتو لەخواترسییە ، جێگەی ئەوە نیە خەریکی ئیشوکاری عادەتی بن مەگەر بە صودفە هەڵبکەوێ •

دەگێڕنەوە پیاوێکی پیاوچاكو رەفتارپاك جارێ ویستی مەنعی کۆمەڵێك بکا کە لە مزگەوتدا خەریکی گاڵتەو گەپ بوون ، یەکێکیان

بێشەرم بوو چوو بەکۆڕی ئەو پیاوە باشەدا • شەو پیاوە باشەکە لە خەودا چاوی پێکەوت ئەوکەسە کە بێحەیاتی لە گەڵ ئەوا کردبوو، خودا شێوەی گۆڕیوە بە شێوەی سەگێو ، پێیانوت لەبەرئەوەی لەگەڵ تۆدا بێحەیایی کرد خودا شێوەی ئەو ئینسانەی مەسخ کردوە •

ریوایەت کراوە حەزرەت (د • خ) رۆژێ فەرمووی بە ئەصحابەکان : ئەوکەسانەتان پیشان دەدەم کە نە دەستنوێژو نەنوێژو نە رۆژوو نە زەکاتو نە حەج قەبووڵ ناکرێ لێیان ؟ئەصحابەکان عەرزیان کرد : بەڵێ یارسول الله پێمان نیشان بدە ، فەرمووی ئەوکەسانەن کە دەستنوێژ دەگرنو دەڕۆن بۆ مزگەوتو دوو رکات نوێژی سووك ئەکەن ، ئەنجا پشت لە قیبلەی مزگەوت دەکەنو دەس بە قسەی دنیایی رووت ئەکەن ، قەسەم بەخودا مەلائیکەکان بەوانە ئەڵێن : ئەی دوژمنەکانی خودا بێدەنگ بن ، برۆنەوە بۆ ماڵی خۆتان لەگەڵ عاجزبوونی خودا لێتان • یەکێك لە ئەصحابەکان عەرزی کرد ئێمە لە ماڵی خۆمان دێینە دەرەوەو دەگەین بە برادەرو دۆستەکانمان ، چۆن لە مزگەوتدا قسەیان لەگەڵ نەکەین ؟ ئەویش فەرمووی خودا فەرموویەتی : « فاسعوا الی ذکر اللـه » واتە برۆن بۆ ذیکری خودا ، نەیفەرمووە (فاسعوا الی ذکر الدنیا) •

لە حەزرەتی (علی)یەوە (د • خ) ریوایەت کراوە کە فەرموویەتی :ـ خودای گەورە وەحیی کرد بۆ حەزرەتی عیسای کوڕی مەریەم ، علی نبینا وعلیه الصلاة والسلام ، کە خەبەر بدە بە بەنیئیسرائیل با نەرۆنە هیچ خانوویەك لە خانوەکانی من بە دڵێکی پاكو خاوێنو نەفسێکی لەخواترسو چاوێکی داخراوو دەستێکی پاکەوە نەبێ • براکان ! مزگەوت وەکو مەجلیسی خودا وایە ، هەرموسوڵمانێك لە مزگەوتدا بێ هاومەجلیسی خودای گەورەیە ، حەیفە بۆ کەسێ کە هاومەجلیسی

خودا بێ بە ئەدەب نەبێو رێز لە هاومەجلیسەکەی نەگرێ ، جا کەسێ ئەم ئەدەبەی نەزانی ئەوە خودای گەورە ئیهانەی ئەکاتو سووکی ئەکات •

ئەنەسی کوڕی مالیك ، خودای لێ رازی بێ ، دەگێڕێتەوە کە حەزرەت [د • خ] فەرموویەتی : من احب الله فليحبني ومن احبني فليحب اصحابي ، ومن احب اصحابي فليحب القرآن ، ومن احب القرآن فليحب المساجد افنيتها وابنيتها • اذن الله في رفعها وبارك فيها وميمونة وميمون اهلها ، محفوظة محفوظ اهلها ، مزينةمزين اهلها ، وهم في صلاة الله والله يقضي حوائجهم وهم في مساجد الله والله من ورائهم ، واته کەسێ کە خودای گەورەی خۆش بوێ پێویستە منیشی خۆش بوێو ، کەسێ کە منی خۆش بوێ پێویستە قورئانی پیرۆزی خۆش بوێو ، کەسێ کە قورئانی خۆش بوێ پێویستە مزگەوتی خۆش بوێ ، چ بینای خانوەکانیو چ دەوروبەری • خودای گەورە رێگای داوە بەرزبکرێنەوەو بەرەکەتو پیرۆزی پێداون ، خۆیان موبارەكو ئەهلەکانیشیان موبارەکن ،خۆیان لە شەیتانەکانی ئینسو جن پارێزراونو، ئەهلەکانیشیان پارێزراون ، بە ئیمانو باوەڕ رازاونەتەوە ، ئەهلەکانیشیان بە ئیمانو باوەڕ رازاونەتەوە ، لەوکاتەدا کە ئەوان خەریکی نوێژن خودای گەورە پێویستیی ئەوان جێبەجێ ئەکات ، لەوکاتەدا ئەوان لە مزگەوتدان خودای گەورە لەپشتیانەوەیەو ئەیانپارێزێ •

ریوایەت کراوە غەریب لە جیهاندا چوار جۆرن : قورئان لە دەروونی پیاوی ستەمکاردا ، مزگەوت لەناو گەلی نوێژنەکەرانو رۆژوونەگراندا ، قورئانی پیرۆز لە ماڵێکدا کە نەخوێنرێتەوەو دەورنەکرێتەوە ، ئینسانی چاكو کرداباش لەناو گەلی فاسقانو لەرێلادەراندا •

ریوایەت کراوە حەزرەت (د • خ) لە باسی زەممی گوناهباراندا فەرموویەتی : لە ئاخرزەماندا هەندێ لە ئوممەتی من دەڕۆنە مزگەوتێ هەڵقە هەڵقە دائەنیشن ، ذیکریان هەر دنیاو خۆشەویستیی دنیایە ، لەگەڵ ئەوانە لە مزگەوتدا دامەنیشن •

ریوایەت کراوە جارێ مزگەوتێ لە مزگەوتەکان بەرزبوویەوە بۆ ئاسمان تا لە بارەگای خودادا شکات لە ئەهلی مزگەوتەکە بکات لەسەر ئەوەی کاتێ کە دێن بۆ مزگەوت لە باتی ناوی خوداو ذیکر کردن وتاری حەرامو بێهوودە دێ بەدەمیاندا ، لە ئاسماندا کۆمەڵێ مەلائیکە هاتن بەپیریی ئەو مزگەوتەوەو پێیان وت شکاتی تۆ پێویست نیە ، ئێمە مەئموورین بۆ سەر ئەو قەومەو ئەیانفەوتێنین • ئەی برادەران ئەم ریوایەتە لەسەر ئەوە دامەزراوە کە حەقیقەتی هەمووشتێ زانستێکو هەستێکو تەسبیحێکی بۆ دانراوە ، ئەوەتە خوای گەورە دەفەرموێ « سبح لله مافي السموات ومافي الارض » کەوابێ ئەگەر حەقیقەتی مزگەوت شکات لە قەومی خراپ بکا لەبارەگای خودادا جێگەی (تعجب) نیە ، چونکە حەقیقەتی مزگەوت دارو بەرد نیە •

شایانی باسە کە ئادابی مزگەوت لە حەقدە زۆرترن ، یەکێکیان ئەوەیە کە ئینسان رۆیشتە مزگەوت پێی راستی پێش بخاتو کە هاتەدەرەوە پێی چەپی پێش بخات • دەگێڕنەوە : ئەحمەدی بەصری کە پیاوێکی چاك بووە جارێ لە چوونەمزگەوتدا پێی چەپی پێش خست ، لە کەفارەتی ئەم خیلافەسوننەتەدا بەندەیێکی بۆ ئازادی کرد •

سوفیانی ثەوری (د • خ) جارێک لە چوونەمزگەوتدا پێی چەپی خستە پێش ، لەوێدا هاتیفی بانگی کرد (یا ثور)واتە (گا) ئیشارەیە بۆ ئەوە کە بە بێعەقڵی پێیچەپی پێشخستوە • براکانم ! ئەو پیاوە صاڵحە

لەسەر ئەو خیلاف سوننەتە لێی زویر بوون‌و بە گاجوت بانگیان کردوە •

برا خۆشەویستەکانم ! کاتێ ئەتانەوێ بڕۆنە ناو مزگەوت تەماشای پێلاوەکانتان بکەن ئەگەر شتێکی پیسیان پێوە بوو بەقەدەر توانا تێکۆشن پاکیان بکەنەوە با پێلاوەکانتان مزگەوتەکە پیس‌نەکا ، وە ئەگەر دیتان شوێنێ لە مزگەوت پیس بووبوو واجبە لەسەرتان ئەو پیسی‌یە لابەن ، هەروەها سوننەتە شتێکی بۆن‌خۆش لەو شوێنە بدەن هەتا بۆنی خۆش بکاو ، ئەهلی مزگەوت لەباتی ئەو شتە پیسە بە بۆنی خۆشی شتە بۆن‌خۆشەکە کەیف‌خۆش بن •

دەگێڕنەوە رۆژێ شەخسێ رۆیشتە مزگەوتەوەو کەوشەکانی خۆی کوتا بە عەرزی مزگەوتەکەدا ، ئیمامی ئەعظەم (ر • خ)لەو شوێنەدا بوو فەرمووی ئەگەر ئەو کابرایە کەوشەکانی بە رووی مندا بکوتایە پێم خۆشتر دەبوو لەوەی کە کوتای بە عەرزی مزگەوتەکەدا •

براکان ! خودای گەورە مزگەوتی خۆش‌دەوێ‌و رێزو پایەی پێداوە ، واجبە ئێمەیش حورمەتی بگرین ، هەرکەس مزگەوت بێ‌حورمەت بکا خوای گەورەش ئەوکەسە بێ‌حورمەت ئەکات • کاتێ چوونە مزگەوتەوە وەها بڕۆن بەپێی خۆتان ئازاری کەس مەدەن ، سەلام بکەن لە حازرانی مزگەوت ، ئەگەر لە نوێژا نەبوون ، خۆ ئەگەر لە نوێژدا بوون ئەوا سەلامیان لێ مەکەن‌و بەس بڵێن « سبحان الله والحمد لله ولا اله الا الله والله اكبر ولا حول ولا قوة الا بالله العلي العظيم » ، ئەگەر خوا مەیلی بێ ئەمە لە جێگەی ئەو دوورکاتە نوێژەی دیاری مزگەوتدا دائەنیشێ هەرچەند ئەمە قەولێکی مەرجووحە •

موسوڵمان کە رۆیشتە مزگەوتەوە ئەبێ بیری ئەوە بکاتەوە کە میوانی

خودایەو خـودا زۆر گەورەیە ، میوانـی خۆی دەرناکـاتو حورمەتـی ئەکرێو ، میوانداریی خودا بۆ عەبدی خۆی عەفوکردنـــی گونـاەو بەرزکردنەوەی پایەیەتی •

لە فەرموودەی پێغەمبەردا هەیە کە مزگەوتەکـان بازاری قیامەتـن لەو بازارەدا پێویستـیی رۆژی قیـامەت دەسـئەکەوێ کە طاعـەتو عیبادەتە ، کەواتە برای خۆشەویست ! پێویستـە ئینسان لە مزگەوتدا بـە ئەدەب دابنیشێ چونکە میوانی خودایەو میوان ئەبێ رێز لە خاوەن مەنزڵ بگرێو تەماشای پایەو شانی بکات •

ریوایەتکراوە کە لە زەمانی بەنیئیسرائیلدا دووکەس رۆیشتن بۆ عیبادەتخانەیەک ، کاتێ گەیشتنـە دەرگاکەی یەکێـکیان رۆیشتەماڵەوە ، ئەویتریان هەر لە دەرگای عیبادەتخانەکەدا کەوتو دەستیکرد بەگریانو وتی من زۆر تاوانبـارمو بێگوێیی خاوەنی ئەمشوێنەم زۆر کردووە روومنیە بڕۆمە ژوورەوە • زۆر گریا تا بوورایەوەو گیانی بەخوداسپارد، ئەنجا خودای گەورە وحیی کرد بۆ پێغەمبەری ئەو سەردەمە : ئـــەو شەخصەی کە لەبەر شەرمو حەیای خوی لەهۆشچوو مرد من هـەموو گوناهەکانم عەفوکردو ، لە ریزی (صدیقان)دا نووسیم •

براکـانم ! خۆخەریککردن بـە کڕینو فرۆتنەوە لـە مزگەوتدا مەکرووهە ، ئەگەر سەر لەنوێژکەران نەشێوێنیو ، ئەگەر شێواندی ئەوە حەرامە ، مەگەر زۆر پێویسـت بێو ببێتە هۆی رزقو بژیوی منداڵەکانی ، یا بۆ مارەبڕین بێ ، چونکە لە فەرموودەی پێغەمبەرە (اعلنوا النكاح فـي المسجد) • هەروەها دەرکردنی بای سك لە مزگەوتدا (خلاف الاولی)یە، ئەگەر لە راگرتنیدا زیان نەبێ ، خۆ ئەگەر زیانی تێدا دەبوو واتە : تووشی

ئازاری ڕێخووڵەو ناوسکی دەبوو ئەوە بەرەڵاکردنی دروستە ، بەڵکو واجبە •

بۆ کەسێ کە شتی گومبووبێ دروست نیە لە مزگەوتا پرسیار بکا بەتایبەتی ئەگەر بە دەنگی بەرز قسەبکات ، سوننەتە لە جوابی ئینسانی وەهادا پیاو بڵێ : یاخودا نەیدۆزیتەوە ، ئەگەر ئەم شتەگومبووە زۆر ناچارە با بڕواتە دەرەوەو لە حەوشەکەدا پرسیار بکات ؛ چونکە مزگەوت جێگەی دەنگ‌بەرزکردنەوە نیە مەگەر بۆ ذیکری خودای گەورە •

دەگێڕنەوە ئەعرابییەك وشتری گومکردبوو ، بە دەنگی بەرز لە مزگەوتا بانگی‌کرد کێ وشترەکەی منی چاوپێکەوتوە ، لەوێدا حەزرەت (د • خ) فەرمووی خودا وشترەکەت پێنەداتەوە، بینای مزگەوت بۆ ئەمانە نی‌یە بۆ ذیکری خودای گەورەیە •

خۆشەویستەکانم ! ئەگەر بانگێکی بەرز بۆ دۆزینەوەی شتێکی وون‌بوو ئاوا بێ ئەبێ گۆرانی‌وتن‌و لەهوو لەعبو گۆرەوی‌بازی‌و چەقەچەقی خەڵکی چۆن بێ ، بێ‌گومان تاوانی ئەمانە لای خودا زۆر زۆرە • هەروەها ئەگەر کەسێ کۆکەی لێ بێ پێویستە هەتا بۆی دەلوێ بە دەنگی نزم بکۆکێ‌و بەڵغەمەکەی لە پارچە دەستەسرێکدا داپۆشێ تا ئەیڕواتە دەرەوە • مزگەوت مەجلیسی ئەوانەیە کە لەگەڵ خودای خۆیانا موناجات ئەکەن ، داوای عەفوی تاوان‌و گوناهی لێ ئەکەن ، هەتا ئینسان بەئەدەبتر بێ باشترە • هەروەها پێویستە ئینسان لە مزگەوتا دووربکەوێتەوە لە بێ‌ئەدەبی‌ی زاهیری ، پێویستە لە خوورەوشتی ناشیرین وەك ڕیاو حەسوودی‌و کینەو فیزو خۆبەزل‌زانین خۆی بپارێزێ• ئەم صیفەتانە لە پیسی‌ی زاهیری نابارترن ؛ چونکە دڵ جێگەی عیبادەتەو ، کە ئەم صیفەتانەی تێدابوو ئیتر جێی‌ی عیبادەت‌و

خودابەرستی تێـــدا نابێتـــەوە • پێویستە لـــە قسـەی بێ‌ســـوودیش زۆر دووربـــکەوێتەوە چونـکە ئەوکەســە کـــە لـە مزگەوت‌دایە یا لـــە نوێژیشدا نەبی وەك ئەوەیە کـــە لە نوێژا بێت ، جا هەروەکو قســەکردن لە نوێژا نوێژ بەتاڵ‌ئەکاتــەوە هەروەهــا قســەی بێ‌سوودیش خێری دانیشتنی مزگەوت بەتاڵ ئەکاتەوە ، کـەوابو ئەبێ ئینسانی موسوڵمان کاتێ کە رۆیشتە مزکەوتەوە خەریـکی عیبادەت بــێ وەکو نوێژی (تحیة المسجد) یا نوێژی ســـونەتی پاشـــو پێشـــی نوێژە فەرزەکـــان ، وە لەپاشــ نوێژەکـــان خەریـــکی خوێندنـــی (آیـــة الکرسي)و تەسبیحاتو حەمدو تەکبیری خودا بێ ، پاش ئەمانە ئەگـــەر قورئان‌خوێن بێ خەریـکی خوێندنی قورئان بێ ، ئەگەرنا بەدەنگێـکی‌نزمو نەرم بۆ خۆی خەریـکی (لا الاه الا الله) کردن یا صەڵەوات‌دان بێ ، خۆ ئەگەر شتێـکی دینی بپرســێ لە ئیمامو ئەویش بەنەرمی فیری بکات ئەوە خێری گەلێ زۆرە •

بە هەرحاڵ موسوڵمان کە چوە مزگەوت وەك ئەوەیە کە لە بەردەستی خودای گەورەدا بێ ، دیارە حضووری خودای گەورە لەگەڵ هەڵـگرتنی پیسـی ظاهری یا مەعنەوی‌دا رێـك ناکەوێو ناگونجێت ، کەوابێ پێویستە لە مزگەوتدا بە ذیکرو فیکرەوە دابنیشـن ، ئەگـەر وابن لە لایەنی ذاتی خواوە گەلێ جۆر رێزو پایەتان دەســت ئەکەوێو ان شـاء اللـە مورادی دڵتان جێ‌بەجێ ئەبێ ، ئەگەرنا ئینسانی بێ‌ئەدەب هەمیشـە سووكو ناهومید دەبێو خەیرێـکی ئاخرخەیری دەس‌ناکەوێ •

دەگێرنەوە کە حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : « یاتي علی الناس زمان یکون حدیثهم في مساجدهم في امور دنیاهم ، فلا تجالسوهم فلیس لله فیهم حاجة » واتە زەمانێ دێ بەســەر خەڵـکا کە قسەوباسـی دنیایی خۆیان

لە مزگەوتەکانا دەکەن ، کە ئەوانەتان دی لەگەڵیانا دامەنیشن خوای گەورە پەیوەندی بەوانەوە نیەو ئیشی پێیان نی‌یە •

شایانی زانینە هەتا چل ماڵ لە چواردەوری مزگەوتا بە دراوسێی مزگەوت حسێب ئەکرێن ،وە حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی هەرکەسێ دراوسێی مزگەوت بێ‌و بە بێ‌بەهانە نوێژەکەی لە ماڵی خۆیا بکات‌و نەڕوات بۆ جەماعەت بۆ مزگەوت ئەوە نوێژەکەی ناقیص‌و ناتەواوە • دیارە جوملەی (حي على الصلاة) لە بانگ‌دا دەعوەتی موسوڵمانان ئەکات بۆ مزگەوت بۆ نوێژکردن ، هەروەها جوملەی (حي على الفلاح) دەعوەتی موسوڵمانان ئەکات کە بێن بۆ رزگاربوون لە سزاو مەینەتی قیامەت ، بێ‌گومان هەرکەس هات بەدەنگی ئەم دەعوەتانەوە ئەوە قبووڵ‌کراوی خودایەو جێگەی لە قیامەتدا بەهەشتی ئەبەدی‌ی هەتا هەتایە • خودای گەورە دەفەرموێ « ومن اظلم ممن منع مساجد الله ان يذكر فيها اسمه وسعى في خرابها » • جا هەرچەند ئەم ئایەتە دەربارەی ئەو کافرانە نازڵ بووە کە مەنعی موسوڵمانانیان ئەکرد لە عیبادەتی خودا لە مزگەوتی(مسجد الحرام) لە مەککەی موبارەک ، بەڵام حوکمەکە عامە بۆ هەرکەسێ کە ببێ بەهۆی مەنعی مزگەوت لە موسوڵمانان ، چ بە زۆری دەست مەنعیان بکات یاخۆ بەهۆی بێ‌شەرمی‌و بێ حەیایی‌یەوە مزگەوت سووك بکات‌و ، کارێکی وەها بکات کە موسوڵمانان عیبادەتیان بە باشی بۆ نەکرێ لەو مزگەوتانەدا•دیارە زاڵمی‌ی کافرەکان لەبەرئەوەیە ماوەی موسوڵمانەکانیان نەداوە بۆ عیبادەت کردن • هەر لەبەر ئەم سەبەبە ئەو موسوڵمانانەش کە مزگەوت بە رزق‌و شتومەکی خۆیان مەشغووڵ ئەکەن‌و مەنعی خەڵك ئەکەن لە عیبادەت یا ئەو سەردارانە کە لەشکر لە مزگەوتەکانا دائەنێن‌و ، ئەو دەسترۆیشتوانەش کە مێوانی بێ‌سەروبێی خۆیان لە مزگەوتا دائەنێن‌و ، ئەو بێ‌شەرمانە کە مزگەوت ئەکەن بە شوێنی گەپ‌و گاڵتەو لەهو هەموو

ئەمانە لای خودای گـەورە بە زاڵمێـکی زۆر زاڵـم حسێبئەکرێـن‌و بەرامبەر بە تێکدانی ئوسووڵی مزگەوت بەپێی ئایینی ئیسلام گیرۆدەی گوناهی گەورە دەبن • هەروەها ئەو (متولي)یانە کە ئەوقافی مزگەوت لەدەستیاندایە ئەگەر ماڵی مزگەوت بخۆن‌و فەرش‌و سووتەمەنی‌و چراو پێویستی‌یەکانی مزگەوت جێبەجێ نەکەن ، یا ئەوکەسـانە کە نازرو بەردەسـتی (متولي) ئەوقافن ، ئەوانیش ئەگەر لەو ماڵە وەقفەی کە لە بەردەستیاندایە قصـوور بـکەن لـە جێبەجێ‌کردنی پێویستیەکـانی مزگەوت‌داو ، بێ‌فەرش‌و چرای بکەن ، ئەوانەش هەموو بەپێی مەعنای ئەو ئایەتە بە زاڵمێکی زۆر زاڵم‌و بە ستەمکارێکی نابار ئەناسرێن •

من ئەڵێم لە جوملەی (وسعى في خرابها) دەرئەکەوێ ئەوانەی کـە تێدەکۆشن بۆ وێران‌کردنی مزگەوت با خۆیان حـازر کـەن بۆئەوەی خودایش ماڵی ئەوان وێران بکات ؛ چونکە مزگەوت ماڵی خودایـەو ، مەنعی وەقفـی مزگـەوت وەکـو وێران‌کردنـی مزگەوتەکـەیە • بـە بەراوردێـکی پەنجا ساڵی‌ی خۆم‌و لەسـەر بەراوردی پێشینیانیش بـۆم دەرکەوتوە ئەوانەی ئەوقافیان لەژێر دەستا بودو ، بەپێی بڕیاری واقف خزمەتی مزگەوت یا مەدرەسەیان نەکردوە ، ماڵیان وێران بووەو گەلێ زیانی نابارییان بەسەرا هاتوە ، خوا پەنامان‌بدا •

براکانم ! گەورەیی مزگەوت‌و ئەهلی مزگەوت لە فەرموودەکانـی پێغەمبەردا بەئاشکرایی دەرئەکەوێت ، بەڵام بەومەرجەی کە خەڵـکەکە بەئیحتیرامەوە بڕۆنە ناو مزگەوتەوەو لە مزگەوتا خەریـکی خواپەرستی بن‌و بێجگە ذیکرو فیکرو طاعەت قسـەی تێدانەکەن ، قسەیەك نەبێ کە مەصڵەحەت‌و قازانجی موسوڵمانانی تیابێ ، یا بۆ دڵخۆش کردنی میوانێ بێ کە رووی لە خودا بێ یا هیوای ئەوەی بێ کە رووبکاتە خودا • پیاوە

باشەکانی پێشینان لەوکاتەدا کە لە مزگەوتا بوون ئەگەر شتێکی پێویست بە قسە رووی دابێ چوونەتە دەرەوە قسەکەیان کردوە ، جا پاش قسەکەیان هاتوونەتەوە مزگەوت •

لە حەدیثی شەریفدا هەیە « الضحك في المسجد ظلمة في القبر » واتە پێکەنین لەمزگەوتا ئەبێتە هۆی تاریکی بۆ گۆڕی ئینسان ، تەنانەت لای هەندێ لە ئیمامەکان پێکەنین بە قاقا دەسنوێژ ئەشکێنێ ، بۆیە بە ڕای ئیمامی شافیعی (ر • خ) سونەتە بۆ کەسێ بە قاقا پێبکەنێ دەسنوێژەکەی تازە بکاتەوە • جا هەروەکو قاقای پێکەنین هۆی تاریکیی قەبرە شەونوێژ کردنیش هۆی ڕووناکیی قەبرە • شایانی زانینە هەرکەس لە مزگەوتا قسەی بێهوودە بکات لە ئەنجامدا لاتو گەدا دەکەوێتو لە دینیشدا هەر هەژارو بێدەستەلات دەبێت •

مزگەوت جێگەی پاڕانەوەیە لە خودا ، جێگای داواکردنی رەحمەتو کەرەمە لە خودا ، جێگەی شتی بێسوود نیە • دەگێڕنەوە لە سەردەمی خەلیفەی دووەم حەزرەتی عومەری کوڕی خەططابدا هەژارێ خۆی کرد بە مزگەوتداو داوای شتی لە خەڵکەکە کرد ، ئیمامی عومەر بەپەلە هەستاو ڕۆیشتو پێیوت تۆ لە مزگەوت داوای شت لە غەیری خودا دەکەی ؟ واتە : داواکردن بۆ گەداو نەدارا قەیناکا بەڵام لە مزگەوتدا پێویستە پیاو هەر لە خودا داوای شت بکات •

براکان ! ئەو بێقەدری یە کە لەگەڵ مزگەوتەکانی وڵاتی ئێمەدا دەکرێ لە هیچ وڵاتێکدا چاوم پێی نەکەوتوە ، تەماشا ئەکەی لە کاتی شادیو شیوەندا قەرەباڵغ لەناو مزگەوتدا کۆدەبنەوەو نانو چێشت ئەخۆنو ، بە چەوریو چێشتی ڕژاوو ئاوو توێکڵی میوەو غەیری ئەمانە ناو مزگەوتەکە پیس ئەکەن ، فەرشی مزگەوت دەبەن بۆ ماڵان ساوەری

لەسەر وشک ئەکەنەوە ، زۆر جار کە لە مزگـەوتا دەنـوون فەرشـی مزگەوت بەکاردێنن ، بەمجۆرە هەڵس‌وکەوتانە مزگەوت سووک دەبێت‌و زیانی لێ دەکەوێ • ئەگەر یەکێ بڵێت : ئەی بۆچی لە زەمانی حەزرەتدا (د • خ) ئەصحابی (صفه) لە مزگەوتا نووستوون‌و فەرشـی مزگەوتیان بەکارهێناوەو حەزرەتیش (د • خ) دەستی نەهێناوەتە رێیان ؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێین : ئەو ئەصحابانە خاوەن عیبادەت‌و ریازەت بوون‌و ، هەرگیز لە مزگەوتدا بێ‌ئەدەبی‌یان لێ دەرنەکەوتـوە ، بۆیـە حـەزرەت (د • خ) رازی بووە • ئێمە وەکو ئەوان نین بەڵـکو نووسـتنی ئێمە لـە مزگەوتا کەراهەتی هەیە •

ئەگەر کەسێ لە مزگەوتدا ئیحتیلامی بوو واجبە گـورج بڕواتـە دەرەوە ، مەگەر ترسی سەرمایەکـی توندی هەبێ ، یاخود لەوە بترسێ کە لە دەرەوە پاسـەوان بیگرن‌و تەوقیفی بکەن ، یا ترسـی لەکیس‌چوونی ماڵ یا زیان بە ناموس گەیشتنی هەبێ‌و لـەو دەوروپشتەشـدا ئاو نەبێ یا هەبێ بەڵام ترسی ئەوەی هەبێ ئەگەر خۆی بشۆرێ نەخۆش بکەوێ ، خۆڵی پاکیش نەبێ تەیەمموم‌بکات ، لـەم حـاڵەتانەدا دروستە بـە لەش‌پیسی‌یەوە لە مزگەوتا بمێنێتەوە ، ئەگەرنا گوناهێکی گەورەیە •

براکانم ! قەرەباڵغی شادی‌و خەتەنەسووران‌و هاوچەشـنی ئەمانـە ئەگەر لە مزگەوتا دابنیشن‌و نان‌بخۆن ئەبێتە هۆی فەوتان‌و عەیبداربوونی فەرشـی مزگەوت‌و دەبێتـە هـۆی مەنعـی خەڵـک لە نوێژکـردن لەسەر فەرشە وەقف‌کراوەکە ، هەروەها دەبێتە هـۆی زیانی دینـی‌و دنیایی ئەو خاوەن‌شادی‌یەش کە بوەتە هۆی ئەم کارەساتە ، بەتایبـەتی، ئەوکەسە کە زیان لە ماڵێ‌ئەدا کە وەقف‌کراوە بۆ مزگەوت •

ئەی برادەرینە ! خودای گەورە زوربەی حەقـی زوڵم‌لێ‌کـراوان

دەخاتە رۆژی قیامەت ، چونکە ئەمە بۆ زولْملێکراوەکە زۆر قازانجی هەیە ، زولْملێکراو لە دنیادا بە هەر جۆر بێ گوزەران ئەکات ، بەلاّم ئەو زۆرداره نامەردە لە رۆژی قیامەتا وەها گیرۆدە دەبی خودا نەبێ کەس بە حالْی نازانێ ، تەنانەت ئەگەر بەقەدەر حەفتا پیاوی چاك کردەوەی چاکەی هەبێ هەمووی ئەدرێ بە زولْملێکراوەکانو ئەم زالْمە ستەمکارە خۆی بە رووتیو قووتی بێخێرو چاکەو پاداشت ئەمێنێتەوە ، چونکە هەموو خێرەکەی دەچێت بۆ زولْملێکراوەکە • لەوکاتەدا ئەهلی قیامەت خۆزگە ئەخوازنو ئەلْێن خۆزگە ئێمە لە دنیادا زولْممان لێ کرابایە هەتا لەمکاتەدا ئەم هەمووە خێرو پاداشەمان دەستبکەوتایە • بەلاّم حەقی خانەی خودا هەر لە دنیادا لەو کەسە ئەسەنرێ کە زولْمەکەی لێ کردوە چونکە خودا ئیحتیاجی بە ئەوابی رۆژی قیامەت نیە ، خودا پاكو بێنیازەو هیچ جۆرە ئیحتیاجییەکی نیە ، بۆیە لە دنیادا بەوجۆرە گیرۆدەی ئەکاتو تووشی ئەنواعی دەردو فەلاکەتی ئەکات ، بە سووکیو رەزیلی دەمرێو ، ئەگەر هەلْکەوێ بە رەزیلی نەمرێو دەولْەمەند بێ خوا دنیای وەها لێ تەنگ دەکات کە لە رەزیل خراپتر عومری خۆی بەسەربەرێو خێروخۆشی لەو دەولْەتو مالْەی نابینێ ، وەك چۆن مزگەوت خێری لە وەقفەکانی نەبینی ، هەق بەهەق • بێجگە لەمانەش سزایەك دەدرێ مەگەر هەر خوا بزانێ •

ریوایەتکراوە هەرکەسێ فەرشێ بخاتە مزگەوتەوە یا بە چرایێ رووناکی بکاتەوە • هەتا ئەو فەرشە یا ئەو چرایە بمێنێتەوە حەفتا هەزار مەلائیکە دوعای خێر ئەکەن بۆ خاوەنەکەیان •

لە پیاوێکی باوەڕ پێکراوم بیست وتی : مەلای فلانەدێ بۆی گێڕامەوە،وتی ئەهلی دێ بەنۆبە داریان ئەهێنا بۆ سووتەمەنیی مزگەوت

بەڵام من نەمئەهێنا تا شەوێ لە خەوا چاوم پێ کەوت کە لەوماڵانەوە داریان بۆمزگەوت هێناوە نوور بەرزئەبوەوە بۆ ئاسمان ، تەنها لە ماڵی ئێمەوە نوور بەرز نەدەبوویەوە ، پرسیارم کرد ئەم نوورە چنووریکە ؟ وتیان نووری نۆبەدارە ، وتم ئەی بۆچی نوور لە ماڵی ئێمەوە بەرز نابێتەوە ، وتیان تۆ نوبەدار نادەی • منیش لەوکاتەوە بڕیارمدا کە نۆبەدار بکەمو ، لە نۆبەی خۆمدا دار بدەم بە مزگەوت •

وختەی قسە مزگەوت لەهەر شوێنێکدا بێ دەبێتە هۆی پیرۆزیو دەوڵەتێکی نەبڕاوە لە دنیاو لە قەبراو لە قیامەتدا بۆ ئەهلی ئەوشوێنە بە مەرجێ کە حورمەتی مزگەوتەکەیان رابگرنو بە قسەی بێهوودەی دنیاییو بێ ئەدەبی ئەو دەوڵەتە نەبڕاوە لە دەستی خۆیان دەرنەکەنو ، ئەو ئاسایشی قەبرو قیامەتەی خۆیان لەدەست نەدەن •

لە شەرحی (عەقائیدی نەسەفی)دا کە بە فارسی دانراوە ریوایەتکراوە هەرکەسێ قسەی دنیایی لە مزگەوتا بکا ئەو مەلائیکانەی مزگەوت ئاوەدان ئەکەنەوە لە ترسی بۆنی پیسی دەمی ئەوکەسە لە مزگەوتەکە ئەڕۆنە دەرەوەو ئەڵێن خودایا عەبدەکانی تۆ ئێمەیان لە ماڵی تۆ دەرکرد ، خودای گەورەش لە وەڵامی مەلائیکەکانا ئەفەرموێت بە عیززەتو جەلالی خۆم قەسەم لە پاداشی ئەو کردەوە خراپەو ئەوقسە بێهودانەدا کەسانێکیان بەسەرا زاڵ ئەکەم کە ئەوانیش لە ماڵی خۆیانیان دەربکەن ، وەك ئەوان ئێوەیان لە مزگەوت کردە درەوە • جا لە ماڵ کردنەدەرەوە دوو جۆرە ، یەکەم ئەوەیە کە خودا دووچاری کۆچکردنو لە وڵات دەرچوونیان ئەکات ، دووەم گیرۆدەی تەنگیو کەمگوزەرانی ئەبنو لە ماڵ بێزار ئەبنو ، لەو شوێنە دەرئەچن •

دەگێڕنەوە قسەی خراپ کردن لە مزگەوتا عیبادەتی حەفتا ساڵی کابرا لائەبا •

ئەی برادەرینە ! دەخیلتانبم نەکا شەیتان تەفرەتان بداو پێتان بڵێو بیخاتە دڵتانەوە مادام قسەی خراپ لە مزگەوتا ئەوەندە جەزاکەی قورسە چاك وایە ئیتر نەڕۆینە مزگەوتو لە ماڵی خۆمانا نوێژ بکەین ! ئەمە فێڵی شەیتانە بەگوێی مەکەن ، بەڵکو بە دڵێکی پاك تەوبە بکەنو لەو قسە خراپانە کە لەمەوپێش لە مزگەوتا کردوتانن پەشیمان بنەوەو بڕیاربدەن لەمەوپاش دووبارەی نەکەنەوەو بەئیحتیرام لە مزگەوتا دانیشنو حورمەتی مزگەوت بگرنو هەر عیبادەتی تیا بکەن • هەتا بە میهرەبانیی خودا بەو هەموە ثەوابو پاداشە بگەن • والسلام علیکم •

نامەی بیستەم

باســـی ڕۆژووە

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله سيدنا محمد وعلى الـه وصحبه المجاهدين في سبيل الله ٠

پاش ئەمانە سەلامێکتان لێ ئەکەم کەبێتە هۆی سەلامەتی ئیمـانو گیانی خۆتانو ئەولادەکانتان ٠

بزانن هەرچەند هەمووکەس بەقەدەر حاڵی خۆی ئیشـی چـاکو خراپ ئەزانێو ، ئەزانێ چـاك کامەیەو خـراپ کامــەیە ، بەڵام بیستنی وەعظو ئامۆژگاری لە واعیظانەوە کـار لــە دڵی موسـوڵمان ئەکـاتو قازانجـی زۆرە ٠ خەڵــکی بە ئامۆژگاریی زانایان زۆر بێـدارو ئاگـادار ئەبنـەوە ٠ لەبەر ئەمــە لــە بابەتی گەورەیی ڕۆژووی ڕەمەزانو تاوانی نەگرتنی ڕۆژووی ڕەمەزان بە قەدەر مـاوە عەریزەیەکتان پێشکەش ئەکەم کە تەرجەمەی فەرموودەکانـی حەزرەتـی پێغەمبەر بێ (د٠خ) ٠ ئەم عەریزەیە لەسـەر فەرمـوودەی پێغەمبـەر (د ٠ خ) لە گەورەترین خێرو صەدەقە ئەژمێرێ ، مادام وایە پێویستە ئێوەش لە خوێندنەوەی نامەکانـی من کەمو کووڕی نەکەن ، بەتایبەتـی فەرموودەی حەزرەتە (د ٠ خ)هیچ موسوڵمانێ دیاری‌یەکی نەناردوە بۆ

برای ئاینیی خۆی گەورەترو بەسوودتر بێ لە وتارێکی خێر کە شارەزای رێی چاکەی بکات یا لە تاوانێکی دووربخاتەوە •

ئەی برادەران وەکو عادەتە لەناو خۆتانا بەدیاری‌ی دۆستانی خۆتان دڵشاد ئەبن‌و ، دیاری وەرئەگرن‌و رەدی ناکەنەوە • پێویستە نامەکانی دۆستی خۆیشتان وەربگرن‌و رەدی نەکەنەوەو پێی دڵشاد بن‌و لە خوێندنەوەی مەلوول‌و دڵپەریشان نەبن • فەرموودەی حەزرەتە (د • خ) : لە گەورەترین خوو رەوشتی ئینسانی موسوڵمانە کە هەرگیز لە بیستنی ئامۆژگاری‌ی ئاینی تێر نەبێ • کەوابێ ئەگەر گوێ رانەگرێ بۆی ئەوە بە تاوان لەسەری دەنووسرێ‌و دەبێتە هۆی رقی خوا لێی ، بەپێچەوانەوە ئەگەر قبوڵی‌بکات دەبێتە هۆی زیادە نیعمەت‌و کەسبی کەرەم‌و میهرەبانی‌ی خودای گەورە ؛ چونکە فەرموودەی حەزرەتە (د • خ) ایما عبد جاءته موعظة من الله في دينه فانه نعمة من الله سيقت اليه • فان قبلها بشكر زاده الله نعما اخرى ، والا كانت حجة من الله عليه •• الى ان قال ويزداد بها سخطا • جا کە وەرگرتنی نامەکانی من هۆی زۆربوونی نیعمەتی خودا بێ‌و رەدکردنەوەیان هۆی تووڕەبوونی خودای گەورە بی وەرنەگرتنیان دەبێتە عەینی شێتی‌و بێ‌سەلیقەیی ، بەتایبەتی بۆ ئەوکەسانەی کە دەتوانن بیانخوێننەوەو نایانخوێننەوە چونکە فەرموودەی حەزرەتە (د • خ) اذا حمل الرجل كلمة من الله الى اخيه المسلم كان خيرا له من حجة وعمرة وعبادة سنة » واتە کاتێ پیاوی وتارێ لەلایەن خودای گەورەوە بەرێ بۆ لای برای موسوڵمانی خۆی ئەوە ئەو وتارە لەلای خودای گەورە لە حەجێك‌و عەمرەیێك‌و عیبادەتی ساڵێ چاترەو ئەوابی زۆرترە • جا هەرکەس رەحم بە خۆی بکا بەمجۆرە عیبادەتە توێشووی سەفەری رۆژی قیامەت بۆ خۆی پەیدائەکات ، چونکە خودای گەورە ئەم دنیایە کردوە بە جێگەی

کشت‌و کاڵ بۆ توێشووی ئەودنیا ، ئەم دنیا رێ‌گوزەرە یا وەکو جێگەیەکە بۆ موسافیرانی قیامەت ئامادەکرابێ ، کە ماوەیێکی کەم تیایا ئەمێننەوەو ، ئیتر ئەکەونەرێ بۆ ماواو مەنزلی دەوامدارو هەمیشەیی •

بێ‌گومان پاش (توحید) خوابەیەك‌زانینو ، پاش پێنج فەرزی نوێژ گەورەترین توێشووی قیامەت بەجی‌هێنانی باقی ئەرکانی ئیسلامە ، کە یەکێك لەوانە رۆژووە بەهەموو جۆرێکیەوە ، فەرز یا سوننەت ، کە ئەو جەزایە بۆ ئەم دانراوە بۆ عیبادەتی‌تر نیە •

مەبەس لەم‌نامەیە بەیانی گەورەیی رۆژووەو بەیانی ئەوەیە ئەو کەسانە کە رۆژووی رەمەزان ناگرن تا چ‌ئەندازەیەك گوناهبار ئەبنو چەند تووشی زیان ئەبن لە نەگرتنی ئەو رۆژووە •

براکانم پێویستە بزانن خودای گەورە بۆ هەر یەکێ لە موسوڵمانان لە سەرەتای باڵغ‌بوونیەوە دوو فریشتەی لەسەرشانی راستو شانی چەپی داناوە هەتا کردەوەی چاکەو خراپەی بنووسێ ، فریشتەی شانی راست چاکەو فریشتەی شانی چەپ خراپە ئەنووسێ • هەروەها خودا ئەمری فەرمووە بە فریشتەی لای راست هەر کاتێ ئەم عەبدی منە بەدڵ نیازی کردەوەیەکی باشی کرد یا نیازی قسەیەکی باشی کرد ، با ئەو کردەوەو قسەش بەجێ‌نەهێنێ ، گورج خێرو چاکەکەی بۆ بنووسە • خۆ ئەگەر هاتو بەجێی‌هێنان ئەوە یەك بە دە هەتا یەك بە حەوت‌صەد جەزای بۆ بنووسەو ، لە دەفتەری کرداری چاکەیدا بووی بنووسە ، تەنانەت ئەگەر بەراستی نیەتی ئەوەی هەبێ ئەگەر قیمەتی پەنجا هەزار کیسە داراییو دەستەڵاتی هەبێ‌ئەیدا لە رێگای خودادا ئەوە بەتەنها ئەو نیەتە ساغە هەموو جەزاکەی بۆ بنووسە ، ئەگەرچی لەپاش ئەوکاتەش لەو نیەتە پەشیمان بێتەوە •

دەگێڕنەوە خواپەرستێ هەبوە لە بەنیئیسرائیلەکان لە ساڵێکی قاتیو گرانیدا بە لای کۆکایەکی گەورەی لمدا رابوورد ، ئەویش بە دڵ تەمەنای ئەوەی کرد کە ئەم کۆمەڵە لمە ئارد بوایەو هی ئەویش بوایە بوئەوەی هەمووی لە رێگەی خودادا بدایە بە گەداو داماوەکان • خودای گەورە وەحیی کرد بۆ پێغەمبەری ئەو چەرخە کە بڵێ بە فلان خواپەرست کە بەراستی ئەوابو خێری ئەوەندەی ئەو لمە ، کە ئارد بێتو بیکات بە خێر بۆ موسوڵمانان ، بۆم نووسی ، ئەمەیش هەر لەبەرئەوە بووە کە کابرا بەساغیو لە کانکای دڵیەوە نیەتی بووە کە ئەگەر بەقەدەر ئەو لمە ئاردی ببوایە لە رێگەی خوادا صەرفی دەکرد • بەڵام مەلائیکەی سەر شانی چەپ کە مەئمووری نووسینی کردەوەی خراپە ، ئەوە نیەتی کاری خراپ نانووسێ هەتا کابرا نەیکات بە کردەوەو دەری نەبڕێ ، ئەوسا هەر کارێکی خراپ یا هەر وتارێکی خراپ بە تاقەیەکێ دەنووسێ • جا بۆ هەندێ ئینسان هەتا سێ سەعات صەبر ئەکات ، واتە ئەگەر لەوماوەدا لەو ئیشە نارەوایە پەشیمان نەبوویەوە ئەوسا لەسەری ئەنووسێ • بۆ هەندێ ئینسانیش هەتا نۆ رۆژ صەبر ئەکات ئەوسا بە ئەمری مەلائیکەی شانی راست لەسەری ئەنووسێ ؛ چونکە مەلائیکەی شانی چەپ وا لە ژێر دەستی مەلائیکەی شانی راستدا •

دەگێڕنەوە کە لە رۆژی قیامەتدا یەکێ نامەی کردەوەکانی دەدرێتە دەست ، کاتێ تەماشای ئەکات حەجو عەمرەو جیهادو صەدەقەو خێراتی تێدا نووسراوە ، ئەویش بانگ ئەکاتو ئەڵێ ئەم دەفتەرە دەفتەری من نیە ، من ئەم کردەوانەم نەکردوە ، جا مەلائیکە جوابی ئەدەنەوەو ئەڵێن دەفتەری خۆتە ، لە کاتی خۆیا لە دنیادا بە دڵێکی ساغ نیەتی ئەم کردەوانەت بووە ، کە ئەگەر بۆت بکرێ بیانکەیو ، خودای گەورە بە میهرەبانی خۆی لەسەر نیەتەکەت بەتەواوی هەمووی بۆ نووسیوی •

ریوایەت‌کراوە هەرکەسێ سبەینان ڕۆژی لێ‌بوویەوەو لە دڵیـــا نی‌یەتی تەواوی هەبوو ئەوەندە خێرو خوداپەرستی بکات بۆ خودا ، ئەوە خودای گەورە هەموو ئەو خێراتەی لە سبەینێوە بۆئەنووسـێ چ بـۆی ڕێ‌بکەوێ ئەو ڕۆژە بەجێ‌یان‌بێنێ یا نا ، ئەمە هەمووی لەبـەر زۆریی ڕەحمەت‌و کەرەم‌و میهرەبانیی خودایە لەگەڵ ئەو عەبدانەی کە دڵیـان ساغەو نییەتیان لەسەر کردەوەی باشـە • فەرموودەی پێغەمبەرە « نیة المرء خیر من عمله » واتە: نییەتی چاکی ئینسان لە کردەوەکەی چاکترە ، لەبەر دووشت ، یەکەم بەگوێرەی نییەتەکەی مادام خودا پاداشی بۆ ئەنووسـێ ئەو پاداشـە زۆرترە لە پاداشی کردەوەکە چونکە کردەوە نیە خاڵی بـێ لە عەیب • دووەم لە نییەتدا هیچ ڕیاو بەرچاوێنی نیە ، بـەلام کـردەوە کەم هەڵئـەکەوێ کە بەتـەواوی لە ڕیـاو لە خـۆرازی بـوون‌و خـوە خراپەکانی‌تر پاک بێ ، مادام وەهابوو نییەتی ساغی ئینسانی موسـوڵمان سوودی لە کردەوەکەی زۆرترە •

ئەی برایینە تەماشابکەن ڕەحمەت‌و کەرەمی خودا دەربارەی بەندەی خۆی چەند زۆرە ، نافەرمانیو بێ‌شـەرمی‌و تاوانبـاریی بەندەکـانیش بەرامبەر بە خودای گەورە چەند لە ئەندازە دەرچووە •

ریوایەت‌کراوە کە موسوڵمانێ ڕۆژووی ڕەمەزانی گرت مەلائیکەی کردەوەنووسـی عەرزی بارەگای ذاتی حەق ئەکات : لە پاداشـی ئـەم ڕۆژووەدا چی بۆ بنووسم ؟ خودای گەورە دەفەرموێت بنووسـە : فلان کەس ڕۆژووی ڕەمەزانی گرتووەو ڕۆژووەکەی بۆ مـن بـووەو مـن پاداشـی ئەدەمەوە لە ڕۆژی قیامەت‌دا ، واتە غەیری خوای گەورە کەس نازانێ ئەندازەی پاداشـی ئەو ڕۆژووە چەندێـکەو ناشتوانێ بینووسـێ • جا ئەمە پاداشـی ڕۆژووی ڕۆژێ بێ لە ڕەمەزان ئەبێ پاداشی ڕۆژووی هەموو مانگەکە چەند بێ ؟

له حەدیثی قودسی‌دا هەیە : هەموو کردەوەیێکی خێر قابلە بە غەیر بدرێ لە کەفارەتی گوناهداو لە تۆڵەی تاوانا رۆژوو نەبێ ئەوە بەتایبەتی هەر بۆ خاوەن رۆژووەکە دائەنرێ ، واتە ئەو کەسەی کە رۆژووی گرتوە ئەگەر حەقی کەسێکی لەسەر بێ خودای گەورە لە خەزینەی ئیحسانی خۆی جێبەجێی ئەکاتو ، پاداشی رۆژووەکە بەتەواوی بۆ خاوەنەکەی دەمێنێتەوەو ، بەهۆی پاداشی ئەو ڕۆژووەوە دەنێررێ بۆ بەهەشتو لە کۆشکێکی پایەداردا دائەمەزرێت • جا لەبەرئەمەیە پێغەمبەر (د • خ) دەفەرموێ هەموو ئینسانێکی بەرۆژوو دوو شادمانی هەیە یەکێکیان ئێواران کە بەربانگ دەکاتەوە ، دوومیان لە رۆژی قیامەت‌دا لەوکاتەدا کە دەگات بە خودای گەورە ، دیارە یەکەمیان لەبەرئەوەیە کە لە رۆژا تینوو برسی‌و ماندوو بووە ، خودایش زووبەزوو بەرامبەر بە زەحمەتی ئەو رۆژە لە کاتی بەربانگدا شادمانی پێدەبەخشێت • دووەمیان لەسەر ئەو ئەساسەیە ئەگەر کابرای بەرۆژوو مافی خەڵکی لەسەر بێ خودای گەورە بە میهرەبانی‌ی خۆی لەباتی ئەو جێبەجێی ئەکاتو پاداشی رۆژووەکەی بەساغی دەمێنێتەوە ، ئەمەیش کەم نیە • خۆ ئەگەر مافی خەڵکی لەسەر نەبێ ئەوە مەگەر هەر خودا بزانێ وەزعی ئەو رۆژووەوانە چون ئەبێو لە چ‌پایەیەکی بەرزا دائەمەزرێنێ؟ پوختەی قسە ئەوەیە خودای گەورە پاداشی هەموو کردەوەیەکی باش بەگوێرەی پایەی کردەوەکە دائەنێ ، بەڵام پاداشی رۆژوو لەسەر پایەی ئیحسانو میهرەبانی‌ی خودا خۆیەتی‌و بەوپێیە پاداشی دەداتەوە • هەروەها ریوایەت‌کراوە کە پاداشی رۆژووی سونەت ئەوەندە زۆرە ئەگەر خوای گەورە پڕ بەم عەرزە ئاڵتوون بدا بە کابرای بەرۆژوو پێی رازی نابێو هەڵی‌ئەگرێ هەتا لە قیامەتدا خودای گەورە پاداشی ئەو رۆژووەی بداتەوە •

براکانم لە حەدیثی شەریفدا هەیــە کە یەك ڕۆژ ڕۆژووی فەرز بە حەفتا ڕۆژ ڕۆژووی سونەت بەرامبەرە ، جا لەبەر ڕووناکیی حەدیثـە پێشووەکەدا دەردەکەوێ کە حەفتا جار عەرز پڕبکرێ لە ئاڵتوونو بدرێ بە خاوەنێ ڕۆژێ ڕۆژووی فەرز پێی ڕازی نابێو ، پاداشەکــەی دەبــێ لە قیامەتدا لە خەزێنەی ڕەحمەتی خودادا جێبەجێ بکرێ • ئەم مەبەستە بەو حەدیثە شــەریفە ڕوونادە دەبێتەوە کە دەفەرموێ ئەنــدازەی جــەزاو پاداشــی ڕۆژوو خودا نەبێ کەس نایزانێ ، بۆیە مەلائیکەی نووســەری کردەوە ناتوانێ پاداشــی ڕۆژوو بنووسێ •

ریوایەتکراوە هەر موسوڵمانێ ڕۆژێ ڕۆژوو بگرێو بێجگە خوا کەس پێی نەزانێ ئەوە جەزاکەی بەهەشــتە • هەروەها ریوایەتکراوە کە ڕۆژووی ڕۆژووەوان ئەوەندە قازانجی زۆرە تەنانەت نووستنی ئینسانە بەرۆژووەکە عیبادەتە ، بێدەنگبوونی وەك تەسبیحاتکردنە ، هەمــوو کردەوەیەکی چاکی دوو قاتە ، واتە نوێژێــکی بە دوو نوێژو دیرهەمــێ خەیری بە دوو دیرهەمەو ، دوعای قەبووڵەو گوناهو تاوانی عەفوکراوە ، چ ئەو ڕۆژووە فەرز بێو چ سونەت •

لە حەدیثێــکی دریژیتردا ریوایەتکراوە : کاتــێ کە حەزرەت (د • خ) بەرۆژوو بوو لە کاتی بەربانگدا لە یەکــەم ڕۆژی ڕەمەزانــدا خوای گەورە پیاڵەیەك (شرابا طهور)ی بە جوبرەئیــلدا بۆنارد ، کــە هێنایە خزمەتی حەزرەت (د • خ) فەرمووی من بە بێئوممەتەکەم ئــەم شــەرابەم ناوێو نایخۆمەوە ، ئەنجا خودای گەورە فەرمووی وا بەشــی ئەوانیشم قبووڵ کرد ، ئەوسا حەزرەت (د • خ) بە هەندێ لەو پیاڵەیــە بەربانگی کردەوە ، لەبارەی ئەو ئەندازەیەش کــە لە پیاڵەکەدا مابوویەوە ئەمر دەرچوو کە حەزرەتی جوبرەئیل بڕواتو تەماشای مــاڵی باقــی

ڕۆژووگرەکان بکاتو ، بە هەر خانوویەك لەو خانووانە دڵۆپێ لەو (شرابا طهور)ە بدات بەومەرجەی ئەو ماڵە شەرابی تیا نەبێ ، وێنەی حەرامی تیا نەبێ ، ئەسبابی لەهەو لەعبی تیا نەبێ ، غەیبەتی تیانەبێ ، ئینسانی دووزمانی تیانەبێ ، پیاوو ژنی زینا کردووی تیانەبێ ، ئەهلی ئیحتیکاری تیانەبێ ، واتە ئەوانەی کە دەغلودانو رزق هەڵئەگرنو ئەیشارنەوە هەتا بە نرخی زیاد لە نرخی ڕۆژ بیفرۆشن ، هەروەها زەکات نەدەری تیانەبێ ، هەتیو ئازاردەری تیا نەبێ ، ئازاردەری باوكو دایكی تیا نەبێ ؛ چونكە ئەو ماڵانە تا ئەو فەسادەیان تیابمێنێ لەم ڕەحمەتە دوور دەبنو لە (شرابا طهور) بێبەش دەبن •

لەمحەدیثە شەریفەوە دەردەكەوێ كە لە ڕەمەزاندا خودای گەورە بە چاوی ڕەحمەتو میهرەبانییەوە سەیری ڕۆژووگران دەكات ، بۆیە لە هەموو ڕەمەزانێكدا رزقی هەموو كەس گوشادترو فراوانترە لە غەیری ڕەمەزان •

ریوایەتكراوە كە ڕۆژوو دەبێتە سپێر لە ئاگری دۆزەخ ، واتە لەكاتێكدا بڵێسەی ئاگری دۆزەخ شاڵاو دێنێ بۆ سەر ئەهلی مەحشەرو ، هەندێكیان ئەگرێو ئەڕفێنێ ، یا لە هەندێ شوێندا لە كاتی حەشرا كە شووڕای ئاگرین گەمارۆی ئەو خەڵقە دەدا خودای گەورە ڕۆژووی ئینسانەكە دەكاتە سپێرو ئاگری دۆزەخی پێ مەنعدەكات یاخۆ مەبەست لەو فەرموودە موبارەكە ئەوەیە كە وەك چۆن قەڵغان ڕێ لە شمشێری دوژمنی ئینسان ئەگرێو ڕێگای نادات بگاتە گۆشتی لەشو برینداری بكات بەوجۆرە پیرۆزیی ڕۆژوو پاداشی ڕۆژوو دەبێتە هۆی لادانی سزای دۆزەخ لەو ئینسانەو ، نایەڵێت تووشی ئەو سزایە ببێت •

ریوایەتكراوە كە ڕۆژوو دەبێتە سپێر بەو مەرجەی بەهۆی درۆو

غەیبەتەوە نەدرێ‌و بێ‌سوود نەبێ ، واتە هەروەکو کە سپێر لەت‌لەت کرا ئیتر بەکاری ئەوە نایە دەفعی شمشیری دوژمن لە ئینسان بکات رۆژووش کە لەگەڵ غەیبەت‌کردن‌و درۆو گەزاف‌دا بێ بێ‌سوود دەردەچێ‌و بەکارنایەت •

ریوایەت کراوە کە خودای گەورە فەرموویەتی بە حەزرەتی مووسا (علی نبینا وعلیه السلام)کە دوو نوورم داوە بە (ئوممەتی (محمد المصطفی) هەتا دوو تاریکی زیانیان پێ‌نەگەیەنێت ، ئەویش عەرزی کرد :خودایا ئەو دوو نوورە کامەن‌و ئەو دوو تاریکی‌یە چین ؟ خودای گەورە فەرمووی دوو نوورەکە یەکێکیان نووری رەمەزان‌و ئەویتریان نووری قورئانە ، دوو تاریکی‌یەکەش برێتین لە تاریکی‌ی قەبرو تاریکی‌ی رۆژی قیامەت ؛ چونکە ریوایەت کراوە مانگی رەمەزان‌و قورئانی پیرۆز هەردوکیان لە رۆژی قیامەتدا تکا بۆ موسوڵمانان ئەکەن ، بێجگە لەوەی کە مەلائیکە لە سێ رۆژەی رەمەزان‌دا داوای لێخۆش‌بوون‌و داوای عەفوی گوناە ئەکەن بۆ ئەوکەسانەی کە رۆژوو ئەگرن هەتا کاتێ کە بەربانگ ئەکەنەوە • هەروەها دەگێرنەوە کە بەرۆژووبوون لە مانگی رەمەزاندا دەبێتە کەفارەتی گوناهی خاوەنەکەی هەتا رەمەزانی دووەم دێ بەومەرجەی کە رەمەزانی دوایش بگرێ‌و ، رۆژوەوانەکە خۆی لە گوناهی گەورە بپارێزێ وەك ئینسان کوشتن‌و زیناکردن‌و بەناحەق ماڵی خەڵك خواردن‌و هاوچەشنی ئەمانە •

ریوایەت‌کراوە کە حەزرەت ، دروودی خودای لێ بێ ، فەرموویەتی « اظلکم شهر کم » واتە : مانگەکەتان ، مانگی رەمەزان ، سێبەری بەسەرا کردوون ،سێبەری خۆشی‌و بەختیاری ، چونکە رۆژووی ئەم مانگە دەبێتە هوی لێخۆش‌بوونی گوناەو بەرزبوونەوەی پایەی موسوڵمانی بەرۆژوو •

حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : هیچ مانگی نیە بەسەر موسوڵماندا ڕابوورێ چاکتر بێ لە مانگی رەمەزانو ، هیچ مانگی نیە بەسەر موناففقاندا ڕابووریٚ خراپتر بیٚ لە مانگی رەمەزان • موسوڵمانان لەم مانگەدا نەلایەن خوداوە هیزی ماڵصەرفکردنیان پیٚ ئەدریٚ لە ریٚگەی خودادا ، هیٚزی خێرو خوداپەرستییان پیٚئەدریٚ ، بەلاٚم موناففەکان هیٚزی تەماشاکردنی عەیبو خەوشی خەڵکو هیٚزی گەڕانیان بەدوای ناوو ناتۆرە دەرهیٚنان لە خەڵکدا هەیە • برادەرینە دەخیلتانبم ئاگادار بن بەهۆی دواکەوتنی عەیبوعاری موسوڵمانانو بەهۆی بیٚئاگایی لە ئادابی ئایین نەبن بە موناففقو ناوتان بە موناففق نەنووسریٚ ، ئینسانی خاوەن شعوور دەبیٚ زۆر لەوە بترسیٚ کە لەم مانگەدا لە خودا غافڵ بیٚو ناوی بە موناففق دەربکەویٚ لە ناو موسوڵمانانا •

ریوایەتکراوە کە رۆژووی مانگی رەمەزان بەقەدەر رۆژووی دە مانگ خیٚری هەیە ، رۆژووی شەش رۆژی مانگی شەووالیش بەقەدەر رۆژووی دوو مانگ خیٚری هەیە ، ئەمە یەکساڵ ، واتە : کەسیٚ ئەم سیوشەش رۆژە بە رۆژوو بیٚ وەکو کەسیٚکە دوانزە مانگ بەرۆژوو بیٚ ، جا فەرقی ئەمە لەگەڵ ئینسانی (صائم الدهر)دا ئەوەیە کە ئەم شەخصە وەك ئەوەیە ساڵیٚ بەرۆژوو بوو بیٚ بەلاٚم (صائم الدهر) بەرۆژووی ساڵیٚك وەك ئەوەیە دەساڵ بەرۆژوو بووبیٚ •

براکانم ! رۆژووی سوننەتیش ئەنواعی هەیە ، یەکەم : رۆژووی (أيام البيض) واتە ئەو رۆژانەی کە شەوەکانیان بەهۆی مانگەوە رووناکن ئەوانەش بریٚتین لە رۆژانی سیانزەو چواردەو پانزەی مانگ ، ئەم رۆژووە گەلیٚ پاداشی خیٚری هەیە • ریوایەتکراوە کە جوبرەئیل عەرزی حەزرەتی کردوە فەرموویەتی موژدەبدە بەوانەی کە لە (أيام البيض)دا

بەرۆژوو دەبن ، خودا لە دنیادا روویان سپی و دڵیان نوورانی دەکاو ، لە قیامەتیشدا پاداشیان دەداتەوە • هەروەها ریوایەت کراوە کە رۆژووی (ایام البیض) رق و حەسەدو کینە لەدڵی رۆژوەوانەکەدا ناهێڵێ ، واتە خوای گەورە دڵی نوورانی ئەکات ، جا کە دڵی نوورانی بوو ئەم خوورەوشتە ناشیرینانەی تێدا نامێنێ •

دووەم رۆژووی دووشەممەو پێنجشەممەیە • فەرموودەی پێغەمبەرە هەر موسوڵمانێ رۆژووی ئەم دوو رۆژە بگرێ خودای گەورە کردەوەی لێ قبووڵ ئەکات و تاوانی دەبەخشێ ؟ هەروەها فەرموویەتی پێم خۆشە لەم رۆژانەدا بەرۆژوو بم چونکە لەم رۆژانەدا کردەوەی ئینسان دەخرێتە بەردەمی خودای گەورە •

نەوعی سێهەم رۆژووی سەرەتای مانگی (ذی الحجة)یە ، واتە مانگی قوربان ، ئەم رۆژانەی سەرەتای مانگ لە یەکیەوە تا هەشتەمی یەکی بە ساڵێ حسێب ئەکرێ بەڵام رۆژووی رۆژی نوهەم کە رۆژی (عەرفە)یە بە دووساڵ حسێب ئەکرێ ، واتە دەبێتە کەفارەت و گوناهی ساڵی پێشوو ساڵی دوایی دائەپۆشی ئەگەر گوناهی هەبێ ، ئەگەرنا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پایەی ئەو موسوڵمانە ، بەڵام ئەم گوناهانە ئەبێ (حق الله) بن چونکە (حق الناس) پێویستی بە دانەوە هەیە یا بە گەردن ئازادکردنی لە لایەنی خاوەن حەقەکەوە •

ریوایەت کراوە حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی کاتێ مانگی رەمەزان هات خودای گەورە بەهۆی پیرۆزیی ئەم مانگەوەو بەهۆی پیرۆزیی رۆژووەوە بە رەحمەت و بەرەکەت ئێوە دائەپۆشێ و رەحمەتتان بۆ دەنێرێ و گوناهتان لێ دائەوەرێنێ و نزاو پاڕانەوەتان لێ وەرئەگرێ ، ئەمانە هەموو لەبەر کۆشش و هەوڵی ئێوەیە بۆ طاعەت کردن و رۆژووگرتن • هەروەها

خودای گەورە لە مانگی ڕەمەزانـدا بەهـۆی ئێوەوە شانازیی بەسـەر مەلائیکەکاندا دەکات‌و دەفەرموێت : تەماشاکەن لەگـەڵ زەحمەتی کـارو کاسبی‌و هێزو تاوی گەرماو سەرما ئەم عەبدانی منە چەندێ ساغ‌و دڵسۆزن‌و چۆن بەردەوامن لەسـەر عیبادەت‌و خۆیان لە بەر نارەحەتیی برسـێتی‌دا دەگرن •

براکانم ! لەم مانگە پیرۆزەدا بە خواپەرستی خۆتان نیشانی خودای گەورە بدەن هەتا ڕەحمەتتان بۆ ڕەوانەبکـات ، لـە ڕاستیدا ئینسـانی بەدبەخت‌و کلۆڵ ئەوکەسەیە کە لەم مانگەدا بە بێ‌عوزر خۆی لەم هەموو ڕەحمەتەی خوا بێ‌بەش دەکات •

ریوایەت‌کراوە کە لە هەموو ڕۆژێ لە ڕۆژانی مانگـی ڕەمەزان‌دا لەکاتی بەربانگدا خودای گەورە شـەش‌صەد هەزار لە ئوممەتی پێغەمبەر عەفو ئەکات لە ئادەمزادو لە پەری‌و ، لە دواشـەوی ڕەمەزاندا بەقەدەر ژمارەی عەفوکراوانی هەموو ڕۆژانی ڕەمەزان ، گوناهبار عەفو ئەکات •

براکانم ! هەرکەس بە بێ‌بەهانەیەکی شەرعی ڕەمەزان بکوژێ واتە مانگی ڕەمەزان بەرۆژوو نەبێ ، یا بەرۆژوو بێ‌و تەرکی گوناه نەکات‌و ، لە شەوو ڕۆژی ڕەمەزاندا خەریـکی فیسق‌و فجوورو بێ‌ڕەزایی خوا بێت ئەوە بێ‌گومان لەم خێرو بەرەکەتەی مانگی ڕەمەزان بێ‌بەش دەبێ • لەم بابەتەوە ریوایەت‌کراوە کە حـەزرەت (د • خ) فەرمـوویەتی : ئەگـەر بتانزانیایە چەند خێرو بەرەکەت ڕوودەکاتە ئینسانی خاوێنی بەرۆژوو لـە ڕەمەزاندا بەدڵ داواتان لە خوا ئەکرد کە هەموو مانگەکانی ساڵ ڕەمەزان بوونایە •

ریوایەت‌کراوە هەرکەسێ لە مانگی ڕەمەزاندا هەر ڕۆژی حەوت‌جار بڵێت « اللهم اجرني من النار »واتە : خوایا پەنام بدە لە ئاگری دۆزەخ ،

ئەوە دوزەخ عەرزی بارەگای خودای گەورە دەکات‌و دەڵێت : خودایـا ئەو بەندەیەت لە ئاگری من دووربخەرەوە • هەروەها هەر کەس رۆژی هەشت جار بڵێ : « اللهم ادخلني الجنة »واتە : خودایا بمخەرە بەهەشت ، ئەوە بەهەشت ئەڵێ خودایا ئەو بەندەیەت ئارەزووی هەیە بێتە ناو مـن ، بە میهرەبانی‌ی خۆت بیکەینە بە من •

ریوایەت‌کراوە کە هەموو شەوێـکی رەمـەزان هەتا دەرکەوتـی بەیان مەلائیکەیەک بانگ ئەکات « یا طالب الخیر اقبل ویا داعي الشـر اقصر » واتە ئەی ئەوکەسەی کە طالبي خـەیرو پاداشـی وەرە حـازرو ئامادە بە ، ئەی ئەوکەسەی کە مەیلت لەسـەر گوناەکردنە دەست‌بەردار بەو وازبێنە لە گوناەو ئاگات لە ئیشـی خۆت بێ ، ئاخۆ کەسی هەیە کە دوعا بکا هەتا دوعاکەی لێ‌قبووڵ بکەم ، کەس هەیە مرازو مەبەستێـکی هەبێ هەتا بۆی جێ‌بەجێ‌بکەم •

ریوایەت‌کراوە کە لە زەمانی حەزرەتی عومەری کوڕی خەططاب‌دا (د • خ) حەزرەتی عەلـی (کرم اللـه وجهـه) حەدیثێـکی حەزرەتـی پێغەمبەری (د • خ) گێڕایەوە بۆی‌و فەرمووی بیسـتوومە لە حـەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : لەلای راستی عەرشـەوە جێگایەك هـەیە ناوی (حظیرة القدس)ە پڕە لە نوورو ، ئەوەندە مەلائیکەی تیایە خوا نەبێ کەس حیسـابیان نازانێ ، ئەو مەلائیکانە بەدەوام عیبادەت ئەکەن‌و ، یەك سەعات لە خوداپەرسـتی غافڵ نابن ، جا کاتێ ئەووەڵ شـەوی مانگی رەمـەزان هاتەپێشەوە داوای ئیجازە ئەکەن لە خودای گەورە بۆئەوەی بێنە خوارەوە بۆ سەر زەوی‌و لەگەڵ جەماعەتی موسـوڵمانان‌دا نوێژبکـەن ، خـودای گەورە رێـگایان ئەداو هەموو شەوێـکی رەمەزان دێنە خوارەوەو لەگەڵ موسوڵمانانا نوێژ ئەکەن‌و ، اتصالیان بە هەرکەسێـکەوە هەبێ ئەوکەسـە

دەگاتە بەختیاریی هەمیشەیی • جا ئەم ریوایەتەی حەزرەتی عەلی بوو بەهۆی ئەوە کە حەزرەتی عومەر (ر • خ) جەماعەتی بۆ تەراویحی رەمەزان دامەزراند • براکانم ! دیارە ئینسانی بەدبەختو چارەڕەش ئەوکەسەیە کە خۆی نەکا بە هاوڕێی مەلائیکەو حەز لەم بەختیارییە هەمیشەییە نەکات •

ریوایەت کراوە کە گوناهی رۆژوەوانو ئەهلی ذیکر لە رەمەزاندا عەفو کراوەو ، هەرکەسێ شتێ لە خودا داوا بکات بێبەش نابێ • هەروەها ریوایەت کراوە کەسێ لە بەربانگی رەمەزاندا نانی بەربانگی رۆژوەوانێ بدات لە جەزای ئەوەدا خودای گەورە گوناهەکانی عەفو ئەکاتو ، لەسزای دۆزەخ ئازادی دەکات ، هەروەها چەندێ پاداش بۆ رۆژووی ئەوکەسە نووسرابێ بۆ ئەویش ئەنووسرێ ، بە بێئەوەی پاداشی ئەوی تر کەم ببێتەوە • جا یەکێ لە هاوڕێکانی پێغەمبەر (د • خ) عەرزی کرد ووتی : ئەی پێغەمبەری خودا هەموو یەکێ لە ئیمە ئەوەندە دەستی ناڕوات کە بەربانگی رۆژوەوانەکان ئامادە بکات ، ئەویش فەرمووی خودای گەورە ئەم پاداشە دەبەخشێ بە هەرکەسێ کە بەرمانگی کابرا بکاتەوە بە خورمایەك یا بە چۆڕێ ئاو یا بە پیالەیێ شیر ، واتە کەسێ دەستی نەڕۆیشت ئەوە بەم شتە کەمانەش ئەو پاداشەی بۆ دەنوسرێ • هەروەها ریوایەت کراوە هەرکەس بەربانگ بدا بە رۆژوەوانێ خودای گەورە ئەمر دەکات بە مەلائیکە لە شەوانی رەمەزاندا ئیستیغفاری بۆ بکەن ، واتە : داوا بکەن لە خودا لە گوناهەکانی خۆش ببێت •

ریوایەت کراوە چوارشت هەن لە رەمەزاندا زۆر بەنرخن ، بە دوان لەوانە خودا لە خۆتان رازی بکەن ، دوانیشیان بۆ خۆتان پێویستن • ئەو

دوانەی کە دەبنە هۆی ڕەزامەندیی خودا لە ئێوە دوو کەلیمەی شەهادەتو ئیستیغفارە ، واتە لە ڕەمەزاندا « لا اله الا الله محمد رسول الله »زۆر بکەنو ، « استغفر الله العظیم »بکەن بە ویردی زمانتان • ئەو دووشتەش کە بۆ خۆتان پێویستە داواکردنی بەهەشتە لەگەڵ پەناگرتن بە خودای گەورە لە ئاگری دۆزەخ •

ریوایەتکراوە کە مانگی ڕەمەزان ئەوەڵەکەی ڕەحمەتەو ناوەراستەکەی داوای لەگوناه خۆشبوونەو ، ئاخرەکەشی ئازادیی‌یە لە ئاگری دۆزەخ • هەروەها ریوایەتکراوە کە هەموو ساڵێ لەپاش ڕەمەزان هەتا ڕەمەزانی داهاتوو بەهەشت خۆی ئامادە ئەکا بۆ هاتنەوەی ڕەمەزان ، چونکە کاتی عیبادەتو خوداپەرستیی‌یەو مانگی ئەوەیە کە پیاوی چاك بچێتە بەهەشت ، وەك ریوایەتکراوە لە یەکەم شەوی ڕەمەزاندا بایەك لە خواری عەرشەوە دێ بەسەر دارو درەختی بەهەشتا ، نـاوی (بشیر)ە ، واتە موژدەدەر ، ئەو بایە کە ئەدا لە دارو گەڵاداری باغی بەهەشت ، یا کە دەدا لە هەڵقەی دەرگای کۆشکەکانی بەهەشت ئاوازەیەکی خۆشی وەها پەیدا دەبێ لێیانەوە کەس ئاوازی وەها خۆشی نەبیستوە ، حۆرییەکانی بەهەشت دێنە سەر بانی کۆشکەکانو ئەڵێن ئایا کەس نیە خوازبینیی ئیمە بکات لە خودای گەورە بە طاعەتو خواپەرستیو ، پرسیار ئەکەن لە (رضوان) کە مەلائیکەی خەزنەداری بەهەشتە ، ئەڵێن ئیمشەو چشەوێکە ؟ ئەویش وەڵامیان ئەداتەوە کە ئیمشەو یەکەم شەوی مانگی ڕەمەزانەو دەرگای بەهەشت بۆ بەرۆژوەکانی ئوممەتی (محمد المصطفی) کراوەتەوە ، چونکە لە سەرەتای ڕەمەزانەوە خودا ئەمردەکا بە (رضوان)و ئەفەرموێت دەرگای بەهەشت بکەرەوە ، هەروەها ئەمر دەکا بە (مالك)ی دەرگاوانی دۆزەخ کە قاپیی دۆزەخ لە ڕووی ئوممەتی پێغەمبەردا دابخاتو ، ئەمر ئەکا بە جوبرەئیل کە بڕوا هەرچی شەیتانی

ئینس‌و جن هەیە لە ڕووی عەرزا زنجیریان بـکات هەتا بـە وەسوەسـەو خەیاڵاتی خراپ ڕۆژووی ئوممەتی خۆشەویستی من بەتاڵ نەکەنەوە •

ریوایەت کراوە جارێـکیان لای پێغەمبەردا (د • خ) باسی ئەوەیان کرد کە ئوممەتە پێشووەکان تەمەنیان لە تەمەنی ئوممەتی ئەو درێژتر بووە ، حەزرەت زویر بوو چونکە لەم عومرە کەمەدا ناتوانن وەکـو ئوممەتـە پێشووەکان عیبادەت بکەن ، لەبەرئەمە خودای گەورە شـەوی (لیلـة القدر)ی دا بە حەزرەت‌و بە ئوممەتەکەی کە لە هەزار مانگ باشترە ، تا ئەگـەر یەکێ لە موسوڵمانان لەو شەوەدا خوداپەرسـتی بکـات لـە خوداپەرستیی هەزار مانگ پاداشی زۆرتر بێ • هەروەها ریوایەت کراوە کە حەزرەت ئاگاداری ئەوە بوە کە لە زەمانی بەنی‌ئیسرائیل‌دا شەخصێ بوە هەزار مانگ لەسەریەک خەریکـی عیبـادەت بـوەو ، بەم‌بۆنـەوە حەزرەت‌و هاوڕێـکانی کەوتنە خەیاڵەوە کە عیبـادەتی وەهـا بۆ ئەوان ناکرێ ، ئەنجا خودای گەورە بۆ دڵخۆش کردنـی ئەوان سـوورەتی (قدر)ی نارد کە ئەم ئایەتەی تێدایە « لیلة القدر خیر من الف شهر » •

براکانم زۆریی پاداشی کردوە لەبەر چەند هوێـکە : یا لەبەر شەرەفی زەمانە وەکو عیبادەتی (لیلة القدر)و باقیی مانگـی رەمەزان‌و شەوو ڕۆژی جومعە ، یا لەبەر شەرەفی شوێنە وەکو نوێژو خوداپەرستی لە (مسـجد الحـرام) واتـە (بیت الله)دا کـە حـەزرەت (د • خ) فەرموویەتی نوێژێ لە (مسـجد الحرام)دا بە صـەدهەزار نوێژە ، وە نوێژێ لە مزگەوتی مەدینەی نوورانی‌دا بە هەزار نوێژە لە شوێنی‌تردا ، وە نوێژێ لە مزگەوتی قودسی شەریف‌دا بە پێنجصـەد نوێـژە لـە شوێنی‌تردا • وە یا بەهۆی شەرەفی خاوەن عیبادەتەکەوەیە واتە بەهۆی زۆریی ترسی لە خودا ، ریوایەت کـراوە کە دوو رکـات نوێژ لـە

ئینسانێکی خاوەنوەرعەوە لە هەزار رکاتی ئینسانی بێتەقوا باشترە ، جا مەعنای ئەوە کە (لیلة القدر) لە هەزار مانگ چاکترە ئەوەیە کە رکاتێ نوێژی شەوی (لیلة القدر) لە (٣٠) هەزار رکات نوێژ لە غەیری ئەومانگەدا خێری زۆرترە ، هەروەها خوێندنی جوزئێ قورئسان لەو شـەوەدا لە سیهەزار جوزئی قورئان لە شەوانیتردا خـەیری زۆرترە • هەروەهـا یەك دینار بدەی بە فەقیرێ لە سی هەزار دینار لە شـەوانیتردا خێـری زۆرترە ، دیسان یەک کەلیمە لە حەمدو تەسبیحو تەهلیلە لەو شەوەدا لە سیهەزار چەندانەی وەختیتر خێری زۆرترە والله اعلم • دیارە کەسێ خوا تەوفیقی بدات لە ماوەی شەوی (لیلة القدر)دا ئەوەندە عیبادەت دەکا کە بە عومری سێصەد سالی ئوممەتە پێشوەکان ئەو ئەندازەیە مومکیـن نەبوە ، بەلام ئەگەر لەو شەوەدا کۆشش نەکـاو ، هەر بەعادەتی بڕوا بەرێداو تەنها واجباتی ئەوشەوە بەجیبێنێ ئەوە ئەوشەوەی بە هەشتا سالە کە غالبی عومرە یا زیاترە لە غالبی عومر • خۆ ئەگەر ئەو شەوە بە طاعەتو خواپەرستی زیندوو بکاتەوە ئەوە پاداشی لە ژماردن نایەت ، جـا کاتێ کـە پێغەمبەر (د • خ) ئەم سوورەتەو ئەم ئایەتەی بۆ هـات دلشاد بوو پەریشانیی خاتری نەماو دلی موبارەکی ئارام بوو ، لە سایەی لوطفو میهرەبانیی خوداوە ئەم عومرە کورتەی ئوممـەتی لە عومری درێژی ئوممەتەکانیتری پێشوو درێژتر بوو •

حیکمەتی کورتیی عومری ئەم ئوممەتەیش ئەوەیـە ئەگـەر لـەم ئاخرزەمانەدا عومری ئەمانیش درێژ بوایە وەك هی ئوممەتە پێشوەکان ، بە بێحیساب (شداد) و (نمرود) و (فرعون) لەناویانا پەیدا ئەبوون ، دیارە ئینسانێـکی لەخۆباییبوو کاتێ بزانێ عومری ئەگـاتە هەشتصـەد سال یا نۆصەدسال مەگەر هەر خودا بزانێ چ جۆرە خراپەیەك ئەکات ، پەنابەخودا •

ریوایەت کراوە کە خودای گەورە (جل جلالە) لە شەوی (لیلـة القدر)دا ئەمر ئەکات بە جوبرەئیل (د • خ) لەگــەڵ کۆمەڵێ مەلائیکە بە ئاڵایەکی سەوزەوە دائەبەڕن بۆ سەر عەرزو ، ئاڵاکەیان لەسەر بانـی (کعبة الله) دائەمەزرێنن‌و ، جوبرەئیل باڵەکانی خۆی ئەکاتەوەو ، ئەمر ئەکات بە مەلائیکەکان بڕۆن بۆ ناو ئەوکەسانە کە بەرۆژوون لە ئوممەتی حەزرەت (د • خ)و سەلام بکەن لە هەرکەس پێی گەیشـتن لە ئەهلـی شەونوێژو رۆژووو ذیکرو خواپەرستی‌و دەس‌بخەنە ناو دەسیان‌و ، کاتێ کە دوعایان‌کرد ئامینیان بۆ بکەن هەتـا دوعاکەیـان قبـوڵ بێت ، ئـەو مەلائیکانەش چۆن ئەمریان پێ‌کراوە وەها رەفتار ئەکەن لەگــەڵ ئـەم ئوممەتەدا ئەوانەی کە بەختیار بن‌و لەم مانگـە پیرۆزەدا مەشـغوولـی خواپەرستی‌و طاعەت بن • دیارە نیشانەی گەیشتنی موسوڵمان بە مەلائیکە ئەوەیە ئەوکەسانە کە مەلائیکە سەلامی لێ‌کردوون‌و دەستی خسـتوەتە دەستیان لەو ساڵەدا دڵیـان بە نووری خـودا رووناك‌و پاك دەبێتـەوەو ، خووڕەوشتیان بەرەوباشی ئەگۆڕێ‌و ، روو ئەکەنە چاکە لە ساڵان باشتر • سەرلەبەیانی جوبرەئیل بانگی (الرحیل الرحیل) ئەدا بەگـوێی ئـەو مەلائیکانەدا ، واتە بینەوە بڕۆینەوە بۆ ئاسمان ، کە مەلائیکەکان ئەگەنـە خزمەتی جوبرەئیل‌و پرسیاری لێ‌ئەکەن ئایا خودای گەورە چی ئەکات‌و چی کرد لە گەڵ ئەم ئوممەتەدا کە بەرۆژ رۆژوو دەگرن‌و بەشەو نوێژو خوداپەرستی ئەکەن ؟ جوبرەئیل وەڵامیان ئەداتەوە کە خودای گەورە بە چاوی رەحمەت سەیری ئەوانی کردوەو ، کەس لەم رەحمەتە بێ‌بەش نەبووە چوار تاقم نەبێ ، یەکەم : شەرابخۆر • دووهـەم ئەوانەی دڵی دایك‌و باوك دەڕەنجێنن‌و لەگەڵیانا بێ‌حقووق‌و بێ‌ئەدەبـن • سـێ‌هەم : ئەوانەی کە پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕن • چوارەم ئەوانەی کە کینەو رق لە دڵیاندا رادەگرن بەرابەر بە موسوڵمانان •

ریوایەت‌کراوە شەوی جەژنی رەمەزان ناوی (ليلة الحائزه)یە ، واتە شەوی بەخشش ، وە هەر کە شەوی جەژن‌هات خوای گـەورە تـا شەبەق مەلائیکە رەوانە ئەکا بە هەموو وڵاتی موسـوڵماناناو ، ئەمریـان پێ‌ئەکا کە لە هەموو سەرکۆڵان‌و رێگایەکدا راوەستن‌و رۆژووەوانەکـان بانگ بکەن ، ئەوانیش بەو شێوە رادەوەستن‌و بانگ لە موسوڵمانان ئەکەن بە ئاوازێ کە هەموو گیان‌لەبەرێ دەبیسـێ جن‌و انس نەبێ ، ئەڵێن ئەی ئوممەتی محمد ! (د • خ)لە ماڵی خۆتان بێنە دەرەوە بۆ خزمەتـی ئـەو خودایە کە خاوەن کەرەم‌و خاوەن بەخششەو گوناهی گەورە دەبەخشێ ، جا کاتێ کە خەڵـکەکە هاتن بۆ مزگەوت خودای گەورە لە مەلائیکەکان دەپرسێ : جەزای کەسێ کە بەکرێ گیرابێ چی‌یە ؟ مەلائیکەکان جواب ئەدەنەوەو ، دەڵێن : یا ربنا ویا الاهنا وسیدنا جەزایان ئەوەیە کە کرێ‌کەیان بەتەواوی تەسلیم‌بکەی ، جا خودای گەورە دەفەرمـوێ مەلائیکەکـان ! ئێوە بە شاهید بن کەوا بڕیارمدا جەزای ئەم موسوڵمـانانە کـە رۆژووی مانگی رەمەزانیان گرتوەو شەویش طاعەتیان کردوە ئەوەیە کە هەمـووم عەفوکردن‌و لە هەموویان رازی بووم ، جا پاش ئەمەیشە خودای گەورە بە نەظەری رەحمەت روو ئەکاتە هەموو بەرۆژووەکان‌و پێیان ئەفەرموێ : ئەی عەبدەکانی من مەبەستی خۆتان دەربڕن‌و داوای بکەن ، بەگەورەیی خۆم قەسەم هەرچی لە خەیراتی قیامەت داوابکەن پێتان ئەدەم ، وە هەرچی لە شتی دنیایی داوابکەن من تەماشای ئەکەم ئەگەر خێری تیابوو بۆتـان پێتانی ئەدەم ، ئەگەرنا پێتان نادەم ، بە عیززەت‌و جەلالی خۆم قەسەم عەیب‌و عارو هەڵەی ئێوە دائەپۆشم مادام ئێوە تەماشای حقووقی من بـکەن ، بـە عیززەت‌و جەلالی خۆم قەسەم ئێوە سـووک‌و مەهتووک ناکەم مادام لـە دائرەی فەرمانی مـن دەرنەچـن ، دەی بگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆتـان بـە عەفوکـراوی‌و تاوان پۆشراوی ، وا بەهـۆی پیـرۆزیی رۆژووی

ڕەمەزانەوە لە ئێوە ڕازی بووم •

براکانم ! ئەو هەموو میهرەبانیو کەرەمی خودایە بەمەرجێکە لە ڕەمەزاندا بەهۆی نەزانیو بێموبالاتیی خۆتانەوە ئەوشتانە روونەدەن کە ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە ، وەکو خواردنو خواردنەوەو جیماع لەگەڵ حەلاڵو خۆڕشاندنەوە ، هەروەها ئەو شتانە روونەدەن کە خێرو پاداشی ڕۆژوو لائەبەن وەکو غەیبەتکردنی خەڵكو بوختانو جنێوو کینە لەگەڵ موسوڵماناندا یا ریاکردنو درۆکردنو شتی وەکو ئەمانە ، ئەگەرنا ڕۆژووی موسوڵمان ناگاتە ئەو پایەی کە وتمان • حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : هەر موسوڵمانێکی بەڕۆژوو تەرکی درۆو کردەوەی خراپ نەکا خودای گەورە موحتاجی ڕۆژووی ئەو نیە چونکە نەخواردنو نەخواردنەوە لەگەڵ فەسادا نرخی **نیەو نایێت**، بەڵام ئەگەر ڕۆژوو بە نیەتی ساغو بەجێهێنانی ئادابو ئەرکانەوە بێت ، بۆ ئەو چوار تاقمە نەبێ کە باسمان کردن ، بۆ هەموکەس دەبێتە هۆی عەفوی تاوانو دەستکەوتنی پایەی بەرزو ڕەحمەتی خودا لە قیامەتدا بەتایبەتی گەیشتن بە خوای گەورە (جل جلالە) •

براکانم جا کە خودا بۆی کردن لە مانگی ڕەمەزاندا بەڕۆژوو بوونو ، عیبادەتی خوداتان کرد لە شەوو ڕۆژاو ، بەر نیگای میهرەبانیی خوای گەورە کەوتن ، ئیتر رجاتان لێ ئەکەم لەپاش جەژنی ڕەمەزان دووبارە دەس نەکەنەوە بە گوناه کردنو هاوڕێیەتی نەفسو شەیتانو ، ئەو وەزعە جوانەی خۆتان تێکمەدەن ، ئەگەرنا ئیتر گلەیی لە خۆتان بکەنو گلەیی لە ڕەمەزان مەکەن ؟ ئینسان ڕۆژی دە جار خۆی بشۆرێ کە خۆی بخاتەوە ناوپیسی دیسان پیس دەبێتەوە •

هەندێ لە زاناکان فەرموویانە : ڕۆژوو سێ بەشە ڕۆژووی ڕۆح ، ڕۆژووی عەقڵ ، ڕۆژووی نەفس • ڕۆژووی ڕۆح بریتیە لەوی کە ئینسان

هەموو هیوایەك ببڕێو دووری بخاتەوە لە خۆی بێجگە لە هیوا بە خودای گەورە • ڕۆژووی عەقڵ ئەوەیە کـە ئینسان بڕوا بە گژی هەوای نەفسی خۆیا • ڕۆژووی نەفس ئەوەیە کـە ئینسان وازبێنێ لـە هەرشتێ کـە ڕۆژوو ئەشکێنێ وەك خوارنو خواردنەوەو هاوچەشنیان • جـا ئەگەر ئەتوانن وەها بەرۆژوو بن ئەوە زۆر هۆی بەختیاری یە • ئەگینا با عەقڵو نەفستان بەرۆژوو بێ ، ئەگەر ئەمەش ناتوانن واجبە نەفستان بەرۆژوو بێو ، لەوشتانە کـە بە ظاهیری شـەرع ڕۆژوو بەتاڵ ئەکـەنەوە دووربکەونەوە ، هەروەها خۆتان بپارێزن لەوشتانەش کـە پایەو پاداشی ڕۆژووەکانتان دەهێنە خوار وەك غەیبەتو بوختانو فیتنەیی‌و سـوێنی درۆو درۆکردنو تەماشاکردنی نامەحرەمو باقی گوناهـەکان • شـایانی باسـە ئەم گوناهـە ناشیرینانە با ئینسان خۆی نەیانـکا مـادام بە ئارەزوو حـەزی خۆی لەگەڵ یەکێکدا دابنیشێ کـە ئەو گوناهەکە بکات هـەر ئەبێتە هـۆی بێ‌نرخی‌ی ڕۆژوەکەی چونکە بە گوناه ڕازی‌بوون خـۆی گوناهە • هـەر لەمڕووەوە لای خواناسـە تایبەتی‌یەکان ڕۆژوو ئـەوەیە ڕۆژووی ڕۆحو عەقڵو نەفس‌و پێنج حاسەکـەو هەموو ئەندامی لەش بێت ، هەرچـەند هەمووی دێتەوە سەر دڵ ، ڕۆژووی دڵیش ئەوەیە تەنانەت لـە نیـازی گوناهیش خـۆی بپـارێزێ ، هەروەها ڕۆژووی گوێچکە ئەوەیە واتەی حەرام نەبیسێ ، ڕۆژووی چاو ئەوەیە تەماشـای حـەرام نەکـا ، ڕۆژووی زمان ئەوەیە بە حەرام نەدوێ ، ڕۆژووی دەم ئەوەیە شتی حەرام نەجوێ ، ڕۆژووی دەست ئەوەیە ئازاری کـەس نەداتو یارمەتی‌ی کردەوەی خـرابی کـەس نەدات ، ڕۆژووی پـێ ئەوەیە کە نەجوڵێو نەکەوێتـە ڕێ بۆ کردەوەی خـراپ ، ڕۆژووی ئەندامەکانی تری لەشیش ئەوەیە کـە لە شتی گوناهدا بەکارنەهێنرێن ، بێ‌گومان ئەوکەسەی کە لە عەقڵو هۆشی ئایینی بێ‌بەش نەبێ هـەموو

ئەمانە وەرئەگرێو دەزانێ ئەمانەی کە وتمان راستن •

براکانم ! مانـگی رەمەزان لە قورئانی پیرۆزداو لە حەدیثی قودسیو حەدیثی پێغەمبەردا (د • خ) گەڵی مەدحو سـەنای کراوە ، ئەوەی کـە دەستم کەوتوون کۆم کردوونەتەوەو تەرجـەمەم کردوون : ــ مانـگی ئیحسان ، مانـگی خوێندنەوەی قورئان ، مانـگی رەزای خودا ، مانـگی عەفوی تاوان ، مانـگی کردنەوەی دەرگاکـانی بەهـەشتو داخستنی دەرگاکانی دۆزەخ ، مانـگی گوشادیی رزقو رۆزی لەسەر خێزانو میوان ، مانـگی ئەمنو ئەمان ، مانـگی زوریی خێرات ، مانگی زۆریی نەفـەقات ، مانـگی چـەندقات‌بوونەوەی حەسـەنات ، مانـگی بەرزیی دەرجات ، مانگی لاچوونی (سیئات) ، مانگی ئازادیی گەردن لە ئاگری دۆزەخ ، مانگی زۆرکردنی پاداش ، مانگی هاتنەخوارەوەی جوبرەئیل ، مانگی هاتنەخوارەوەی قورئانی پیرۆز ، مانـگی عـەفوکردنی گوناهی کـەمو زۆر •

ریوایەت‌کراوە کەسێ کە بەرۆژوو بێ لە خواردنو خواردنەوە بە بێ‌تەماشای حـەرامو حەڵاڵ ئەوە رۆژوەکەی عادەتە ، وە هــەرکەس بەرۆژوو بێ لە حەرامو ، بەربانگ بـکاتەوە لەسـەر حــەڵاڵ ئـەوە رۆژوەکەی عیبادەتە ، وە هـەرکەس بەرۆژوو بێ لەهــەمو گوناهێو رۆژووبشکێنێ لەسـەر بیروباوەڕو کردارو وتاری باش ئەوە رۆژوەکەی پارێزگاریو لەخواترسی‌یە ، وە هەرکەس بەرۆژووی بێ لــە گوناه ، واتـە پەشیمان‌بێتەوە لە گوناەو ، لەسـەر تەوبەو گەڕانەوە بۆ لای خودا بەربانگ بـکاتەوە ئەوە رۆژوەوانێکی پاکو خاوێنــە ، وە هەرکــەس بەرۆژوو بێ لــە خوورەوشتی ناپەسەندو ریاو بەرچاوێنیو ، لەسـەر دڵسۆزیو دڵسافیو دەرون‌پاکی بەربانگ‌بکاتەوە ئەوە رۆژوەوانێـکی

سالمه ، وه کەسێ بەرۆژوو بێ لە بەگوێکردنی ئارەزووی نەفس و،لەسەر خوانی بیرکردنەوە لـە پاشەرۆژو ئەنجام و پەیداکردنی ڕەزامەندیی خـودا بەربانگ بکاتەوە ئەوە بە قازانج و دەوڵەتی خۆی گەیشتوە لـــە دنیـــادا • وە هەرکەس بەرۆژوو بێ لە تەماع و ئەمەلدرێژیو ، لەسەر حاڵی چاوەڕوانیی ئەجەل و ئاکام بەربانگ بکاتەوە ، ئەوە ڕۆژوەوانێکی دوور لـــە دنیایە •

براکـــانم ! ئـەم فەرموودانە هەریەکی لەســـەر پایەی جـــۆرە ئینسانێک باس کراوە ، پوختـــەی قسـە ئەوەیە ڕوژوەوان پێویستـە ڕۆژوەکەی بەنیازی خواپەرستیو دڵسۆزی بێو ، لەگەڵ بەجێهێنـانی ئەرکـــانو ئاداب دا بێو ، لەگـەڵ ترس و ئومیـــدا بێ ئەنجا دەبێتـــە خوداپەرستی یەك کە لەناو خواپەرستی یەکانـدا جێگای ببێتـەوە • هـەر لەمڕووەوە ریوایەت کراوە کەسێ بەرۆژوو بێ لەســـەر بناخەی باوەڕ بـە خـــوای گەورەو بەتایبەتی لەبەر جێبەجێکردنی ئەمـــری خـــوداو وەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو بێت ئەوە خودای گـــەورە چـــاوپۆشی دەکات لە گوناهەکانی •

دیارە بەشێکە لـــە باوەڕ بـــە خـوداو دڵسۆزی بۆ خودا ئەمە کە ڕۆژوەوان بە یەقین و باوەڕێکی ساغەوە بەرۆژوو بێو حەزی لـە پاداشی ڕۆژوەکەی بێت کە لای خوداوەیە ، هەروەها لـە کـاتی هاتنی مانـگی ڕەمەزاندا نەفسی شاد بێو ، بەهۆی هاتنی ئەم مانگی عیبادەتەوە شادمان بێت ، چونـکە مانـگی عیبادەتەو دەبێتە هۆی بەخشینی گوناهو پایەبەرزی لای خودا ، هەروەها نەفسیەتی وەهـا بێ کـە درێژیی ڕۆژەکانی بـە تاڵان بزانێو وەها بزانێ هـەتا کاتەکان دەوامبکەن ئـەو خێراتی زیاد ئەبێ • ئەوکەسە ئەم ڕۆژووی ڕەمەزانەی بۆ ئەبێ بە کەفارەتی گوناهو بە مایەی پایەی بەرز لای خودای گەورە •

براکانم ! باش بزانن نزیکبوونەوە لـە خودای گەورە تەنیـا بـە ڕۆژووی ڕەمـەزانو نەخواردنو نەخواردنەوە نابێ ، بەڵـکو پێویستە تەرکی کردەوەی حـەرامو زوڵمو بوختـانو نامووس شکاندنی خەڵکو ئازاردانی دراوسێیش بکات ، ئەگەر موسوڵمان لەبەر خوا بەرۆژوو بێ ئەبێ ئاوەها بەرۆژوو بێ ؟ بۆیە حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی گـەلێ ڕۆژوەوان بەشیان لە ڕۆژوەکەیان تەنها تینوویەتیو برسیەتیەو بەس •

براکان ! ئەگـەر کـەمێ بیربکەنەوە لـە سرِی ئەمە حاڵی ئەبنو حیکمەتەکەیتان بۆ ڕوون دەبێتەوە چونـکە ڕۆژوو خۆنزیککردنەوەیە لـە خودا وە خۆنزیککردنەوە لە خودا هەرچەند بە تەرکی خواردنو خواردنەوە بێ ، بەڵام مادام لەگـەڵ کردەوەی ناشەرعیدا بوو مەعنـای وایلێدێ کـە ئینسان بە کردەوەی حـەرام نزیك بێتەوە لـە خـودا ، یاخۆ بە شتێ کـە نیوەی حەڵاڵ بێو نیوەی حەرام بێ ، دیارە شـتی تێکەڵ لـە حەڵاڵو حەرامیش نابێ بە هۆی نزیکبوونەوە لـــە خـودای گەورەو ، نزیک بوونەوەی وەها مەحاڵە • وە ئەگەر یەکێ ڕۆژوویەکی وەهای گرت ، واتە لەگـەڵ کردەوەی حـەرامدا بوو وەکو خواردنی حەرامو غەیبەتو گوناهەکانیتر هەرچەند بەظاهیر ڕۆژوەکەی دروستەو قەزاکردنەوەی ناوێ بەڵام هیچ پاداشی نیە •

ریوایەتکراوە کە صیفەتی (صبر) کــە لـە قورئانو حـەدیثی شەریفدا گەلێ جار مەدحکراوە سێجۆرە ، یەکەم صەبر لەسەر بەڵاو مصیبەت • دووەم صەبر لەسـەر بەجێهێنانی طاعەت • سێهەم صـەبر لـە گوناەو تاوان بە مـەرجێ کـە بێ بە خوورەوشتی خاوەنەکـەی ، جا لـە حەدیثی شەریفدا هەیە ئەوکەسانەی صەبر ئەکەن لەسەر بەڵاو مصیبەت وەکو زیانی نەفسو زیانی ماڵو سـامان سێصەد دەرجەیان هەیە

مابەینی هەر دوو دەرەجە لەوانە وەکو مابەینی عەرزو عاسمانە • هەروەها صەبر لەسەر طاعەت واتە خۆگرتن لە بەجێهێنانی عیبادەتدا وەکو نوێژو رۆژوو لە گەرماو سەرماو خۆشیو ناخۆشیدا سێصەد دەرەجەی لەسەر نووسراوە مابەینی هەردوو دەرەجە لەوانە وەکو مابەینی ئەرزو ژووری عاسمانەکانە • بەڵام صەبر لەسەر گوناه کە بوویێ بە خوو لە خاوەنەکەیدا سێصەد دەرەجەی بۆ دانراوە کە مابەینی هەردوو دەرەجەیان بەقەدەر دووجار مابەینی ئەرزو نیهایەتی عەرشە •

براکانم لە رۆژوودا ئەم سێ جۆرە صەبرە هەیەو ئینسانی بەرۆژوو بە هەر سێ پایەکان دەگات ؛ چونکە صەبر لەسەر مصیبەتی تیایە کە صەبرە لەسەر مصیبەتی برسێتیو تینوێتیو بێهێزی ، صەبر لەسەر طاعەتیشی تێدایە چونکە رۆژوو خۆی عیبادەتەو رۆژووەوان خۆی ئەگرێ لە سەری • هەروەها صەبر لە گوناهیشی تیایە ، چونکە بەهۆی رۆژووی تەواوو رەساوە ئینسانی زۆر پاك خۆی دوور ئەخاتەوە لە تەماشای نامەحرەمو غەیبەتو ئارەزووەکانیتری نەفس کە حەرامو نارەوا بن ، بۆیە لە فەرموودەی خودا لە حەدیثی قودسیدا هەیە کەوا کەس قیمەتی رۆژوو نازانێ مەگەر خودای گەورە ، رۆژوو بۆ ئەوەو ئەو جەزای ئەداتەوە •

ریوایەت کراوە کە رۆژووی رەمەزان بە (معلق)ی دەمێنێتەوەو مەلائیکە نایخەنە روو بۆ قەبووڵ هەتا ئەو ئینسانە بەرۆژووە سەرفیترە نەدا بە موستەحەق ، کە سەرفیترەی دا بە موستەحەق ئەوجا رۆژووەکەی وەرئەگیرێ • بێگومان زۆر نەفامیو بێمەعنایییە کە ئینسان خۆی لەو هەموو خێرو پاداشە بێبەش بکا بۆ شتێکی کەمی وەك سەرفیترە کە بریتیە لە سێ ئیزرەم گەنم •

جا ئەمجار با کەمێ لە حاڵی ئەوانەش بزانین کە ڕەمەزان ئەکوژنو بە بێعوزرێکی شەرعی ڕۆژووی ڕەمەزان ئەفەوتێنن ، بێگومان کـەسێ کە حاڵی وابێ ڕۆژووی فەرزی مانـگی ڕەمەزانی موبارەك بە بێعوزر بفەوتێنێ ڕۆژووی سوننەتیش ناگرێو ، لـــە خێـرو پاداشی ڕۆژووی دووشەممەو پینجشەممـــەو ڕۆژانی (ایام البیض)و نۆرۆژەی یەکـەمی مانـگی قوربان بەتایبـــەتی ڕۆژی نۆهـەمی کـە عەرەفەیە ، بێبەش‌و ناهومێد ئەبێ ، جا کە حاڵی ئینسانی موسوڵمان بـگاتە رادەیەك کـە ئەم هەموو خێرە لە کیسەی خۆی بدات وا باشە کە بۆ حاڵی خۆی بگرێ •

ریوایەت‌کراوە کەسێ کە ڕۆژووی ڕەمەزان بێ عوزری شەرعی تەرك بـکات ئەگەر تەواوی ساڵ بەڕۆژوو بێ قەزای ئـەو مانـگەی بۆ ناکرێتەوە ، ئەمەش مەعنای ئەوە نیە کە بە ظاهیری شەرع قەضـای بـۆ ناکرێتەوە بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەو خێرو پاداشەی دەست‌ناکەوێ کە لە ڕۆژوە حازرەکەوە دەستی‌دەکەوێ • هەروەها ئەگـەر کەسێ مانـگی ڕەمەزان بەڕۆژوو نەبوو قەزایشی نەکردەوە هەتا ڕەمەزانی‌تر هات ئەوە زیاد لەوە کە قەزای ڕۆژووی ئەو مانگە فەوتاوە واجبـــە لەسـەری بۆ هەموو ڕۆژێکیش (مد)ی قووت واجب ئەبێ لەسەری بیدا بە هـەژاران لە جۆری ئەو سەرفیترەی کە دەدرێ بە هەژار ، خۆ ئەگەر تا دوو ساڵ قەزای نەکردەوە ئەوە زیاد لە قەزای ڕۆژوەکە ، ئەبێ بۆ هەموو ڕۆژی دوو (مد) قووت بدا بە فەقیر لە کەفارەتا • هەروەها بە زیادبوونی هەرساڵێ هەموو ڕۆژێ (مد)ێ زیاد ئەکات • خۆ ئەگەر ئەو ئینسانە مردو قەزای نەکردەوەو فیدیەکەیشـــی نەدا ئەوا لەسەر ئەو قەولەی کە دەڵێ دروستە قەزای ڕۆژوەکەی لەلایەن کەسێکەوە بۆ بکرێتەوە واجبە ڕۆژوەکـەی بگێڕرێتەوەو (مد)ە[1] کەفارەتەکەش لە قووتی سەردەم بدرێ بـــە فەقیر

(١) موددێك کەمێك لە نیوکیلۆ زیاترە •

وەکو باسمان کرد ، بەڵام لەسەر ئەو قەولە کە دەڵێت دروست نیە قەزای ڕۆژوەکەی بۆ بکرێتەوە ئەوە واجبە لە ماڵی خۆی لەباتی هەر ڕۆژێکی فەوتاو (مد)ێ بدرێو ، لەباتی دواخستنەکەش کە تا ساڵێ دوای خستوە بۆ هەموو ڕۆژێ (مد)ێکی‌تر بدرێ •• بوختەی قسە بۆ ڕۆژوەکە ڕۆژی (مد)ێکو ، بۆ یەکساڵ دواخستن لەباتی ڕۆژی (مد)ێكو بۆ دووساڵ دواخستن دوو (مد)ە تاد ••

ڕیوایەت‌کراوە کە حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی لەخەودا چاوم بە دووکەس کەوت هاتن بردمیان بۆ کێوێکی سەختو ناهەموار ، وتیان پیم سەرکەوە ، وتم بەڕاستی لەتوانامدا نیەو ناتوانم ، وتیان نەخەیر سەرکەوتن بۆ تۆ ئاسانە • سەرکەوتین تا گەیشتمە ناوەڕاستی کێوەکە لەوێدا دەنگو ئاوازێکی زۆر ناهەموارم بیست ، پرسیم ئەو ئاوازە ناهەموارە چی‌یە ؟ وتیان ئەوە دەنگی ئەهلی دۆزەخە ، ئەنجا ڕۆیشتین لە ڕێگەدا کۆمەڵێکم هاتە پێش‌چاو بە ئێسکی سینگیاندا هەڵواسرابوونو ، هەردوو لەغاوەی دەمیان هەڵدڕابوو ، پرسیارم کرد ئەی ئەمانە کێن ؟ وتیان ئەمانە ئەوکەسانەن کە بە نەفامیو سەرکەشی لەپێش ئەوەی بانگی مەغریب بێ ڕۆژوەکەیان ئەشکێننو ڕۆژوەکەی خۆیان بەتاڵ ئەکەنەوەو خەڵکیش دوایان ئەکەونو ئەوانیش ڕۆژوەکەیان بەتاڵ ئەبێتەوە •

خۆم لە کتێبا نەمدیوە بەڵام بیستوومە ڕیوایەت‌کراوە کە حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : لە ڕۆژی قیامەت‌دا یەکێ لە ئوممەتی من ئەبەن بۆ دۆزەخ ئەویش هاوارم لێ ئەکات کە فریای‌کەوم ، منیش ئەڕۆم بەهاواریەوەو ئەڵێم بە زەبانیەکانی دۆزەخ ئەم شەخصە لە ئوممەتی منە ، ئەوانیش ئەڵێن یا رسول الله ناتوانین دەس‌بەرداری ببین ئەمە دوژمنێکی بەهێزی هەیە ، ئەپرسم لی‌یان دوژمنەکەی کێ‌یە ؟ ئەوانیش ئەڵێن

دوژمنەکەی رەمەزانە ، واتە : ئەم شەخسە رەمەزانی کوشتووە ، کە ئەوە ئەبیسم منیش ئەگەڕێمەوەو تکای بۆ ناکەم •

براکانم ! لەمباسەدا فەرموودەی حەزرەت (د • خ) زۆرن ، بەڵام بۆ ئێوە ئەم ئەندازەیە بەسە •

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته •

نامەی بیستویەکەم

باسی سەرفیترەی رەمەزانە

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسـلام على من لانبي بعـده ، وعلى اله وصحبه أجمعين •

براکانم ! خودای گەورە بتانگەیێنێ بە دەوڵەتی دنیاو قیامەت ئامین •

ئەم نامانەی مـن بەپێـی فەرمـوودەی پیرۆزی پێغەمبـەر (د • خ) گەورەترین دیاری‌یەکن کە دۆستان رەوانەی بکەن بۆ دۆستانی خۆیان ، چونکە حەزرەت (د •) فەرموویەتی : [ما اهدى مسلم لاخيه هدية افضل من كلمة يزيده الله بها هدى او يرده بها عن ردى] • هەروەها حەزرەتی عومەری کوڕی خەططاب (د • خ) هەمووکات لە ئەصحابەکانی دەپرسی لە خووڕەوشتی من کامەیان عەیبە ؟ هەروەها دەیفەرمـوو [رحم اللـه امرء اهدى الي عيوبي] بەڵام ئەو دۆستانە نایابن‌و خۆشەویستتان لەو دوستە نایابانەیە • تکاتان لێ‌ئەکەم گـوێ لە فەرموودەکانی حەزرەتی پێغەمبـەر (د • خ) بگرن ، بەپێی فەرموودەی خۆی ئەگەن بە خێرو خۆشی‌و ، ئەگەر گوێیان پێ‌نەدەن گیرۆدەی زیان ئەبن‌و خـودای گەورەتان لێ‌دەرەنجێ ، فەرموودەکە ئەمەیە : « أيما عبد جاءته موعظة من الله في دينه فانها نعمة من

الله سیقت الیه فان قبلها بشکر زاده الله بها نعما اخری ، والا کانت حجة من الله علیه • » هەتا دەگاتە ئەوەی کە دەفەرموێ « ویزداد بها علیه سخطا » • بێ گومان گەیاندنی ئەمجۆرە نامانە بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر گەلێ خێرو پاداشی هەیە ؛ ریوایەت کراوە : « اذا حمل الرجل کلمة من الله الی اخیه المسلم کان خیرا له من حجة وعمرة ومن عبادة سنة » • هەروەها لە حەدیثێکی تردا فەرموویەتی فێر کردنو فێربوونی مەسەلەیەکی ئایینی خێرو پاداشی هەزار رکات نوێژی سوننەتی هەیە ، جا کەسێ ئەم خێرو پاداشانە بزانێو رەحم بە موسوڵمانانی نەزان نەکا ئەوە بێموبالاتو کەمتەرخەمە لە بابەتی ئایینەوە • لەمڕۆژانەدا گیرۆدەی بەڵای نەبارینی باران بوین • حەزرەت (د • خ) سەبەبی بێبارانی بەیان کردوە هەتا ئوممەتی ئەو لەو گوناهانە تەوبە بکەنو ، نەبنە هۆی سووتانو فەوتانی خۆیانو خەڵکی تریش • یەکێ لە هۆیەکانی بێبارانی نەدانی زەکاتو سەرفیترەیە • ئیمە لەسەر رێڕەوی ئیمامی شافعین ، خوای لێ رازی بێ ، کە لای ئەو زەکاتی گەنم گەنمەو هی جۆ جۆیەو ، زەکاتی مەڕو بزن مەڕو بزنەو ، هی گاو مانگاش گاو مانگایە • بەڵام مەئموورەکان لەسەر رێڕەوی ئیمامی ئەعزەم ئیمام ئەبوحەنیفە (ر • خ) لە زەکاتی هەموو ئەمانەدا پارە وەرئەگرن ؛ چونکە لای ئەو دروستە لەباتی ئەوشتانە کە زەکاتیان تێدا هەیە نرخی شتەکە بدرێ ، واتە : ئەوەی ئەدرێ بە زەکات لە شتەکە نیە بەڵکو قیمەتەکەیەتی ، کەوابێ لەسەرتان واجبە لە مەسەلەی زەکاتدا تەقلیدی ئیمام ئەبوحەنیفە بکەن ، ئەوسا پارە بدەن لە زەکاتدا ، ئەگەرنا زەکاتەکەتان لەکۆڵ ناکەوێ • زەکاتی سەر فیترە لە زۆر شوێنا هەر نادرێ چونکە وەکیلی بیت المال داوای ناکاتو خەڵکەکەش لە خۆیانەوە نایدەن ، یاخۆ کەمێکی ئەدەن بە فەقیرو بە رووگیری گەردنی خۆیانی لە باقییەکەی پێ ئازاد ئەکەن •

براکانم حیکمەتی واجبوونی سەرفیترە چوار شــتە : یەکــەم : ئەوەیە کە ئینسان لەبەر رەزای خودای خۆی زیانێکی ماڵی ئیختیار بکا وە ئەمە لە مەعنادا تاقیکردنەوەیە بۆ ئینسان ئایا ئەتوانێ رەگی دنیا پەرستیو ماڵخواهی ببڕێ لەبەر ئەمری خودا یانا ، تەنانەت هەنـدێ لە زانـاکـان فەرموویانە ماڵپەرستی دەردێکی خراپەو ئینسان ئەفەوتێنێ ، هەروەهــا زەکاتدان دەرمانە بۆ رزگاری لەو دەردە ، وە بەهۆی زەکاتدانەوە نەفسی ئینسان لــەو نەخۆشییە رزگار ئەبــێ • حیکمەتـی دووهەم گەیشـــتنی خاوەنماڵە بە پاداشێـکی زۆر ؛ چونکە پاداشی زەکاتو سەرفیترە یەك بەحەفتایە ، واتە : کەسێ درەمێ بدا بە داماوێ لە زەکاتا خودا بە حەفتـا درەم بۆی دەنووسێو ، مەنێ گەنم بە حەفتا مەنو سێ ئیزرەم سەرفیترە بە دووصەدو دە ئیزرەم گەنم ئەنووسرێ • حیکمەتی سێهەم ئەوەیە کە داماوو لێقەوماو لە دارایی و ماڵی دەوڵەمەند سوودوەربگرن ، ماڵێ نەفسێکی پێ تێر بێ یا رووتێـکی پێ پۆشـــتە بێتەوە گەلێ قیمـەتی زۆرترە لــە ماڵێ کە بە بێسوود صەرف بکرێو زایە بێ • حیکمەتی چوارەم ئەوەیە موسوڵمانان لە دینی ئیسلامدا هەموو برای یەکن و ، پێویستە لە خۆشیو ناخۆشیدا هاوڕێی یەکتر بن ، جا مادام جەژن کاتی دڵشــادیو کەیف خۆشیی موسوڵمانانە پێویستە فەقیرەکانیش وەکو دەوڵەمەندەکان دڵشاد بن ، دیارە بەهۆی سەرفیترەکەوە حاڵیان خۆش ئەبێ •

سەبارەت بە زەکات مادام ماڵی دنیا تاسەر بەردەوام نابێ بۆ کەس ، ئیمڕۆ بۆ ئەحمەدەو سبەی بۆ مەحموود ، پێویســتە بەماڵە بە شــێوەی دەستەوام ئەم دەوڵەمەندە ئەمڕۆ یارمەتیی ئەو گەدا بدا ، هەتا ســبەینێ ئەویش یارمەتیی ئەم بداتەوە • بێجگە لەمە گەدا چاوەڕوانی میهرەبانیی دەوڵەمەند ئەکات ، جا ئەگەر دەوڵەمەند بەشی فەقیر نەدا ئەوا فەقیرەکە دەبێتە دوژمنیو پەیوەندی چاك نابێ لەگەڵیا ، بەڵام ئەگەر بەشی بدا ئەوا

بە چاوی دۆستیو براییو خوشەویستی‌یەوە بۆیٚ ئەڕوانیٚو پەیوەندی‌یان بەهێز ئەبیٚ ، دیارە ئەگەر کابرای زەکاتدەر یا سەرفیترەدەر بەتەواوی نەیاندا یا بە ظاهیری بیاندات ، بەلاٚم بە رووگیری لە کابرای وەربگرێتەوە مەگەر کەمێکی نەبیٚ یا گەردنی خۆی پیٚ ئازاد بکا ئەوە لە راستیدا ئەو زەکاتو سەرفیترەیە نەداوە •

براکان بزانن ئێوە بە مەرجیٚ ذیممەتان لەم واجبی زەکاتو سەرفیترەیە بەری ئەبیٚ کە تەقلید بکەن ، واتە : بە دڵو زمان بڵێن ئێمە رازین بە فەرموودەی ئەو زانا ئایینیە بەرزانە کە فتوایان داوە دروستە لەناو ئەو هەشت جەماعەتەدا کە خودای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی زەکاتو سەرفیترەیان پیٚ‌ئەدریٚ ، دروستە بدریٚ بە سیٚ جەماعەت یا بە سیٚ کەس لە یەك جەماعەت یا تاقەکەسیٚ لە یەك جەماعەت وەکو لە کتێبە ئاینیەکاندا نووسراوە • هەشت جەماعەتەکەش ئەمانەن : ١ـ (فقیر) ئەوەی هیچی نەبیٚ • ٢ ـ (مسکین) ئەوەی کەسبیٚ یا ماڵێکی هەبیٚ بەلاٚم بەقەدەر پێویستی نەبیٚ • ٣ ـ (عاملین) ئەوانەی لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامەوە دێنو زەکاتەکە وەردەگرن یا کۆی‌دەکەنەوەو حیسابی ئەکەن • ٤ـ(مؤلفة القلوب) ئەوانەی کە دەوڵەتی ئیسلام لەبەر شانو شکۆە یا لەبەر بیٚ‌هێزیی ئیمانیانو بە تەمای بەهێزبوونی خزمەتیان ئەکات • ٥ ـ (وفي الرقاب) واتە : ئەوانەی بە ماڵ ئازاد دەکرێنو موحتاجی یارمەتینو ، کە زەکاتیان پیٚ بدریٚ بەو زەکاتە خۆیان ئازاد دەکەن • ٦ ـ (والغارمين) ئەوانەی کە قەرزارنو قەرزاری‌یەکەیان لە رێگای گوناها نەبیٚ ، یا تەوبەیان کردبیٚ ، یا لەپێناوی ئاشتکردنەوەی خەڵکدا قەرزار بوونو نەیانبیٚ قەرزەکە بدەنەوە • ٧ ـ (وفي سبيل الله) واتە ئەو موسوڵمانانەی لە رێی خودادا غەزا ئەکەنو لای دەوڵەتەوە مەعاشیان نیە • ٨ ـ (وابن

السبيل) واته ئەو موسافیرانەی کـه لە رێـگەی حەڵاڵدا بە بێخەرجی داماون .

ئەگەر سەرفیترە بە کوێرێـکی داماو بدرێ‌و بە یەکجار سەرفیترەی هەمو ئەندامەکانی خێزانی پێدرا ئەوە دروستە ، بەڵام ئەگەر هەر بەشی یەك سەر گەنم حازر بوو پێویستی بەوە دەکرد کە ئەومیقدارە بە کڕین یا بە قەرز لەنێوان سەرفیترەدەرو کوێرەکەدا جێبەجێ بکرێ‌و ئەوە پێویستە ئەو کوێرە وەکیلێ بگرێت کە گەنمەکەی بۆ بفرۆشێ‌و بۆی وەربگرێ ، چونکە ئینسانی بێ چاو خریدو فرۆشی خۆی دروست نیە پێویستە وەکیل بگرێ .

ئەگەر سەرفیترە بە هەتیو بدرێ ئەگەر (وصي) هەبوو چاودێری بکات پێویستە سەرفیترەکە تەسلیمی (وصی)یەکە بکرێ ، خۆ ئەگـــەر (وصی) نەبوو بەڵـکو لەلایەن قازی شەرعەوە چاودێری لەسەر هەتیوەکە دانرابوو ئەوە سەرفیترەکە تەسلیمی ئەو چاودێرە دەکرێ ، بەڵام ئەگەر لای قازی‌یەوە چاودێر دانەنرابوو ، واتە قازی گوێی بەمجۆرە شتانە نەئەدا ، یا هەر قازی لە وڵاتدا نەبوو ، یا هەبوو بەڵام دوور بوو بەزەحمـەت پێی دەگەیشتن ئەوە ئەگەر هەتیوەکە دایکی هەبوو لەســـەر مەزهەبی ئیمامی شـــافیعی دروستە ئـەو سـەرفیترەیە تەســـلیمی دایـکی بـکرێت ، ئەگەرنا پێویستە دەمڕاسی ئەو شوێنە یەکێ بکەن بە چاودێری ئەو هەتیوەو سەرفیترەکە یا زەکاتەکەی بۆ وەربگرێ ئەگەرنا بە بێشێوەیەك لـەم شێوانە کە باسمان کردن ئەگەر هەروەها سەربەخـۆ ئەو ســـەرفیترەو زەکاتە بدرێ بە هەتیوەکە دروست نیەو جێـگەی زەکـاتو سەرفیتـرە ناگرێت ، چونکە دانو وەرگرتنی نابالغ بێئیعتیبارە ، جا ئەبێ ســـەر لە زانایانی ئایین بدەن‌و پرسیان پێبکەن‌و ئەمباسە بە باشی حاڵی بن .

ریوایەت‌کراوە حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی : هەر قەومێ زەکات‌و سەرفیترە نەدەن خودای گەورە لە وەختی باران پێویستیدا مەنعی بارانیان لێ ئەکات، بێ گومان حەزرەت راستگۆو باوەڕ پێ کراوە ، جا ئەمە کە وتمان زیانی گشتی بوو،زیانە تایبەتیەکەیش ئەوەیە کە ئینسان زەکات‌و سەرفیترە نەدات روکنێ لە روکنەکانی ئیسلامەتی‌ی خۆی رووخاندوە ؛ چونکە ئەرکانی ئیسلام پێنج شتن ، یەکەم دووکەلیمەی شەهادەت (اشهد ان لا اله الا الله واشهد ان محمدا رسول الله) دووەم پێنج‌فەرزەی نوێژە لە هەموو شەوو رۆژێکدا • سێ‌هەم رۆژووی مانگی رەمەزانە لە هەموو سالێکدا • چوارەم زەکات‌و سەرفیترەیە • پێنجەم حەجی (بیت الله)یە بۆ کەسێ کە دەستی بڕوات • بەم پێنج‌شتە خانووی ئیسلام تەواو دەبێ بە هەر چوار دیوارو سەرمیچەکەیەوە ، دیارە هەرکام لەمانە نەبوو ئەوە یەکێ لە پێنج روکنەکانی دەفەوتێ ، بێ‌گومان ئینسانی هوشیار لە خانووی بێ سەرمیچ یان بێ‌دیواردا ناژی ، هەوەها موسوڵمانیش بە نەمانی یەکێ لەو پێنج روکنانەی ئیسلام موسوڵمانیەتەکەی بەساغی نامێنێتەوەو ، بەرابەر بەو کەم‌و کورتی‌یە لە رۆژی قیامەت‌دا سزادەدرێ •

دیارە کە رۆژی قیامەت رۆژێکە منالان پیر ئەکات یانی ئەوەندە درێژە کە منال تیایا پیر دەبێت ، یاخۆ لەبەر ترس‌و سامناکی لەورۆژەدا منال سەری سپی ئەبێ ••

دە وەرن بەراوردێ بکەن ئەگەر خاوەن کوژراوێ پیاوکوژەکە بگرێ‌و ئەم پیاوکوژە دڵنیا بێ لەوەی کە دەکوژرێتەوەو گیانی دەردەچێ هێشتا ترس وای لێ‌ناکا کە سەری سپی ببێ ، کەواتە ئەبێ رۆژی قیامەت چەند سامناك بێ‌و ، ئەبێ ئەو ترسەی چ‌جۆرە ترسێ‌بێ کە موی سەری منال سپی‌بکات ؟

رۆژی قیامەت رۆژێکە ماوەی پەنجا هەزار ساڵ درێژە وەکو خودای گەورە فەرموویەتی « في يوم كان مقداره خمسين الف سنة » ، واتە : رۆژی قیامەت پەنجاهەزار ساڵ ماوەی هەیەو ، لەمماوەدا پەنجا راوەستان هەیە ، هەر راوەستانێ بۆ سزای جۆرە گوناهێکە، ماوەی هەزار ساڵە مەگەر یەکێ خوای گەورە رەحمی پێبکاتو رزگاری بفەرموێ ٠

ئەو ماڵە زەکاتی تیا واجب بێتو لێی دەرنەکرێت لە رۆژی قیامەتدا دەبێتە پارچە پشکۆیەکی زۆر بەتینو سۆزندەو دەنرێت بە ناوچاوانو تەنشتو پشتی ئەو خاوەنماڵانەدا کە زەکاتیان لێ دەرنەکردوەو نەیانداوە بە موستەحەقان هەروەکو لە سوورەتی (توبە)دا دەفەرموێت : «يوم يحمى عليها في نار جهنم فتكوى بها جباههم وجنوبهم وظهورهم ، هذا ما كنزتم لانفسكم فذوقوا ما كنتم تكنزون » جا ئەوەندەی لەلای خواوە بڕیاردرابێ بەمجۆرە سزا ئەدرێنو ، لە کاتی‌تردا ئەو پارچە ئاگرینانە خودای گەورە دەیانکات بە مارو دەیانئاڵێنێ بەدەوری ملیاناو ، بە ئەمری خودا پیانەوە دەدەن هەتا ئەوەندەی خواستی خوای لەسەر بێ ٠٠

براکانم ! بە نەدانی زەکاتو سەرفیترە ئەم هەموو زیانە پەیدا ئەبێ : یەکەم نەبارینی باران ، دووەم نەمانی روکنێ لە روکنەکانی ئیسلام ، سێهەم ئەو دوو جۆرە سزایە کە باسمانکرد ، چوارەم لەکیس‌چوونی پاداشی یەک بە حەفتا ، پێنجەم بێبەش بوون لە پاداشی گەورەی رۆژووی رەمەزان ، کە وەکو باسمان کرد مەگەر هەر خودای گەورە بزانێت چەندێکە ٠

ریوایەت کراوە کە حەزرەت (د ٠ خ) فەرموویەتی بە زەکات شوورا بۆ ماڵو سامانتان بکەن ، بە خێرو صەدەقە دەرمانی نەخۆشیی خۆتان بکەن ٠

براكانم ! لای هەندێ لە ئیمامانی موجتەهیدین ئەو کەسانە کە تەرکی بەجێهێنانی روکنێ لە ئەرکانی ئیسلام ئەکەن وەکو زەکاتو سەرفیترە کافر ئەبن ، بەڵام کوفرێکی سووك ، چونکە کوفر ، پەنابەخوا ، دوو جۆرە ، یەکەم کوفری سووك وەك جێبەجێنەکردنی هەندێ لە ئەرکانو واجباتی ئیسلام ، دووەم کوفری گران وەك باوەڕنەکردن بە یەکێ لە روکنەکانی ئیسلام • جا هەرکەس لە برایان ئەرکانی ئیسلامی بەراستی بەجێهێناو نوێژو رۆژووی بەساغی کردو ، زەکاتو سەرفیترەی بەتەواوی دا بە موستەحەقەکان ئەوە پێویستە لەسەری زۆر سوپاسی خوای گەورە بکات کە تەوفیقی داوە بۆ گەیشتن بەو نیعمەتە گەورەیەو بۆ خۆپاراستن لە سزاو مەینەتی رۆژی قیامەت ، خۆ ئەگەر خوانەخواستە وەها نەبوو ئەوە واجبە بزانی کە زەرەری کردوەو ، گورج پەشیمان بێتەوەو بگەڕێتەوە بۆ بەجێهێنانی هەموو واجباتی سەرشانی بەڵکو خوای گەورە لە ئازاری قیامەت بیپارێزێو نەشبێتە بەهۆی مەنعی باران لە موسوڵمانانو زیانی گشتی ئوممەت •

براکانم بابەتێکی تر هەیە ئەمەوێ بۆتانی روونبکەمەوە ئەویش مەسەلەی (تخمین)ی رەزەکانە • وا دەرئەکەوێ ئەو باغە رەزانە بە موافیقی شەرع تەخمین ناکرین ، چونکە ئەوکەسە کە دێ بۆ تەخمینی باغەکان پێویستە پیاوێکی زانا بێ بە بەری باغی مێوو عادڵو دادپەروەر بێو تەماشای هەموو بنە مێوەکان بکا ئەوجا میقداری ترێ ئەگەر بە تەڕی بفرۆشرێ یا میقداری مێوژ ئەگەر بکرێ بە مێوژ ، بکاتە ماڵ لەسەر خاوەن باغەکەو،خاوەنباغەکە بەوتەخمینە رازی بێ ئەوکاتە حەقی زەکاتەکە لە عەینی بەرەکە لائەچێو دەچێتە گەردنو ئەستۆی خاوەنەکەی ، لەبەر ئەوە خاوەنباغ ئەتوانێ بە ئارەزووی خۆی دەستکاری باغەکەی بکا بە لێخواردنو بە فرۆشتن ••• تاد ، کەچی ئەمجۆرەی کە وتمان لە کەم

شوێندا جێبەجێ دەکرێت ، بۆیە هەموو بەرەکە مافی زەکاتی پێوە ئەمێنێو هەرکەس خاوەن (ورع) بێو خۆی بپارێزێ لە شتی شوبهەدار ناتوانێ لەو ڕێی بازاڕە بکرێ بۆ خـۆیو خێـزانو میوانی ، کـەوابێ چاك وایە زووبەزوو تەقلیدی ئیمام ئەبووحەنیفە بـکەنو قیمـەتی میقداری زەکاتی واجب بە موستەحەقەکان بدەن تا هەموو لایـەك لە گوناه رزگـار بنو خودای گەورەش رەحمەتی خۆی بڕژێنێ بەسەرمانا •

براکانم ! ئێمە هەموومان تاوانبـارین ، بەڵام حـەزرەت (د • خ) فەرموویەتی نەدانی زەکـاتو سەرفیترەو غەشو غەلکردن لە کێشانەو پێوانەداو ستەم کردنی کاربەدەستان لە خەڵکی ژێردەست دەبنە هـۆی نەبارینی باران ، واتە : هەرکاتێ دەوڵەمەندەکان زەکاتیان نەداو ، ئەوانە کە زیاد لە مەسرەفی شەوو رۆژی جەژنیان هەیە سەرفیترەیان نـەداو ، ئەوکەسانە کە خەریکی کڕینو فرۆشتنن بۆ خۆیـان کێشـانەو پێوانەی نەواویان کردو ، بۆ خەڵك کەموکورتیان کرد ، هەروەها کاتێ خـاوەن دەستەڵاتەکان ستەمیان لـە خەڵك کرد ، ئەوکاتە ئاسمان مەنع ئەکرێ لـە باران ، ئاو کـەم ئەبێ لە کارێزو رووباران ، گیا ناڕوێت لـــە دەشتو کۆساران ، کشتوکاڵ بێ بارەو بەرەکەت ئەبێ ، گرانی پەیدا ئەبـێ لـە لادێو شاران ، رەحمو میهرەبانیو بەزەیی نامێنێ لە دڵێ خانـەدانەکانو دەستەڵاتدارانا • بێگومان چاری ئەمانە هەموو تەوبەو پەشیمان بوونەوەی تاوانبارەکانە ، هەرکەس لەو گوناهەی کە کردوویەتی • خوای گەورە بە زمانی حەزرەتی نوحەوە (د • خ) دەفەرموێ « قلنا استغفروا ربـكم انە كان غفارا ، يرسل السماء عليكم مدرارا ويمددكم باموال وبنيـن ويجعل لكم جنات ويجعل لكم انهارا » چونـــکە کەمبوونەوەی خێراتی ئاسمانو رزقو رۆزیی گیانلەبەرانو ، ئاسایشی جیهان هەموو ئەنجامی

تاوانباری‌و بێشەرمی‌یە لەگەڵ خودای گەورەدا ، بەتایبەتی بەخیلی‌و رژدی‌ی دەوڵەمەند لە خێر کردن ، وەك حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی « ما محق الاسلام محق الشح شيء »واتە : هیچ شتێ ئیسلام مەحو ناکاتەوە وەکو پەستی‌ی رەوشت‌و بەخیلی‌و رژدی لە جێبەجێ‌کردنی واجباتدا •

ئەگەر یەکێ لە زەکات‌دانا پەلەی‌کرد ، بۆنموونە : پێش ساڵ تەواو بوون لە زەکاتی چل‌سەر حەیواندا سەرێ حەیوانی دا بە فەقیرێ ئەوە دروستە بەشەرتێك ئەو فەقیرە لە کاتی تەواوبوونی ساڵەکەدا هەر بە فەقیری‌و موستەحەقی بمێنێتەوە ، واتە : ئەگەر تا ئاخری ساڵ ئەوکەسە دەوڵەمەند بوو واجبە لەسەری ئەو زەکاتە بداتەدواوە بۆ زەکات‌دەرەکە هەتا لەوکاتەدا بیدات بە فەقیرێ • هەروەها واجبە لەسەر ئەوکەسەی لەپێش تەواوبوونی ساڵدا زەکاتی وەرگرتوە کە لە ئاخری ساڵ‌دا بێتەوە بۆ ئەو شوێنەی زەکاتەکەی تیا وەرگرتوە هەتا بە فەقیری وڵاتی کابرای دەوڵەمەند حسێب بکرێ ، جا ئەگەر لە ئاخری ساڵدا وەکیل بنێرێ بۆ ئەو شوێنە ئەوە بێسوودە چونکە وەکیل فەرعی ئەصیلە کە ئەصیل لەو شوێنەدا نەبوە بە موستەحەقی ئەو وڵاتە نەناسراوەو تەوکیل بێفائیدەیە • هەروەها ئەگەر لەپێش تەواوبوونی ساڵدا وەکیلێ بگرێ‌و لەوشوێنەدا دای‌بنێ هەر بێسوودە ، بەڵام ئەگەر کابرای دەوڵەمەند تەقلیدی ئەو زانایانەی کرد کە دەڵێن دروستە زەکات نەقل بکرێت ئەوە کابرای زەکات‌پێدراو بە موستەحەقی خارجی ئەناسرێ‌و زەکاتەکەجێی خۆی دەگرێ • ئەم مەسئەلە بەنهانەو پێویستە ئاگاتان لێی‌بێ •

نبهني الله واياكم من نومة الغافلين وحشرني واياكم تحت لواء سيد المرسلين آمين •

نامەی بیستو دووهەم

باسی زەکاتە

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله سيدنا محمد وعلى الـه وصحبه المجاهدين في سبيل الله .

پاش ئەمە لە خودا ئەپارێمەوە ، وەکو چۆن ئارەزووی نەفس لەسەر بیستنی واتەی بێهوودەیە ، خودا بە میهرەبانیی خۆی دڵی ئێوە بە بیستنی فەرموودە پیرۆزەکانی حەزرەتی پێغەمبەر (د . خ) موبارەكو رووناك بکات ، هەتا بە باشی گوێ راگرن بۆ تەرجەمەی ئەو فەرموودە موبارەکانە کە پێشکەشتانی ئەکەم ، جا لەمڕووەوە پێویستە بزانن بێموبالاتیو نەبیستنی فەرموودەکانی پێغەمبەر نیشانەی ناتەواویو نارەسایی ئیمانە ، چونکە بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر گەورەترین خووڕەوشتی ئینسانی موسوڵمان ئەوەیە کە هەرگیز لە بیستنی ئایین تێر نەبێ ، بێگومان ئەگەر ئینسانی موسوڵمان بەپێچەوانەی ئەمە بوو ئەوە واتە : ئیمانو باوەڕی لاوازە . لەبەرئەمە ، ئەی براینە ! پێویستە لەبەر ناتەواویو ناپاکی ئەحواڵی خۆتان بگرینو ، پەنابەخوا ، لەئەنجامی خۆتان بترسن ، مادام خۆشەویستیی خوداو پێغەمبەری خواتان ئەوەندە نەبێ زیاد بێ بەسەر

عەلاقەو پەیوەندیی خۆتانا ، حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی « لایؤمن احدکم حتی یکون الله ورسوله أحب الیه مما سواهما » واتە : ئیمان‌و باوەڕی هیچ‌کەس لە ئێوە تەواو نابێ هەتا حاڵی وەها نەبێ کە خوداو پێغەمبەری خودا لە لای ئەو خوشەویستتر بن لە هەموو شتێکی‌تر لە ئەولاد ، لە سامان ، لە پایە ، لە نەفس •• تاد • بێ‌گومان لەم فەرموودەوە دەرئەکەوێ کە خۆشویستنی خوداو پێغەمبەر نیشانەی ئیمانەو ، یەکێ لە نیشانەکانی ئەم خوشویستنە ئەوەیە ماڵ‌و دارایی دنیا کە خۆشەویستی ئینسانە لە ڕێگەی مەحەبەتی خوداو پێغەمبەری خودادا بە دڵ صەرفی بکات ، ئیتر ئەو صەرف‌کردنە چ بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی واجباتی ئیسلام بێ وەکو زەکاتی ماڵ‌و کەفارەتی سوێنی درۆو نەذر ، یاخو بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی سوننەت بێ وەك نان بە هەژاران دان‌و صەدەقەو بەخشش بە موسوڵمانانی موحتاج •

براکانم ! من لەبەر ئاگادارکردنەوەی ئێوە چەند ئایەت‌و چەند حەدیثێ کە لەبابەتی زەکاتەوە وارد بوون بۆتان بەیان ئەکەم‌و بۆتان ڕوون ئەکەمەوە هەتا بەباشی لەم واجبە حاڵی بن ، ئەگەرچی هەندێ خەڵك لەم عەرزو بەیاناتەی من مەلوول‌و دڵگران بن ، چونکە حەزرەت (د • خ) ئەفەرموێ « علموا الناس سنتي وان كرهوا »واتە سوننەت‌و کردەوەو ڕەتاری من بە خەڵك نیشان‌بدەن با حەزیشی پێ‌نەکەن‌و بەلایانەوە ناخۆش بێ •

ڕیوایەت‌کراوە هەرکەسێ نەصیحەت‌و ئامۆژگاری‌یەکی لە لایەنی خواوە بۆهات ئەگەر بە دڵ وەری‌بگرێ‌و سوپاسی خوای لەسەر بکا ، ئەوا خودا نیعمەتی بۆ زیاد ئەکات ، ئەگەرنا ئەوە دەبێ بە شاهید لەسەری لە ڕۆژی قیامەتداو ، دەبێتە هۆی ناڕەزایی خودا لەوکەسە لە ڕۆژی

قیامەتدا • ئەم فەرموودە پیرۆزە بەشێکی موژدەی خۆشەو بەشێکی هەڕەشەیەو ناخۆشە ، بۆیە دوعامکرد بۆتان کە خودا دڵتان باش بکا بۆئەوەی گوێرابگرن لە تەرجەمەی ئەو ئایەتو حەدیثانە کە دەیخەمە پێش چاوتان هەتا لە نەگبەتی نارەزایی خودا پارێزراو بن •

یەکێ لەو ئایەتانە دەفەرموێ « ولا تحسبن الذین یبخلون بما آتاهم الله من فضله هو خیرا لهم بل هو شر لهم سیطوقون بما بخلوا به یوم القیامة »واتە : هەرگیز گومان مەبە ئەوکەسانەی کە رژدی ئەکەن لە دانی زەکاتدا ئەو رژدییەیان چاك بێ بۆیان بەڵکو ئەوە شەڕو شومو نەگبەتییە لەسەریان لە رۆژی قیامەتداو ، بەهۆی ئەو رژدییەوە دەکەونە سزا ، جاربەجار ئەو ماڵە دەبێتە مارو دەئاڵێتە گەردنیانو ، بەدرێژایی کات پیانەوە دەداتو دەبێتە هۆی سزاو ئازاریان ، جارجاریش ئەو ماڵی زەکاتە دەبێتە پشکۆی زۆر بەتینو ناوچاوانو تەنشتو پشتیانی پێ داخدەکرێ ، مەلائیکەکان لە کاتی ئازاردانیاندا پێیاندەڵێن ئەمە ئەو ماڵەیە کە کۆتانکردبوەوەو هەڵتانگرتبوو بۆ خۆتان ، واجب بوو بۆ هەژارانو داماوانی سەرف بکەن کەچی صەرفتان نەکرد، دەی تاڵاوو ئازاری ئەوە بچێژن کە راتانگرتبوو •

جا ئەم ئایەتە گەورە هەرچەند دەربارەی زەکات هاتبێت بەڵام هەموو مەصرەفێکی واجبی سەرشانی ئادەمیزاد ئەگرێتەوە ، کەوابێ ئەگەر کەسێ بەقەدەر حاڵ مەصرەف بۆ خۆیو ژنو منالی نەکا چ لە خواردەمەنیو چ لە بەرگو پۆشاكو رایەخو نوێنا ، یاخود صەرفی نەکا لە حەجی ماڵی خودادا یا لە غەزایەکدا رووی کردبێتە موسوڵمانانو پێویستی بە ماڵ بێ ، یا صەرفی نەکا لە خواردەمەنیو پۆشاکی گەداو داماواندا لە ساڵە گرانیدا ، یاخۆ صەرفی نەکا بۆ میوانی رێبواری

بێخەرجی کە سەفەرەکەی حەڵاڵ بێ ، یا صەرفی نەکا بۆ هەتیوانو لێقەوماوان لە گەڕەك یا لە لادێدا، یا صەرفی نەکا لە ڕێگای فێربوونی ئەحکامو ئادابی دینا لە واجباتەکەیدا وەك فیربوونی بیرو باوەڕی ئیسلامیو فێربوونی نوێژو دەستنوێژو روکنەکانی نوێژو ئەوانەی نوێژ بەتاڵ دەکەنەوەو سوننەتەکانی نوێژو واجبەکانیتر لای زاناکان ، یا صەرفی نەکات لە خزمەتی ئەو قوتابییانەی کە دەرزی دین ئەخوێنن یا صەرفی نەکا بۆ مامۆستاکانیان ، یا صەرفی نەکا لە دەرمانکردنی نەخۆشی داماودا ، یا صەرفی نەکا لە شۆردنو کفنو دفنی مردووی فەقیری بێماڵدا ، تاوانبارە • هەرکەس خاوەن دەسەڵات بێو سامانو دارایی هەبێو بەقەدەر حاڵ لەکاتی پێویستا شانبەشانی موسوڵمانەکان نەڕوا بەرێداو لەم مەصرەفە واجبانە خۆی بخاتە دواوە ئەوە بەپێی ظاهیری ئەم ئایەتەگەورەیە سزا ئەدرێ ، پەنابەخوا • جا ئەو سزا نابارە ، ئەو ئازاری ئاگرومارە بۆ ئەو زەکاتنەدەرە پایەدارە ، هەتا حوکمدەدرێ بەسەر عیبادا جا یا عەفوئەکرێو رەوانەی بەهەشت دەکرێ ، یا عەفوناکرێو رەوانەی دۆزەخ دەکرێ •

هۆی داغکردنی ناوچاوو تەنشتو پشتی زەکاتنەدەر ئەوەیە کە ئینسانی داماوو هەژار لە وەختی خۆیا کە داوای زەکاتی لێکردوە رووی لێ گرژ کردوە ، یا پشتی لێ کردوە ، یاخۆ تەنشتی تێ کردوە •

بەهێزترین ئایەتی هەڕەشە لە زەکاتنەدەر ئایەتی « ویل للمشركين الذين لا يؤتون الزكاة وهم بالآخرة هم كافرون »ە واتە : وەیلو سزای سەخت بۆ ئەو کافرانەیە کە شەریكو هاوبەش بۆ خودا دادەنێنو زەکاتی ماڵ نادەن بە موستەحەقەکان ، تەماشا بکەن خودای گەورە لەم ئایەتەدا زەکاتنەدەری بە موشریك ناوبردوە ، ئەڵبەت لەبەرئەوەیە کابرا ئەوەندە

به ماڵەکەی پشت ئەستوورە کە بە رازقی خۆی داناوەو بە شەریکی خودای داناوە ، پەنابەخوا •

ئیمام (ابو بکر)ی (صدیق) خەلیفەی یەکەمی پێغەمبەر (د • خ) بە دلیلی ئەم ئایەتە شەڕی کردوە لەگەڵ زەکاتنەدەراندا ، هەندێ لە زانایان فەرموویانە عورف لەسەر ئەوەیە کەسێ کە گوناهێکی گەورەی بێو گوناهی بچووکیشی بێ ئەوە بە گوناهە گەورەکە ذەمی ئەکرێو باسی گوناهە بچووکەکانی ناکرێ ، جا لەبەر رۆشنایی ئەمەدا ئەگەر مەبەستی خودای گەورە لەم ئایەتەدا کافری موشریك بوایە باسی صیفەتی (لا یؤتون الزکاة)ی نەدەکرد کەوابێ ئەبێ هەر مەبەستی زەکاتنەدەرێ بێ کە بەهۆی زەکاتنەدانەکەیەوە بە عینوانی موشریك ناوبراوە •

پوختەی قسە : زەکات رۆکنێکە لە روکنەکانی ئیسلام ، دیارە زەکاتنەدان هۆی رووخاندنی رۆکنێکە لە روکنەکانی ئیسلام ، هەروەك زەکاتدان دەبێتە هۆی هێزدان بە ئیسلام ، جا ئیتر ئەم ئەندازە بەسە بۆ کەسی هوشیار بێو ئاگای لە رۆژی قیامەتی خۆی بێ • ریوایەت کراوە کە حەزرت (د • خ) فەرموویەتی زەکات بکەن بە شوورای ماڵی خۆتانو ، بە صەدەقە دەرمانی نەخۆشتان بکەن •

دەگێڕنەوە کاتێ کە حەزرەت (د • خ) ئەم فەرموودەی فەرموو گاوڕێك بیستیو رۆیشتەوە بۆ ماڵی خۆیو وتی بە خێزانەکەی من قسەیەکی وەهام بیستوە ، وا من ئەو ماڵەم کە شەراکەتەو ، شەریکەکەم بردوویە بۆ میصر بۆ بازرگانی زەکاتەکەی ئەدەم ، جا ئەگەر (محمد) قسەکەی راست دەرچوو ماڵەکەم بە سەلامەتی هاتەوە ئەوا دەڕۆم ئیمان بە (محمد) دێنمو ئایینی ئیسلام قبووڵ ئەکەم ، خۆ ئەگەر ماڵەکەم فەوتا

ئەوه هـەر کاتێ بۆم هەڵکەوت (محمد) ئەکوژم • چەند رۆژێ لەم وادە رابورد ئەهلی قافڵەکە نامـەیان هات کە لە رێکەدا تالآنکراونو هیچیان بۆ نەماوەتەوە ، کابرای گاور شیری هەڵگرتو رۆیشت بۆ نزیکی حوجرەی حەزرەت (د • خ) بەڵـکو فرسەتی لێبێنێو بیکوژێ • هێشتا لە رێـگەدا بوو نامـەی شەریکەکەی پێگەیشت نووسیبووی : دڵگران مەبە لە رۆژی ئـەو تالآنەدا لەبەرئەوەی کە وشترەکەم لاواز بوو من کەوتبوومە دواوەو لــە کاروانەکەدا نەبوومو لـەو تالآنە رزگار بوومو هەموو ماڵەکەمان بە سەلامەتی دەرچوو ، جا گاورەکە دڵی شـاد بوو وتی دیارە ئـەو ذاتـە راستی فەرمووەو راستە ، زوو رۆیشتە خزمەتیو موسوڵمان بوو •

ساڵی هەزارو دوصەد هەشتاو شەشی هیجری بیستم قافڵەیێکی گەورە لـە شـاری موصلەوە رووبەشاری حەڵەب رۆیشت بۆ بازرگانی ، یەکێ لـە بازرگانەکانی مووصل بارێ لیرەی لـەو قافڵەدا ناردبوو بۆ تیجارەت لـە رێـگەدا جـەردە دایان لـەو قافڵە گەورەیەو هەموویان بــە تالآن برد ، کـە ئەم هەواڵە گەیشتە شـاری مووصڵ هەموو بازرگانەکان عاجزو خەمبار بوون ، بەڵام بازرگانی خـاوەن بارە لیرە هیچ عــاجز نەبـوو ، هاوەکارەکانی لێیانپرسی تۆ چۆن هیچ عاجز نیتو خەم ناخۆی ؟ ووتی ماڵی مـن نافەوتێ چونـکە زەکاتم بەتەواوی داوە • پاش چـــەند رۆژی ئەهلی قافڵەکـــە هاتەوەو دەرکەوت کـــە ماڵی خـاوەن لیرەکە خـودا پاراستوویەتیو ، لە کاتی تالآنەکەدا کەس دەستی بۆ نەبردوە •

ریوایەتکراوە هەرکەس زەکات نەدا نوێژەکانیشی وەك نەبوو وایە، چونـکە خوای گەورە لـە گەلێ ئایەتی قورئاندا زەکاتو نوێژی بەیەکەوە باسکردوەو ئەو دوو روکنـە وەك یەك روکنیـان لێهاتوە جـا ئەگەر کەسێ یەکێکیان نەکا ئەوە وەکو ئەوەیە کە هیچیانی نەکردبێ • ئەمەش

دەردێکی‌ترە لەسەر ئینسانی زەکات‌نەدەر ، وەکو حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی «ما محق الاسلام شیء محق الشح» واتە هیچ شتێ ئیسلام مەحو ناکاتەوە بەقەد بەخیلیو پیسکەیی •

هەندێ لە زاناکان فەرموویانە کەلیمەی (شح) بریتیە لە بەخیلی‌کردنو سستی لە جێبەجێ‌کردنی واجبە مالی‌یەکاندا ، گەورەترین واجبی مالیش زەکاتو سەرفیترەیە ، هەروەها بەگوێرەی زاهیری فەرموودەی پێشوو ئەوکەسە کە زەکات نەدا نوێژەکەشی قبوول ناکرێ ، جا نەکبەتی لەمە گەورەتر چی‌یە بۆ سەر شانی موسوڵمان کە بەجارێ دوو روکن لە ئەرکانی ئیسلامی لەکیس‌بچێ ، یەکەم زەکاتو دووەم نوێژ ، کە لەسەر فەرموودەی پێغەمبەر (د • خ) کە ئەفەرموێ «الصلاة خیر موضوع» نوێژ چاکترین عیبادەتێکە کە بۆ ئینسانی موسوڵمان دانراوە • تەماشابکەن هەرکەس لەو ئێوە ئەگەر خانوویەکی بێ‌و دوو دیواری بڕووخێ چۆن لەو خانوەدا دادەنیشێو چۆن ئەژی ؟

دەگێڕنەوە کە حەسەنی بەصری فەرموویەتی ئەوکەسەی کە زەکاتی ماڵی خۆی بدا لە ئاسمانی یەکەمدا ناوی (سەخی)یەو ، لە دووەمدا ناوی (جواد)ەو ، لە سێ‌هەمو چوارەمدا ناوی (کریم)ەو ، لە پێنجەمدا ناوی (مبارک)ەو ، لە ئاسمانی شەشەمو حەوتەمدا ناوی (مغفور)ە ، واتە خوالی‌خۆشبوو عەفوکراو •

یەکێ لە تابیعی‌یەکان فەرموویەتی لە کاتی سەرەمەرگدا بۆ ئینسان دوو مصیبەت روودەدەن ، یەکەم ئەو ماڵەی کە بە خوێنی جگەری خۆی پەیدای کردوە ئەکەوێتە دەس میراتبەرو ئەو لەو ماڵە بێ‌بەش ئەبێت • دووەم ئەوەیە کە پرسیاری ئەوماڵەش لەو ئەکرێت ، لێی ئەپرسن ئەو ماڵەی چۆن پەیدا کردوە لە حەرام یا لە حەلاڵ ؟ ، هەروەها لەوەیشی کە

صەرفی کردوە لەچیدا صەرفی کردوە ، لە مەصرەفی حەلاڵو بێعەیبدا صەرفی کردوە ، بۆنمونە وەکو بەرگ‌و پۆشاکی خۆی‌و خێزانی ، یاخۆ لە حەرامدا خەرجی کردوە وەکو عارەق‌خواردنەوەو کردەوەی ناشیرین‌و نارەواو ناشەرعی ؟

لە فەرمودەی حەزرەتە (د • خ) «الويل لمن ترك عياله بخير وقدم على ربه بشر» واتە نەگبەتی بۆ ئەو کەسە کە کاتێ مرد خێزانەکەی بە گوزەرانی باشەوە بەجێ‌دێڵێ‌و ، بە کردەوەی خراپەوە دەگاتە خوای خۆی ، واتە : زەکاتی ماڵی دەرنەکردوە ، سەرفیترەی نەداوە ، ماڵی خەڵکی بە ناحەق خواردوە ، غەش‌و خیانەتی لەگەڵ خەڵکا کردوە • • تاد •

حەزرەت (د • خ) فەرمویەتی : ئەوانەی کە زەکاتی ماڵیان دەرناکەن لەکاتێکدا پێویستی‌یان بە باران بێت خودای گەورە مەنعی بارانیان لێ‌ئەکات‌و ، ئەگەر حەیوانی بێ‌زوبان نەبوایە هەرگیز بارانیان لێ نەدەباری • هەروەها ریوایەت کراوە ئەوکەسانەی کە ماڵیان حەلاڵەو زەکاتی لێ دەرئەکەن ئەوە لەپاش مردنیان کە میرات‌بەرەکانیان لەو ماڵە خەرج‌بکەن بۆ خۆیان خوای گەورە پاداش بۆ ئەوانیش ، واتە بۆ مردوەکانیش ئەنووسی ، بەخ بەخ لەم میهرەبانی‌یەی خودا کە تەنانەت پاش مردنی زەکات‌دەریش هەر خەیری بۆ ئەنووسێ •

ریوایەت‌کراوە لە حەزرەت (د • خ) چوارکەس هەن کە لە رۆژی حەشردا لە قەبر دەرچوون حیسابیان لەگەڵ ناکرێ‌و بە بێ‌پرسیار رەوانەی دۆزەخ دەکرێن ، یەکەم کەسێکە لە سەبەینێدا دەنوێ‌و بەتایبەتی نوێژەکەی ئەفەوتێنێ ، دووەم کەسێکە زەکاتی ماڵی خۆی نادا ، سێ‌هەم کەسێکە هەمیشە وا بەدوای فیسق‌و فجوورو ئارەزووپەرستی‌یەوە ،

چوارەم کەسێکە گوێنەداتە نوێژی عیشاو تەرکی ئەکات ٠

ریوایەت کراوە کە لە رۆژی قیامەتدا لەکاتی هەیبەتی خوداو راکێشانی خەڵکدا بۆ مەیدانی لێپرسینەوە حەزرەت (د ٠ خ) نەفرین و بێزاری دەرئەبڕێ لەو کەسانەی کە زەکاتیان نەداوەو لەورۆژەدا گیرۆدە دەبن ٠ هەروەها ریوایەت کراوە لە حەزرەت کە فەرموویەتی لە شەوی میعراجدا چاوم کەوت بە کۆمەڵێ کە مەلائیکە سزایان ئەدان ، ئەو کۆمەڵە لە دەشتێکدا بوون پڕبوو لە بەردی گەرمی بەئاگر سوور کراوەو ، بەو بەردانە داخ ئەکران و ، ناوبەناو زەقومیان ئەکرد بەقوڕ گیانداو ، بێجگە پێش و پاشیان کە بە پارچە بەردێک داپۆشرابوون ، هەموو لەشیان رووت بوو ، حەزرەت ئەفەرموێ لە جوبرەئیلم پرسی ئەمانە کێن ؟ فەرمووی ئەوانەن کە زەکات نادەن ٠ براینە ! خوای گەورە ئاگادارەو زانایە بە حاڵی هەموو کەس لە دنیاو لە قیامەتدا ، جا خودای گەورە وێنەی پاشەرۆژ (قیامەت) بە پێغەمبەری خۆی نیشان ئەدا لە دنیادا ، واتە : ئەم صوورەتانە کە حەزرەت (د٠خ) چاوی پێ کەوتوون صوورەتی رۆژی قیامەتیانەو ، هەر لەئێستەوە خودای گەورە بە پێغەمبەری نیشانداوە ، هەتا بیگێڕێتەوە بۆ ئوممەتەکەی و ، ئەوانیش پەندی لێ وەربگرن و خۆیان لە گوناح بپارێزن ٠

لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا زەکات بریتیە لە دەیەك یا بیستیەك یا چلیەك ، وەکو لە کتێبی شەرعدا بەیان کراوە ، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ئەم ئوممەتە ئیشیان ئاسان بێ ، وەکو حەزرەت (د ٠ خ) فەرموویەتی «بعثت بدین سهل» واتە لەلای خوداوە بە دین و ئاینێکی ئاسانەوە رەوانە کراوم بۆسەر خەڵق ٠

براکانم ! ئەم ماڵی دنیایە کە ئێوە هەتانە راستە بە رەنج و مەینەت

پەیداتان کردوە ، بەڵام ئەگەر باش لێی ورد بینەوە ماڵی هەموومان ماڵی خودایەو ، هەر خودا بە خواستی خۆی‌و لەسەر حیکمەتی خۆی بەشی‌دەکاتەوە بەسەرماندا ، ئەگەرنا دەوڵەمەندی بە عەقڵ نیە ، گەلێ عاقڵ بێ‌ماڵەو ، گەلێ ئینسانی بێ‌عەقڵ دەوڵەمەندە ، دەوڵەمەندی بە رەنج‌و تێکۆشانی زۆریش نیە ، گەلێ کەسی رەنجکێش بێ‌مایەیە ، گەلێکیش لەلایەکەوە ماڵێ پەیدا ئەکات کەچی لە چەند لاوە تووشی زیان ئەبێ ، کەوابێ لەگەڵ ئەوەشدا کە دەوڵەمەندی عەقڵ‌و تێکۆشان‌و هەوڵی دەوێ ، راستەکەی ئەوەیە کە لەسەر تەوفیق‌و یارمەتی‌ی خودا راوەستاوە ، بۆیە پێویستە ئینسان ماڵەکەی خۆی بە ماڵی خۆی نەزانێ‌و ، ئەوەی خودا لەسەری واجب کردوە بیدا بە موستەحەقەکان ، هەروەها پێویستە لە تەماشاکردنی فەقیراندا تەماشای قازانجی دنیایی خوتان نەکەن‌و تەماشای شۆرەت‌و ناوبانگ نەکەن نە بۆ خۆتان ، نە بۆ ئەو کەسانە کە پێیان‌ئەدەن •

ئەگەر خزم‌و خوێشی خۆتان وەکو براو برازاو خوشک‌و خوشکەزاو خزمانی‌تر ، یا لە دراوسێکانتان ، یا خەڵکی گەڕەک فەقیریان تیابوو زەکاتیان پێ‌بدەن •

ئەگەر کەسێ بە شەرع حەقی زەکات وەرگرتنی نەبێ‌و بێت بەزۆر ماڵتان لێ‌بسێنێت ئەوە ئەگەرچی نیەتی زەکاتیشی لێ‌بێنن بەشەرع بە زەکات حسێب ناکرێت‌و ، زەکاتەکەتان لەسەر ئەمێنێ ، بەڵام ئەگەر زەکاتیان پێ ئەشیا ئەوە مادام بە ناوی زەکاتەوە داوای بکات‌و ، خاوەن ماڵیش نیەتی زەکاتی لێ بهێنێ ئەوە بە زەکات حسێب ئەکرێت •

چۆنیەتی دەرکردنی زەکات لە باغی رەز ئەوەیە هەر لە سەرەتای پێ‌گەیشتنیەوە بەهۆی ئینسانی عادڵی ژیری زانا بە چەن‌و چۆنیەتی

میوەی باغات ئەو باغە تەخمین بکرێ بە ئەندازەیەکو بخرێتە ئەستۆی خاوەن باغەکە لەگەڵ ئەندازەی زەکاتی پێویستو خاوەن‌باغەکەش ئەم خستنە ئەستۆیە قبوڵ‌بکات ، ئەوسا بۆ خاوەن‌باغ دروستە بە ئارەزووی خۆی دەست‌بخاتە بەرهەمی ئەو باغە بە فرۆشتن‌و بەخشین‌و خواردن .. تاد ، چونکە میقداری زەکاتەکە دیاری‌یەو ، لە ئەستۆی خاوەن باغ‌دا کراوە بەماڵ .

پێویستە ئەوکەسە تەخمینەکە دەکات بزانێ تەخمین بکاتو ، تەماشای هەموو بنە میوەکان یا دار خورماکان بکات . دیارە ئەم تەخمین‌کردنە سوننەتەو واجب نیە ؛ چونکە خاوەن‌ماڵ ئارەزووی خۆیەتی یا تەخمینی میوەکەی بکاتو یا خۆ صەبربکاتو تەسەڕروفی تیا نەکات تا بەتەواوی میوەکەی پێ‌ئەگاتو ، بەڕاستی حەقی خودای لێ دەربکات .

شایانی باسە ئەم کاروباری تەخمینە ، واتە تەخمین کردن‌و قبووڵی تەخمین ئەبێ لای زانایەکی ئایینی فێریان بێن . جا لەبەر ئەوەی ئەمانە بەپێی شەرع نایەنەجێ کابرای خاوەن‌ماڵ مادام لەو باغە دەخوات دەبێتە حەرام‌خۆر ، هەروەها کڕین‌و فرۆشتنی ئەو میوەش حەرامە چونکە بەشی موستەحەقی تێدایە ، مەگەر تەقلیدی فەرموودەی ئەو ئیمامانە بکات کە فەرموویانە حەقی زەکات لە گەردنی خاوەن ماڵدایەو لە عەینی ماڵەکەدا نیە ، لەپاش ئەو تەقلیدە تەسەڕروف دروستە ، بەڵام پێویستە ئاگای لە دانی حەقی زەکات بێ هەتا قەرزار نەبێ ، یا تەقلیدی فەرموودەی ئەبوحەنیفە (ئیمامی ئەعزەم)بکات کە فەرموویەتی دروستە لەباتی زەکات قیمەتەکەی بدرێتو ، هەر میقدارێ ئەیەوێ تەسەڕروفی تیا بکات قیمەتی میقداری زەکاتەکەی بدا بە موستەحەقەکان .

لە حەدیثی شەریف‌دا هەیە هیچ ماڵێ لەکیس‌ناچێت لەسەر وشکانی یا لە دەریا مەگەر بەهۆی نەدانی زەکاتەوەو ، زەکات‌نەدەر لە قیامەتدا وا لەناو ئاگری دۆزەخدا • هەروەها لە حەدیثێکی‌تردا فەرموویەتی : کەلێ کەس کەسابەتێکی پاك‌و خاوێن دەکەن ، بەلاَم لەدوایدا لەبەر نەدانی زەکات ماڵەکەیان پیس دەکەن •

براکانم ! هەموو ماڵی من بە قوربانی ئێوە بێت ، تەماشای میهرەبانیی خودا بکەن کە فەرموویەتی : ئەی عەبدەکانی من لەو ماڵی خۆمە کە لای ئێوەیە میقدارێکی بدەن بە من بەقەرز ، بەمەرجێ بیدەن بە من کە سبەینێ لە قیامەت‌دا من یەك بە دە ، تا یەك بە حەفتا،تا یەك بە حەوصەدو زیاتریش بیدەمەوە بە ئێوە • ئەوەش بزانن کە خودای گەورە داوای ماڵ بۆ خۆی ناکات ، خودا بێ‌نیازە لە ئێوەو لە ماڵی ئێوە ، بەڵکو داوای ئەوە دەکات ئەو ماڵە بدەن بە برا داماوەکانی خۆتان لە موسوڵمانان (انما المؤمنون اخوة) بەراستی موسوڵمانان برای یەکترن ؛ حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی « المؤمن اخ المؤمن »واتە : موسوڵمان برای موسوڵمانە ، دەی ئەبێ ئەوە چ نامەردو چروکێ بێ ئەوکەسەی ئەوەندە مەردایەتی تیا نەبێ کە بە ئەمری خودای صاحب‌ماڵ بکاو بەگوێی فەرمانی ئەو بکا کە فەرموویەتی دەیەکێ ، یا بیست‌یەکێ ، یا چل‌یەکێ لەو ماڵی منە کە لای تۆیە بدە بەو براتە کە داماوەو بێ‌نان‌و ئاوە ؟ جا لەبەرئەوە کە ئەم دنیایە دەماغی ئینسان کاس دەکات‌و پیاوەتی لە لا ناهێڵێ ، حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی دنیا وەك لاشەی مردار وایەو هیچ عاقڵێ خۆشی ناوێ « الدنیا جیفة وطلابها کلاب » واتە : دنیا وەك لاشەی مرداردو ئەوانەش دەکەونە شوێنی‌و لێی کۆدەبنەوە وەك سەگ وەهان ، کەوابێ هەرکەس دنیای خۆش‌بوێ‌و کۆی‌بکاتەوەو حەقی خوای لێ‌دەرنەکاو نەیدا بە داماوان ئەوە لە چینی سەگان حسێب ئەکرێ • بەلاَم

ئەگەر نەکەونە دوای ئارەزووی نەفس‌و حەقی خوای لێدەربکەن ئەوە خودای گەورە لە خۆتان رازی ئەکەن • هەر لەم‌بابەتەوە حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی « نعمت الدار الدنیا لمن تزود منها للاخرة »واتە چاك خانوو مەنزڵێکە ئەم مەنزڵی دنیایە بەومەرجەی کە ئینسان تۆشەی قیامەتی تیا هەڵبگرێ « وبئست الدار الدنیا لمن صدته عن آخرته وقصرت به عن رضا ربه » واتە خراپ خانوو مەنزڵێکە دنیا بۆ کەسێ کە مەنعی‌بکا لە تەماشاکردنی قیامەتی خۆی‌و دەستی کۆتا بکات لە رەزامەندی‌ی خودای خۆی •

زیرەکانی ئایین فەرموویانە هەمووشتێ زەکاتێکی لەسەرەو زەکاتی خانوو ئەوەیە کە هۆدەیەکی وەهای تیابێ میوان بتوانێ تیا بحەسێتەوە ، زەکاتی پایەو شان ئەوەیە کە ئینسان بگاتە فریای ئەوکەسانە کە پەنایان پێ‌هێناوە ، زەکاتی زانست ئەوەیە کە خاوەنەکەی ئامۆژگاری‌ی نەزانان بکات ، زەکاتی ماڵ‌و دەغڵ‌و دان‌و میوەو حەیوانات دیارە •

دەگێڕنەوە کە رۆژێ شەیتانی لەعین گەیشت بە حەزرەتی خضر (د • خ)و یەکێ لە قسەکانی لەگەڵیا ئەمە بوو کە پێی‌وت ئەی خضر من ئەڕۆم چوارگۆشەی دڵی دەوڵەمەند ئەگرم‌و تیایا دائەنیشم‌و هەوڵ‌ئەدەم ترسی هەژاری دەخەمە دڵیەوە لەگەڵ مەحەبەتی دەوڵەمەندی هەتا زەکاتی‌ماڵی خۆی نەداو ئەو مافی خوایە بەسەرەوە بمێنێ هەتا بەیەکەوە لە گەڵ مندا بمانخەنە دۆزەخەوەو بەیەکەوە بسووتێین •

براکانم شەیتان زۆر زانا بوو پێش ئەوەی بەر نەفرینی خودا بکەوێ دەرزی بە فریشتەکان دەوت ، بەڵام لەبەر خۆبەزل‌زانین بێ‌گوێیی خودای گەورەی کردو ، خودای گەورەش لەعنەتی لێ‌کردو لە قاپی‌ی رەحمەتی خۆی دەری‌کرد ، ئیتر بوو بە دوژمنی نەتەوەی حەزرەتی ئادەم (د • خ)و ،

ئەبەرئەوەی شارەزای هەموو گوناهەکانە ئەزانێ بەکام گوناه بیانفەوتێنێو ، ئەزانێ کە زەکات نەدان گوناهێکی زۆر گەورەیەو ، دەبێتە هۆی ماڵوێرانیی دەوڵەتمەندان ! بۆیە دەڕواتە ناو دڵیانەوەو ئەو گوناحەیان پێ ئەکات ، جا ئاگاتان لە خۆتان بێ نەوەك بتانخەڵەتێنێ •

حەزرەتی پێغەمبەر (د • خ) فەرموویەتی ، کە لە وەختی پێویستدا باران نەباری ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەهلی ئەو وڵاتە زەکاتیان نەداوە ، هەروەها کە تاعوونو ناساغیی خراپ کەوتەناو ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە زینا زۆر ئەکرێت •

ریوایەتکراوە جارێ حەزرەتی مووسا (د • خ) بەلای جوانێکدا رابورد کە نوێژێکی زۆر باشی ئەکرد ئەویش زۆری پێخۆش بوو (ماشاء الله)ی لێ کرد ، خودای گەورە فەرموی یا مووسا ! زەکاتو نوێژ وەکو منداڵی دوانە وان ، هەرکامیان لەویان جیابوەوە من قەبووڵی ناکەمو ، ئەم جوانە زەکات نادا کەوابێ نوێژەکەیشی لێ قبووڵ ناکەم •

ریوایەتکراوە کە ئیبنوعەبباس (د • خ) فەرمووی هەرکەسێ ماڵی هەبوو حەجی پێ کرد ، بەڵام زەکاتی ماڵی خۆی نەدا ، ئەوە لەپاش مردن کە ئاگادار ئەبێ بەسەر سزای خۆیا لەسەر تەرکی زەکات لە خودا ئەپاڕێتەوە کە زیندووی بکاتەوەو بڕواتەوە دنیا بۆئەوەی کە زەکاتی ماڵەکەی بدات ، لەوێدا چەندکەس حازر بوون ئینکاری قسەکەیان کردو وتیان بێجگە کافرەکان کەس داوای گەڕانەوە بۆدنیا ناکات ، ئەنجا ئیبنو عەبباس فەرمووی مادام ئێوە وا ئەڵێن با من ئایەتی خوداتان بەسەردا بخوێنمەوە کە زەکاتنەدەریش لە ترسی سزای خۆی داوای گەڕانەوە بۆ دنیا دەکات ، ئەوەتە خودای گەورە دەفەرموێ • « وانفقوا مما رزقناکم من قبل ان یاتي احدکم الموت فیقول رب لولا اخرتني الی اجل قریب فأصدق

واكن من الصالحين » واته : له رێگەی خودادا حەقی موستەحەقەکان بدەن‌و زەکاتی ماڵتان دەربکەن لەپێش ئەوەدا کە مردن یەخەی هەریەکێ لە ئێوە بگرێ‌و بیکوژێ‌و ئەویش هاوار لە خودا بکات‌و بڵێت خودایا بۆچی بۆ ماوەیەکی کەم مردنمت دوانەخست هەتا زەکاتی ماڵەکەم دەربکردایەو لە جوملەی بەندەکاندا داخڵ بکرایێم‌و ، بە صالح ناوم بنووسرایە ؟ •

ریوایەت‌کراوە کاتێ ئینسان لە رۆژی قیامەت‌دا بەسەر سیراطدا رادەبووری ئەگەر لە دنیادا زەکاتی نەدابێ پردەکە لار دەبێتەوە هەتا کابرا بکەوێتە خوارەوە بۆ دۆزدخ، ئەنجا زەکاتەکەی لە شێوەی ئینسانێکدا بانگی ئەکات : خوا بتکوژێ ، دەربارەی من قصوورت نەکردایە هەتا ئیستە رزگار ببوویتایە •

براکانم ! لەم بابەتەدا حەدیث زۆرە ، بەڵام ئەم میقدارە بەسە بۆ کەسێ کە بە دڵ ئاگادار بێ • والسلام

نامەی بیست‌وسێ‌هەم

باسی واجباتە

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله سيدنا محمد وعلى الـه وصحبه المجاهدين لاعلاء كلمة الله •

پاش ئەمە بزانن هەر شتێ کە خودا واجبی کردبێ لەسـەر هـەر موسوڵمانێ واجبە لەسەر ئەو موسوڵمانە ئەو شتە فێربێ‌و ئاداب‌و ئەرکانی حاڵی بێ ئەمجا باوەڕیشی بێ کە ئەوشتە واجبە لەسەری پاش ئەوە عەمەلی پێ بکاو بە موافقی شەرع جێ‌بەجێی بکات ، ئەمە سێ واجب بوو لەسەر موسوڵمان بەرابەر بە هەموو واجبێ • ئیتر هەرکەس بەمانە نەزانێ ئەوە عوزری نیە لە قیامەتداو تاوانبارە •

براکانـم ! تاقیـم کردوەتەوە کە ئەهلی ئەم زەمـانە گوێ نادەنـە ئامۆژگاریی درێژ ! بۆیە بە شێوەیەکی کورت واجباتیان بۆ باس‌ئەکەم ، جا ئەگەر گوێ بەم‌شێوە کورتەش نەدەن ئەوە بەوە حسێب ئەکرین کـە سستن لە ئایینداو ، ئەم حاڵەیان دەبێتە هۆی نارەزایی خودای گەورە ، بەڵام ئەگەر بەدڵ گوێیان گرت‌و مەیلیان هاتە سەر ئیطاعەی حـەق ئەوە خودا لێیان رازی دەبێ‌و نیعمەتیان زیاد ئەکات بە بەڵـگەی ئەم حەدیـثـە

پیرۆزە « ایما عبد جاءته موعظة من الله في دينه فانها نعمة من الله سيقت اليه ، فان قبلها بشكر زاده الله تعالى نعما اخرى ، والا كانت حجة من الله عليه (الى ان قال) ويزداد عليه سخطا » •

جا پێویستە بزانن یەکەم واجبات ناسینی خودای گەورەیە بەقەدەر طاقەتو توانای ئادەمزاد ، باوەڕ بە تەنهایی خودا ، باوەڕ بە صیفاتی سەلبیو ثبوتی وەکو لە نامەی بیروباوەڕدا باسمان کرد ، کە خودای گەورە (مەوجوودە) واتە : هەیە ، (قەدیمە) واتە ئەووەڵی بۆ نیە ، (باقیە) واتە نەبوونی بۆ نیەو دوایی نایەت ، (موخالیفی حەوادثە) واتە لە هیچ شتێ ناچێ ، (قائم بالذات)ە ، واتە ئیحتیاجو پێویستی بە هیچ شتێ نیە • صیفەتی (وجود) پێی ئەڵێن صیفەتی نەفسیەو ، ئەم پێنج صیفەتە پێیان ئەڵێن صفاتی سەلبیە •

هەروەها خودای گەورە خاوەن حەیاتە یانی زیندوە ، خاوەن علمە یانی زانایە بە هەمووشتێ ، خاوەن ئیرادەیە یانی خواستی هەیەو ، خواستی لەسەر هەر شتێ بێ ئەبێو خواستی لەسەر هەرشتێ نەبی نابی ، خاوەن قودرەتە ، واتە توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە کە مومکین بێ ، خاوەن کەلامە واتە گفتوگوێ کردوە لەگەڵ پێغەمبەراندا و بە فریشتەی گەورە (جوبرەئیل)دا دەستووری بۆ ناردوون ، خاوەن سەمعە واتە هەمووشتێکو هەموو دەنگێ ئەبیسێ ، مانەت ئەگەر مێروولەیەك بەسەرعەرزا بڕوات بە ڕێگەدا خودای گەورە دەنگی ئەو مێروولەیە دەبیسێ ، خاوەن بەصەرە واتە هەموو شت ئەبینێ ، جا ئەم صیفەتانە پێیان ئەڵێن صیفاتی ثبوتیە ، چونکە لە مەعناکانیاندا نەبوون نیە ، هەروەها گەلێ شتی تریش لە کاروباری بیروباوەڕ ، وەکو باوەڕ بە مەلائیکەی خوداو ، باوەڕ بە پێغەمبەرانو ، باوەڕ بەوکتێبانەی خوا ناردوونی بۆیانو ئیمان

بە رۆژی قیامەتو ئیمان بە قەزاو قەدەر ، واتە هەرچی رووبدا لە جیهاندا هەمووی لەسەر زانستو خواستو تەوانای خودایە ، جا ئەمانە هەموو کۆدەبنەوە لەژێر ناوی ئیمن بەوەی کە حەزرەت لای خوداوە هێناویەتی کە حەقیقەتی ئیمانە ، وەکو زاناکانی ئوصوولی دین فەرموویانە : « الایمان هو التصدیق بما جاء به النبي (ص) مما علم من الدین بالضرورة اجمالا في ماعلم اجمالا وتفصیلا فیما علم تفصیلا »واتە ئیمان باوەڕکردنە بەو حوکمانە کە پێغەمبەری رەهبەر (د • خ) لەلای خواوە هێناونی لەوانەی کە بە ئاشکرا زانراون لە ئایینو یاسای ئایین ، بەکورتی لەوانەی کە بەکورتی زانراونو ، بەدرێژی لەوانەی کە بەدرێژی زانراون ، بۆنموونە وەکو باوەڕ بە پێغەمبەرایەتیی هەموو پێغەمبەرەکان بەتایبەتی پێغەمبەری خۆمان کە حەزرەتی (محمد) ە (د • خ) •

لەبارەی باوەڕ بە پێغەمبەری خۆمانەوە پێویستە بزانین محمد (د • خ)کوڕی (عبدالله)ی کوڕی (عبدالمطلب)ی کوڕی هاشمە ، دایکی (آمنە)ی کچی (وهب)ی کوی (زهرە)یە • هەروەها پێویستە ئیمانمان بێ بەوەی هەموو پێغەمبەران مەعصوومو بێگوناە بوون • پێویستە ئیمان بە سزاو ناخۆشیی قەبر بۆ هەندێ کەسو ، ئیمان بە رزگاریو خۆشحاڵیی هەندێ کەسی تر لە قەبردا • ئیمان بەوە کە ئەم جیهانە وێران ئەبێو هەموو گیاندارێ ئەمرێو ، ئەم دنیا ماوەیێ بە چووڵی ئەمێنێتەوە ، ئەمجا خودای گەورە هەرچی مردوە زیندوویان دەکاتەوەو ، فەرمان ئەدا بە فریشتەکان کە بیاندەنە بەر بۆ مەیدانی حیساب ، لەویدا بەهۆی ترازووی کیشانەی کردارەوە خێرو شەڕی هەمووکەس دەردەکەوێ ، ئەمجا بە ئەمری خودای گەورە ئەبێ هەموو بڕۆن بەسەر سراطدا ، کە پردێکە لە موو باریکترەو لە ئەڵماس تیژتر ، دیارە ئەوانەی کە خودا رەحمیپێکردون بەئاسانی بەسەریا رائەبوورن ، بەڵام ئەوانەی شایانی

سزاو ئازارن لە پەردەکەوە دائەکەون بۆ ناو دۆزەخ ، جا هەرکەس لـەو دۆزەخی‌یانە خـــاوەن‌ئیمان بێ بەقـەدەر تاوانەکـــەی سزا دەدرێو لەپاشان ئەکرێتە دەرەوە بۆ بەهەشت ، ئەوانەش کە ئیمانیان نەبوە هـەتا هەتایە لە دۆزەخدا دەمێننەوە ، ئەوکەسانەشـن کە لە دۆزەخ دەردەچـن لەپێش ئەوەدا بگەنە بەهەشت لەسەر (حوض المورێد) کۆدەبنەوە ، ئەو حەوزە بەقەدەر مانگە رێـگایەك گوشادو گەورەیەو ، ئەوەندە گۆزەڵەی بەدەورایە مەگەر خودا بزانێ ، ئیتر هەرکەس ئاو لەو حەوزە بخواتەوە قەت تینووی نابێو ، بۆ لەززەت نەبێ ئاو ناخواتەوە ، پاش ئەوە ئەڕۆن بۆ بەهەشتی پایەدارو هەتا هەتایە تیایا دەمێننەوە •

هەروەها واجبـە لەســەر هەموو موسوڵمانێکی باڵغی عاقڵ کە ئادابی دەسنوێژو خۆشوردنی لەش‌پیسی‌و تەیەمموومو ئادابی رۆژووو زەکاتو سەرفیترەو حەجو بەجێ‌هێنانی ، ئەگەر دەستی رۆیشتو ، غەزاکردن لە رێـگای خزمەتی ئایینی ئیسلامدا بزانێ • دیارە فێربوونی ئەمانە یا بـە دەرزخوێندنە بە منداڵی یا گەورەیی لە لای زاناکان ، یا بە دانیشتنە لـە مەجلیسی زاناکانو پرسیارلێ‌کردنیان هەتا باش حاڵی‌بێ • هەروەها دەبێ ئەسبابی دۆزینەوەی قیبلە بزانێ ، بۆنموونە : لە وڵاتی شارەزوورا ئینسان کاتێ راوەستا بەجۆرێ کە لەکاتی لاکردنەوە بەلای راستدا ئەستێرەی قوطب ببینێ ئـەوە رووی لـە قیبلەیە • شایانی باسـە ئەستێرەی قوطب ناوی (جدی)ەو یەکێکە لـەو حەوتە کە پێیان دەڵێن حەوتەوانان ، ئـــەم جەدیە بچووکەکەیانەو کەوتوەتە لای (شمال) باکوورەوە ، لـــە وڵاتی ئێمەدا بە ئەندازەی بیست‌وچوار دەرەجە بەرزی‌ی هەیە لە ئوفوق لـەلای باکوورەوە •

واجبە لەسەر ئینسان هـەر وەعدەیەکی‌دا بە یەکێ مادام وەعدەکەی

خـەیر بێ بەجێی‌بهێنێ‌و بە بێ‌عوزری شەرعی هەرگیز خیلاف وەعـــدە نەکات • واجبـە هـەر عیبادەتێ کـە دەیکاو هەر ئیشێکی چاکە کە دەیکا بە ئیخلاص بیکا ، واتە : هەر بۆ رەزای خودا بیکات ، هەروەها ئەگــەر تەرکی گوناهیشی کرد هـەر لەبەر خودا تەرکی بـکات نەك لەبەر زیانی ماڵ یا لـە ترسی نەخۆشی یا لـە ترسی یەکی لە خاوەن‌دەستەلاتەکان •

واجبـە هەموو موسوڵمانێ ئیطاعەی ئەمری خوداو پێغەمبەری خودا بـکات ، هەروەها واجبـە ئیطاعەی ئەمری خاوەن‌ئەمری موسوڵمان بکات ، مادام ئەمر بـکات بە شتێ کە شەرعی‌و موافقی راستی‌و حەق بێ • واجبە لەســەر هـەموو موسوڵمانێ ئەمر بـکا بە چاکەو نەهی بـکا لە خراپە ، وەکو لـە نامەی تایبـــەتی‌دا نووسیومە • واجبە ئینسان باوەڕی ببێ بـە وەعدەی خــودا لەگەڵ وەعیدی‌دا ، واتە : خودا هەر بەڵێنێکی دابێ بە ئەهلی طاعەت کـە پاداشی چاکـەیان ئەداتەوە لـــە قیامەتدا ، یاهـــەر هەڕەشەیێکی کردبێ لـــە تاوانبـاران کە لە قیامەتدا حەقیان لێ‌ئەستێنێ‌و سزایان دەدا هـەموو راستەو هەر واش‌دەبێ •

واجبـە ئینسان هەرکەسی خۆش‌ئەوێ لەبەر خودا خۆشی بوێ‌و ، لـە هەرکەس عاجز بێت پێویستە لەبەر خودا لێی عاجز بێت • هەروەهـا واجبـە ئینسان تێکۆشێ بۆ لابردنی خووی خراپی نەفس وەك کینـەو حەسوودی‌و خۆبەزل‌زانین‌و بەخیلی‌و لەخۆبایی‌بوون‌و خۆبەباش‌زانین‌و خووڕەوشتی خراپی‌تریش • لەگەڵ ئەمەشدا واجبـە لەسەر هەموو کەس تێکۆشێ بۆ ئەوەی ئەخـلاقی خۆی باش بـکاو صیفـەتی سەخاوەت‌و غیرەت لەســەر دین‌و خۆشویستنی پیاوچاکان کەسب بکات • واجبـــە هەمیشە لە بەینی ترس‌و ئومێدا بێ‌و ، لە قەهری خـودا ئەمین نەبێ‌و لە رەحمەت‌و میهرەبانیشی ناهومید نەبێ • واجبـە بەقەدەر توانا لەبەر بەلاو

نارەحەتی‌دا خۆگر بێ‌و ، پشت بە خودا ببەستێ‌و ، هەمیشە بە قــەزای خودا رازی بێ • واجبــە عەورەتی خۆی داپۆشێ ، واتە ئەگەر پیــاوە ناوبەینی ناوك‌و ئەژنۆی دەرنەخــا بۆ نامەحرەم‌و ، ئەگـــەر ژنە هیچ شوێنێکی لەشی دەرنەخا بۆ نامەحرەم • واجبە لەسەر نیعمەت شــوکرو سوپاسی خودا بــکات‌و ، لــە یادی خــودا فەرامۆش نەبێ‌و ، ذیــکری خودای گەورە بــکات‌و ، لای کەمی لە هەموو سبەینێ‌و ئیوارەیەکــدا بڵێت : « اللهم انی احمدك واشكرك واثني عليك حمدا وشكرا وثنــاء يملأ كل منها الـكون كله على مــا اوليتني من النعم التى لا احصيها ولا استحقها الا بفضلك وكرمك ، وعلى ما صرفت عني بفضلك وكرمك من النقم التى استحقها ، صرفتها عني بفضلك ورحمتك » •

هەروەها هەرکەس هــەر خواردەمەنی‌یەك دەخوا واجبە هەر لــە سەرەتاوە ئەوە بخاتە دڵی خۆیەوە کــە ئەمــە نیعمەتی خودایە ، ئــەم مەسئەلە پەنهــانەو هەموو کەس نایزانێ‌و کـــەم هەڵئەکەوێ ئینســانی موسوڵمان ئەم یادەی ببێ ، ئــەم عالەمە کــە شەوو رۆژ لە خــودا غافڵن چۆن ئەوە ئەهێننە دڵیانەوە کە ئەم نیعمەتە نیعمەتی خودایە •

واجبە لەســەر ئینسان هــەر ئەمانەتێ کە درایە دەستی خیــانەتی تێــدا نەکات‌و بیگەیێنێتەوە بە خاوەنی خۆی • هەروەها واجبە کــاتێ زیانێکی لێ کەوت زۆر خەمی بۆ نەخواو ، کــاتێ شتێکی دەست‌کەوت پێی بایی‌و شادمان نەبێ ، واتە واجبــە بە زیانی دنیایی زۆر دڵــگران نەبێ‌و بە قازانجی دنیاییش زۆر بایی نەبێ ؛ چونــکە دنیــا دەوامێــکی زۆری نیــەو هــەر بەفەنادا ئەچێ ، گوناحــــە ئەوەندە ئینســان باوەشی پیابکات کــە تەنگەنەفەسی بــکات ، ئەم مەسەلەش هەروەها پەنهانە •

واجبە دنیا لـــە بەرچــاوی ئینسانی موسوڵمان سووك بێ ؛ ئــەم

دنیایه داوی ئیبلیسەو گەلێ کەسی پێ گیرۆدە دەبێ • واجبە ئینسان هەرگیز بەهۆی دنیاوە شانازی نەکات بەسەر خەڵکداو خۆی بە گەورەتر نەزانی لە خەڵك ؛ چونکە ئەم خۆبەگەورەزانینە گوناهی گەورەیە • واجبە ئینسان پەندو عیبرەت لە مەخلووقاتو رووداوەکانی جیهان وەربگرێ ، واتە کاتێ کە ئینسانێکی بەدکرداری دی تووشی دەردێ هات ئەوە بکا بە سەرمەشق بۆ خۆیو پارێز بکا لەو جۆرە تاوانبارییە • واجبە ئینسان بیر بکاتەوە لە نیشانەو ئاثاری دەستەڵاتو توانای خودای گەورە کەچۆن ئاسمانو مانگو رۆژو ئەستێرەکانی دروستکردوە کە هەرکام لەوانە لەسەر خەتێکی تایبەتی هاتوچۆ دەکاتو دەسووڕێتەوە ، چۆن ئەم زەوییو کەژو کۆسارو گیاو دارو درەختەی دروست کردوە ، چۆن ئەم دەریا گەورە گەورانەی لەگەڵ عەرزا رێکخستوە کە پڕن لە گیانلەبەری جۆراوجۆر ، هەتا دڵی رووناك بێتەوە بەمە کە ئەم جیهانە جوانە رازاوەیە پەروەردگارێکی خاوەن زانستو تەوانای هەیە ، خواستی لەسەر هەر شتێ هەبێ ئەبێو خواستی لەسەری نەبوو نابێ • لەم بابەتەوە ریوایەت کراوە کە بیرکردنەوەی سەعاتی لە عیبادەتی ساڵێ گەورەترەو ، لە ریوایەتێکیتردا لە عیبادەتی شەصت ساڵ چاترە •

زاناکانی ئایین فەرموویانە تاوان دووجۆرە بچووكو گەورە ؛ تاوانە گەورەکان وەکو کوفر ، پەنابەخوا ، وە پیاوکوشتنو زیناکردنو دەسبردن بۆ ماڵ یا نامووسی خەڵك ، وە شەرابخواردن ، وە فیتنەو ئاژاوە دروستکردن لە بەینی خەڵکدا ، وە تێکدانی ناوبەینی موسوڵمانانو زۆر گوناهیتر کە لە حەوتصەد زیاترن واجبە لەسەر هەموو موسوڵمانێ هەموو ئەوانە تەرك بکات ؛ واتە هەرکەسێ گوناهێکی گەورە بکاو زوو تەوبەی لێنەکا ئەوە وەك ئەوەیە چەند

گوناهێکی کردبێ ، یەکەم ئەو گوناهەی کردوە ، دووەم لێی پەشیمان نەبوەتەوەو ، هەتا پەشیمان بوونەوەکەی دوابخا گوناهەکە لەسەری گەورەتر ئەبێ •

هەروەها واجبە لەسەر هەموو موسولمانێ ، وەك جلال الدینی سیوطی فەرموویەتی ، پارێزگاریی تەندروستی خۆی بکا ، واتە بەقەدەر حاڵ پێویستە بزانێ چ خواردەمەنییەك قازانجی هەیەو کامەیان زیانی هەیە ، پاش ئەوە کە ئەمەی زانی لە هەرچی خراپە خۆی بپارێزێ ، وەك واجبە دڵی خۆی بپارێزی لە نەخۆشیی نەفسی •

واجبە ئاگادار بێ لە نەخۆشیی ریاکردنو کینەراگرتن لە دڵداو لەخۆبایی‌بوونو پارەپیسیو رژدیو پیسکەییو خۆزلکردن بەسەر خەڵکداو بەسوزکی تەماشاکردنی خەڵکیو ، جاسووسیەت کردن لەسەر خەڵك واتە گەڕان بەدوای دۆزینەوەی عەیبو خەوشی خەڵکداو وێنەی ئەمانەش • هەروەها واجبە لەسەر ئینسانی باڵغی عاقڵ کە لە نەفەقەی خۆیو خێزانیدا وەکو ژنو منداڵی قصوور نەکاو ، بەقەدەر دەستەڵاتی خۆی مەصرەفیان بۆ بکاتو کەمو کووڕکردنی گوزەران لەسەر خۆیو خێزانی حەرامە ، بەڵێ ئەگەر بۆ نەفسی خۆی لەبەر ریازەتی نەفسو بەشێوەی زوهدو تەرکی دنیا گوزەرانی خۆی کەم‌بکاتەوە ئەوە قەی‌ناکات •

واجبە لەسەر ئینسان ئەگەر گیانلەبەرێکی لە بەردەستدا بوو ، مەصرەفی خواردنو ئاوو هەرچی پێویستە بۆی بکات یا بیفرۆشێ ، هەروەها ئەگەر داماوێ هات بۆ لای ئینسان واجبە بەقەدەر حاڵو توانا مەصرەفی بۆ بکاو لەو هیلاکەتە رزگاری بکات • هەروەکو واجبە لەسەر موسوڵمان بەقەدەر حاڵو دەستەڵات ماڵ صەرف بکات لە پێناوی

هەر واجیبێکی ئیسلامیدا کە ڕوودەدات وەکو لە نامە پێشووەکاندا باسمان کردن •

بۆنموونە : نوێژی جەماعەت لە دێهاتو شارو گەڕەدێکاندا فەرزی کیفایەیە ، دیارە هەتا ماڵ صەرف نەکرێ بۆ مزگەوتو پێویستیەکانی مزگەوت ئەم جەماعەتە جێبەجێ ناکرێ ، جا لێرەدا هەروەکو جەماعەتەکە فەرزی کیفایەیە صەرفی ماڵیش بۆ دروستکردنی مزگەوتو کڕینی ڕایەخو بەرماڵو چراو سووتەمەنیو پێویستیەکانی تریش بۆ مزگەوت وەك ئاوو ئاودەسخانە ، هەروەها صەرفی ماڵ بۆ ڕاگرتنی کەسێ کە خزمەتی مزگەوتەکە بکات ، یا بۆ ئەوکەسەی کە ڕێوشوێنی بیروباوەڕی ئیسلامیو ئەحکامی نوێژو ڕۆژوو حەجو زەکاتو ئەحکامەکانی تر بە موسوڵمانان فێربکات ، فەرزی کیفایەیە • ئەم جۆرە کەسە ئەمڕۆ پێیدەڵێن ئیمامی دێ یا ئیمامی مزگەوت کە ئادابی ئایین بە بێ ئەو جۆرە کەسانە جێبەجێ ناکرین ، هەروەها صەرفکردنی ماڵ لەپێناوی حەجو عومرەداو ، صەرفی ماڵ لەپێناوی بەخێوکردنی هەتیوی بێحاڵو ماڵداو ، بۆ کفنو دفنکردنی مردووی بێکەس واجبە •

باختکردنی ماڵو تێکۆشان بۆ چارکردنی تاوانی تاوانباران ، بە هەرشێوەیەك ئاسان بێ ، واجبە ، ئیتر چ بە ئامۆژگاریو چ بە پەنابردنە لای فەرمانڕەوای ڕۆژ بێ • ئامۆژگاری کردنی موسوڵمانان واجبە بۆ لابردنی شەرابخانەو فەسادخانەکان کە هەموو وەکو داوی شەیتانن و بۆ گیرۆدەکردنی موسوڵمانان ئامادە کراون ، ئەبێ ئەوەش بزانین کە هەروەکو چارکردنی ئەم جۆرە شتانە واجبە ، ئەوەش واجبە کە چارکردنەکە بە شێوەیەك بێ فیتنەو ئاشووبی لێ پەیدا نەبێ ، هەتا

نەبێتە چاری زیان بە زیانێکی گەورەتر • ئەوەش بزانن کە صەرف کردنی ماڵ لە ڕێگەی چاری تاواندا بەقەدەر سێ حەجی ماڵی خودای گەورە پاداشی هەیە •

هەروەها واجبە صەرفی ماڵ بۆ دەفعو لابردنی ئەو کەسانەی ئەیانەوێ بە زۆر ماڵی موسوڵمانان داگیربکەنو دەستدرێژی بکەنە سەر کەرامەتو شەرافەتیان • ئەوانەی رێ لە خەڵکو لە کاروان دەگرنو رووتیان دەکەنەوە واجبە بە هەمووجۆرێ لابرێنو دەفعبکرێن چ بە ئامۆژگاری یا بە هێزی فەرماندار ، بەتایبەتی ئەم ئینسانە خراپانە کە زۆرو هێزیان پەیداکرد دنیا وێران دەکەن ، کەوابێ چارکردنو بەرگری کردنیان واجبە •

ئەوەی لە بابەتی واجبات کەوتەوە بیرم نووسیم ، جا هەرکەس بێجگە لەمانە واجبێکیتر ئەزانێ با بیخاتە سەر ئەمانە ، خودا پاداشی چاکی بداتەوە • والسلام علی من اتبع الهدی •

نامەی بیستو چوارەم

باسی حەجە

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده ، والصلاة والسلام على من لا نبي بعده ، وعلى آله وصحبه واتباعه باحسان الى يوم الدين .

براکانم فەرموودەی پێغەمبەرە هەرکەسێ توانای حەج کردنی بوو بەجێی نەهێنا ئەوە کە مرد ئەیەوێ وەکو جوولەکە یا وەکو گاور بمرێ ، یا بمرێ . ئیمامی عومەر ، خوای لێ رازی بێ ، لە سەردەمی جێگەنشینیی خۆیدا ویستی مەئموور بنێرێ بۆ ولاتەکانی ئیسلام تا هەرکەسێ کە حەجی لەسەر واجبەو بە ئارەزوو حەجەکەی نەکردوە سەرانەی جوولەکەی لێبستێنرێ ، واتە وەکو جوولەکە موعامەلەی لەگەڵدا بکەن ، بەڵام ئەصحابەکان مەنعیان کردو ، ئەویش وازی لەوە هێنا .

براکانم ! بزانن ئەم واجبە کە ناوی حەجە چەند روکنو شەرتو واجبو موحەڕڕەماتو (فدیە) واتە : کەفارەت بە حەیوان سەربڕینو چەند سوننەتی هەیە کە من بەڕێز بۆتان باس ئەکەم تا سوودی لێ وەربگرنو حەجو عومرەکەتان بەتاڵ نەبێ ، چونکە ئەگەر حاجی

لەپێش وادەی حەج کردندا ئەوانە نەزانێ کاتێ کـــە بەو شوێنە پیرۆزە گەیشت سەرگەردان ئەبێ ، مەگەر یەکێ لەگـەڵ حەجاجی زانادا بڕواو لە مانگی (شوال) یا (ذی القعده) لە (مکە)ی پیرۆز دابنیشێو ئوسـوولی حـەج فێر ببێ •

براکـــانم شــەرتی دروستبوونی موطلەقی حـــەجو عومرە ئیسلامی‌یەتە ، واتە کەسێ موسوڵمان نەبێ حەجی دروست نی‌یە •

شەرتی ئەوەش کـە ئینسان ئادابی حـــەج بەجێبێنێ پێنج شتە ئیسلامی‌یەت ، تەمیز ، هاتنی وەخت ، زانینی ئادابەکانی حەج ، زانینی چۆنیەتی کردنی •

جـا ئەگەر ئینسانێکی نابالغو خاوەن تەمیز ئەو شەرتانەی تێـدا بێتەجێو حەج بـکا ئەوە حەجەکەی دروستە ، بەڵام کاتێ کە بالغ بوو حەجی لەسـەر واجب بوو پێویستە حەجەکەی بـکاتەوە •

شــەرتی بەجێهێنانی حەجی نەزری شــەشە : ئیسلام ، بلووغ ، عەقل ، هاتنی وەخت ، زانینی چۆنیەتی‌ی حەج ، زانینی ئادابی حەج •

شــەرتی بەجێهێنانی حەجی واجب ، کە روکنێکە لە پێنج روکنەی ئیسلام ، حەوتن : ئیسلام ، بلووغ ، عـەقڵ ، هـــاتنی وەخت ، زانینی چۆنیەتی‌ی حەج ، زانینی ئادابی حـــەج ، ئازادی واتە : بەندە نەبێ ، واتە ئەگـەر بەندەیەك حەجێکی کردو ، پاش ئەوە ئازادکرا ئەوە واجبە لەسـەری حەجەکەی بکاتەوە ئەگەر توانای هەبوو •

شەرتی واجبوونی حەج پێنجشتە : ئیسلام ، بلووغ ، عـەقل ، ئازادی ، ئیستیطاعە ، واتە توانای کردنی حــــەج • هـەروەها شەرطی ئیستیطاعەی نەفسی خـــۆی حەوت شتە : بوونی زاد ، واتە گوزەرانی شەوورۆژ ، تەنانەت زەرفو تۆشـــەبەرە بۆئەوەی پێویستیە بەقـەدەر

ئەوڕۆژانەی دەڕواو دێتەوە بۆ شوێنی خۆیو ، پێویستە زیادیش بێ لە ژیواری ئەوانەی کە ژیانیان لەسەری واجبە • دووەم : بوونی وڵاخی سواری • سێهەم : ئەمینیی ڕێگەوبان • چوارەم : بوونی هۆی ژیانی وڵاخەکان لەو شوێنانەدا کە بەعادەت مەنزڵی تێدا دەگرن • هەروەها پێویستە لەو شوێنانەدا حەماڵو خاوەن وڵاخو غەیری ئەوانیش کە زەخیرەکەیان بڕایەوە بە کڕینو بە نرخی عادەتی دەستیان بکەوێ • پێنجەم : ئەوەیە کە کات بەبەریەوە بێ واتە : ئینسان لەوماوەدا بگاتە (مەکە)و ئەرزی (عەرەفات) • شەشەم : توانای سواربوونی بێ ، سواربوونی کەشتی یا حەیوانی سواری ، ئەگەر لەوانە بوو کە لە کەژاوەدا بڕوا بەسەر وڵاخەوە ئەبێ ئەولاکەیشی ئینسانی تیابێ •• خۆ ئەگەر (معضوب)بوو واتە لێکەوتوو شلەپەتکە بوو مادام دارا بێ واجبە نائیبێ بگرێ بۆ خۆی کە بڕوا حەجی بۆ بکات ، بەڵام مادام خۆی بتوانێ حەج بکا ئەوە دروست نیە جێگەدار بگرێ حەجی بۆ بکات • حەوتەم : ئەگەر ژن ڕۆیشت بۆ حەج پێویستە پیاوێکی مەحرەمی دەسکەوێ کە لەگەڵیا بێ ، وەکو مێردی یا باوکی یا برای یا کوڕی یا مامی یا خاڵی ، ئەگەرچی لای ئیمامی شافیعی (ر • خ)بۆ ژن دروستە لەگەڵ کۆمەڵەژنێکی بەحورمەتدا بڕوا بۆ حەجی واجب • جا کاتێ کە ئەم شەرتانە لە ئینسانا هاتنەدێ واجبە ئینسانەکە کردەوەو روکنەکانی حەج فێربێو بیانزانێ •

ئەنجا بزانن ئەرکانی حەج شەشن ، یەکەم نیەت ، واتە بەدڵ قەسد بکاتو بڵێت وا قەسدی حەجم کردو ئیحرامم بەست بۆ حەج بۆ خودای گەورە • دووەم ڕاوەستان لە ئەرزی (عەرەفە)دا ئەگەرچی لە پاش زەوالی(١) ڕۆژی نۆی مانگی قوربان بێ ، چونکە وادەی

(١) زەوال : کاتی لادانی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان •

راوەستانی عەرەفـــە پاش زەواڵە ، هەرچـــەند یەك دەقیقە پاش زەوال راوەستێ ، ئیتر هـــەتا شەبەقی رۆژی جەژن ، کـــە رۆژی دەهـــەمی قوربانە ، ماوەی راوەستانی عەرەفـــە دەمێنێ ، بەڵام یاسای حەج وەهایە کـــە پاش رۆژاوابوونی رۆژی عـــەرەفە هـــەموو حاجیەکان لەعەرەفەوە ئەڕۆن بۆ ئەرزی (مزدلفە) ، ئەگەر کەسێ درەنگ بکاتو شـــەو لـــە عەرەفە راوەستێ ئەوەش دروستە •

سێهەم سوڕانەوەی دەوری کەعبەیە • چوارەم سەعیە لـــە بەینی صەفاو مەروەدا کـــە دوو شوێنن لە نزیـکی کەعبەدا • پێنجەم تاشینی مووی ســـەر یا هەڵپاچینی واتە کورتکردنەوەی مووی سەرە لـــەپاش (رەمی) واتـــە بەرد فڕێدان بۆ کۆگـــای (جمرة العقبه) لـــە رۆژی جەژندا • سەرتاشینو کورتکردنەوەی موو لە ئەرزی (مینا) یا مەککەی پیرۆز یا لە شوێنێکیتردا لە ئەرزی حـــەرەم یا غـــەیری حـــەرەمدا دروستە ، بەڵام لە ئەرزی (مینا)دا خێری زۆرترەو ، نابێ لـــە سێموو کەمتر بتاشێ یا هەڵپاچێ ، ئەگـــەر لەوە کـــەمتر بێ بە سەرتاشینو کورتکردنەوەی مووی ســـەر حسێب ناکرێ • شەشەم تەرتیبە لـــە بەینی زوربەی ئەم روکنانەدا ، واتـــە : نیەتی ئیحرام لەپێش هـــەموو روکنەکـــاندا بێ ، راوەستانی (عەرەفـــە) لە پێش طەوافی روکندا بێ ، طەوافی روکن لەپێش سەعیکردنی بەینی صەفاو مەروەدا بێ ، بەمەرجێ کە لەپاش (طواف القدوم)سەعیی نەکردبێ ، بەڵام دروستە کە سەرتاشین بکەوێتە پاش طەوافی روکنو ، پاش سەعیی بەینی صەفاو مەروە بێ • دیارە ئەگـــەر یەکێ لـــەم روکنـــانە تەرك بـکرێ ، یا بـــە ناڕەوایی جێبەجێ بـــکرێ ئەوە حەجەکە بەتاڵە ، بەتاڵیی حەجیش دوو جۆرە ، یەکـــەم ئەوەیە حەجەکەی فەوتاوە ، ئەمەش وەکو تەرکی نیـــەتی ئیحرامەکەی ، یا نیەتی ئیحرامهێنان لەپاش راوەستانی عەرەفە ، یاخـــۆ

راوەستانی عەرەفەی لەکاتی خۆیدا لەدەس دەربچێ ، لـەم حـاڵانەدا حەجەکە لە گەردنی ئەمکەسەدا دەمێنێو لەسـەری واجبـە لـە سـاڵی ئایندەدا حەجەکە بکاتەوە • خۆ ئەگەر حەجەکەی بـە جیمـاع کردن بەتاڵ بوویەوە ئەوا لەگـەڵ ئەوەدا کە واجبــە لە سـاڵی داهاتوودا حەجەکەی قەزابـکاتەوە دەبێ فیدیەکەشی بدات وەکو باسی ئەکـەین • خۆ ئەگـەر وڵاتەکەی دوور بوو لە (مەککە)ی پیرۆزو لـە توانایا نەبوو ساڵی داهاتوو بێتەوە بۆ (مەککە) ئەوە واجبە هـــەر لە شـاری مەککە دابنیشێ تا ساڵی داهاتوو حەجەکەی قەزا دەکاتەوە •

دووەم جۆری بەتاڵ بوونەوەی حەج ئەوەیە کە حەجەکەی ناقص بێ ، بۆ نموونە تەرکی (طواف الافاضه) یا سەعیی بەینی صەفاو مەروەی کردبێ ، یا تەرکی سەرتاشین یا هەڵپاچین ، یا تەرکی تەرتیبی کردبێ لە بەینی زوربەی روکنەکاندا ، لە هەموو ئەم شێوانەدا واجبە لەسەری ئەو روکنـەی تەرکی کردوە بیکاتەوە ، وە ئەگەر سێ روکنی تەرك کردبوو با هـــەر لــە ئیحرامدا بمێنێتەوە هـــەتا ئەوەی کـە تەرکی کردوە دەیکاتەوە • مادام لە ئیحرامدا بمێنێتەوە کـاتی کردنەوەیان فراوانەو ، هـەر کاتێ بێ دروستە •

ئەرکانی عومرە پێنجشتە ، یەکەم نیەتی عومرە واتە ئیحرامبەستن بـە نیەتی عومرە ، دووهەم طەوافی کەعبەی پیرۆز ، سێهەم ســەعیی بەینی صـەفاو مەروە ، چوارەم سـەرتاشین یا کورتکردنەوەی وەکو لەپێشەوە باسمانکرد • پێنجەم تەرتیب •

یەکێ لەروکنانە کە طەوافە حەوت واجبی هەیە : پاکیی لەشو پۆشاك لە بێدەستنوێژیو لەشپیسیو لە هەر پیسیەك کـــە عەفوی لێ نەدرابێ ، هەروەها پێویستە تەماشای بەرپێی خۆی بکات لـــە کـــاتی

هات‌وچۆدا نەوەك پیس ببێ • خۆ ئەگەر لەبەر زۆریی قەرەباڵغیی حاجی‌یەکان پیسی زۆر بوو ئەوە مادام بەعەمدی پێ دانەنێ بەسەریا عەفوەو قەیناکات بەومەرجەی پیسی‌یەکە تەڕ نەبێ ، ئەگەرنا پێویستە گورج بێ‌ی بشۆرێ‌و بێتەوە بۆ جێگەی طەواف ، جا ئەگەر ئەمە بەینی زۆر نەبوو ئەوا لەسەر ئەو طەوافانەوە کە کردوویەتی طەوافەکانی تەواو بکات ، ئەگەرنا پێویستە هەر لە ئەووەڵەوە دەست‌بکاتەوە بە طەواف‌و حەوت جارەکە بەجێ‌بێنێ •

یەکێ لە واجبەکانی طەواف داپۆشینی عەورەتە ، چ پیاوو چ ژن ، واتە : ئەگەر بە قەدەر نینۆکێ لە ئەندامی عەورەتی دەرکەوت ، کە بۆ پیاو مابەینی ناوك‌و ئەژنۆیەتی‌و ، بۆ ژن هەموو لەشیەتی بێجگە دەم‌و چاوو دوو دەستەکانی هەتا مووچ ، یا فۆتەی ئیحرامەکەی ئەوەندە تەنك‌و ناسك بوو کە مەنعی بینینی عەورەتی نەدەکرد ئەوە طەوافەکەی بەتاڵە •

لە واجبەکانی طەوافە کە سەرەتاکەی لە بەرامبەری (حجر الاسود)ەوە دەست‌پێ‌بکات بەجۆرێ کە هەموو ئەندامەکانی لای چەپی لەگەڵ هەمووی (حجر الاسود)دا یا لەگەڵ هەندێکیدا بەرامبەر بن‌و ، لەوکاتەدا نیەتی طەواف بهێنێ • بێ‌گومان ئەم بەرامبەری‌یە لەگەڵ (حجر الاسود)دا بەهۆی قەرەباڵغەوە زۆر گرانەو پێویستی بە هەوڵ‌و تێکۆشان هەیەو ، دەبێ حەوت‌جار بەتەواوی طەوافەکان بەجێ‌بێنێ ، ئەگەر کەوتە گومانەوە کە حەوت جار یا شەش جار طەوافی کردوە لای کەم حسێب بکات‌و لەسەر ئەو کەمە طەوافەکەی تەواو بکات تا بەیەقین ژمارەکەی تەواو بێ ، هەروەها پێویستە لەم طەوافانەدا لای چەپی خۆی لە کەعبە لانەدا ، ئەگەر لای‌دا پێویستە گورج بێتەوە سەر باری واجب‌و لای چەپی بکاتە لای کەعبەو طەوافەکەی بکات •

گەلێ حاجی ئادابی طەواف نازانن پێویستە فێری بن تا حەجەکەیان دروست بێ • ماچ کردنی (حجر الاسـود) لە قەرەباڵـغدا گرانە باشتر ئەوەیە هـەر لە دوورەوە بـە پەنجە ئیشارەی بۆ بـکاو ئەنجا پەنجەکەی خۆی ماچ بکات ، کە ماچی کرد لەو کاتەدا هەنـگاو دانەهێنێ ، چونـکە لـەو حاڵەدا رووی لـە کەعبەیە نەك لای چەپی ، واتە کـە ماچی کرد پێویستە لای چەپی بکاتەوە کەعبەو طەواف بـکات •

ئاگادار بن لە کاتی طەوافدا بەسەر (شازروان)ی دیواری کەعبەدا نەڕۆنو ، چاکی فۆتەکانتان نەکەوێتە سەری چونکە واجبە ئێمە طەوافی ماڵی کەعبە بـکەین ، ئەو (شازروان)ە زیادە دیوارێکی کورتە کـە لـە دیواری کەعبە دزراوەتەوەو ، بەقەدەر دوو تا سێ بست بەرزەو لـکاوە بـە دیوارەکـــەوەو ، ئەبێ طەوافەکەمان بە دەوری ئەویشدا بێ • وە ئەگەر لە کـــاتی طەوافدا گەیشت بە ژنێ ، یا هێرشی حاجی‌یەکانی بەسەردا هات ، ئەویش ویستی لە ژنەکە یا لەو هێرشە دوورکەوێتەوە ، ئەوە ئەو چەند هەنـگاوەی بۆ حسێب ناکرێ بە طەواف چونکە بە نیازی طەواف هەنگاوی نەناوە بەڵـکو بە قەصدی دوورکەوتنەوە لە ژن یا لـــە قەرەباڵغ بووەو ، لەوکاتەشدا لای چەپی لە کەعبە لای‌داوە کەوابێ بـــە دوو سەبەب ئەو ئەندازە طەوافەی بەتاڵە،یەکەم:لای چەپی روو لە کەعبە نەبوە ، دووەم : هەنـگاوی بە قەصدی دوورکەوتنەوە بووە لە ژنەکـە یا لە قەرەباڵغەکە ، نەك لەبەر طەواف •

هەروەها ئەگەر پیسی‌یەك لەبەر پێیدا بوو ، ئەویش خۆی لـــەو شتە لاداو ، بەهۆی ئەو خۆلادانەوە لای چەپی لە کەعبە ترازا ، یا هەر بۆ دوورکەوتنەوە هەنـگاوی‌نا ئەوەیش لە طەواف حسێب ناکرێ ، جـا ئەگەر لە شوێنی لادانەکەیەوە طەوافەکە تازە نەکاتەوە ئەوە طەوافی لەو ئەندازەدا بەتاڵە بەو دەلیلانەی کە پێش نەختێ باسمان کردن •

ئەو زنانە کە طەواف ئەکەن پارێزیان نیە کەوابێ کاتێ ژنی طەواف‌کەر دەستی کەوت لە پیاوێ یا بەهویەکی‌تر دەستنوێژی شکا پێویستە گورج بڕوا دەستنوێژ بگرێو بێتەوە بۆ طەواف کردن ، جا ئەگەر زۆری پێ‌نەچوو ئەوا لەو شوێنەوە کە طەوافەکەی بەتاڵ بوە دەس‌پێ‌بکاتەوە ، ئەگەرنا هەر لەسەرەوە دەس‌بکاتەوە بە طەواف‌و بەتەواوی بیکا .

کە طەواف‌کەر گەیشتە (حجری اسماعیل) با نەڕواتە ناو (حجر)ەوە ، چونکە (حجری اسماعیل) داخڵی کەعبەیەو ، لە کاتی بەعمیرکردنەوەی کەعبەدا حەجاجی کوڕی یووسف لە خانووی کەعبەی دەرکردوە ، هەندێ دەڵێن ئەندازەی دوو گەزی لە کەعبەیە ، جا کاتێ لە دەری حجرەوە طەوافی کرد با لای چەپی خۆی بکاتە لای حجرەوە وەك لە طەوافدا باسمان‌کرد . شایانی باسە دەبێ لە هەر حەوت جاری طەوافەکەدا وەك باسمان کرد ئاگاداری مەرجەکانی دروست‌بوونی طەواف بێ ئیتر چ ئەو طەوافە طەوافی روکن بێ ، یا طەوافی قدووم‌و گەیشتن بە مەککە ، یا طەوافی وەداع‌و ماڵئاوایی . ئەنجا پاش طەواف دوو ڕکات سوننەتی نوێژی طەواف بەجێ‌بێنێ یا لە مەقامی ئیبراهیم یا لە نزیکی کەعبە لە هەر شوێنێکیدا بێ یا لە مسجد الحرامدا ، بڵێ نیەتمە دوو ڕکات سوننەتی نوێژی طەواف ئەکەم الله اکبر .

واجباتی روکنی سەعیی بەینی صەفاو مەروە چوارن : یەکەم ئەوەیە کە ئەم سەعیە لە پاش طەوافی روکنی تەواو بێ ، ئەگەر لە پاش طەوافی قودووم سەعیی نەکردبێ ، بەڵام ئەگەر لەپاش طەوافی قودووم سەعیی کردبێ ئیتر لەپاش طەوافی روکن سەعی کردن نە روکنەو نە شەرطە . دووەم پێویستە ئەووەڵی سەعیەکەی لە صەفاوە

بێ بۆ مەروە • کە لە صەفاوە گەیشتە مەروە ئەمە جارێکە لـە حەوت جارەکانو ، کە لە مەروەوە گەیشتەوە بە صەفا دەبێتە دووجار ، بـــەم جۆرە رۆیشتن لە صەفاوە بۆ مەروە جارێكو گەڕانەوەی لــە مەروەوە بۆ صەفا جارێکە هەتا هەر حەوت جارەکە تەواو ئەبن •

سێ‌هــــەم پێویستە لەو شوێنەدا کـــە دیاری‌کراوە بۆ هات‌وچۆ رابووری ، واتە لـە ناوەڕاستی مەیدانەکەدا بێت‌و بڕواو بگەڕێتــەوە ، نەوەك لـە (مسعی) دەرچێ • چــوّاردم دەبێ هەموو هەنگاوەکانی بـە نیەتی سەعی بێ هەروەکو لە طەوافدا دەبێ بە قەصدی طەواف بێ ، وە بــە هــەموو ئەوشوێنەدا هات‌وچۆ بـکات هەتا پەنجەکانی پێ‌ی‌و پاژنەی بە دیواری طەرەفی صەفاو مەروە بـکات ، تەنانەت ئەگــەر بە ســواری سەعی بـکا پێویستە سمی وڵاغەکەی بـکات بە دیواری هەردوولاکان ئەگینا ئــەو جارەی بۆ حسێب ناکرێ ، ئەم مەسئەلە کەم‌کەس رەفتــاری پێ ئەکـــات •

ئەمــە تا ئێستا واجباتی دوو روکن لە شەش روکنەکانی حەجم بۆ باس‌کردن بە باشی وەریان بـگرن ، بەڵام واجباتی حەج پێنجن • یەکەم ئەوەیە کــە ئیحرامی بەست بۆ حەج یا بۆ عومرە با لە میقــاتی خۆیەوە بێ‌و بەسەر میقاتدا بەرەو مەککەی موکەڕڕەمە لانەدا ، ئیحـــرامی پاش لــە میقات‌لادان دروستە ، بەڵام ئەگەر نەگەڕێتەوە بۆ میقــات‌و لەوێوە ئیحرام نەبەستێ پێویستە حەیوانێ سەربڕێ بۆ فیدیە کە وەکو حەیوانی قوربانی بێ • دووهەم واجبی حەج ئەوەیە کە بەشێ لە شەوی جەژن لە موزدەلیفە بێ ، بەڵام ئەم مانەوەیە لە نیوەی دووەمی شەودا بێ ، واتــە مانەوەی لە نیوەی یەکەمی شەوەکەدا کافی نیــەو ، مانەوەی لـــە هەموو شەوەکەدا سونەتەو واجب نیە • سێ‌هـــەم مانەوەی شەوەکانی (ایام

التشريق) لـه ئەرزی (مینا)دا ، ئەگـەرچی تەنهـا دووشەو بێت • چوارەم : رەمیی جیمارە ، واتە بەردفڕێدان بۆ ئەو سێ کۆگایە کـە دیاری کراون • پێنجەم واجبی حەج ئەوەیە کـە هـەرچی لـە کـاتی ئیحرامدا حەرام بێ نەیکات • لەمەوپاش ، ئەگەر خوا مەیلی لێ بێ ، باسی ئەو شتانەتان بۆ ئەکەم کە لە ئیحرامدا حەرامن •

طەوافی وەداع لە واجباتی حەج نیـە ، بەڵام لە واجباتی وەداعە ، واتە ئەگـەر حاجی لە مەککە بمێنێتەوە ئەوە طەوافەی لەسەر نیە ، جـا ئەگەر کەسێ بەقەدەر مەسافەی قەصر لـە مەککەی موکەڕڕەمە دەرچوو یا گەڕایەوە بۆ شوێنی خـۆی ، ئەگەرچی مەسافەی قەصریش نەبێ ، پێویستە ئەم طەوافی وەداعە بـکات ، ئەگەر نەیکرد فیدیەی لەسـەر واجب دەبێ و پێویستە حەیوانێکی وەك حەیوانی قوربانی بۆ هـەژارانی حەرەم سەربڕێ •

شەرتەکانی دروستبوونی (رمی) بەردفڕێدان ، کە واجبێکە لـە واجبەکانی حەج ، هەشتن ، یەکەم تەرتیب واتە لەپێشدا بەرد فڕێبدات بۆ کۆگای یەکەم ، دوای ئەوە بۆ کۆگای ناوەڕاست ئەنجا بۆ کۆگـای (عقبە) • جا ئەگەر لە رۆژی یەکەمدا رەمیی نەکردو سبەینێ هـات بۆ رەمی ئەوە پێویستە لەپێشدا رەمیی رۆژی یەکەم قەزا بکاتەوە ئەنجا رەمیی رۆژی دووهەم بـکات •

شـەرتی دووەم ئەوەیە کـە حەوت بەرد لە وردە بەردی وا کە لە نۆك گەورەتر بێ فڕێ بدات بۆ ناو کۆگاکە • سێهـەم ئەوەیە ئـەو بەردفڕێدانە لەگـەڵ قەصدا بێت ، واتە بەدڵ نیازی ئەوەی بێ کە بەرد فڕێئەدات • چوارەم دەبێ ئەوەی فڕێیدەدا بـەرد بێت • پێنجـەم فڕێدانەکە عادەتی بێت واتە : بۆنموونە بە پێ فڕەی نەدات • شەشـەم

ئەوەیە بەردەکان یەکە یەکە فڕێبدات • حەوتەم ئەوەیە بە قەسدی ئەو کۆگایە ڕەمی بـکا بۆ ئەدای واجب • هەشتەم ئەوەیە لە ڕۆژی یەکەمدا بۆ هەرسێ کۆگاکان بەرد فڕێبدات هەروا لە ڕۆژەکانی تریشدا • بەڵام لـە ڕۆژی جەژندا تەنها بەرد بۆ ئەو کۆگایە فڕێبدات کە ناوی (جمرة العقبە)یە • ئەنجـــا پاش ئەو بەردفڕیدانە ســـەری بتاشێ یا کورتی بـکاتەوە ، بەم دووکردەوەیە (تحلل)ی یەکەمی بۆ جێبەجێ دەبێو ، بێجگە جیماعو عەقدی نیکاح هـەرچی لێی حـەرام بوە بۆی حـــەڵاڵ دەبێت • جا پاش ئەوە کە ڕۆژی یەکەمو دووەم لەپاش ڕۆژی جـــەژن حـــاجی‌یەکان ڕەجمـــی هـەرسێ کۆگاکانیـان کـــرد ، زوربەیان ئەگەڕێنەوە بۆ مەککەی موکەڕەمە • ئەم گەڕانەوە پێی‌دەڵێن (نفری‌اول) واتە دەرچوونی یەکەم لـــە خاکی مینا ، وە ئەگەر لە ڕۆژی جـەژندا نەچووبوون بۆ مەککە بۆ طەوافی کەعبەو سەعیی بەینی صەفاو مـەروە کـە لە میناوە دەرچوون با بڕۆن طەوافی کەعبەو سەعیی بەینی صـەفاو مەروە بـکەن ، بەڵام زوربەی حاجی‌یەکان هەر لە ڕۆژی جەژنا طەوافی کەعبەو سەعیی بەینی صەفاو مەروە دەکەن •

شەرتەکانی دەرچوونی یەکـــەم هەشتن ، یەکەم ئەوەیە ئــەو دەرچوونە لە ڕۆژی دووەمی (ایام التشریق)دا بێ نەك لە ڕۆژی‌یەکەمدا • دووەم ئەوەیە ئەو دەرچوونە لەپاش زەوال بێ ، واتە پاش لادانی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان • سێ‌هـەم ئەوەیە کە ڕەمیەکانی ڕۆژی دووەمی تەواو کردبێ ، جا پاش ئەوە دەربچێ • چوارەم ئەوەیە کـــە لـــەو دووشەوی (ایام التشریق)ەدا لە مینا بووبێ ، مەگەر بەهانەیەکی شەرعی بێ ، کە بە ناچاری چووبێ بۆ دەرەوەی مینا • پێنجەم ئەوەیە کـە نیەتی (نفر) دەرچوونی ببێ • شەشەم ئەوەیە کە نیەتی دەرچوونەکەی لەگەڵ دەرچوونەکەیدا هاوشانو ڕێك بێ • جا کە ڕەمیی کۆگای (عقبـە)ی

تەواو کرد با بگەڕێتەوە بۆ عەرزی میناو لە میناوە دەرچێ‌و بگەڕێتەوە بۆ مەککە • بەڵام ئەگەر لەلای کۆگای (عقبە)وە بگەڕێتەوە بۆ مەککە ، بەبێ ئەوەی بڕواتەوە بۆ مینا ، ئەوە دەرچوونەکەی دروست نیە ؛ چونکە کۆگای (عقبە) لە دەری عەرزی مینایەو ، پێویستە لە خاکی میناوە دەرچوونی یەکەم دەستپێبکرێ • هەندێ حاجی هەر لەپاش رەمیی کۆگای (عقبە) لەوێوە ئەڕۆنەوە بۆ مەککە ، ئەم دەرچوونە دروست نیە • حەوتەم ئەمەیە کە دەرچوونەکە لەپێش رۆژ ئاوابوون بێ‌و لەپاش زەوالی رۆژی دووەمی (ایام التشریق) بێت • هەشتەم ئەوەیە کە قەصدی هاتنەوەی ئەرزی مینا ئەکات واتە : بڵێ ئەم شەوی سێ‌هەمە ئەگەڕێمەوە بۆ میناو لەپاش ئەوە لە مینا دەرئەچم ؛ چونکە ئەگەر ئەم قەصدەی هەبوو و هاتەوە بۆ مینا پێویستە شەو لە مینا بێ‌و رۆژی سێ‌یەم هەر سێ کۆگاکە بەردباران بکات •

ئەوشتانەی بەهۆی ئیحرامەوە حەرام دەبن :

ئەوشتانەی کە بەهۆی ئیحرامەوە لەسەر حاجی یا خاوەن عومرە حەرام ئەبن دە شتن ، یەکەم : داپۆشینی لەش‌و سەر بە لیباس‌و کەوش لەبێ‌کردن ، بەڵێ دروستە نەعل یا شتی وەکو نەعل لەپێ‌بکات ، چەتر یا سێبەری کەژاوە بە داپۆشینی سەر حسێب ناکرێ‌و زیانی نیە • دووەم بۆن خۆشکردنی لەش یا بەرگ‌و پۆشاك ، بەڵێ لەپێش ئیحرام بەستن بۆن خۆشکردنی لەش‌و چاورەشتن سوننەتە ، یا ئەگەر شتێکی بۆن‌خۆش بخوات یا لە مەرەکەبی نووسیندا بۆنی خۆش بەکاربێنێ ئەوە زیانی نیە • سێ‌هەم چەورکردنی مووی سەرو ریش‌و سمێڵ‌و برۆیە ، بەڵام چەورکردنی ئەندامەکانی‌تری لەش زیانی نیە • چوارەم

لابـــردنی مووی ســـەرو غـــەیری ســـەر بە تاشینو کورتکردنەوەو رنینەوە•جا ئەگەر تاقە موویەک لابا ئەوە حەرامەو پێویستە (مد)ێ قووت بدا بە هەژارو ، ئەگـــەر دوو موو لابا دوو (مد)و ئەگەر سێ موو بوو ئەوە پێویستە حەیوانێ سەربرِێ کـــە بۆ قوربانی بشێ • پێنجەم برِینی نینۆکی پەنجەی دەستی یا پێی ، جا بە برِینی یەك نینۆك (مد)ێ قووتو بە هی دوو نینۆک دوو (مد)و بە برِینی سێ نینۆك حـــەیوانێک واجب دەبێت • شەشەم مارەبرِینە لە ماوەی ئیحرامدا چ ژنبێنێ یا ژنبدا بـــە شوو • حـــەوتەم جیماعە ، هەروەها موقەدیماتی جیماعیش حـــەرامە بەشەرتێ لەگەڵ ئارەزووی نەفسدا بێ • ئیستیمنایش حەرامـــە : واتـــە ئاوهێنانەوەی خۆی • هەشتەم راوکردنو نێچیرگرتنو نێچیرکوشتن لە حەرەمی مەککە یا لـــە غەیری حەرەمی مەککەدا ، هەروەهـــا خواردنی گوشتی نێچیری حەرەم یا غەیری حەرەم،با یەکێکیتریش ئـــەو نێچیرەی کوشتبێ • نۆهەم : برِینی دارو گیای حەرەمی مەککەی موکەرِرەمە یـــا حەرەمی مەدینەی مونەووەرە ، جا ئەمە وەکو بۆ موحریم حەرامە بۆ غەیری موحریمیش هـــەر حەرامە • دەهـــەم هەڵـــکەندنی دارو گیای حەرەمی مەککەو مەدینە ، ئەمەش وەکو بۆ موحریم حەرامە بۆ غەیری موحریمیش حەرامـــە ، بەڵام دارو گیای مەدینەی مونەووەرە فیـــدیەی لەســـەر نیە • جا بە کردنی هەریەك لـــەم دە کردەوەیە فیـــدیە واجب ئەبێ ، بەڵام عەقدی نیکاح تەنها حەرامەو فیدیەی لەسەر نیە •

بۆ خوێنی فیدیە بیستویەك سەبەب هەیەو ، هەموو فیدیەکان چوار جۆرن•یەکەم جۆر مورەتتەبو موقەددەرە ، مورەتتەب واتە : هەتا عاجز نەبی لـــە فیدیەی یەکەم ناچی بۆفیدیەی دووەم • موقەددەریش واتـــە : کە عاجز بووی لە دانی یەکەم شت شەرع بەدەڵو جێگەداری بۆ داناوە ،

بۆنموونه : ئەگەر نەتوانی حەیوان سەربڕی شەرع دە رۆژ رۆژووی بڕیارداوە •

هۆیەکانی حەیوانسەربڕین دە شتن ، یەکەم (تمتع) یا (قران) لە حەجدا • (تمتع) ئەوەیە کە لە میقاتی حەجدا ئیحرام ئەبەستێ بۆ عومرەو دەڕوات بۆ طەوافی کەعبەو سەعیی بەینی صەفاو مەروە ئەکاتو ، (تحلل) ئەکاتو بەرگو پۆشاکی خۆی لەبەرئەکاتو ، لەپاشاندا هەر لە مەککەوە ئیحرام دەبەستێ بۆ حەجو لەگەڵ حاجییەکاندا حەج ئەکات • (قران)یش ئەوەیە کە لە میقاتدا بە جارێ ئیحرام ئەبەستێ بۆ حەجو عومرە بەیەکەوەو مەناسیکەکان تەواو ئەکات ، لەم دوو شیوەی (تمتع)و (قران)دا واجبە حەیوانێک سەربڕێ کە بۆ قوربانی بەکاربێ ، بێگومان ئەم قیرانو تەمەتوعە بۆ خەڵکی هەڕەمە گرانەو ، چاك وایە بەشێوەی (افراد) ئیحرام ببەستێ ، واتە : لە ئەووەڵەوە ئیحرام ببەستێ بۆ حەجو پاش ئەوە حەجەکەی تەواو کرد بڕوا لە نزیکترین جێگەی حەل ئیحرام ببەستێ بۆ عومرەو عومرەکەیشی بەجێبێنێ •

یەکێکیتر لە هۆیەکانی فیدیە نەکردنی رەمیە ، یا تەرکی شەومانەوە لە موزدەلیفە ، یا تەرکی شەومانەوە لە مینا ، یا تەرکی ئیحرامبەستن لە میقاتدا ، واتە میقات لابداو ئەنجا ئیحرام ببەستێ ، یاخۆ حەجەکەی فەوتابێ بەهۆی نەگەیشتن بە راوەستانی عەرەفەدا ، یا تەرکی طەوافی وەداع ، یا موخالەفەی نەذر بکات بۆنموونە نەذری کردبێ لەسەر خۆی کە بەپیادە حەجبکا کەچی بەسواری بڕوا بۆ حەج • لەهەموو ئەمحالانەدا واجبە حەیوانێک سەربڕێ کە بۆ قوربانی بشێ ، ئەگەر ئەمەی نەتوانی با دە رۆژ بەرۆژوو بێ سێ رۆژ لە مەککەو حەوت رۆژ کە گەڕایەوە بۆ ماڵ • ئەگەر لە رۆژانی حەجدا مومکین نەبوو ئەو سێ

رۆژە بەرۆژوو بێ با لەپاش ایام التشریق بە نیەتی قەزای ئـەو رۆژانە بەرۆژوو بێت •

دووەم جۆری فیدیە لەگەڵ تەرتیبو تەعدیلدایە ، مەعنای تەرتیب رابوورد ، تەعدیلیش ئەوەیە کە لە کڕینی وشتری (بدنە) عاجز بـوو بۆی هەڵنەسووڕا دەتوانێ گایەك سەربڕێ ، ئەگەر ئەمەیشـی بۆنەکرا حەوت مەڕ سەربڕێ ، ئەگەر ئەمەشی بۆ نەکرا نرخی وشتری (بدنە)کە هەرچەند بوو بـیدا بە قووت وەکو گەنـمو بیدا بە هەژارانی حـەرەم • ئەمجۆرە فیدیەیە دوو سەبەبی هەیە ، یەکەم جیماع کـە حـەج بەتـاڵ دەکاتەوە ، جا فیدیەکەی وەك باسمانکرد وشـترێکی (بدنە)یە ، ئەگەر وشتر نەبوو گا ، ئەگەر گا نەبوو حەوت سەر مەڕ، ئەگەر ئەمەشـں نەبوو نرخی وشترەکە بدا بە قووت ، ئەمەشـی بۆ نەکرا بەقەدەر ژمارەی (مدە) قوتەکـان لەباتـی هـەر موددێ رۆژێ بەرۆژوو بێ • دووەم سـەبەب (احصار)ە ، واتە : مەنعبکرێ لە تەواوکردنی حەج لەمحاڵەدا پێویسـتە (تحلل) بکا بە سەربڕینی حەیوانێ واتە : مەڕێ یا بزنێ کە بۆ قوربانی بشێ ، ئەگەر ئەمەی بۆ نەکرا نرخی مەڕەکـە بکات بە قووتو لەباتی هەر موددێ رۆژی بەرۆژوو بێ •

سێهەم جۆری فیدیە لەگەڵ تەخیرو تەعدیلدایە ، مەعنای تەعدیلمان باسکرد ، تەخییریش ئەوەیە کە حاجییەکـە ئارەزووی خۆیەتـی یا حەیوانێ سەربڕێ یا بایی نرخی ئەو حەیوانە قووت بکرێو ، لەباتی هەر موددێ رۆژێ بەرۆژوو بێت ، ئەمەش دوو سەبەبی هەیە ، راوکردن یان بڕینو هەڵکەندنی درەختو گیای ئەرزی حەرەم •

بەشـی چوارەم فیدیەی تەخییرو تەقدیرە کە مەعنای هەردووکیان رابووردن ، ئەمەش لە حاجییە هەڕەمەکانەوە روودەدات ، پێویسـتە ئەم

مەسئەلە باش تێبگەن • جا ئەم خوێن‌رژاندنە هەشت سەبەبی هەیە : لابردنی موو ، نینووك كردن كە بەم دوو سەبەبە فیدیە واجب ئەبێ ، لەبەركردنی بەرگ‌و پۆشاك ، چەوركردنی مووی سەرو ریش‌و سمێڵ ، خۆ بۆن‌خۆش كردن ، موقەددیماتی جیماع‌و جیماع‌كردن ، دیارە لەپاش جیماع‌كردنی جاری یەكەم كە حەجەكەی پێ فاسید ئەبێ پێویستە حەجەكەی تەواو بكات ، جماعی مابەینی تەحەللولی یەكەم‌و تەحەللولی دووەم •

شەرتی واجب بوونی فیدیە لەم هەشت ئەسبابەدا ئەوەیە كە ئەوكەسە ئەمانە ئەكا بزانێ ئەمانە حەرامن‌و بەعەمدی بیانكا ، واتە ئەگەر نەیئەزانی كە حەرامە یا لەبیری‌چوو و كردی ئەوە فیدیە واجب نابێ مەگەر لە لابردنی موو و نینۆك‌كردندا كە بە هەموو حاڵ فیدیەیان تیا واجبە بەوشەرتە كە ئینسانێكی (ممیز) بێ ، سوودو زیانی خۆی بفامی ، بەڵێ ئەوەندە هەیە ئەگەر ئەوكەسەی كە موەكانی لائەبا لەبەر عوزرێك بێ ، بۆنموونە لەترسی ئاڵۆشی لەشی یا لەترسی ئەسپێ‌و ڕشك ، یا ئەوكەسەی كە نینۆكی ئەكرد لەبەرئەوە ئەیكرد كە لەشی بریندارەو ئەگەر نینوكی ببێ زامەكانی ئەكولێنێتەوە ، ئەوە هەر چەند فیدیەیان تیا واجبە بەلام گوناهی ناگات •

لەهەر یەك لەم هەشت ئەسبابانەدا حاجی ئارەزووی خۆیەتی یا مەڕێ سەرببڕێ یا سێ صاع (١) قوت‌بدا بە شەش مسكێن یەكی نیو صاع ، یا سێ ڕۆژ ڕۆژوو بگرێ • شایانی باسە بە هیچ‌كام لەم شتانە كە بەهۆی ئیحرامەوە حەرام دەبن حەج فاسید نابێ بە جیماع نەبێ وەك باسمان كرد •

---

(١) صاع : نزیكەی دوو كیلۆو نیوە •

سوننەتەکانی حەج :

سوننەتەکانی حەج زۆرن ئەگەر عەوام یا زانا ئەوانە نەکا حەجەکەی بەتاڵ نابێتەوە ، بەڵام هەندێ لەوانە کردنیان ئاسانە ، وەکو غوسڵە سوننەتەکان٠ئەمانە وەکو ذیکرو ویردەکان نین کە فێربوونیان گران بێت، چونکە ئەو ئەورادانە هەرچەند فێریان بین مەعنایان نازانن کەوابێ خۆیان بەوانەوە خەریك نەکەن ، لە باتی ئەوانە با هەر بڵێن خودایا عەفوم بکە ، خودایا حەجەکەم قبووڵ بکە ، خودایا ئیمانم سەلامەت بکە ، خودایا ئەولادەکانم صاڵح بکە ، خودایا خۆمو ئەولادم داماوو موحتاج مەکە ، خودایا لەم بەندەی خۆتە رازیبە ، خودایا بەهەشتم پێببەخشەو لە دۆزەخ بمپارێزە ؟ ئەمانە ئاسانو بەسوودنو لەناو ذیکرەکاندا فێری (لبیك لبیك) بێو بیخوێنێو ، لە ماوەی ئیحرامدا (لبیك) خوێندن سوننەتە هەتا دەگاتە کاتی بەرد فرێدان بۆ کۆگای (عقبە) لەوکاتەدا (الله اکبر) سوننەتەو ، لەگەڵ هەر بەردێکدا کە فرێیدەدا یەك جار بڵێ (الله اکبر) ٠ ئەمەش شێوەی مەشرووعی تەلبیەکەیە : «لبیك اللهم لبیك لا شریك لك لبیك ان الحمد والنعمة والملك لك لا شریك لك »ئەم لەفظانە سێجار بخوێنێتەوەو لەپاشاندا صەلەوات لەسەر حەزرەت بداو داوای رەزای خوداو بەهەشت بکاو لە ئاگری دۆزەخ داوای پەنا بکات ٠

لە ماوەی حەجدا لە دە جێگەدا خۆشۆردن سوننەتە : لە بەستنی ئیحرامدا ، کاتی چوونە ناو شاری مەککە ، لەکاتی راوەستانی عەرەفەدا ، لەکاتی مانەوە لە موزدەلیفەدا ، ئەگەر بۆ چوونە عەرەفات خۆی نەشۆردبوو ، هەروەها لە سێرۆژەی میناداو ، نەك بۆ طەوافی روکن ٠

نووسینی ئەذکارم تەرككرد چونکە ئەم نامەیە بۆ خەڵکی هەژمە نووسراوەو ، ئەذکار بۆ خەڵکی نەخوێنەوار گرانە ، بەڵێ ئەگەر

یەکێک لەپێش حەجدا فێریان بێ ئەوە زۆر باشە ، هەروەها ئەگەر بتوانرێ وێنەی کەعبەیان بۆ بکێشرێ هەتا بزانن روکنەکانی چۆن رێکەووتوونو ، بەخەیاڵ چەندجار طەوافی کەعبە بکات پێش ئەوەی بڕوا بۆ حەج •

لەکاتێکدا کە باران ئەبارێ خۆیان نەخەنە ژێر (میزاب الرحمە)وە ، چونکە لەسەرەوە هێلانەی کۆترەو پڕە لە ریقنەی کۆترو ئاوی بارانەکە پیس دەکاتو کە بێت بەسەریاندا لەشو بەرگو پۆشاکیان پیس ئەکاتو نوێژو طەوافیان بەتاڵ ئەبێتەوە •

من وەختێ لەو شوێنە موبارەکەدا بووم لای والیی جیددە شکاتم کردو داوای ئەوەم کرد هەندێ لەوح ببەستن بە دەوری ئەومیزابەدا هەتا ئاوەکەی پیس نەبێو نوێژی موسوڵمانان بەتاڵ نەبێتەوە ، ئەویش فەرمانیدا وای لێبکەن ، پاش هاتنەوەمان خەبەر هات کە چاکیان کردوە ، جا ئەگەر ئەم خەبەرە راستبێو ئاوی پلووسکەکە بە پاکی بێتە خوار ، باشە حاجی خۆی بداتەبەر ئەو ئاوە کە بە پلووسکی (میزاب الرحمة)دا دێتە خوارەوە •

براکانم ! ئاموژگاریتان ئەکەم دەخیلتانبم لە رێگەی حیجازدا خۆتان لە خواردنی خواردەمەنی ناموافق بپارێزن وەکو گۆشتی وشتر • شەکرو جاترەو پیازو سماقو ترشی سماق لەگەڵ خۆتان بەرن ، بەتایبەتی ئەگەر سکەنجەبین دەستبکەوێ هەموو وەختێ ئاوی سکەنجەبین بخۆنەوە کە بەلەززەتترو سالمترە •

من کە بەکورتی ئەم رێوشوێنی حەجەم کۆکردوەتەوە سەیدئەحمەدی کوڕی سەید مەعرووفی نۆدێیمو ، ئەم نامەیەم بۆ برادەرانی عەوامی خۆمان کۆکردوەتەوە ، ئەگەرنا زاناکان پێویستیان بەم

جۆره کتێبانه نی‌یه ، من بۆیه ناوی خۆم برد که موسوڵمانان به دوعای خه‌یر یادم بکه‌ن •

له نامه‌یه‌کی‌تردا به زمانی عه‌ره‌بی باسی هه‌ندێ له‌و ئه‌زیه‌ت‌و ئازاره‌م نووسیوه که له لایه‌ن کاربه‌ده‌ستان‌و ئاوکێشان‌و خاوه‌ن وشترانی وڵاته‌که‌وه به حاجی‌یه کورده‌کان ده‌گه‌یشت ، هه‌رکه‌س ئه‌و نامه‌یه بخوێنێته‌وه قازانجی لێ وه‌رئه‌گرێ ، واته ده‌توانێ تا ئه‌ندازه‌یه‌ك ئاگای له‌خۆی بێ‌و خۆی بپارێزێ •

له‌به‌رئه‌وه‌ی چاودێری‌ی کورتی‌ی ئه‌م نامه‌یه‌م کرد ، هه‌موو مه‌سئه‌له‌کانی حه‌جم به‌یان‌نه‌کرد ، لێم‌ببوورن ، چونکه درێژه‌پێدان له‌گه‌ڵ کورت‌خوازی یه‌ك‌ناگه‌وێ •

هذا آخر ما اردنا جمعه والله اسأل ان يعم للعاملين به نفعه آمين آمين يا مجيب السائلين والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته •

نامەی بیست‌و پێنجەم

نامەی مرقفە(١)

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله ، والصلاة والسلام على رسول الله ، وعلى آله وصحبه الحماة لدين الله ٠

پاش ئەمانە براکانم ! ئەم نامە پیرۆزانە کە من ئەیانێرم بۆ خزمەتی ئێوەو ئێوەیان پێ عاجز ئەکەم‌و داوێن گیری ئێوە ئەبم هۆی ئەمەیە کە عەرزتان‌ئەکەم : یەکەم هەموو کەس پێی‌خۆشە دیاری‌یەکی زۆر بەنرخ بۆ برای گەورەی خۆی یا بۆ دۆستێکی راستەقینەی بنێرێ ٠ من خوم بە خزمەتکاری ئوممەتی حەرزەتی باپیرم ئەزانم (د ٠ خ)و ، زۆرم پێ خۆشە دیاری بنێرم بۆتان‌و ، هەتا توانایشم ببێ ئەم دیاری‌یانە هەر ئەنێرم بۆتان ٠ دووەم : فەرموودەی پیرۆزی پێغەمبەرە (د ٠ خ) « ما اهدى مسلم لاخيه هدية افضل من كلمة حكمة يزيده الله بها هدى او يرده بها عن ردى »واتە : هیچ موسوڵمانێ دیاری‌یەکی نەناردوە بۆ برای خۆی باشتر بێ لە کەلیمەیەکی زانیاری‌و ژیری ببێتە هۆی ئەوەی کە خودای گەورە بەهۆی ئەو کەلیمەوە وشیاری‌و شارەزایی رێگای راستی زیاد بکا یاخۆ لە گومراهی‌و لە ناوچوونی لابداو بپارێزێ ٠ تەماشائەکەم ئێوە بە دیاری‌ی

---

(١) واتە : نامەی هەندێ نەرمە ئامۆژگاری ٠

دنیایی زۆر دڵشاد ئەبن و سوپاسگوزاری خاوەنەکەی ئەبن ، بەڵام من کە ئەم دیاری یانەتان بۆ رەوانە ئەکەم خۆم مەمنوونو دڵشاد ئەبم ئەگەر ئێوە وەری بگرنو بیخوێننەوە ، یا کاتێ کە خوێنرایەوە بۆتان بەدڵ گوێیان لێ رابگرنو مەعناکەیان حاڵی بنو رەفتاریان پێ بکەن ؛ چونکە هەریەکێ لەم نامانەی من گەلێ مەسەلەی ئایینی تیایە .

لە فەرموودەی پیرۆزی پێغەمبەردا هەیە کە فێربوونی یەك مەسەلەی ئایینی و فێرکردنی بەخەڵك ئەوەندەی هەزار رکات نوێژی سوننەت پاداشی هەیە ؛ من لەبەر ئەمانە زۆر داوێنتان ئەگرمو دەخیلتان ئەبم کە طالبی خوێندنەوەی عەریزەکانی من بن ؛ چونکە وەکو زاناکانی ئایین فەرموویانە ئەگەر کەسێکی زانا نەبێ دین بە خەڵك بڵێت ئەم کۆمەڵە وەکو کوێر دەمێننەوەو نازانن روو لە چ لایە بکەن . بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر ئەم نامانە کە دۆستی خۆتان بۆتان ئەنێرێ نیعمەتی خودای گەورەن کە بۆ ئێوەی دیاری کردوونو قبووڵکردنیان دەبێتە هۆی ئەوە کەخودا نیعمەتی زۆرتان بۆ رەوانە بکاتو ، قبووڵنەکردنیان دەبێتە هۆی رقو نارەزایی خودا لە ئێوە ، جا برا خۆشەویستەکانم ! هەر لەبەر پاراستنی خۆتان لە نارەزایی خودا ئومێدەوارم لەم نامانەی من عاجزو دڵپەرێشان نەبن ، کە عاجز نەبن موژدەبێ لە ئێوە کە پشت بەخودا ئیمانتان دامەزراوە ؛ چونکە لە حەدیثی پێغەمبەردا هەیە کەوا یەکێ لە گەورەترین ئەخلاقی موسوڵمان ئەوەیە کە لە بیستنی خێری ئایینی تێر نەبێت .

براکان ! لە حەدیثی پیرۆزدا هەیە هەرکاتێ کۆڕێك دەست بکەن بە ذیکری خودا یا باسی خودای گەورە بکەن لە دەورو پشتی ئەوانەوە فریشتەکان لە دەوروبەری ئەواندا چین لەسەر چین ریز دەبەستنو ،

هەموو ئەوفریشتانە دوعای خێر بۆ ئەهلی ئەو کۆڕە ئەکەنو خودای گەورە دوعاکەیان قبووڵ ئەکاتو رەحمەت بەسەر ئەو کۆڕەدا دەبارێ • بەخ‌بەخ لەو کۆمەڵە موسوڵمانە کە هوشیارو ئاگادار بنو لە خودای خۆیان غافڵ نەبنو فریشتەکان دوعایان بۆبکەنو ، رەحمەت ببارێ بەسەریانا ، ئەمە چ حاڵێکی خۆشەو چ وەزعێکی پیرۆزە ، پێویستە ئینسان شوکری خودای لەسەربکا کە بەرابەر بە ئەهلی ذیکرو یادی خودا ئەم جۆرە رەحمەتەی هەیە •

براکان ! دەخیلتان بم هەموو شەوێ هەشت نۆ دقیقەیەك گوێ رابگرن بۆ نامەی ئەم براتانە کە ئێوەی خۆش‌دەوێو قازانجی دینو دنیا بۆ ئێوە لە خودای گەورە داوا ئەکات • ئێوە کە ئەڕۆن بۆ شوێنی کۆمەڵەی غافلان کە هەندێ کتێبی وەکو شاهنامە ئەخوێننەوە پارەش دەدەنو وەختیشتان لەکیس‌دەچێتو هیچ سوودیشتان دەس‌ناکەوێ ، بەڵام من هیچم لە ئێوە ناوێ ئەوەنەبێ کە لەو نامانەی بۆتانیان ئەنێرم سوود وەربگرن ، وە ئەگەر زۆر لەسەر ئەمە بڕۆمو پێی لێ داگرم سەرزەنشتم مەکەن ؛ چونکە حەزرەت (د • خ) فەرموویەتی « علموا الناس سنتی وان کرهوا » واتە رەفتارو وتاری من بە موسوڵمانان رابگەیەنن هەرچەند ئەوان پێیان ناخۆش بێ • من بەش‌بەحاڵی خۆم مەبەستم ئەوەیە کە بەرابەر بەم رەحمەتە خودا رەحمم پێ‌بکاتو خۆشمی‌بوێ ، چونکە لە حەدیثی قودسی‌دا هەیە «ما خلقت في السموات والارضين خلقا احب الي ممن ذكرني الناس » واتە : لە عەرزو ئاسمانا مەخلووقێکم دروست‌نەکردوە خۆشەویستتر بێ لام لەوکەسەی کە من بخاتەوە بیری خەڵك ، واتە ئەوەندە باسی من بکات کە خەڵکی بکەونە ذیکرو یادی من • جا لەم حەدیثە قودسی‌یەوە هەروەکو قەدرو قیمەتی یادی خودای گەورە دەردەکەوێ هەروەها مصیبەتی لە خودا غافڵ

بوونیش دەردەکەویٚ ، واتە ئەوکەسەیش کـە خۆی لەخودا غافڵ بیٚو بشبیٚ بە هۆی غافڵبوونی خەڵك ئەوە لە لای خودا گەلیٚ بەدچـارەو ناشیرینـە •

جـا مـن لەبەر ئەوە ئەم نامانە ئەنیٚرم بۆ خزمـەتی ئیٚوە کـە لـە خـودا غافڵ نەبنو خواتان بکەوٚیتەوە بیرو بپەرستن ، چونکە مـادام نامەکـانی منتان خویٚندەوە ئاگادار ئەبن لەسـەر ئادابی ئایینی خۆتانو ، ئەو ئادابە بە ئەهلو خیٚزانی خۆتان نیشانئەدەن ، هەروەها بـە دۆستانی خۆتانی ئەڵیٚن •

ریوایەتکراوە کـاتیٚ پیـاویٚ وتاریٚـکی ئایینی لەلایەنی خـودای گەورەوە بە برای موسوڵمانی خۆی بگەیەنیٚت ئەوە لە حەجو عەمرەیەکی سوننەتو لە عیبادەتی سالیٚ خیٚری زۆرترە ، بەخبەخ لەم بەشە گەورە ! فیٚرکردنی یەك مەسەلەی ئایینی تەنانەت بـە خیٚزانی خـۆت ئەوەندە پاداشی هـەیە •

ریوایەتکراوە دوو عەرەبی بەدو هـاتن بۆ خزمەتی حـەزرەت (د • خ)مەدحی تایەفەیەکی عەرەبیان کرد کە گەورەکەیان ئامۆژگاری‌یان ئەکـاتو ئادابی ئایینیان پیٚ‌ئەلیٚ ، هۆزەکـەیشی هـەموو گویٚی بۆ رائەگرنو ، فیٚری ئـەو ئادابە ئەبن ، هەروەها زەممی تایەفەیەکی‌تری عەرەبیان کردو وتیان گەورەکەیان گویٚ بە دین نادات‌و ئامۆژگـاری‌ی عەشرەتەکەی ناکاتو ، ئەگەر بـە هەڵـکەوت جـاریٚ ئامۆژگاری‌یان بـکات ئەوان گویٚی بۆ راناگرن ، کاتیٚ حەزرەت (د • خ) ئەم باسـەی لەوان بیست فەرمـووی : یا ئەبیٚ ئەم کۆمـەڵە بیٚ‌موبالات بەدینـە دەستبەرداری ئەم حاڵە ببنو رووبکەنە دینو گەورەکەیان ئامۆژگاری‌یان بـکاتو عەشرەتەکەی گویٚی بۆ راگـرن ، یا ئەبیٚ خـودای گـەورە

زووبەزوو سزایان بۆ بنێرێو تۆڵەیان لێ بسێنێ .

براکانم بەسایەی پیرۆزیی پایەی حەزرەتی (محمد المصطفی)وە (د . خ)خودای گەورە (مسخ) واتە شێوە گۆڕان ، (خسف) واتە : عەرز رۆچوونو (صاعقه) واتە هەورەتریشقەی ، کـە هۆی ئازاردانی ئوممـەتە پێشوەکـان بوون لەسـەر ئەم ئوممەتە لابردووەو ، هـەر عەزابێ کـە موستەحەق بن دوای خستوە بۆیان بۆ رۆژی قیامـەت ، بەڵام کـەلێ سزای تری داوە بەسەریاندا وەکو هەڵگرتنی بەرەکەت لەسەر عـەرزو کورت کردنی عومریانو ، بـە ستەمی زۆرداران سـزایان دەدات . هەروەها فیتنەو ئاشووبو کوشتنی بێ سەبەب لەناو خەڵکدا پەیدا بووەو ، بێجگە لـە شارەکان خەڵـکی دێهات لەدەست پیاوخراپ پەریشان بوون . وەکو زانیومانە لە وەرزی بەهارەوە هـەتا پاییز لە ناحیـەی سووورداش پەنجاکەس لە موسوڵمانان کوژراون بە بێ ئەوەی کە هۆیەکی شەرعی هـەبێ بۆ ئـەو کوشتنانە ، ئـەم رووداوانە هەمووی لەبەر ناپاکیی مەخلووقەو ، لەبەرئەوەیە پشتیان لـە ئایین کردووەو فەرمانی خـودای گەورەیان خستوەتە پشت گوێ . جا من لەبەرئەوە داوێنگیری ئێـوە ئەبمو ، تا ئیستا حەفتاو هەشت نامـەم بۆ نووسیون کە لای کەمی هەموو شەوێـکی جومعە ئەمر بـکەن یەکێک لەو نامانە بخوێنرێتەوەو گوێی لێ رابگرن ، بەڵـکو ئەو کەسە کە ئادابی ئایین نازانێ فێـری ببێو ، ئەو کەسەیش ئەیزانێ بیربکاتەوە ، هەمووتان بە یارمەتیی یەک کارێ بکەن کـە مەخلووق لـە کاری ناشەرعی لابدەنو لە خـودا بترسنو چاودێریی ئەحکامی خودا بکەن .

لە حەدیثی پیرۆزدایە موسوڵمان وەکو ئەندامەکانی لەشن ، ئینسان ئەگەر ئەندامێکی لەشی ئێشی بـکات ئەندامەکانی تری لەشی دەس دەکەن

بە ئێش ، موسوڵمانیش بۆ برای موسوڵمانی دەبێ وابێ ، واتە هەرکام لەوان بە دەردێ گیرۆدە بوو ئەوانیتر پێویستە دڵگران بن بۆیو ئەو گیرۆدەبوونە بە گیرۆدەبوونی خۆیان حسێب کەن • بەخوداقەسەم من هەمیشە لە بیری ئەوەدام بۆچی ئەم موسوڵمانانە ئەوەندە لە خودا غافڵن‌و کاروباری ئایین تەماشا ناکەن ، بۆچی بیرناکەنەوە لەوە کە غەیبەت کردنی یەکتری‌و غەش کردن لە مامەڵەداو گوێ‌نەدان بە حەرام‌و حەلاڵ‌و حەسوودی بە یەکتر بردن‌و ، گوێ بە کاروباری یەکتری نەدان گوناهی گەورەن‌و سزایان لەدوایە ، بێ‌گومان خودای گەورە هەرچەند مۆڵەتی ئینسان بدا تا ماوەیەك ، بەڵام هیچ‌شتێ لە ئاگاداری‌و زانستی ئەو دەرناچێ‌و ، هەرکاتێ ئینسانی گرت توند ئەیگرێ‌و حەقی بەرو دوای لێ ئەسێنێ •

لە فەرموودەی پیرۆزی پێغەمەرە (د • خ) هەرکەس رۆژی لێ بوویەوەو گوێی بە کاروباری موسوڵمانان نەدا ئەوە لە موسوڵمانان حسێب ناکرێ ، بۆنموونە : گوێ‌ی‌نەدەدا بە دراوسێ‌ی لێ‌قەوماوی ، بە داماوی بێ‌دەس‌و بێ‌کەس ، بە ماڵرووخاو ، یا ماڵسووتاوو قەرزارو هەتیوبارو نەخۆش‌و مردوو ، بەقەدەر حاڵ‌و بەقەدەر دەستەڵات بەماڵ ، بە دەست ، بە زوبان ، بە حورمەت‌و پایەی ناو کۆمەڵ بەدەمیانەوە نەبوو ، ئەوکەسە وەك ئەوەیە کە موسوڵمان نەبێ • بەپێی شەریعەتی ئیسلام گوێ‌نەدان بە منداڵ‌و بە نەزان گوناهی گەورەیەو ، واجبە بە هەر وسیلەیەك بوە ئادابی ئایینیان تێ‌بگەیەنن •

براکان ! ئەم‌جیهانە جێگەی کشت‌وکاڵی خێرە بۆ پاشەرۆژی قیامەت‌و ، هەموو زانایەك دەزانێ مانەوەی لە دنیادا ماوەیەکەو لەپاشا دەمرێ‌و رووەدەکاتە بازاڕی حیسابی جیهانی قیامەت ، هەموو کەس

ئەزانێ کــه لــه دنیادا تا ئەندازەیەك تێکۆشان پێویسته بۆ ژیوارێکی بەرزو بەنرخ ، بەڵام واجبـــه ئەوەش بزانێ کـــه سەعادەتو پیرۆزی وا لـــه بەختیاری‌ی پایەدارو نەبڕاوەدا ، ژیانی ئەم جیهانه لەبەرئەوەی دەبڕێتـەوه هەر بەقەدەر پێویستی‌ی خۆی تێکۆشانی دەوێ ، دنیایەك که هەر دنیـای رووت بێو لەگەڵ غافڵبوون بێ لەخودا بەقەدەر تۆزقاڵێ نرخی نیـــه ، لــه حەدیثی پێغەمبەردا هەیه ئەگەر ئەمدنیا بەقەدەر باڵی مێشوولەیەك لای خــودا قەدری ببوایه یەك قوم ئاوی لێ نەئەدا بەوکافرانه چونکه دوژمنی خودان •

براکانم ! لەم فەرموودەوە دەردەکەوێ ئەوەی لای‌خودا حورمەتـی هەبێ هەر ئاینەو پێویستـه ئاگاداری ئاینی خۆتان بن • تکاکارم به مـن نەفەرموون تۆ بڕۆ خەریکی ئیشی خۆتبەو ئامۆژگاری‌ی خۆت بکه ، چ عەلاقەیـەکت به ئێمـەوه هەیـه ؟ چونکه به فەرمـوودەی حـەزرەت (د • خ)ئەم قسه لای خوا زۆر ناشیرینه ، ئەوەتا دەفەرمـوێ « ابغض الکلام الی الله ان یقول الرجل للرجل اتق الله ، فیقول علیك بنفسك»واته ناشیرینترین قسه لای خودای گەوره ئەوەیه که لەکاتێـکدا موسوڵمانێ به موسوڵمانێـکی وت له خودا بترســـه ، له وەڵامـدا پێـی‌بڵێت تۆ بڕۆ خەریکی نەفسی خۆت بەو حەقت بەسەر ئێمەوه نەبێ •

ئێمەمانان ، که داوێنگیری ئێوه ئەبین ، ئەگەر واز له ئامۆژگاری کردن بێنین به فەرموودەی قورئان گوناهبار ئەبین‌و ، دەبینه یارمەتی‌دەرتان لەسەر گوناه ، چۆن ئەبێ موسوڵمان موسوڵمانێ ببینێ که چاوی نەبینێو نزیك بێ بکەوێته بیرێـکەوه یا بکەوێتـه ئاگرێـکەوه خەبەرداری نەکاو رزگاری نەکا له زیانی ئەوبیرو ئاگره ؟ ئێوەش که له دین غافڵ بنو له فەوتـانو هیلاکەت نزیك بن لەســەر ئێمـه واجبه ئاگادارتـان بکەیـنو رێـگەی

رزگاریتان نیشان بدەین‌و ، کارێ نەکەین کە لەسەر ئەو غەفڵەتە دەوام بکەن • خودای گەورە فەرموویەتی « ولا تعاونوا علـی الاثم والعـدوان واتقوا الله ان الله شدید العقاب » •

جا لەبەرئەمانە ئێمە ناچارین ئەبێ بەقەدەر دەسەڵات هەوڵ بدەین بۆئەوەی ئەحکامی ئاینتان پێ بگەیێنین‌و ئادابی ئاینتان لێ نەشارینەوە ؛ خودای گەورە هەڕەشەی کردوە لەوکەسانەی کە زانان‌و ئادابی ئایـن ئەزانن بەڵام لــە خەڵکی دەشارنەوەو پێیان ناگەیەنن ، فـەرموویەتی : ئەوانە خوا لەعنەت‌و نەفرینیان لێ ئەکات ، هەروەها پێغەمبەران‌و پیاوچاکانی ئوممەتیش لەعنەتیان لێ ئەکەن •

لە حەدیثی پیرۆزدا هەیە ئەوکەسەی ئامۆژگاری موسوڵمانان ئەکات‌و ئەمرو نەهیی خودایان پێدەگەیەنێ ، ئەو کەسە بەدەوام لەسەر زەوی‌دا خەلیفەی خودایەو خەلیفەی پێغەمبەری خوداو خەلیفەی قورئـانە • لـە فەرموودەی پێغەمبەردا هەیە کە دوو خەصڵەت هەن لەوانە گەورەتر نیە ، یەکەم باوەڕهێنان بە خودا ، دووەم قازانج گەیاندن بە بەندەگانی خـودا • براکانم ! قازانجێ کە بە راستی بە قازانج بناسرێ ئاین‌فیرکردن‌و گەیاندنی ئەحکامی خودایە • جا لەبەرئەمەیە کە بەم‌نامانە خزمەتی ئێـوە ئەکـەم ، خودا ئەم خزمەتەم بە میهرەبانیی خۆی لەکیـــس‌نەداو لێمـی قبـووڵ بکات •

براکان ! من هەژارم ، موحتاجی ئێوەم ، نابینن هەرساڵێ تا سێ‌هەزار قران شت‌ومەك لە ئێوە بە قەرز وەرئەگرم ، لە حەدیثا دەفەرموێ « جزاء الغني من الفقیر النصیحة »واتە پاداشـــی دەوڵەمەنـد لەلایەن هەژارەوە دڵسۆزی‌و خێرخواهی‌یە ، من ناچـارم ئەبێ پاداشـــی ئێوە بدەمـەوە بـە ئامۆژگاری‌کردنتان‌و ، پێویسـتە ئێوەش نەصیحەتەکانی مـن وەربگرن‌و

نامەکانم بخوێننەوەو ، ئادابــی ئاینیــان لێ وەربگرن ، جا کــە بەتەواوی گوێیان پێبدەن لە دینی خوتان خەبەردار ئەبن‌و ، ئەزانن چۆن یارمەتی‌ی ئاین‌و ئەهلی ئاین بــدەن ، دیارە لەســـەر وەعدەی قورئــان‌و حەدیث هەرکەسێ یارمەتی‌ی ئاین بدات خودای گەورە یارمەتی ئەدات ، وەکــو فەرموویەتی « ولینصرن الله من ینصره »واتە : بەڕاستی خودا یارمەتی‌ی ئەو کەسانە ئەدات کە یارمەتی‌ی ئایینی خودا ئــەدەن ، جا باســـی ئەو کەسانەی کردوە بەم ئایەتە « الذین ان مکنــاهم اقاموا الصــلاة وامــروا بالمعروف ونهوا عن المنکر »واتە ئەو کەسانە کە یارمەتی‌ی خــودا ئەدەن ئەوانەن ئەگەر دەستمان پێدان‌و لەعەرزا دامانمەزراندن نوێژەکانیــان بە ساغی‌و رەسایی ئەکەن‌و ، فەرمان‌دەدەن بە رەفتارو گوفتاری باش‌و مەنعی خەڵــک ئەکەن لە رەفتارو گوفتاری خراپ • چــەند خۆشــە ئینســـان یارمەتی‌ی ئایینی ئیســـلام بداو ، خودایش بە میهرەبانی‌ی خۆی یارمەتی‌ی ئەو بدات لەســەر ناحەزانی ناحــەق‌کار ، ئەمە زۆر جێــگەی سوپاســـی خودایە • براکانم ! من ناچارم کە داوێن‌گیرتان بم ؛ خودا فەرموویەتی پێویســـتە هەمیشە کۆمەڵێ لەم موسوڵمانانە ئامادە بن‌و موسوڵمانان بۆ خێر بانگ‌بکەن ؛ ئەمریان پێبکەن بە چاکەو نەهیان لێ بکەن لە خراپە • دەلیل زۆرە لەسەر ئەوەی ئەم ئەمر بە چاکەو نەهی لە خراپە واجبە لەسەر ئێمەو لقێــکە لە دیـــن ؛ چونکــــە لە حەدیثــدا هەیــە کە ئیمان لقی زۆرە لاژوورەوەکەیان کەلیمەی تەوحیدە« لا اله الا الله »و ، ئاخرەکەیان ئەوەیە شتێ کە ببێ بە هۆی ئازاری خەڵــک لەســـەر رێــگا لای‌دەی ، لە بەینی ئەم دوو لقەدا لقی‌تر زورەو ، یەکێ لەو لقە گەورانە ئەمر بە چاکەو نەهی لە خراپەیە •

لە حەدیثی شەریفدا هەیە حەزرەتی مووسا (د • خ) عەرزی خودای گەورەی کرد : خودایا کام بەندەت لا خۆشەویسترە ؟ فەرمووی ئەوەیان

کاتێ بێ‌گوێیی من بکرێ لەبەر خاتری دینی من لە تاوانباران تووڕە بێ •

براکانم ! من دۆستی ئێوەم ، دۆستی راست ئەوەیە کە مەنعی دۆستی خۆی بکا لە خراپە ؛ چونکە فەرموودەی پێغەمبەرە « من احبك نهاك ومن ابغضك اغراك »واتە ئەوی تۆی خۆش‌بوێ مەنعت ئەکات لە خراپەو ، هەرکەس رقی لە تۆ بێ هانت‌ئەدا بۆ خراپە • براکانم ! من لەبەر خودا ئەمەوێ کە هەمووتان لەمن بێزار بن ، کەچی هەمووکەس ئەیەوێ هەمووکەسی دۆستی بێ • وەك تاقی کراوەتەوە هەرکەس ئەمر بە چاکەو نەهی لە خراپە بکات دۆستی بۆنامێنێتەوە ، جا من قازانجی ئێوەم ئەوێ ئیتر قەیناکا با زیان بە من بگات •

براکانم ! ئەگەر ئێوە لە ئادابی ئاینی خۆتاندا ئاگادار نەبن زیان بە ئێمە ئەگات چونکە هەر ئینسانێ بەتەواوی لە ئاینی خۆی حاڵی‌نەبێ هیچ کردەوەیەکی وای لێ ناوەشێتەوە کە سوودی هەبێ ، بەڵام ئەگەر بەتەواوی لە ئادابی ئاینی خۆی گەیشتو لە سوودی خواپەرستی‌و زیانی گوناە حاڵی‌بوو ئیتر ئەو ئاگاداری‌یە رای‌ئەکێشێ بۆ خوداپەرستی‌و دووری دەخاتەوە لە گوناەو ، هەر پاداشی چاکەیەك بەوکەسە بگات ئەوەی ری‌بەدێیی کردوەو پێشانی‌داوە لەو پاداشەی‌دا هاوبەش دەبێت ، دیارە ئەگەر ئێمە بەتەواوی ئێوە شارەزا نەکەین بۆ خەیرو شەڕ بۆ طاعەت‌و مەعصیەت خۆمان زیان‌بار ئەبین ، چونکە کە ئێوە نەخەینە خێرەوە نە بۆ ئێوەو نە بۆ ئێمە خێر پەیدا نابێ • بێ‌گومان ئەوکەسەی بە باشی لە پاداشی خوداپەرستی بگات هەوڵ‌ئەدا بۆ خوداپەرستی ، ئەوەی لە پاداشی گوناەو سزای رۆژی قیامەت ئاگادار بێ گوناە ناکات ، خۆ ئەگەر بە هەوای نەفسی بەدخوا تووشی گوناە بوو ئەوا گورج لەو گوناهە پەشیمان دەبێتەوە ؛ کەوابێ ئاگاداری‌ی لە دین خێری زۆرە •

براکانم ! گوناهکردن سەرەنجامی ناشیرینە ، لە حەدیثی پیرۆزدا هەیە « جزاء المعصية ثلاث الوهن في الطاعة والضنك في المعيشة والتعس في اللذة ، قالوا وما التعس في اللذة ؟ قال لاينال شهوة الا وياتيه ماينغصها ، او كما قال »واتە پاداش‌و تۆڵەی گوناهکردن سێشتە ، یەکەم سستیی لەش لە خوداپەرستیدا ، واتە یەکێ گیرۆدەی گوناه بوو دڵی رەش ئەبێ‌و لە نوور دوور ئەکەوێتەوە ، جا کاتێ دڵ بێ‌نوور بوو ئەندامی لەش ئەو گورج‌و گۆڵی‌یەی نابێ کە بکەوێتە طاعەت کردنی خودای گەورە • دووەم‌تەنگی گوزەران‌و کەمی‌ی رزق‌و رۆزی‌یە • سێهەم‌هەرکاتێ ئەیشت بە ئارەزووی خۆی‌و شتێکی دڵخوازی دەسکەوت بە خۆشی‌ی لێی ناڕەوات‌و شتێکی ناباری لی پەیدا ئەبێ خۆشی‌یەکەی لێ تێک‌ئەدات‌و لەززەتەکە دەکاتە قوزەڵقورت • سەبارەت بە ئەنجامی گوناهکردن حەزرەتی عائیشە (ر • خ)ریوایەتی کردوە کە رۆژێ حەزرەت (د • خ)لەسەر مینبەر ئامۆژگاری‌ی خەڵکی ئەکرد ، بەپێچەوانەی عادەتی لەوەپێشی کە لە گەلێ بابەتەوە قسەی دەفەرموو ، ئەمجارە هەر ئەیفەرموو : ئەی ئادەمزاد پێویستە ئەمر بە چاکەو نەهی لە خراپە بکەن ئەگەرنا خودای گەورە زاڵمەکان بەرئەداتە گیانتان‌و زوڵمتان لێ‌ئەکەن‌و ، پیاوە چاکەکانتان دوعا ئەکەن‌و خوای گەورە دوعاکەیان قبووڵ ناکات ، لە ریوایەتێکی‌تردا ئەفەرموێ : ئەگەرنا بە نەگبەتی‌ی ئەمر نەکردن بەچاکەو نەهی نەکردن لە خراپە هەر دوعایە کە ئێوە ئەیکەن خودا قبووڵی ناکاو ، داوای عەفو ئەکەن خودا عەفوتان ناکات ، داوای سەرکەوتن بەسەر دوژمنتانا ئەکەن خودا سەرتان‌ناخات • ئەنجا حەزرەتی عائیشە ، خودای لێ رازی بێ ، ئەفەرموێ ئەوەندە ئەم کەلیمانەی لا گرنگ بوو هەتا لە مینبەرەکە هاتە خوارەوە هەر دەیوتنەوەو دووبارەی دەکردنەوە •

براکانم ! ئەم بەڵایانە کە حەزرەت (د • خ)باسی‌کردوون هەموویان

لە تەرکی ئامۆژگاری‌یەوە پەیدابوون ، یا لە گوێ‌نەدان بە ئامۆژگاری‌یەوە ، جائیتر بەڵا لەمانە گەورەتر بۆ موسوڵمان مەگەر ئەوە بێ کە بە تەواوی لە دین دەرچێ ؛ لەبەر ئەمە تکاتان لێ ئەکەم هەموو کـاتێ ڕێـگەمـان پێ‌بدەن تا ئامۆژگاریتان بکەیـن بۆئـەوەی کە هەردوولامان گوناهبـار نەبین‌و ، لە ڕۆژی قیامەتا گیرۆدەی سزا نەبین ، چونکە بەپێی ئایەتـی قورئانی پیرۆز ئەو کەسانەی بێ‌دەنگ دائەنیشن‌و مەنعی ستەمکاران ناکەن لە زوڵم‌و بێدادی ئەوانیش هاوبەشـی ستەمکارەکانن لە گوناهدا • خودای گەورە دەفەرموێ « واتقوا فتنة لا تصيبن الذين ظلموا منكم خاصة » پوختەی مەعناکـــەی ئەوەیە : ئەوکەسانەش کـە گوناه ناکەن لەبەرئەوەی کـە مەنعی گوناهبار ناکەن‌و لەگەڵیا هەڵئەسـتن‌و دائەنیشـن‌و نان‌ئەخـۆن‌و موجامەلەیان لەگەڵ ئەکەن ئەوانیش وەکو گوناهبارەکان سزایان ئەدرێ‌و لە ڕۆژی قیامەتدا سزا ئەدرێن ، هەروەهـا لـە دنیایشدا تووشی ئازارو زیان ئەبن ، کەوابێ پێویسـتە لەسـەرتان کە زۆرمان لێ‌بکەن هەتا ئێمـە ئەم خزمەتـە گەورە بەجێ‌بێنیـن‌و ، لە هەموو شـــەوو ڕۆژێـکدا ، کە بیسـت‌وچوار سـەعاتە ، سەعاتێـک دابنێن بۆ ئەم سـوودە گـەورە کە ئامۆژگاری‌ی ئێمەیە • هەروەهـــا لە هەر وڵاتێـکداو لە هەر کاتێـکدا کۆمەڵی موسوڵمانان کۆبنـەوەو زانایەك لـەو شـــوێنەدا هەبێ واجبـە داوێن‌گیری ئەو زانایە بن کە ئامۆژگاری‌یان بکا ، جا ئەگەر زاناکان حازر نەبوون ئەتوانن شکاتیان لێ‌بکەن لای خاوەن‌دەستەڵات لە وڵاتەکەدا هەتا زاناکان ئامۆژگاریتان بکەن •

لە حەدیثی پیرۆزدا هەیە ئەگەر ئێمە ئەمر بە چاکەو نەهی لە خراپە نەکەین لە ڕۆژی قیامەت‌دا موسوڵمانە نەخوێنەوارەکان لای خودا شکاتمان لێ ئەکەن‌و ئەڵێن : خودایا ئێمە نەزان‌و نەفام بووین‌و زاناکانی ئێمە فلان کەس‌و فیسار کەس مەنعیان نەدەکردین لە گوناه هەتا بەهیلاکدا چووین •

لە حەدیثی پیرۆزدا هەیە « ان الرجل یتعلق بالرجل یوم القیامة وهو لایعرفه فیقول مالك علی وما بینی وبینك معرفة »واتە : لە رۆژی قیامەتدا هی وا هەیە دەنووسێ بە یەکێکەوەو لە کۆڵی نابێتەوە تا دەیباتە دۆزەخ ئەویش پێی ئەڵێ تو حەقت چی‌یە بەسەر منەوە، لەنێوان من‌و تۆدا هیچ ناسراوی‌یەك نیە ! ، ئەویش لە وەڵامدا ئەڵێت : وەختی خۆی چاوت بە من کەوت لە گوناهدا بووم‌و مەنعت نەکردم ، بەم‌جۆرە لە رۆژی قیامەتدا هەردوکیان سزا دەدرێن یەکێکیان لەبەر تاوانباری ، ئەویشیان لەبەر ئەوە کە مانعی تاوانبارەکەی نەکردوە ، وەکو یەکێ بیەوێ ئیهانەی یەکێ بکات‌و بە خاتە حەوزەوە یەکەکەش خۆی بنووسێنێ بە بازووی ستەمکارەکەوەو لەگەڵ خۆیا بیبا بۆ ناو حەوزەکەو هەردوولایان تەڕ بن •

براکانم ! حەزرەتی عومەری کوڕی خەططاب ، خودای لێ رازی بێ ، فەرموویەتی هەرکاتێ برایەکی ئایینی خۆتان چاوپێ‌کەوت کەوتە تاوانێکەوە ئێوە راستی بکەنەوەو هێزی پێ بدەن . لە خودا بپاڕێنەوە کە عەفوی بکاو تەوبەی لێ قبووڵ بکات ، ئێوەش زیاتر دڵی سارد مەکەنەوەو مەبن بە یارمەتی دەری شەیتان لەسەر ئەو شەخصە لێ‌قەوماوە •

براکانم ! سوێندتان ئەدەم بەخودا لەسەر ئەوە لۆمەم مەکەن کە زۆر داوێنگیری ئێوە ئەبم‌و ، داواتان لێ‌ئەکەم کە لە هەموو شەوو رۆژێکدا نیو سەعات گوێ بدەن بە نامەکانی من ، بەخودا سوێندتان ئەدەم ئەگەر من خۆم ئامادە نەبووم بۆ ئامۆژگاری‌ی ئێوە وەرن زۆرم لێ‌بکەن‌و بەزۆر بمبەن بۆ لای خۆتان‌و ناچارم بکەن هەتا ئادابی نوێژو رۆژوو ئەحکامەکانی‌ترتان نیشان بدەم •

لە حەدیثدایە ئەوکەسانە کە دەستەڵاتیان هەیە ئەمر بە چاکەو نەهی

له خراپه بکەن‌و ، به بێ‌عوزر تەرکی ئەکەن له رۆژی قیامەتدا که له قەبر دێنه دەرەوه خودا شێوەیان دەکات به شێوەی بەرازو مەیموون ، جا ئەگەر ئارەزووتان هەیه له خەوی غافڵی ئاگادارتان بکەینەوه رێگام بدەن با هەموو شەوێکی جومعەی موبارەك زەحمەتتان بدەم‌و بێم بۆ خزمەتتان هەتا دەربارەی ئەحکامی ئایین ئامۆژگاریتان بکەم • من چاوەڕوانی وەڵامی ئێوەم به «بەڵێ» یا «نا» • شەوی پاییزو زستان درێژن‌و ، ئێوه له خانووی خۆتانا شوێنی چاکتان هەیه ، جێگەی گەرم‌و رووناك‌و پۆشاك‌و رایەخ نەرم‌و چاك ، ئێوه وەك ئەهلی لادێ نەماون ، که له زستانا کراسەکانیان لەبەر چڵك رەش ئەبن‌و ، چۆخەی زبر لەبەرئەکەن‌و ، خانوەکانیان پڕ ئەبن له دووکەڵی داری تەڕو سمێڵ‌و ریشیان به دووکەڵ زەرد ئەبێ‌و ، چاویان به هۆی دووکەڵەوه ئاو ئەکات وك ئینسانی رۆڵەمردوو ، ئەگەر لەشیان پیس ببێ لەبەر ساردی‌ی ئاوەکه ناتوانن لەش‌پیسی خۆیان دەرکەن ، سا یا نوێژەکەیان ئەفەوتێ یا ئەگەر خۆیان بشۆن نیوەمەرگ ئەبن • ئێوه هەزار سوپاس‌و شوکری خوداتان لەسەره ، خانووی گەرم‌و خۆش ، فەرش‌و بەرگ‌و پۆشاکی گەرم‌و نەرم ، ئاوی خۆشۆردن‌و دستنوێژ گرتن مولائیم‌و گەرمەو لەبەر دەستتانا حازره ، تەنانەت ئەتوانم بڵێم پینەچی‌ی ناوشار له دەوڵەمەندی لادێ گوزەرانی خۆشتره ، لەگەڵ ئەمانەشدا هەموو گوێ‌نادەنه خوداپەرستی‌و مافەکانی خوداتان فەرامۆش ئەکەن‌و ، واجبات بەدی‌ناهێنن‌و، خۆیشتان به ئەهلی شوکرو سوپاسی خودا دەزانن • خودا ئەفەرموێ « لان شكرتم لازيدنكم ولان كفرتم ان عذابي لشديد » پەنابەخوا له سزای خودای گەوره ، که کەس ناتوانێ خۆی لەبەر بگرێ •

براکان تۆزێ تەماشای دەورو پشتتان بکەن ، گرانی‌و قاتی‌و لاتی‌ی وڵاتی ئێرانتان نەبیستوه ، که ئەمساڵ له (ئاردەڵان) باب لە ئەولادو

ئەولاد لە بابی خۆی نەپرسیوە ، ئەی لە ئەوزاعی وڵاتی (ئەنەدوڵ) ئاگادار نین کە چۆن بوەو موسوڵمانان لەو وڵاتەدا چۆن گیرۆدەی قاتیو گرانی بوون • ئێمە تا ئێستا لە میهرەبانیی خوداوە لەم مەینەتانە پارێزراو بووینو ئەگەر تەماشای واجباتی سەرشانمان بکەینو بە جێیان بهێنین هەر پارێزراو دەبین •

براکانم ! واجبە لەسەرتان کە لە خودا غافڵ نەبنو هەموو سبەینێیەک دەجار بڵێن خودایا پەنائەگرین بەتۆ لە شەیتانو لە شەڕی نەفسی خۆمانو ، لە قاتەساڵیو تاعوون ، جا ئەگەر هەموو ئەهلی شار لەسەر ئەمە دەوام بکەن هیوام وایە کە بە دەردو بەڵای نابار گیرۆدە نەبن •

براکانم ! ئەهلی بازار موحتاجن بە نەزەری مەرحەمەتی حەزرەتی فەخری عالەم (د • خ) • هەرکاتێ رۆیشتنە ناو بازاڕەوە دە جار بڵێن (بسم الله) خودایا لە تۆ داوائەکەم خێری ئەم بازاڕەو ئەهلی بازاڕ ، پەنائەگرم بەتۆ لە شەڕی ئەم بازاڕەو ئەهلی بازاڕ ، پەنائەگرم بەتۆ لە سوێندی درۆو لە مامەڵەی زیانبەخش چ لە کڕینداو چ لە فرۆشتندا ، هەرکاتێکیش لە بازاڕ چوونە دەرەوە هەمیسان ئەم دوعایە بکەن ان شاء الله زیان ناکەنو تووشی خێرو بەرەکەت ئەبن •

فاتح عبدالكريم

دایڕشتووەتەوەو سەرپەرشتیی لەچاپدانی کردووە

ڕاست‌کردنەوەی هەڵەی چاپ

لاپەڕە	دێڕ	چەوت	ڕاست
٧	١	موسوڵمانی	موسوڵمان
٧	٢	تەناردوە	نەناردوە
١١	٨	لەبەئەوە	لەبەرئەوە
١١	١٨	ێدایە	تێدایە
١٦	٥	بەرامبەر ماڵ	دوعا بەرامبەر بە ماڵ
١٩	١٥	بیستەو	بیستو
٢١	١٦	وەگرتنو	وەرگرتنو
٣٦	٥	ئاسانەو .	ئاسانەو ،
٤٨	١	رزگاریی	رزگاری
٥٦	٢	وولامی	وەلامی
٦١	٢٣	ژووربەوەو	ژووریەوەو
٦٢	١٧	اذا	اذ
٦٦	١٣	تاقمێکی	تاقمێکن
٧٦	٣	فەموویەتی	فەرموویەتی
٧٩	٢١	عیبارەتانەاد	عیبارەتانەدا
٨٣	١٧	بێکەیت	بیکەیت
٨٦	٢١	وك	وەك
٩١	٢	٤ ـ سەعاتی .. تاد	٣ ـ لە ڕۆژی جومعەدا ﷺ دوایی کردووە .
٩٣	١٣	عەمرەیەکتان	عومرەیەکتان
٩٦	٢٢	بێتەدەردەوە	بێتەدەرەوە
١٢٤	٧	بێکە	بیکە
١٣٨	١٩	سەرەمەگدا	سەرەمەرگدا
١٤٢	١٥	ـبیا	نبیا
١٤٣	٦	ولان	لان
١٥٤	٣	(د . خ)	(د . خ)و
١٥٥	٢٠	ئەممەتێك	ئوممەتێك
١٦٧	١٣	نبە	نیە
١٦٩	٢٣	ناپێو	نابێو
١٨٦	٨	هەکەس	هەرکەس
١٩٠	١	خەرێکی	خەریکی
١٩٠	١١	ئەوەی	ئەدەی
١٩٠	١٨	ڕابواردن	ڕابووردن

لاپەڕە	دێڕ	چەوت	ڕاست
١٩٢	٣ـ٤	ــــ	الحمد لله ، والصلاة والسلام على رسول الله ، وعلى آله واصحابه المجاهدين لدين الله
١٩٦	١٦	عادەت	عادەتو
٢٠٣	٧	دابنیشێ	دابنیشێ
٢٢٣	١١	سەرتای	سەرەتای
٢٤٣	١٢	ماڵێ	ماڵی
٢٤٥	٦	بکرێو	بکرێ
٢٤٩	١٧	دڵێ	دڵی
٢٥٩	١٦	ـیغەمبەری	پێغەمبەری
٢٦٢	٤	کەلێ	گەلێ
٢٦٤	٧	ئەوەبە	ئەوەیە
٢٦٧	١٨	ـەتانەت	تەنانەت
٢٦٨	٣	ئیمن	ئیمان
٢٧٦	٨	ـمرێ	بمرێ
٢٨٨	٣	هەژارو	هەژارێکو
٢٩٦	٣	ۆتان	بۆتان

پێڕستی بەرگی یەکەم

لاپەڕە	بابەت
٣	سـەرەتا
٧	نامەی یەکەم ، ئەمر بە چاکە کردنو نەهی کردن لە خراپە
٤٨	نامەی دووەم ، نامەی گەورەی بیروباوەڕ (عقائد).
٨٥	نامەی سێهەم ، باسی واجباتە
٩٨	نامەی چوارەم ، نامەی بچووکی بیروباوەڕە
١١٠	نامەی پێنجەم ، نامەی دەسنوێژو خۆشوردنو مەرجو ڕوکنی نوێژ

١٣٧	نامەی شەشەم ، باسی وەسوەسەیە
١٤٨	نامەی حەوتەم ، باسی خێرو چاکەی نوێژە
١٩٩	نامەی هەشتەم ، باسی نوێژنەکردنە
٢٢٣	نامەی نۆهەم ، باسی ئەوشتانەیە کە نوێژ بەتاڵدەکەنەوە
٣١٧	نامەی دەهەم ، باسی سوننەتەکانی نوێژ دەکات

پێرستی بەرگی دووەم

لاپەڕە	بابەت
٣	نامەی یازدەهەم ، باسی ویردەکانە
٣٨	نامەی دوازدەهەم ، باسی نەکردنی نوێژی جومعەو جەماعەتە
٥٧	نامەی سیازدەهەم ، نامەی عیبادەتە
١٠٣	نامەی چواردەهەم ، باسی نوێژی داماوی‌و موحتاجی‌یە
١١٧	نامەی پانزەهەم ، دوانامەی باسی نوێژە
١٢٩	نامەی شانزەهەم ، وەڵامی نامەی بینباشی‌ی بەغدا
١٤٧	نامەی حەڤدەهەم ، باسی ئایین فێرکردنی منالە
١٧٣	نامەی هەژدەهەم ، بۆ عەشرەتی جاف
١٩٢	نامەی نۆزدەهەم ، باسی ئەحکامی مزگەوتە
٢١٣	نامەی بیستەم ، باسی ڕۆژووە
٢٤١	نامەی بیست‌ویەکەم ، باسی سەرفیترەی‌ڕەمەزانە
٢٥١	نامەی بیست‌و دووەم ، باسی زەکاتە
٢٦٦	نامەی بیست‌و سێهەم ، باسی واجباتە
٢٧٦	نامەی بیست‌و چوارەم ، باسی حەجە
٢٩٥	نامەی بیست‌و پێنجەم ، نامەی مرقعە

مەکتووباتی

کاک ئەحمەدی شێخ

ڕەحمەتی خوای لێ بێ

بەرگی دووەم

مەلا عبدالکریمی مدرس

لە فارسی‌یەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی

دانەی بە دوو دینارە

لە کتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا
ژمارە (٧٣٨) ی ساڵی ١٩٨٤ ی دراوەتێ

چاپخانەی (الحوادث) لە بەغدا
١٤٠٤ ـ ١٩٨٤